ISSN 2411-7757

# گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات

بەرگی ( ١١ )   ژمارە ( ٤ )   کانونی یەکەم ( ٢٠٢٥ )

٢٠٢٥ ی زایینی   ٢٧٢٥ ی کوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق

زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی

ISSN 2411-7757

# گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات

**خـــاوەنی ئیمتیاز**

پ.د.علی محي الدين قەرەداغی

**سـەرۆکـــی دەستەی نووسەران**

پ.د.مـریـوان أحـمـد رشـیـد

**بەڕێوەبەری نوسین**

پ.د.زانا رؤوف حمـە کریـم

**دەستەی نووسەران**

پ.د.أنـور مـحـــمد فـــرج ................................ ئـــەنـدام

پ.د.محـــسن ابراهیم أحمـد ................................ ئـــەنـدام

پ.ی.د.هـیـوا ابـوبـکـر عـلـی ................................ ئـــەنـدام

پ.ی.د.صـهیب مصطفی طـه ................................ ئـــەنـدام

پ.ی.د.ئـاسـۆ محـمـد دەرویش ................................ ئـــەنـدام

پ.ی.د.کنعان حمەغریب عبدالله ................................ ئـــەنـدام

**سەرپەرشتیاری هونەریی**

هاوکار عمر مجید

## دەستەی ڕاوێژکاری


پ.د.سـمـيـر فـخـرو ........................... بحـرين

پ.د.عبدالمجيد الـنجار ........................... تونـس

پ.د.عـلـي الـمحمدي ........................... قـطـر

پ.د.انمار امين البرواري ........................... عـێراق

پ.د.صـالـح قـادر........................... قـطـر

پ.د.جـاسـم عـودة ........................... مـصـر

پ.د.قـاسـم الحـبـيطي........................... عـێراق

پ.د.خـالـد الـعجمي ........................... سعودية

پ.د.خـالـد الـمذكور........................... كـويت

پ.د.فائق مشعل قدوري ........................... عـێراق


- ئاماژە بە کۆنوسی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ژمارە (15) لە بەرواری (2017/6/1)دا، وە لەبەرئەوەی لە ئێستادا زانکۆکەمان گۆڤارێکی زانستیی نوێ دەردەکات بەناوی ( UHD Journal Of Science and Technology ) کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانی بواری زانستیی پوخت. بڕیار درا کە بواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان لە گۆڤارەکەماندا کورت بکرێتەوە تەنها بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

- بۆ زانینی مەرجەکان و تۆمارکردنی توێژینەوە بۆ بڵاوکردنەوەی لەم گۆڤارەدا, سەردانی سایتی تایبەت بە گۆڤار بکە : journals.uhd.edu.iq

## پێشەکی:

گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، گۆڤارێکی زانستیی – وەرزییە، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەریدەکات، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی – وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (15332/9) لە (2015/8/5)دا. ئاماژە بە کۆنوسی لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بە دەرکردنی گۆڤاری زانستیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە بەرواری ( 4 / 8 / 2015 ) دا پەسەندکراوە و بڕیاردراوە بە پێدانی مۆڵەت بە دەرکردنی (گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) لە لایەن زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گشت مەرجەکانی دەرکردنی گۆڤاری زانستیی تێدا جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکانی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەکاردێت.

بەم هۆیەوە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، خۆشحاڵ دەبێت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەو بەرهەمە زانستیەکانی توێژەرانی بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان) بە پێی ئەومەرجانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە دانراون لە گۆڤارەکەدا.

- ناوی گۆڤار: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
- جۆری دەرکردنی گۆڤار: وەرزییە
- پسپۆڕی گۆڤار: بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان)
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی چاپکراو: p-ISSN 2411-7757
- ژمارەی نێودەوڵەتی گۆڤار بەشێوەی ئۆنلاین: e-ISSN 2411-7765
- ژمارەی ( DOI) گۆڤار : 10.21928/2411-7765

پ.د. زانا رەئوف حمە کریم

بەڕێوەبەری نوسین

**Address:**
University of Human Development
Sulaimani –Kurdistan Region/Iraq
**Phone**: +964 773 393 5959
**PO Box:** Sulaimani 6/0778

**ناونیشان:**
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
سلێمانی - هەرێمی کوردستان/عێراق
مۆبایل: 009647733935959
سندوقی پۆست: سلێمانی 6/0778

# فهرست المجلة


| ت | اسماء الباحثين | عنوان البحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| .1 | شاخەوان جەلال حاجی فەرەج<br>دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی | بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن و پراگماتیک | 1 - 8 |
| .2 | سیروان حمەرشید سعید<br>دەریا جمال حویز | هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا | 9 - 19 |
| .3 | بليسه نوزاد كاكه ره ش<br>بارزان حسن أحمد<br>بابان محمود كاكه حمه | في تقليص فجوة (Blockchain) دور تطبيق تقنية سلاسل الكتل<br>التوقعات في بيئة التدقيق- دراسة تحليلية لآراء عيّنة من الأكاديميين و<br>مراقبي الحسابات في إقليم كوردستان –العراق | 20 - 30 |
| .4 | شيلان محمد على<br>نجات محمد فرج | هۆکارەکۆمەڵایەتی وکەلتوریەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی<br>لە کۆمەڵگەی کوردیدا | 31 - 40 |
| .5 | روژان أنور مدحت | ما وراء أسوار*فردقان*: جدل الوثيقة والمتخيل في<br>سردية يوسف زيدان عن (ابن سينا) | 41 - 48 |
| .6 | سازگار صباح محمد<br>محمد مهدی کریم<br>بختيار على أحمد<br>سەرکەوت غازی سالار<br>ئیبراهیم قاسم پاڵان | چاودێریکردنی ڕەهەندی کاتی و شوێنیی ڕووبەری سەوزایی لەشاری کەلار | 49 - 56 |
| .7 | سمکۆ اسماعیل رسوڵ<br>عطاء محمد علاءالدين | پەرەپێدانی چەندێتی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕێگەی<br>کۆکردنەوەی ئاوی باران | 57 - 70 |
| .8 | عبدالله رحمان عەولا | ڕۆڵی پەیوەندیی حزبیی لە بنیاتنانی کارەکتەر و ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا | 71 - 81 |
| .9 | ایلاف خالد حمەصالح<br>سەلاح حەویز ڕەسوڵ | تیۆری شوێنپێ و کۆپیکردن لە جولاندا | 82 - 93 |
| .10 | هاوار کمال میرزا عبدالله<br>محمد مؤمن حمەعارف | ستراتیجی بریتانیا لە ئێران لە نێوان دیپلۆماسییەتی سیاسی و هەڕەشەی<br>سەربازیدا (ئەیلولی 1939-کانوونی یەکەمی 1940) | 94 - 107 |

# بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن و پراگماتیک

**شاخەوان جەلال حاجی فەرەج[١] ، دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی[١،٢]**

[١]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

[٢]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو،چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەویە هەوڵدەدات بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن بخاتەبەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەم ڕێبازە لەکارکردندا ، بنەمایە بۆ ئەو توێژینەوانەی لە پراگماتیکی نێوان کلتورەکاندا کراوە، ئەم ڕێبازە جەختدەکاتە سەر ئەوەی، کە پراگماتیک دەبێت لێکۆڵینەوە لە سنورداركردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە خۆبگرێت، هەروەها پەیوەندییکردن لەم ڕێبازەدا کردەیەکی دینامیکییە، واتە تاک بە تەنها وابەستەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان نییە ، بەڵکو لە هەمانکاتدا بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنێت ، ئەم ڕێبازە نەک هەر (مەبەست )لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆدا، بەڵکو پرۆسەی دینامیکییش لەبەرچاودەگیرێت، کە تێیدا مەبەست دەتوانێت کاریگەری لەسەرهەڵدانی پەیوەندی و گفتوگۆدا هەبێت. هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت دەشێت مەبەستی تاکەکەسی ( پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوبێت ، یاخود تاڕادەیەک لە ناکاو و بێ پلانبێت، یان سەرهەڵداو و تایبەت بێت لە ڕەووت ،یان کاتی پەیوەندیکردندا دروست دەبێت)، کە سێ لایەنی هەمان دیاردەن، کە ڕەنگە لە خاڵە جیاوازەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا جەختی جیاوازیان لەسەر بکرێتەوە، واتە کاتێک گفتوگۆیەک دەستپێدەکات، سروشتی تایبەت و پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوی مەبەست لەوانەیە زاڵ بێت.

**کلیلە ووشەکان-** کۆمەڵایەتیی درکپێکردن، مەبەست، نیاز، زەمینەی هاوبەش، زانیاری پێشوەختە، داڕشتنی قسەی قسەکەر، دەوروبەر.

## پێشەکی:

ناونیشـــــانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ( بنەمـاکانی ڕێـبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) تەرخـانکراوە، شـــیکارکردنێکی نوێیە بۆ (یەکێـک لەو ڕێـبازانەی لەپراگماتیکـدا کاریدێداکراوە، توێژینەوەکە دەچێتە بواری (ســۆســیۆپراگماتیکەوە)، کە لە بنەمادا پارێکی تێزی دکتۆرایە، بە ڕوانگە و تێگەیشـــتنێکی نوێوە خراوەتە ڕوو و شرۆڤەی بۆکراوە، بە جۆر ێک توێژینەوەکە ورد و پوخت لە بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن دەکۆڵێتەوە ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد توێژینەوەکە بەســەر دوو بەشی ســەرەکیدا دابەشــکراوە: بەشی یەکەم بۆ ( ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن( چەمک و تێروانین) دانراوە، تیایدا (جۆرەکانی زانیاری لە ڕێبازەکەدا)، (بانگەشـــەی دامەزراندنی ڕێبازەکە)باســـکراوە، هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە (بنەماکانی ڕێبازەکە)، کە خۆی لە ( نیاز (نیەت ) ، زەقبوونەوە ، زەمینەی هاوبەش، کاریگەری دەوروبەر) دەبینێتەوە.

### ١) ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن(چەمک و تێڕوانین)

ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن، جێگرەوەیەکە بۆ دوو هێڵی سەرەکی توێژینەوەی پراگماتیکی: پراگماتیکی زمانەوانی – فەلسەفی و پراگماتیکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی-کارلێککاری، ئەوەی لەم بیرکردنەوانەدا هاوبەشە ئەوەیە، کە هەموویان لە پراگماتیکی گرایسەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام نوێنەرایەتی سێ دیدگای جیاواز دەکەن.( Horn and kecskes,2014:79)، پراگماتیکی فەلسەفی زمانەوانی هەڵدەدات لە چوارچیوەیەکی بنەمادار بە گوتنەوە لێکۆڵینەوە لە مەبەستی قسەکەر بکات، کە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتەسەر سنورداركردنی زمانەوانی لەسەر بەکارهێنانی زمان، پراگماتیکی کارلێککاری کۆمەلایەتی-فەرهەنگی، کە لە بنەڕەتدا چوارچێوەی تیۆری سەرەکییە بۆ سۆسیۆپراگماتیک، کە جەختدەکاتە سەر ئەوەی کە پراگماتیک دەبێت، لێکۆڵینەوە لە سنورداركردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە خۆبگرێت، ئەم ڕێبازە لەلایەن (Istive kecskes ) وە پێشنیازکرا، جەختدەکاتە سەر گرنگی و ڕۆڵی بنەمای هاریکاری لە پراگماتیکدا، لەگەڵ بۆچونی درکپێکردنە خودتەوەری تاکگەرایی و تێکەڵیان دەکات لە کردەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مەبەستی دەربڕاوەکان، هەروەها پێیوایە ئەم دوو بنەمایە( هاریکاری و خودتەوەری ) لەهەموو کردەیەکی پەیوەندیکردندا دەردەکەون، بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز ، سۆسیۆپراگماتیک بەشێکی لاوەکی پراگماتیکە لە کاتێکدا ڕێبازی کۆمەڵایەتی درکپێکردن بۆ پراگماتیک جگە لە پراگماتیکی زمانەوانی – فەلسەفی و پراگماتیکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی-کارلێککاری دیدگای تیۆری سێیەمە .

لەم ڕێبازەدا ( کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) پەیوەندییکردن کردەیەکی دینامیکییە، واتە تاک بەتەنها وابەستەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان نییە ، بەڵکو لە هەمانکاتدا بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنێت ، هەر بۆیە ئەم ڕێبازە پێیوایە گفتوگۆکەران بونەوەری کۆمەڵایەتین لە ئاوەزی تاکدا بە دوای واتا و مەبەستدا دەگەڕێن ، کە ئاوێتەیە لەگەڵ گروپێکی کۆمەڵایەتی کلتوری، ئەمەش وادەکات پرۆسەی پەیوەندیکردن و کارلێککردن و لە ئەنجامیشدا تێگەیشتن لە نێوان دوو کۆمەڵەی تایبەتمەند کە لەیەکجیاواز وەکو (زێڕنگەر و شوشەچی ...تد) ڕوودات، بۆنموونە وشەی ( ئەڵماس، ڕیاڵ ).

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp1-8
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 13 نيسان 2025؛ قُبل في 18 آيار 2025؛ نُشرت في 21 ايلول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :shakhawan.faraj@univsul.edu.iq, dashti.bahjat@chu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 شاخەوان جەلال حاجی فەرەج، دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

١-ا.ئەڵماس لای زێڕنگەر جۆرە بەردێکی بەنرخە و لە بابەتی ڕازاندنەوەدا بەکاردەهێنرێت.

١-ب.ئەڵماس لای شوشەچی ئامێرێکە بۆ بڕینی شوشە بەکاردەهێنرێت.

٢-ا. ڕیاڵ لای وەرزشوانان ناوی یانەیەکی ئیسپانییە.

٢-ب. ڕیاڵ لای نوسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراو جۆرێکی دراوە(سعودی).

کاڵپەر پێیوایە ئەم ڕیبازە(کۆمەڵایەتیی درکپێکردن) تاڕادەیەک لە سۆسیۆپراگماتیک جیاوازە، بەوەی سۆسیۆپراگماتیک وەک پێشتر ڕوونکرایەوە جەختی زیاتر لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پراگماتیکە وەک لایەنی زمانەوانی، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بەهەردوو لایەنی تاکەکەسییە کۆمەڵایەتی و معریفی ( تایبەتمەندی تاگکەرایەکان و ئەزموونی پێشوو ) لەپراگماتیکدا دەدات، ئەمە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن و سۆسیۆپراگماتیکدایە، کەواتە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن تیشکدەخاتە سەر ئەوەی، کە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی ( دەرکەوتن ، خودپەرستی ، سەرنجڕاکێشان ) کە زۆربەی کاتەکان بە شێوەی نائاگایی پاڵنەری کردەی ئاخاوتنە، بە ئەندازەی کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە کارلێکەکەی تێیدا ڕوودەدات کاریگەر و گرنگە ، ئەم ڕێبازە بانگەشە دەکات کە لە کاتێکدا ئەزمونی کۆمەڵایەتی هاوکاری پراکتیزەیەکی ئاراستەکراوی مەبەستە، کە بەهۆی پەیوەندیدارییەوە بەڕێوەدەچێت، هاوکات خودتەوەری تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشە، کە بە زەمینەسازی زاڵە، چەمکێکی نیشانەییە، کە ئاماژەیە بۆ گرنگی ڕێژەیی، یان دەرکەوتنی زانیاری و نیشانەکان، ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن ئەم هۆکارانەی، کە بەڕواڵەت دژایەتین ( هاوکاری و خودسەنتەریزم) بۆ ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا کۆدەکاتەوە.(Karthikeyan ,2020: 595 )

## ١/١)جۆرەکانی کۆزانین لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا :

ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بە سێ جۆر لە کۆزانین دەدات ، کە لە بنیاتنانی واتا و تێگەیەشتندا کاریگەرییان هەیە. ئەوانیش (کۆزانین پێشینەی بە کۆمەڵ ، کۆزانین پێشینەی تاکەکەسی ، کۆزانین هاوبەشی ڕاستەقینەی دروستکراوی بارودۆخ)، (kecskes, 2008,2020, 2014)کۆزانینی بە کۆمەڵ بوونی هەیە، بەڵام لەلایەن هەرتاکێکەوە بەشێوەیەکی جیاواز لێکدەدرێتەوە، واتە کۆزانینەکان لای هەموو ئەندامانی کۆمەڵ هەن و هاوبەشن، بەڵام هەر تاکێک بەپێی گروپە کۆمەڵاتییەکەی دەکرێت لە لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا جیاواز بن، بۆ نموونە دەکرێت دەربڕاوێک لای ( پزیشک و فیتەر و زێڕەنگەر و میوەفرۆشێک ) واتا و مەبەستی جیاواز لەخۆبگرێت، وەک:

٣. ڕەگ

| | |
|---|---|
| ڕەگی دار | بواری کشتوکاڵ |
| ڕەگی کردار | بواری زانستی زمان |
| ڕەگی دان | بواری پزیشکیی |
| ڕەگوڕیشە | بواری کۆمەڵایەتی |

بەڕوانین لە واتاکانی وشەی ( ڕەگ ) بۆمان دەردەکەوێت، کە خەسڵەتی هاوبەش هەیە، هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لێیتێدەگەن و درکیپێدەکەن، بەڵام پێدانی واتای جیاواز بۆ دەربڕاویک لەلایەن چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە پەیوەستە بە زانیاری و ڕێکەوتنی تاکەکانی پۆلێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو لەسەر واتاپێدانی دەربڕاوێک. ئەوەی لە جێبەجێکردندا بە هاوبەشی بنیاتنراوە، بەهاوبەشی پەرەی پێدراوە، ئەزموونی کۆمەڵایەتی و بابەتی پێشوی تاک و کۆمەڵگەی قسەپێکردنی بۆ دابینکراوە، هەروەها زانیارییە کۆمەڵایەتی و ئەزموونە کۆمەڵایەتییە بنیاتنراوەکان لە خۆدەگرێت و تێدابەشدارن، هەردوولا بەیەکسانی گرنگن، واتە لایەنی پراکتیک/ جێبەجێکردن بەزەحمەت دەتوانێت کاربکات بەبێ بوونی مۆدێلی دەروونی کلتوری دیاریکراو لەپەیوەندییدا ، کە مرۆڤ بەیارمەتی ئەو مۆدێلە جێبەجێکردنێکی دیاریکراو پرۆسێس بکەن، یان بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی جۆرێک لەپەیوەندیی،( Bunge, 1996:303) بۆ نموونە کاتێک ڕۆتینە سادەکان وەک (دروستکردنی قاوە ، ئامادەکردنی خواردن ) تێکەڵ بە کردەوە دەبێت، ئەوا پشت بە بوونی بڕێکی زۆر لە کۆزانینیی پێشوەختە دەبەستین. ڕۆتینە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆتینی ئاساین، کە ڕەنگە گەشە بکەن و ببنە نۆرم، ئەوان شێوازی هاوبەش و ئاساین بۆ ئەنجامدانی کارەکۆمەڵایەتییەکان لە قسەکردندا، وەک شێوازی مامەڵەکردن لە نەخۆشخانەیەک ( بۆ نمونە قسەنەکردن بە دەنگی بەرز ) یان چۆنییەتی مامەڵەکردن لە کتێبخانەیەک (دەنگ بەرزنەکردنەوە ، بەکارنەهێنانی مۆبایل ، گفتوگۆنەکردن لەگەڵ کەسانی تر)، کارەکتەری کۆمەڵایەتی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی کۆزانین نابێت یاسای کۆمەڵگەی جێبەجێکردنەکە بخاتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ڕێبازی تاگکەرایەکان بۆ زانین، جێبەجێکردنە کۆمەڵاتییەکان بەسەر مرۆڤەکاندا تێدەپەڕن دەبن و هەستکردن بەبیرکردنەوە و هاوشێوەکانی لە تاکدا پەیدادەکەن، کۆمەڵێکیش بۆ جێبەجێکردنیان بوونیان هەیە، ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە ڕەنگە هێشتا پراکتیکە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی جیاواز لێکبدەنەوە، ئەمە پرسێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی تێبگەین پەیوەندیکردن چییە؟ واتە کۆزانینی هاوبەش و بەکۆمەڵ لای تاکەکانی کۆمەڵێک بوونی هەیە، بەڵام تاکەکان لە دید و تێگەیشتنی خۆیانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لێکیدەدەنەوە، واتە تایبەت دەکرێت، مۆدێلی کلتوری بە کۆمەڵ بەشێوەیەکی تایبەتمەند بەسەر تاکەکاندا دابەشدەکرێن. بۆ ئەوەی ئەندامان واتایەکی دیاریکراو هاوبەش بەدەستبهێنن، دەبێت کۆزانینی هاوبەشیان هەبێت،( Kecskes)پێیوایە ئەوەی لەکاتی ئاخاوتندا ( کردەی قسەیی، واتا ، مەبەست ، تێگەیشتن ) بەدەستدەهێنریت، لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگەی قسەکردن و کۆزانینی کۆمەڵایەتییەوە بنیاتنراوە، واتە کردەی ئاخاوتنی بەبێ بوونی مۆدێلی دەروونی کولتوری بەدەستنایەت، پشت بەبڕیکی زۆر لە کۆزانینیی پێشوەختە دەبەستێت، گەر بەشداربوانی ئاخاوتن( قسەکەر و گوێگر ) کۆزانینی هاوبەش و پێشینەیان هەبێت کردەی قسەکردن ئاسانتر ڕوودەدات و تێنەگەیشتن و تەمومژی لە واتا و مەبەستدا ڕوونادات، بەپێچەوانەوە نەبونی کۆزانینی هاوبەش ڕەنگە ببێتەهۆکاری ناڕوونی لە واتا و مەبەست و دواجار کردەی تێنەگەیشتن ڕوودەدات یاخود بۆ تێگەیشتن لە مەبەست پێوستی بە دەوروبەری ئاخاوتن دەبێت.(Istvan Kecskes,2020:592). ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئاڵۆزی مۆدێلی دەروونیی کۆمەڵایەتی و تایبەت دەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن ئەمانە دەبێتەهۆی جیاوازی واتا و گواستنەوەی کۆزانینیەکان، هەروەها بنتاینانی واتا و تێگەیشتن لەمەشدا پشت بە کۆزانینی ئینسکلۆپیدی پێشوەختەیی و کۆزانینیی دروستکراو لە پرۆسەی کارلیککردندا دەبەستن.

### ٢/١)بانگەشەی دامەزراندنی ڕێبازەکە(کۆمەڵایەتی درکپێکردن):

ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای دوو بانگەشەی گرنگ دامەزراوە، کە ئەوانیش:

یەکەم/ قسەکەر و گوێگر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشدارێکی هاوبەشن ، واتە قسەکەر و گوێگر هەردووکیان هەم بەرهەمهێنەرن و هەم تێدەگەن، لەمەشدا پشت بە دەستپێداگەیشتووترین و بەرچاوترین زانیارییەکان دەبەستن چ لە بەرهەمهێنان چ لە تێگەیشتن، کەواتە ئەوان ( قسەکەر و گوێگر ) وەک هەمان کەسن و جیاواز نین، کە هەمان ئاوەز و زانست و لێهاتوییان هەیە، بەڵام ئامانج و ئەرکیان لەکاتی مامەڵەکردن وەک قسەکەر و گوێگرێک جیاوازە.

دووەم/ پەیوەندییکردن پرۆسەیەکی دینامیکییە، کە تاکەکان نەک تەنها بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە سنوردار دەکرێن و لە قاڵب دەدرێن، بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش پێکدەهێنن، کەواتە پرۆسەی پەیوەندییکردن، کە بە یاریکردنی دوو کۆمەڵەی تایبەتمەند دەناسرێت، کە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە و پشتگیری یەکتر دەکەن و کارلێککارن:

| تایبەتمەندی تاکەکەسی: | | تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان : |
|---|---|---|
| ئەزموونی پێشوو | | ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخی |
| پەیوەندیدار | ← | پەیوەندیداریێتی |
| خودتەوەری | ← | هاوکاری |
| سەرنج | ← | نیاز |

تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان (ئەزموونی پێشوو خودتەوەریی سەرەکی سەرنج) لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان کارلێک دەکەن (ئەزموونی دۆخی ڕاستەقینە مەبەستی هاوکاری پەیوەندیدار). هەر تایبەتمەندییەک دەرئەنجامی ئەوی ترە. ئەزموونی پێشوو دەبێتە هۆی زەقبوونەوە کە دەبێتە هۆی خودتەوەری، کە سەرنج دەباتە پێشەوە. مەبەست پراکتیکێکی ئاراستەکراوی هاوکارییە، کە بەپێی پەیوەندیداریێتی بەرێوەدەچێت. کە (بەشێکی) پەیوەستە بە ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە. لەڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا ، پەیوەندییکردن بە ئەنجامی یاریکردنی نیاز و سەرنج دادەنرێت، کە بەهۆی پاشخانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە پڵانەری بۆ دروستکراوە. کەواتە پاشخانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ژینگە( دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە)، کە پەیوەندییەکەی تێدا ڕوودەدات، هەروەها کۆزانینیی ئینسکلۆپیدی، کە لە ئەزمووی پێشووەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش بەستراوە بەو دەربڕینە زمانەوانیانەی، کە بەکاریان دەهێنین، ئەزموونی ئێستا لەو دەربڕینانەدا بەرجەستە دەبێت. کە واتا دروستدەکەن، کە لەکردەی پەیوەندییکردنا تێکەڵبوونی دولایەنەکەی پەیوەندیکردنمان نیشاندەدەن، کە ئەوانیش:

١ -هاوکاری : دروستکردنی مەبەست، کە پەیوەندی بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی دۆخی دیاریکراوەوە هەبێت.

٢-خودتەوەری: دیارترین زانیارییەکان چالاک دەکات لە بنیاتنانی تێگەیشتن و گوتنەکان، کەواتە ڕەگەزی سەرەکی لەم تیۆرەدا تایبەتمەندکردنە ( بەتایبەتکردن ، بە بابەتیکردن )ی شتێک، بابەتیکردن ئەو پرۆسەیەیە قسەکەر دەکات بە کۆمەڵ، واتە قسەکەر ئەزموونی پێشووی ( پاشخانی زانیاری) خۆی لەگەڵ (ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخی"ئێستا" )تێکەڵدەکات، ئەمەش وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بێت.( Kecskes and zhang,2009 ،Istvan Kecskes,2021:607)

### ١/٢)بنەماکانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن:

بنەماکانی ئەم تیۆرییە بە بۆچونی بەشێك لە زمانەوانان پەیوەندی بە (نییەت/ نیاز، زەقبونەوە ، دەوروبەر، زەمینەی هاوبەشەوە )، هەیە.

### ١/١/٢) نیازمەندیی و زەقبونەوە (Intention and salience)

هەریەکە لە نیازمەندیی و زەقبوونەوە یەکێکن لە بنەما گرنگەکانی کردەی پەیوەندیگرتن، بەجۆرێک هیچ دەربڕاوێک لە زماندا بەبێ نیازمەندیی نییە، بەڵکو نیازمەندیی لە ئاراستەکردنی گوتنێکی قسەکەر بۆ گوێگربنەمایە، هەروەها قسەکەر بە پێی نیازەکەی یەکێک لە واتاکان زەقدەکاتەوە. (Wilson and Sperber 2004: 608)

### ١/١/١/٢) جۆرەکانی نیاز

لە تیۆرەکانی پراگماتیکدا بەگشتی و لە پراگماتیکی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا بەتایبەتی، نیاز، یاخود نییەتی قسەکەر یەکێکە لە بنەماسەرەکییەکانی دەربڕاو و گوتن، تەنانەت زۆربەی دەربڕاوەکان لە پێناو نیازێکی دیاریکراوی قسەکەردا دەبێت، لەڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا (بابەتی سەرەکی لە نێوان مەبەستی سەرەکی ئاراستەکراوی هاریکاری و سەرنجی خودتەوەری هێزی بزوێنەری سەرەکی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ماناکانە، بە جۆرێک هاریکاری واتە گرنگی بە مەبەستی ئەوانی تر دەدرێت، سەرنجدانیش بە هۆی خودتەوەری تاکە کەسییەوە دەجولێت کە دەرئەنجامی زەقبونەوەیە، هەر بۆیە پەیوەندیی سەرکەوتوو پێویستی بە ( پەیوەندیکەران) هەیە، کە دانبەوەدا بنێن کە ڕەنگە دیدگا و تێڕوانینی ئەوانی دیکە، کە بەشداربووی ئاخاوتن جیاوازبن لە دیدگای خۆیان، تەنانەت ڕەنگە بەجۆرێک بێت ئەوانی دیکە هەمیشە ئەزانن مەبەستی قسەکەر چییە،(keysar and henly , 2002: 12)، ئاشکرایە ڕوانگەی پراگماتیک پەیوەندی بە نیاز ( نییەت)ەوە هەیە، لە کاتێکدا ڕوانگەی درکپێکردن زیاتر پەیوەندی بە سەرنجەوە هەیە. لە تیۆرییە پراگماتیکییەکانی ئێستادا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون بۆ لێکدانەوەی ئەم دووانە (نیاز و زەقبونەوە) نییە، بۆ نموونە تیۆری پەیوەندیداریێتی پابەندبوون (پەیوەندیداربوون) بە ڕێزگرتن لە کاریگەرییەکانی هەردوو (سەرنج و نیاز) پێناسە دەکات، بەڵام ئەم دوو کاریگەرییە جیاناکاتەوە و هەرگیز پەیوەندییەکانیان ڕوون ناکاتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەوەدەدەن، کە کردەیەکی وەک" هاتنەژورەوەیەک (بینینێک ، دەنگێک ، گوتنێک ) پەیوەندی بە تاکێکەوە هەیە، لە کاتێکدا پەیوەندی بە پاشخانی زانیارییەوە هەیە، کە لە بەردەستیدایە بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان بەدەستبهێنێت کە بۆی گرنگن (Wilson and Sperber, 2004 ; 608)، بەڵام لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا نەک هەر (نیاز )لە گفتوگۆدا، بەڵکو پرۆسەی دینامیکییش لەبەرچاودەگیرێت، کە تێیدا نیاز دەتوانێت کاریگەری لەسەرهەڵدانی گفتوگۆدا هەبێت. هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت دەشێت نیازی تاکەکەسی( پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوبێت ، یاخود ئارادەیەک لە ناکاو بێ پلانبێت، یان سەرهەڵداو تایبەت بێت لە ڕەووت، یان کاتی پەیوەندییکردندا دروست دەبێت)، کە سێ لایەنی هەمان دیاردەن، کە ڕەنگە لە خاڵە جیاوازەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا جەختی جیاوازیان لەسەر بکرێتەوە، واتە کاتێک گفتوگۆیەک دەستپێدەکات، سروشتی تایبەت و پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوی مەبەست لەوانەیە

زاڵ بێت، یان مەبەستێکی نائاگایی و بارگاویکراوی زەقبونەوە ڕوویدات، بەڵام لە ڕەوتی گفتوگۆدا ڕەنگە سروشتی سەرهەڵداو و کۆمەڵایەتی مەبەست بێتە پێشەوە، ئەم سێ لایەنەی نیاز هەمیشە بونیان هەیە، پرسیاری گەنگ ئەوەیە، کە تا چەند لەهەر سات و کاتێکی پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئامادەن و سەرهەڵدەدەن.

لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا نیاز لە ڕوانگەی قسەکەرەوە، شتێکە کە لە پێش گوتنەکە لەبەرچاودەگیرێت، یان شتێکە لە ناکاو سەرهەڵدەدات، بە زۆری بەشێوەی نائاگایی لە ئەنجامی کاریگەری زەق یان بەشێوەیەکی جێگرەوە، لە ڕەوتی گفتوگۆدا دروستدەکرێت یان بە هاوبەشی بنیاتدەنرێت و لە شێوەی گوتنەکاندا دەردەکەوێت، لە ڕوانگەی گوێگرەوە، نیاز شتێکە هاوکات لە گەڵ گوتنەکەدا، یان لەدوای تەواوبوونی گوتن پرۆسێس دەکرێت .

نیازی سەرهەڵدراو لە لایەن بەشداربووانەوە لە ڕەوتی داینامیکی گفتوگۆدا بەهاوبەشی بنیاتدەنرێت. هەر بۆیە دەبینین لەم ڕێبازەدا جۆری سێیەمی نیاز (نییەت)سەرهەڵدەدات، لەنێوان نیازی پێشوەختە و نیازی (لەناکاو)سەرهەڵداو، نیازی بارگراویکراوی سەرەکی،زەقبونەوە دەبێتەهۆی خودتەوەری، وادەکات سەرنج لەسەر نیاز زیاتر بێت، کە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی لە بەردەستی قسەپێکەراندان و پرۆسەی پەیوەندیکردن دەکەنە کردارێکی هۆشیارانە، کاتێک نیاز لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دروست دەبێت، ئەوکات سەرنجدان بە پلەی جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەکەدا بەشدار دەبێت ، بەگشتی سێ هۆکار کاریگەرییان لەسەر گرنگی زانین و ئاسانکاری پرۆسەی سەرنجدان لە هەموو قۆناغەکانی پەیوەندیکردندا هەیە، ئەوانیش:

١-زانیاری قسەکەران لەسەر بنەمای ئەزموونی پێشوو، واتە کاتێک قسەکەر پێشتر ئەزمونی بابەتێکی کردوە، ئەوکات بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر سەرنج دەدات.

٢-شەپۆل(frequency) ، ئاشنابوون، یان ئاسایی زانینی بەستراوە بە بارودۆخەکەوە، واتە تێگەیشتن و زانینی کۆدەکانی وتن بەستراوە بەو بارودۆخەی ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

٣-باری دەروونی قسەکەران، واتە ئەوبارە دەروونییەی قسەکەر تێدایەتی( ئارامی ، هەڵچون، دوودڵی ، بێزاری...تاد) هاوکارە لە سەرنجدان.( Arundale,1999, Mey,2001,kecskes.2008)

(بەپشت بەستن بەم سێ هۆکارە، ئەو زانیارییانەی کە زۆرترین کاریگەرییان بۆ قسەپێکەران لە دۆخێکی دیاریکراودا هەیە، ئەو زانیارییانەن، کە لە ناوەندی زانیارییەکاندا جێگیرکراون و پەیوەندییان بە دۆخی ئێستاوە هەیە، لەلایەن سەرچاوی سەرنجدانی پێویستەوە پرۆسێس دەکرێن، دیارترین زانیارییەکان لە ئەنجامی یاریکردنی ئەم سێ هۆکارە بەردەست دەبێت. دەکرێت بوترێت هەریەکە لە نیازی پێشوەختە و نیەتی سەرهەڵدراو(لەناکاو) تارادەیەک دەتوانرێت لەلایەن قسەپێکەرەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام مەرج نییە مەبەستی بارگاویکراوی بێدەنگ بێت. زیاتر نائاگایی و ئۆتۆماتیکییە، دەتوانرێت جێگەی هەریەکە لە دوو نیازەکەی تر بگرێتەوە. مەبەستی بارگاویکراوی زەق(باو) بەو مانایەیە کە قسەپێکەران لە ژێر کاریگەری بەرچاوترین دۆخی ڕاستەقینەی دیاریکراودا دێنە مێشکیان.

### ٢/١/١/٢)گرنگیی زمانیی:

لێرەدا جەختدەکرێتە سەرئەوەی، کە چۆن زەقبوونەوە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمانەوانی هەیە، جەختکردنەوەی ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن لەسەر قسەکەر وەک قسەکەر-گوێگر دەبێتە هۆی بانگەشەیەک، کە بەپێی ئەو بانگەشەیە جیاوازی نێوان کاریگەری بەرچاوی نێوان نواندنەکان هەیە، کاتێک قسەکەر وەک قسەکەر کاردەکات و کاتێکیش وەک گوێگر مامەڵەدەکات(kecskes, 2008: 401)، کاتێک وشەیەک تایبەتکراوە بە دەوروبەرێک لەلایەن قسەکەرێکەوە بۆ بەرهەمهێنانی گوتنێک، دەوروبەرە تایبەتەکان (ئەزموونی پێشووی قسەکەر)، کە بە دەربڕینێکەوە بەستراوە بەشێوەی پلەبەندی (گرنگتر و گرنگترین)بەهۆی زەقکردنەوە چالاک دەکرێن. بۆقسەکەر پلەبەندی لە نێوان ناوەڕۆکەکان دەکات، کامەیان بەلایەوە گرنگە سەرەتا ئەوە هەڵدەبژێرێت و دەردەبڕێت، لە کاتێکدا بۆ گوێگر پلەبەندی لە ناو ناوەڕۆک (کە لە هەموو لێکدانەوە ئەگەرییەکانی بابەتی وشەی تایبەت)یەکەمجار لێدەدات. واتە پلەبەندی نێوان ئاستەکان لە قۆناغی یەکەمی بەرهەمهێناندا کاردەکات، کەواتە قسەکەر بە پێی مەبەستی خۆی گرنگی بە ڕیزبوونی کەرەستەکانی دەربڕوایێک دەدات، واتە بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی یەکێک لە هەلومەرجەکانی هەڵبژاردن دێتەکایەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانەی ، کە دەیەویت بیرەکەی پێدەربربڕێت، بە پێی مەبەستەکەی گرنگی بەکام ڕۆنان دەدات ئەوا بەوشێوەیە دەردەبڕێت، واتە قسەکەر بۆ گەیاندنی مەبەستێک ڕۆنانێک هەڵدەبژێرێت، هەرربۆیە پەسەندکردنی ئەو ڕۆنانە مەبەستی قسەکەری لەپشتەوەیە، ئەم هەڵبژاردنە بەئاگاییانە یان نائاگاییانە دەڕوات، ئەم دەربڕینانە پلەبەندییەک پێکدەهێنن لە باشترین گونجانەوە تا ئەوانەی کەمتر گونجاون لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی، کە هەوڵی دەربڕینی دەدات، بۆ نموونە: کاتێک دوو هاوڕێ بەیەکەوە دانیشوون، یەکێکیان پێویستە بڕوات، ئەوا چەندین هەلومەرجی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە، بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست، لەوانە ( کاتی ڕۆیشتنە ، دەبێت بڕۆم ، دەبێت ئێستا بچم ، درەنگ کەوتم ، کات درەنگە...تاد)، ئەمانە لە هەموو هەڵبژاردنە ئەگەرییەکاندا، یەکەمجار دێتە مێشکی قسەکەرەوە.

### ٣/١/١/٢)دارشتنی ئاخاوتنی قسەکەر:

لێکدانەوەی وەرگر بە پێی تیۆرییە پراگماتیکیەکانی ئێستا و لە شیکاری گفتوگۆدا، بە پێی ئەو مۆدێلە قسەکەر مۆدێلێک لە زانیاریی بیسەر دروستدەکات، کە پەیوەندیی بە چوارچێوەی بارودۆخی دیاریکراوەوە هەیە، پێدەچێت پەیوەندی ڕۆژانە تێکەڵەیەک بێت لە قسەی هۆشیارانەی داڕێژراو بە نائاگایی و ئۆتۆماتیکی و تایبەت دروستنکراو، ڕێبازی مەعریفی تەواو دروست نابێت، کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پلاندانانی سەرەتایی قسەکردنەکان خاڵە هاوبەشەکان پشتگوێ دەخات، تەنیا کاتێک دەگونجێت بۆ بیسەر، کە پێویستیان بە دەستکاریکردن هەبێت :Horton and keysar, 1996) keysar et al,1998:91-117)، بەپێی ئەم ڕێبازە پلاندانانی وشیارانە و فۆرمەلەکردنی نائاگایی لە بەریەککەوتنە پەیوەندیدارەکاندا هەیە، گونجاندنی وشەکان لە چوارچێوەی دۆخی ڕاستەقینەدا قسەکەران نەک تەنها بەهۆی ئەو مەبەستە کە بیسەر دەیناسێتەوە، کەمەبەست لێی قسەکەرەکەیە، بەڵکو بە هۆی زەقێتی تاکەکەسی قسەکەرەوە کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان هەیە بەشێوەیەکی نائاگایی، بەڵام ئەم دوو هۆکارە تاڕادەیەکی جیاواز کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەیوەندییکردن هەیە، یاریکردن ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتییانە (لێکدانەوەی بیسەر) و تاکەکەسی (سەرنج) پرۆسەی پەیوەندیکردن لە قاڵب دەدات.

### ٢/١/٢) زەمینەی هاوبەش:(Common Ground)

زەمینەی هاوبەش ئاماژەیە بۆ "کۆی هەموو ئەو زانیارییانەی کە خەڵک وا گریمانە دەکەن هاوبەشن(Clark 2009: 116) ، زەمینەی هاوبەش دەکرێت ( جیهانبینی ،

بەها هاوبەشەکان ، بیروباوەڕەکان ، چوارچێوەی بارودۆخ) لەخۆبگرێت سەرکەوتنی پەیوەندی لە زمانە سروشتییەکان ، بە هۆی تێگەیشتنی هاوبەشی بەشداربووانەوەیە، لە بارودۆخی دەوروبەری پەیوەندییەکە، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن توخمێکی نوێ دەخاتە ناو تێگەیشتنەکانەوە، ئەویش (زەمینە هاوبەشە سەرهەڵداوەکان)ە، لەم تیۆرەدا زەمینەی هاوبەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چوارچێوەی پێشوەوە هەیە، (زەمینەی هاوبەشی سەرەکی) زەمینەی هاوبەشی ڕاستەقینە(زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو)، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، پرسیارەکە ئەوەیە کە چەند لەم خاڵە هاوبەشانە لە ئەنجامی ئەزموونی پێشووەوە سەرهەڵدەدات، چەندیش لە ئەزموونی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە گەشەدەکات و سەرهەڵدەدات.

قسەکەران زەمینەی هاوبەش لە (گفتوگۆکانی ڕابردوو، دەوروبەری ئاخاوتن ، پاشخان و ئەزموونی کلتوری هاوبەشیانەوە) دەردەخەن، ئەم ڕێبازە جیاوازی لە نێوان سێ پێکهاتەی زەمینەی هاوبەشدا دەکات، (Clark et al, 1983 : 246).

١-کۆزانین، کە بەشداربووان هاوبەشی دەکەن .

٢-تێگەیشتن لە چوارچێوەی بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان بەشداربووان پەیدادەبێت.

٣-کۆزانین دەربارەی یەکتر(قسەکەر و گوێگر) متمانە و ئەزموونی هاوبەشیان، کە لە کارلێکی نێوانیان سەرهەڵدەدات.

زەمینەی هاوشێوەی پێشوو، ئەزموونی پێشوو و تێگەیشتنێکی هاوشێوە لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی دۆخەکە دروستدەکات، زەمینە گرنگە، بەڵام نابێتە هۆی یەکسانکردنی دەوروبەری سەرەکی، زانیاری تایبەت بەخۆی هەیە، قسەکەران لە دۆخێکی دیاریکراودا تێدەگەن. کلارک و هاوکارانی زەمینەی هاوبەشیان بەمجۆرە ناساندووە" قسەکەر قسەکانی بەشێوەیەک دەردەبڕێت، کە هاوکارێکی باشە لەوەی گوێگر لەسەر بنەمای قسەکە و لەگەڵ باقی خاڵەهاوبەشەکانیان لە گەڵ قسەکەر ، دەتوانن دربکێکەن کە مەبەستی چیبووە، (Clark et al 1983: 246 ئەمەش بەو واتایەی، کە قسەکەر زەمینەی هاوبەشی نێوان قسەکەر گریمانە دەکات یان دەخەملێنێت. و بیسەر لەگەڵ ڕێزگرتن لە گوتنەکە، زمینەی هاوبەشی پێشبینیکراو لە ڕوانگەی قسەکەرەوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی لێهاتووی بیسەرە بۆ تێگەیشتن لە گوتنەکە، خاڵە هاوبەشەکان وادەکات کە قسەکەران لە زماندا ئابوری بن.

بەمەبەستی بەرجەستەکردنی ئەم تێڕوانینە با بڕوانینە ئەم نموونانە:

٤. گوڵە بەر ڕۆژەک        گوڵەبەر ڕۆژە.

٥. سەعید        سەعە

٦. قەڵەمەکەی من        قەڵەمەکەم

٧. ئەم منداڵە جوانە        ئەمە جوانە.

٨. یا گۆڤارەکە بۆ تارا دەهێنێت یا ڕۆژنامەکە00000

٩. نمەک سوێر        واتە بەختی نیبە لای خەڵکی و چاکە دەکات، بەڵام پێی نازانن و کەس چاکەکەی ناداتەوە و بە خراپە بەسەریدا دەشکێتەوە.(دەرون عبدالرحمن، ٢٠١٢: ٩٩)

بەڕوانین لە هەریەک لەنموونەکانی (٤-٩) بۆمان دەردەکەوێت لەسەر بنەمای هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر ، ئابووریکردن لە دەربڕاوەکاندا کراوە، واتە زانیاری هاوبەش وادەکات، کە قسەکەر لەهەر بەشێک لە دەربڕاوەکانیدا جۆرێک لە ئابوریکردن بەکاربهێنیت ، ئەم ئابوریکردنە تێنەگەیشتن ناهێنێتە ئاراوە، چونکە بنەماکەی زانیاریی هاوبەشە.

ئەو توێژینەوانەی لە پراگماتیکی نێوان کلتورەکاندا کراوە (e.g. Kecskes 2014, 2019;liu and you2019; carcia-Gomz2020)و بە بەکارهێنانی ڕێبازی کۆمەڵایەتی درکپێکردن (e.g. Mildorf 2013; Macagno and Capone 2017; Macagno 2018)لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو سەرەنج ڕادەکێشن، تا ئەو ڕاستیەی کە تیۆرە پراگماتیکییەکانی ئێستا( بۆ نموونە ستاڵناکەر ٢٠٠٢، کلارک و برێنان ١٩٩١، کلارک ١٩٩٦)ڕەنگە نەتوانن بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە پەسنی خاڵە هاوبەشەکان بکەن، چونکە بە زۆری زۆربەی خاڵە هاوبەشەکان بە ئەنجامی ئەزموونی پێشوو دەزانن و کەمتر گرنگی بەلایەنی خاڵە هاوبەشەکان دەدەن، هەروەها لێکۆڵینەوە درکپێکردنەکانی ئێستا (e.g. Barrand kaysar2005;Colston and katz2005) ڕەنگە ڕەفتاری بە زیادە خەملاند بێت و قسەیان لەسەر تایبەتمەندیی سەرهەڵدانی دینامیکی زەمینەی هاوبەش کردبێت، لە هەمان کاتدا گرنگیی هاوکاری لە پرۆسەی پەیوەندیی زارەکی و لایەنی پێشووی بنەمای ئەزموونی زەمینەی هاوبەشدا بێبەهاکردووە. بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن هەوڵدەدات ئەم ململانێیە نەهێڵێت و پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەم دوو بۆچوونە کۆبکاتەوە بۆ چەمکێکی یەکگرتووی زەمینەی هاوبەش، کە تێیدا هەردوو زەمینەی هاوبەشی سەرەکی (زانینی هاوبەشی گریمانەکراو ، نوێنەرایەتییەکی دەروونی پێشوەختە) و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو(سەچاوەی بەشداربووی سەرهەڵداو، سەرهەڵدانی دوا هۆکار لەڕێگەی بەکارهێنانەوە) کۆدەبنەوە بۆ بنیاتنانی پاشخانی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی بۆ پەیوەندیکردن.

هەردوو لایەنی ( درکپێکردن و پراگماتیک ) دەبنە ناوەندی خاڵە هاوبەشەکان، لە کاتێکدا کە سەرنجدان ( لە ڕێگەی زەقبونەوە، کە هۆکاری خودتەوەری قسەکەرانە) ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی خاوەندارێتیی سەرهەڵدراوو سەرهەڵدەدات، مەبەستیش ( لە ڕێگەی پەیوەندیداریەوە، کە لە هاوکاریدا دەردەکەوێت)، ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی زانیاریی هاوبەشی گریمانەکراو پێویستە، لەسەر ئەم بنەمای ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا زەمینەی هاوبەش وەک هەوڵێک هەستپێپێدەکرێت، بۆ تێکەڵکردنی نوێنەرایەتیی دەروونی زانیاریی هاوبەش، زانیاریی هاوبەش دەتوانین دروست بکەین لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا. کەواتە زەمینەی هاوبەشی سەرەکی وەک زەقبوونەوەی بە کۆمەڵ، وەک بنەمایەکی زانیاری دەتوانرێت گریمانە بکرێت لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی قسەکردندا کە هاوبەش و سەربەخۆیە، لە بارودۆخی وەک کەی و لە کوێ لە نێوان کێدا گفتوگۆکان ڕوودەدات، لەبەرانبەردا زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداو وەک لایەنێکی هاوبەش لە چوارچێوەیەکی بارودۆخی تایبەتدا سەرهەڵدەدات، کە تەنیا پەیوەندی بە قسەکەرانەوە هەیە، ئەم بارودۆخە ڕووداوییە سەرنجی قسەکەران بۆ هەمان بوون ڕادەکێشێت، زەمینەی هاوبەشی سەرەکی لە دوو ڕووەوە گریمانەیەکی گشتییە( Karthikeyan ,2020: 609, kecskes,2008)

یەکەم: هەرچەندە خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان تاڕادەیەک جێگیرن و لەنێوان خەڵکیدا هاوبەشن، بەڵام بە زۆری لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی دیاکرۆنی دەگۆڕرێت، ڕەنگە قسەکەران دەستیان بە زانیارییەکی باوی تاڕادەیەک هاوشێوە بگات، چونکە پێکهاتەی زەمینەی هاوبەشی سەرەکی لە کۆمەڵگەیەکی قسەکردنی دیاریکراودا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا نایات، بەڵام لە ماوەیەکی درێژخایەندا هەندێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، لە ئەنجامدا خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکانیشیان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

١٠.کاتێک کەسێک دەیەوێت کتێبێک، بۆ هاوڕێکەی بنێرێت، دەڵێت بە شێوەی چاپ، یانpdf ؟، بەشێک لەو خاڵە هاوبەشە سەرەکییەی کە زاراوەی چاپ، یان pdfئاماژەی پێدەکەن پێویست بە هیچ قسەیەکی تر ناکات. بەڵام (٣٠) ساڵ لەمەوبەر ئەو گفتوگۆیە زۆر مانای نەدەبوو، بەو پێیەی نوسراو بەشێوەی کۆمپیوتەری و بەتایبەتتر لەبەرنامەی pdf وەک بەشێک لە خاڵە هاوبەشەسەرەکییەکان بوونی نەبوو.

١١.کاتێک دەتەوێت پارە بۆ کەسێک بنێریت یان لە فرۆشگایەک پارە بدەیت ، بە کەسەکە دەڵێیت بە ( کاغەز یان کارت)؟ بەشێک لەو خاڵە هاوبەشە سەرەکییەی کە زاراوەی (کاغەز یان کارت) ئاماژەی پێدەکەن پێویست بە هیچ قسەیەکی تر ناکات. بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو گفتوگۆیە زۆر مانای نەدەبوو، بەو پێیەی کارتی بانیکی و بانک وەک بەشێک لە خاڵە هاوبەشەسەرەکییەکان بوونی نەبوو.

دووەم:ڕەنگە خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان لەنێوان گروپە جیاوازەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەیەکی قسەکردندا جیاواز بن، جۆرەکانی زانیاری هاوبەش لەوانەیە بەهۆکاری جیاوازی وەک (جوگرافی ، شێوازی ژیان ، هۆکاری پەروەردەیی ، دارایی ، ڕەگەزی...تاد) دیاریبکرێت، ئەم ڕاستییە ڕەنگە دەستپێداگەیشتن بە هەندێک لە توخمەکانی خاڵە هاوبەشە سەرەکییەکان بۆ گروپە تایبەتەکان تەنیا لەناو ئەو کۆمەڵگە قسەکردنەدا سنورداربکات.

زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو گریمانەییەو بەو پێیەی پەیوەستە بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی بارودۆخەوە، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە هاوکاتەکانە لە نێوان بنەما هاوبەشەکان لە دۆخە جیاوازەکاندا، هەروەها زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراو تەنیا زانیاری هاوبەشی نوێ نییە، کە لە ڕەوت و کاتی پەیوەندیکردندا دروستدەبێت، بەڵکو بەکارهێنان و دەستکاریکردنی زانیاری یان ئەزموونی پێشوی هاوبەشیشە، پەیوەندییەکی ناوەکی لە نێوان زەمینەی هاوبەشی ناوەکی و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداودا هەیە، بەشە سەرەکییەکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر بەشە سەرهەڵدراوەکە هەبێت، بەو پێیەی کە بەشێک لەڕوودانی زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵدراوو سنوردار دەکات، لە زۆربەی بارەکاندا بەشە سەرهەڵداوەکە ڕەنگە بەشێکی لە نموونەی زانیارییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە بەشە سەرهەڵدراوەکە ڕەنگە لە بەشە سەرەکییەکەدا بەشدار بێت ، چونکە بەشە سەرهەڵداووەکەی ڕەنگە بەشێکی سەرەکی و مەیلی گشتیبوونی بەسەر بەشە سەرەکییەکەدا هەبێت، واتە زاڵبێت بەسەر بەشە سەرەکییەکەدا و جێگەی بگرێتەوە، بەواتایەکی تر، زەمینەی هاوبەشی ناوەکی و زەمینەی هاوبەشی سەرهەڵداوو بریتین لە دوو پێکهاتەی جیاوازی زەمینەی هاوبەشی گریمانەکراو ، کە بەیەکەوە گرێدراون و لەیەکتر جیانابنەوە Kecskes and ). zhang2009:55-311 لەم ڕێبازەدا سێ ڕێگەی جیاواز هەیە، کە نیاز(نییەت) و سەرنج کاریگەری لەسەر بنیاتنانی زەمینەی هاوبەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەیە.

یەکەم: کاتێک قسەکەر لایەنی دەروونی زانیارییە هاوبەشەکان چالاک دەکەن.

**١٢. قسەکەر: دوێنێ کابرات باش بەنج کرد.**

گوێگر: زۆر باشیش

لێرە لە قسەکەر و گوێگر زانیاری هاوبەشیان دەربارەی (کابرا) هەیە ، کە کەسێکی دیاریکراوە و هەردووکیان دەیناسن.

دووەم: ڕێگەی بنیاتنانی زەمینەی هاوبەش ئەوەیە، کە قسەکەران بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە پەیوەندیکردنەکە ئاسان دەکەن، پێش ئەوەی قسەکەر هەوڵی گەڕانەوە بدات، ئەو پارچەزانیارییەی لە بیسەردا وەک پاشخان بنەمای گفتوگۆی داهاتوو هەیە.

١٣. قسەکەر: مامۆستا ئاوات لەبەر ئەو بابەتە بەشداری نەکرد.

گوێگر:بەڵێ وایە.

١٤. قسەکەر: شیرین لەبەر ئەو هۆکارە بەشداری تاقیکردنەوەی نەکرد .

گوێگر: بە داخەوە.

لێرەدا قسەکەر ئەو زانیارییە هاوبەشی لە نێوان خۆی گوێگردا هەیە و هەردووکیان پێی دەزانن، کردویەتی بنەمای پەیوەندییەکەیان.

سێیەم: بەشدارییکردن لە خاڵە هاوبەشەکاندا کاتێکە کە وتارێژ زانیاری تایبەتی خۆی دەهێنێتە ناوەوە و دەیکاتە بەشێک لە پەیوەندییکردنەکە، واتە قسەکەر هەندێک زانیاری تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەزانێت گوێگر دەستی پێناگات، ئەو وەک خاڵی هاوبەش بەو باوەڕەی گفتوگۆکە ئاسان دەکات و گوێگر قبوڵی دەکات.

١٥. قسەکەر: سبەی دەتوانی لەگەڵم بێیت بۆ نان خواردن.

گوێگر: ببورن، ناتوانم پێویستم بە مۆڵەت وەرگرتن لە باوکم هەیە.

لێرەدا قسەکەر هاوڕێی گوێگرە، بەڵام زانیاری لەبارەی ئەندامانی خێزانەکەیەوە نییە، گوێگر بەو دەربڕینە دەیەوێت بڵێت، کە باوکی هەیە و مۆڵەتی ئەوی دەوێت بۆ نانخواردن. ئەمە بابەتی تایبەتی گوێگر بوو، بەڵام دۆخەکە وایکرد، کە ئەم زانیارییە تایبەتە بکرێتە بەشێک لە خاڵە هاوبەشەکان (سەرچاوەی پێشوو).

### ٣/١/٢) کاریگەری دەوروبەر لەسەر واتا ( Contextual Efects on Meaning)

دەوروبەر بەزۆری ئاماژە بە چوارچێوەی دۆخی ڕاستەقینەی نیشانە زمانەوانییەکان یان گوتن دەکەن، (Goodwin and Duranti ,1992: 28)، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە واتاسازی ، زمانەوانی ، کۆمەڵناسی ، مرۆڤناسیدا، بە زۆری دەوروبەر ئاماژەیە بۆ ئەو شتانە، یان بوونانە، کە ڕووداوێکی جەختلێکراویان دەورەداوە، کەواتە دەوروبەر بریتییە لە " چوارچێوەیەک کە دەوری ڕووداوەکە دەدات و سەرچاوە بۆ لێکدانەوە گونجاوەکە دابین دەکات. یاخود دەوروبەر " بریتییە لەو ئەو ژینگە فیزیکییانەی وشە تێیدا بەکاردەهێنرێت(GeorgeYule ,1996: 128 ).". زۆربەی پێناسەکان پابەندن بە چوارچێوەدان بە دەوروبەر وەک پاشخانی بارودۆخی ڕاستەقینە Leech. ئاماژە بەوەدەدا، کە دەوروبەر ئاماژەیە بۆ " هەر زانیارییەکی پاشخان، کە گریمانە دەکرێت لە لایەن قسەکەر و بیسەرەوە هاوبەش بێت و کامیان بەشدارە لە لێکدانەوەی ئەوەی کە قسەکەر بە گوتەیەکی دیاریکراو مەبەستی چییە "(leech, 1983: 13) ، بەڵام ئەمە تەنها لایەنێکی دەوروبەرە، kecskesئاماژە بەو دیوەی دەوروبەر دەدات" دەوروبەی دۆخی ڕاستەقینە"، کە هۆکاری زمانی و دەرەوەی زمانی( نازمانی) لە چوارچێوەی بارودۆخی دیاریکراودا تێکەڵدەکات(kecskes, 2008: 2014: 385)، ئەم پێناسەیە تەنها ئاماژە بە دەوروبەی دۆخی ڕاستەقینە دەکات و هیچ لەبارەی (دەوروبەی پێشوو) باس ناکات، کە چەمکێکی گرنگە لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا.

ئەم ڕێبازە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەوروبەر بنیاتێکی دینامیکییە، کە بە فۆڕمی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا هەم وەک کۆگایەک و هەم وەک یارمەتیدەری زانین دەردەکەوێت. زۆرێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە بنیاتی واتا بە پلەی یەکەم وابەستەی ئەو شتەیە، کە پێی دەڵێن دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە، بەڵام ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن ئاماژە بەوە دەکات، کە واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان دەوروبەری پێشوو تیایدا ، ڕۆڵی گرنگتر لە بنیاتنانی واتا و تێگەیشتن زیاتر لە دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە دەگێڕن ، ئەوەی ئەم ڕێبازە هەوڵی بۆدەدات ئەوەیە ، کە ناسینی تاک و ناسینی

جێگرەوەکان کۆبکاتەوە. ئەم بۆچوونە گرنگی پاشخان و لایەنگری تاک، کە زۆرجار (بەهۆی زەمینەکانی پێشوو، ئەزموونی پێشووەوە)پشتگیری دەکرێت، لە پرۆسێسی زانیاریدا دەناسێنێت( Finkelstein et al, 2008 :32)،. هەروەها پێیوایە ئەو دەوروبەرەی، کە تاکەکان تێیدا دەردەکەون ئەوەندە بەهێزە، کە دەتوانێت سەرنج ئاڕاستەبکات و لێکدانەوەی واتا و مەبەستیش لە قاڵب بدات ,Elsbach et al). ( 422-33 ,2005، بە واتایەکی تر ئەو دەوروبەرەی، کە تاک تێیدا دەردەکەوێت کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو شتانە هەیە، کە تێبینی دەکەن و لێکیدەدەوە و هەرەها ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

لەسەر ئەم بنەمایەڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن جەخت لە سەر دوو جۆری دەوروبەر دەکاتەوە:

١-دەوروبەری پێشوو: ئاماژەیە بۆ هەرزانیارییەکی پاشخان، کە لەلایەن قسەکەر و بیسەرەوە هاوبەش بن، یاخود کۆگایەکی ئەزموونە تاکەکانە، یان زانیارییەکان لە بەریەککەوتنێکی پەیوەندیداردا ڕەچاودەکات.

١٦.خانوە نوێیەکەی ئازادم بینی.

لەم نموونەیەدا قسەکەر زانیاری پێشنەی هەیە، کە ئازاد خانوویەکی دیکەی هەیە، باری دارایی باشە.

٢-دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە: ئەو جۆرەی دەوروبەرە ، کە هۆکاری زمانی و نازمانی لە لێکدانەوەی واتا وتێگەیشتندا بەهەند وەردەگرێت. یاخود دەروبەری دۆخی ڕاستەقینەی بارودۆخی شتەکان زانیاری پەیوەندیدار دەکات، ئەزموونەکەمان لە ڕێگەی دۆخە دووبارەبووەکان و هاوشێوەکانەوە پەرەی پێدەدرێت. دەتوانرێت دەوروبەی ستاندارد (پێش دووبارەبوونەوە) وەک دۆخێکی ڕێکو پێک پێناسەبکرێت. کە ئێمە ئەزموونی دوبارەمان لەگەڵیدا کردووە، دەتوانین پێشبینی بکەین چی ڕوودەدات یان نا، بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی چۆنیەتی کارکردنی جیهانی دەوروبەرمان پشتپێیدەبەستین.

Gumperz دەڵێت" گوتنەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەوروبەری خۆیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، یان دەوروبەرێک بنیاتدەنێن" (Gumperz, 1982: 138). هەروەها Levinson ، بە پاساوهێنانەوە بۆ بۆچوونەکەی گامپەرز، بانگەشەی ئەوەیکرد، کە نیاز بەرامبەر دژایەتی دەوروبەر چەواشەکارانەیە، چونکە مەبەستەکە دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت، یان پێشبینی دەوروبەر بکات ،بەمەش ڕەنگە لە ڕێگەی دەوروبەری دووبارەبوەوە ڕۆڵی دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە هەڵبوەشێنێتەوە.27 : Levinson, S. C. ,2003)). کەواتە دەوروبەر نوێنەرایەتی دوو لایەنی زانینی جیهانی دەکات، یەکێکیان کە پێشتر کۆدکراوە بە هێزێکی جیاواز لە مێشکماندا( دەوروبەری پێشوو) وەک زانینی ڕاگەیاندن و ئەوی دیکەیان( دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە) کە لە دەرەوەیە لە جیهاندا کە لە ڕوودواوە گفتوگۆیە جێگیرەکاندا ڕوودەدات( بڕوانە Kecskes : 2008)، ئەم دوو دیوەی کۆزانینی دنیایی تێکەڵ بەیەکبوون و لەیەکتر جیاناکرێنەوە، دەوروبەری دۆخی ڕاستەقینە لە ڕێگەی دەوروبەری پێشوو سەرپەردەکرێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، کاتێک پەیوەندیی دەکرێت بەرکەوتنیان تێکەڵەیەکی ناوازەی زانین دروستدەکات، کە یارمەتیدەرە لە لێکدانەوەی نیشانە و گوتنە زمانەوانییەکان، بە پێی ئەم ڕێبازە واتا و تێگەیشتن لە واتا و مەبەست دەرئەنجامی پەیوەندیی نێوان ئەزموونی پێشوو ، ئەزموونی بارودۆخی ئێستا و ئەزموونی دۆخی ڕاستەقینەیە، ئەزمووی پێشوو کە دەبێتە زانیاری ڕاگەیاندن بەستراوەتەوە بە مانای وشەیەک، کە کردەی دەربڕین پێکدەهێنن و لەلایەن قسەکەرەوە بەرهەمدەهێنرێن، لە کاتێکدا ئەزموونی ئێستا بە چوارچێوەی ڕاستەقینەی بارودۆخیەوە بەستراوە و نوێنەرایەتی دەکرێت، کە پەیوەندیکردنی تێدا ڕوودەدات و لەلایەن قسەکەرانەوە لێکدەدرێتەوە، ئەو واتایەی بەشێوەیەکی فەرمی لە گوتنەکەدا دەربڕاوە، لە ئەنجامی کارلێککردن و کاریگەری هاوبەشی ئەو دەوروبەرە تایبەتانەی لەزمانی قسەکەران نوێنەرایەتی دەکرێن و ئەو زەمینە بارودۆخییە ڕاستەقینەیەی، کە لە لایەن قسەکەرانەوە لێکدەدرێنەوە.

## ئەنجامەکان

١- لە ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردندا سێ جۆر کۆزانین پۆلێنکراوە، ئەوانیش (زانیاری پێشینەی بە کۆمەڵ ، زانیاری پێشینەی تاکەکەسی ، زانیاری هاوبەشی ڕاستەقینەی دروستکراوی بارودۆخ).

٢- دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەوە کۆزانینە هاوبەشەی لە نێوان (قسەکەر و گوێگر)دا هەیە، هاوکار دەبێت لە کردەی ئابوریکردن لە زماندا، خودی ئابوریکردنیش بە کاربردنی کەمترین کەرەستەی زمانییە بۆ گەیاندنی مەبەست.

٣-ڕێبازی کۆمەڵایەتیی درکپێکردن گرنگی بە دوو لایەنی تاکەکەسیی کۆمەڵایەتی و درکپێکردن ( تایبەتمەندی تاگەکەرایەکان و ئەزموونی پێشوو) لەپراگماتیکدا دەدات.

٤- ئەم ڕێبازە بانگەشەی ئەوە دەکات، خودسەنتەری تاکەکەسی بەشێکە لە ئاوەزمەندیی مرۆڤ ، هەروەک چۆن هاوکاری لەسەربنەمای کۆمەڵایەتییە. هەم هۆکاری کۆمەڵایەتی و هەم فاکتەری تاکە کەسی لە پەیوەندیکردندا لەبەرچاو دەگیرێت.

٥-ئەم ڕێبازە زەمینەی هاوبەش بە هۆکاری پەیوەندیکردن دەزانێت، کە هۆکارە گرنگەکانی دیکە (نیەت ، زەقبونەوە ، دەوروبەر)بەیەکەوە گرێدەدات.

٦- ڕێبازەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەوروبەر بنیاتێکی دینامیکییە، کە بە فۆرمی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا هەم وەک کۆگایەک و هەم وەک یارمەتیدەری زانین دەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان

Istvan Kecskes, Sociocognitive Pragmatics, Comp. by: Karthikeyan Stage: Proof Chapter No.: 28 Title Name: HaughetalDate:1/12/2020-2008-2014, Time:09:10:32 Page Number: 592.

Clark, H. H. (2009). Context and common ground. In J. L. Mey, ed, ConciseEncyclopedia of Pragmatics. Oxford: Elsevier, pp. 116–19.

Clark, H. H., Schreuder, R. and Buttrick, S. (1983). Common ground and theunderstanding of demonstrative reference. Journal of Verbal Learning andVerbal Behavior, 22, 245–58.

Finkelstein, S., Hambrick, D. C. and Cannella, B. (2008). Strategic Leadership:Theory and Research on Executives, Top Management Teams, and Boards.Oxford: Oxford University Press.

5-García-Gómez, A. (2020). Intercultural and interpersonal communicationfailures: Analyzing hostile interactions among British and Spanish university students on WhatsApp. Intercultural Pragmatics, 17(1), 27–53.

6-Gumperz, J. (1982). Discourse Strategies. Cambridge: Cambridge UniversityPress.

7-Horton, W. S. and Keysar, B. (1996). When do speakers take into accountcommon ground? Cognition, 59, 91–117.

8-Horn, L. and Kecskes. I. (2013). Pragmatics, discourse and cognition. In

A. Stephen, R. J. Moeschler and F. Reboul, eds., The Language-Cognition Interface. Geneva: Librairie Droz, pp. 353–75.

9-Keysar, B., Barr, D. and Horton, W. (1998). The egocentric basis of languageuse: Insights from a processing approach. Current Directions in PsychologicalScience, 7(2), 46–50.

10-Keysar, B. and Henly, A. (2002). Speakers' overestimation of their effectiveoness. Psychological Science, 13, 207–12.

11-Kecskes, I. (2008). Dueling contexts: A dynamic model of meaning. Journal of Pragmatics, 40(3), 385–406.

12-Kecskes, I. (2014). Intercultural Pragmatics. Oxford: Oxford University Press.

13-Kecskes, I. (2019). Impoverished pragmatics? The semantics-pragmatics interface from an intercultural perspective. Intercultural Pragmatics, 16(5), 489–517.

14- Karthikeyan Stage: Proof Chapter No.: 28 Title Name: Haughetal Date:1/12/20 Time:09:10:32 Page Number: 595.

15-Liu, P. and You, X. Y. (2019). Metapragmatic comments in web-based intercultural peer evaluation. Intercultural Pragmatics, 16(1), 57–85.

16-Leech, G. (1983). Principles of Pragmatics. London and New York. Longman.

17-Levinson, S. C. (2003). Language and mind: Let's get the issues straight! InG. Dedre and S. Goldin-Meadow, eds., Language in Mind: Advances in theStudy of Language and Cognition. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 25–46.

18-Mildorf, J. (2013). Reading fictional dialogue: Reflections on a cognitivepragmatic reception theory. Anglistik: International Journal of English Studies, 24(2), 105–16.

19-Macagno, F. and Capone, A. (2017). Presuppositions as cancellable inferences. In K. Allan, A. Capone and I. Kecskes, eds., Pragmemes and Theories ofLanguage Use. Cham, Switzerland: Spinger, pp. 45–68.

20-Macagno, F. (2018). A dialectical approach to presuppositions. Intercultural Pragmatics, 15(2), 291–313.

21-Sperber, D. and Wilson, D. (2004). Relevance: Communication and Cognition.2nd ed. London: Blackwell

22-Stalnaker, R. C. (2002). Common ground. Linguistics and Philosophy, 25,701–

23-Samovar, L. A., Porter, R. E., & Jain, N. C. (1981). Understanding intercultural communication. Belmont, CA: Wadsworth Publishing Company.

.

# هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا

**سیروان حمەرشید سعید، دەریا جمال حويز**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** هایکو ناودارترین شیعری ژاپۆنییە، لە حەڤدە بڕگە پێکهاتووە، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە هەڵقوڵاوی زمان و کلتوری ژاپۆنییە، بەڵام ئەمڕۆ هایکو بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، لەسەر ئاستی جماندا بەناوبانگترین شیعرە، هایکونووسان لە دەرەوەی ژاپۆن، ئەم فۆڕمە شیعرییەیان لەگەڵ زمان و کلتوری خۆیاندا گونجاندووە و پابەند نین بە مەرجە کلاسیکییەکانی هایکوی ژاپۆنی، سەرهەڵدانی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، لەچاو گەلانی دیکەدا، مێژوویەکی کۆنی نییە و ماوەی چەند ساڵێکە دەرکەوتووە، بەڵام توانیویەتی لەناو ئەدەبی کوردیدا، جێگەی خۆی بکاتەوە و شاعیران و هایکونووسان لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردیدا گونجاندوویانە، بەجۆرێک چەندین دەقی باڵایان بەرهەم هێناوە، کە ڕەنگدانەوەی زمان و سروشت و کلتوری کۆمەڵگەی کوردییە، هایکونووسانی کورد، بەتەواوی پابەندنین بە یاسا نەریتییەکانی هایکوی کلاسیکیی ژاپۆنی، لە هەمان کاتدا، توانیویانە کرۆکی هایکو بپارێزن، بۆ نموونە: سێ دێڕ، ساتەکی، وێنە، چڕی، بڕین، سەرسوڕمان. هایکوی کوردی لەڕووی بنیاتی هزری و هونەرییەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هزری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتانەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە هایکوی کوردیی کرمانجیی ناوەڕاستدا ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک بە سەرنجدان لە بەرهەمی هایکونووسانی کورد، دەتوانین چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، بۆ نموونە: هەژاری، ژن، دایک، کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە، ڕەخنەگرتن لە هەندی دیاردەی کۆمەڵایەتی.

**کلیلە ووشەکان-** هایکو، هایکوی کوردی، هایکونووس، تایبەتمەندیی هایکوی کوردی، هزری کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا)یە.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** هایکو لە شیعری کوردیدا فۆڕمێکی نوێیە و لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە، هەروەها هزری کۆمەڵایەتیی بەشێوەیەکی فراوان لە هایکوی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری توێژیەوەکە لە چوارچێوەی زاری (کوردیی ناوەڕاست)دایە و ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە هزری کۆمەڵایەتی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا (ڕێبازی وەسفی شیکاری)مان پەیڕەو کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دیاریکردنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەیە، کە لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا ڕەنگیانداوەتەوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** کەمی توێژینەوە لە بارەی هایکو بە زمانی کوردی، بەجۆرێک هێشتا لە زانکۆکانی کوردستان، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی ئەم فۆڕمە شیعرییەوە نەکراوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە بەمشێوەیە: بەشی یەکەم، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم، چەمک و پێناسەی هایکو، تەوەری دووەم، سەرهەڵدان و تایبەتمەندیی هایکوی کوردی، بەشی دووەم، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم، چەمک و پێناسەی هزری کۆمەڵایەتی، تەوەری دووەم، هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:
## چەمک، زاراوە، پێناسە و تایبەتمەندیی هایکو

### ١_١: چەمک و زاراوە و پێناسەی هایکو:

#### ١_١_١: چەمک و زاراوەی هایکو:

دیارە هایکو بەناوبانگترین ژانری شیعری ژاپۆنییە، بۆیە بۆ ئەوەی بەوردی لە چەمک و زاراوەی هایکو تێبگەین، پێویستە لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیدا کە زمان و ئەدەبی ژاپۆنییە، بەدوای ڕیشەی زاراوەکەدا بگەڕێین. سەدان ساڵ لەمەوبەر لە ژاپۆن لە ئەنجامی پێشبڕکێی شیعردا، کۆپلە شیعرێک پەرەی سەند، کە بە هۆککو (بەیتی دەسپێک) ناسراوە، یان هایکو (بەیتی یاریکردن)، نموونەی ئەم کۆپلانە ناودەبرێت بە هایکای (یاریی گونجاو)، بەڵام ئێستا هایکو بەشێوەیەکی گشتگیر بۆ فۆڕمێکی سادەی شیعر بەکار دەهێنرێت، لە حەڤدە بزوێن پێکدێت, کە دابەش بووە بەسەر سێ دێڕدا، دێڕی یەکەم: پێنج بزوێن، دێڕی دووەم: حەوت بزوێن، دێڕی سێیەم: پێنج بزوێن، (Buchanan, 1976, 7)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم فۆڕمە شیعرییە لە ئەنجامی پێشبڕکێی شیعردا سەریهەڵداوە، بۆیە هەم وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی و هەم لەڕووی چەمک و زاراوەشەوە لە جۆرێکی پێش خۆیەوە پەرەی سەندووە و دواتر بووەتە جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆ.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp9-19

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 10 نيسان 2025؛ قُبل في 18 آيار 2025؛ نُشرت في 21 ايلول 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: darya.jamal@koyauniversity.org, sirwan.rashid199096@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2025 سیروان حمەرشید سعید، دەریا جمال حويز. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

((لەسەرەتای سەدەی ١٨ و لەدوای جیابوونەوەکەی لە تانکا و ڕینگا؛ هایکو چ وەک چەمک و چ وەک زاراوەش تێگە و واتای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتووە، ئەوەش وەک کودەتایەک دێت بەسەر چەقبەستووی و کۆنخوازیدا، بۆیە زایەقەی ئەدەبی و نوێخوازی توانی ئەو بەربەستە نەریتییەی شیعر بشکێنێ و هوککو بگۆڕێ بۆ هایکو و بیێتە خاوەن خەسڵەت و مەرج و تایبەتمەندیی خۆی لە جیهاندا؛ وەک زاراوەیەکی جێگیر بمێنێتەوە)) (ئەحمەد(ا)، ٢٠١٨، ١١) زاراوە و چەمکی هایکو، شتێک نییە کە لە خۆوە پەیدا بوو بێت، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دیاردە ئەدەبییەکانی پێش خۆی، بێگومان زاراوەکەش هەر لە زاراوەی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دواتر وەکو زاراوە و چەمکێکی سەربەخۆ لە مەیدانی ئەدەبیدا ڕەگی خۆی داکوتاوە.

هایکو شیعرێکی ژاپۆنییە، ڕەگوڕیشەی لە مێژووی شارستانییەتی ژاپۆندایە، سەبارەت بە زاراوەی هایکو، محەمەد عوزەیمە دەڵێت: زاراوەی هایکو لە هەر دوو زاراوەی (های) کە یەکێک لە واتا سەرەتاییەکانی بریتییە لە خۆشی و چێژ یان پێکەنین، بۆ گۆڕینی سیمای دەرەوە و سەرقاڵکردنی کەسانی دیکە، هەروەها دەستەواژەی (کۆ) بە واتای بێژەکردنی وشەیەک یان دەستەواژەیەک دێت، لەوەوە هەستێکی نوکتەیی جدی و مەزاجێکی کۆمیدی و بێهانییەکی سەرگەرمی هەیە. (ئەحمەد،٢٠٢٢، ٣٨٨).

(هایکو (Haiku) کە سەرەتا پێی وتراوە هۆککو (Hokko) لە بنەڕەتدا فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە و لە دەستپێکی فۆرمی تانکا (Tanka) و ڕینگا (Renga) جیابووەتەوە، هۆککو (Hokko) کە بە واتای "شیعری دەستپێک" دێت، لە کۆندا دەستپێکی جۆرێک لە شیعری زنجیرەیی بووە، کە پێی دەوترا هایکای نۆڕینگا (Haikai no renga) و پاشان کرا بە هایکای (Haikai)، دوای ئەو چەند گۆڕانکارییەی بەسەر وشەکەدا هات، دواجار لە ساڵی ١٨٩٢ لە سەردەمی چاکسازی (میجی_میگی_Migi) لەسەر دەستی شاعیری ژاپۆنی (ماساوکا شیکی/ Masaoka shiki) (١٨٦٧_١٩٠٢) وشەکە بە هایکو (Haiku) چەسپاو جێگیر بوو، کە بە مانای "منداڵی خۆڵەمێش" دێت) (نۆڕی، ٢٠١٩، ١٧).

سەبارەت بە واتای دەستەواژەی (منداڵی خۆڵەمێش) پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی دەستەواژەکە لە زمانی ژاپۆنیدا، (منداڵ) بە واتای دەرکەوتنی ژیانێکی نوێ و ئومێدێکی نوێ دێت، هەروەها (خۆڵەمێش) دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی چینییەکان کە لەدوای مردن جەستەی مرۆڤ دەسوتێنن، بەشێوەیەکی گشتی دەستەواژەکە بە واتای لە دایکبوون و ژیانەوە لە مردنەوە دێت. (الشویة و معطی الله و نصرات، ٢٠٢٣، ٦).

ئێستا زاراوە و چەمکی هایکو لە دنیای ئەدەب و مەیدانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا، پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی هایکو لە زمانە ئەوروپییەکان و زۆرێک لە زمانانی جیهاندا، ئێستا زاراوەی هایکو بۆ ئەو فۆرمە شیعرییە بەکاردەهێنرێت، کە لە حەقدە بڕگە پێکهاتووە و دابەش بووە بەسەر سێ دێڕدا، (٥_٧_٥)، بەڵام ئەم ڕێسایە جگە لە زمانی ژاپۆنی، لە زمانەکانی دیکەدا بەتەواوی پەیڕەو ناکرێت.

سەبارەت بە زاراوەی هایکو لە زمانەکانی دیکەدا، بە هەمان شێوەی ژاپۆن زاراوەی (هایکو) بەکاردەهێنرێت، لەم بارەیەوە ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((هایکو (Haiku) وشەیەکی یابانییە، بە زمانانی ئینگلیزی، ڕوسی، بولگاری، سوێدی، عەرەبی و فارسی ڕەنگە بە زمانانی تریش، بە هایکو دەنوسرێت و دەوترێت. کەچی لە کوردیدا، وەک دەیان وشەی تری بیانی، بە نادروستی بەکار دەهێنرێت و گۆڕاوە بە (هایکۆ).)) (سابیر، ٢٠٢٢، ١٢١)، بۆیە بە بڕوای ڕەفیق سابیر پێویستە لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانەکانی دیکە، زاراوەی هایکو بەکار بهێنرێت، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Haiku) دەنوسرێت و بە هایکو دەخوێنرێتەوە و لە زمانی عەرەبی و فارسیدا زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنرێت.

لە زمانی کوردیدا کاتێک لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە زاراوەکە هاتە ناو زمان و ئەدەبی کوردی، زاراوەی (هایکۆ) بەکار دەهات، بەڵام ئەم زاراوەیە هەڵەیە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زمانی ژاپۆنی و زمانەکانی دیکە، ئەوا زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، نەک (هایکۆ) بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەخێرایی دەڵێن (هایکو) و هەست بە بیستنی دەنگی یەک (و) دەکەین، بەڵام لە نووسیندا، (Haiku) دەنووسن، واتە کۆتایی بە پیتی (u) دەنووسن، ئەمەش دەکاتە (وو)ی زمانی کوردی، بەڵام لە خوێندنەوەدا تەنیا هەست بە دەنگی یەک (و) دەکرێت، بۆیە (یانەی هایکوی کوردی) زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، (نۆڕی، ٢٠١٩، ٢٢). ئەگەرچی ئێستا یانەی هایکوی کوردی و هایکونووسانی باشوور، زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، بەڵام هایکونووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر زاراوەی (هایکۆ) بەکاردەهێنن، بۆیە بەپشتبەستن بەم بۆچوونانەی سەرەوە، پێمان وایە کە زاراوەی (هایکو) ڕاستە، لەبەر ئەوە لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی (هایکو) بەکاردەهێنین.

### ١_١_٢: پێناسەی هایکو:

ئەگەر بمانەوێت بەوردی هایکو بناسێنین، ئەوا پێویستە چەندین بیروبۆچوون و پێناسەی جیاواز بخەینەڕوو، چونکە تاکە پێناسەیەک ناتوانێت، سەرجەم تایبەتمەندییەکانی هایکو لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، ئەمەش لەلایەک بەهۆی ئەوەی هایکو وەکو فۆرمێکی شیعری یان ژانرێکی ئەدەبی چەندین واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت، لەلایەکی دیکەوە بەدرێژایی مێژوو و بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەر بنیات و پێکهاتەکەیدا هاتووە، هەروەها ئەم فۆرمە شیعرییە لە دەرەوەی ژاپۆن گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە هەر گەلێک، لەڕووی (زمان، فەرهەنگ، کلتور و ئاین...هتد)ەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بێگومان ئەدەبیش کە زادەی گەلە هەموو ئەو تایبەتمەندیانە تێیدا ڕەنگدەدەنەوە، بۆیە کۆمەڵێک پێناسەی هایکو دەخەینە ڕوو، کە هەریەکەیان لایەنێک یان چەند لایەنێکی وەسف دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەرجەم پێناسەکان هایکو بەتەواوی بناسێنین.

هایکو، دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ژاپۆن، هایکو لە فۆرمێکی شیعری ترەوە پەیدا بووە و هاوبەشی کردووە تێیدا، پێی دەوترا (ڕینگا) واتە (شیعری زنجیرەیی)، کە فۆرمێکی زۆر کۆنترە لە هایکو و لەلایەن کۆمەڵێک شاعیرەوە دەنووسرا، بەشێوەی (٥_٧_٥_٧_٧) بزوێن، بۆیە ئەو شاعیرانەی کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی شیعریان دەنووسی تێبینی ئەوەیان کرد، دێڕی یەکەمی بزوێنەکان (٥_٧_٥) زۆرجار دەتوانن بە تەنیا بووەستن، بەڵام دێڕی بزوێنەکانی (٧_٧) لە کلتوری چێژ و سەلیقەی ژاپۆنیدا کەمتر سەرنجڕاکێش بوون، بۆیە لە دێڕەکانی (٥_٧_٥) هایکو لەدایک بوو. (Addiss, 2012, ?).

ئەم پێناسەیە لە دوولایەنەوە هایکو دەناسێنێت، یەکەمیان لایەنی مێژوویی، کە ئەو هایکویەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دەنووسرێت، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ژاپۆن، هەروەها لەڕووی فورمەوە بەشێک بووە لە فۆرمێکی دیکەی شیعر، کە بە هاوبەشی لەلایەن کۆمەڵێک شاعیرەوە نووسراوە، هایکو لە دێڕی یەکەمی ئەم فۆرمەوە کە بریتی بووە لە (٥_٧_٥) لەدایکبووە و بووەتە فۆرمێکی سەربەخۆ.

هەروەها لە کتێبی (صوت الماء)دا بەم شێوەیە پێناسەی هایکو کراوە: فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە لە سێ دێڕ پێکهاتووە، دێڕی یەکەم: پێنج بزوێن، دێڕی دووەم:

حەوت بزوێن، دێری سێیەم: پێنج بزوێن، هەرچەندە لە زمانی ژاپۆنیدا لەسەر یەک دێڕ نووسراوە، بەڵام سێ یەکەی جیاوازە، سەبارەت بە هایکوی مۆدێرنی نێودەوڵەتی، زۆربەی لە سنورداركردنی بزوێنەکان دووره، کە لە زمانی ژاپۆنیدا هەیە. (الصلهی، ١٤٣٧، ٩٦).

ئەم پێناسەیەی سەرەوە تەنیا لەڕووی فۆڕمەوە هایکوی ناساندووە، بەجۆرێک تەنیا باسی ژمارەی بڕگە و دێڕەکانی کردووە، بەبێ ئەوەی باسی پێکهاتەکانی دیکە و کرۆک و ناوەڕۆکی فۆڕمەکە بکات، چونکە هایکو کۆمەڵێک پێکهاتە و تایبەتمەندیی دیکەی هەیە کە لە هەر فورمێکی دیکەی شیعری جیاوازن.

هایکوی ژاپۆنی یاسەیەکی فەرمیی هەیە دەبوو پێیەوە پابەند بێت، کە بە سیستەمی بزوێن پیشان دەدرێت، لە سێ دێڕ پێکهاتووە، یەکەم: پێنج بزوێن، دووەم: حەوت بزوێن و سێیەم: پێنج بزوێن، هەروەها وشەی ئاماژەدەر هەڵدەگرێت لەگەڵ وشەیەکی تر کە دوو ڕستەکە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، هەروەها تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکان لە شیعری هایکودا، ڕیتمی مۆسیقای نەریتی ژاپۆنی بیر دەخاتەوە. (بلعلي، ٢٠١٤، ١٤١)، ئەم پێناسەیە بە شێوەیەک باسی  هایکوی کلاسیکیی ژاپۆنی دەکات، کە پەیڕەوی لە پێکهاتەیەکی دیاریکراو کردووە، کە بریتین لە: سێ دێڕ بەشێوەی (٥_٧_٥) بزوێن، وشەی ئاماژەدەر (کیگۆ)، کە مەبەست لەو وشانەیە کە ئاماژە بۆ وەرز دەکەن و وشەی دابەشکەر (کیریجی)، کە وەستانێک لەنێوان دوو بیرۆکەکەدا دروست دەکات، هەروەها هایکو لە زمانی ژاپۆنیدا خاوەنی ڕیتمێکی مۆسیقایە، کە پەیوەندی بە سروشتی زمان و فۆلکلۆری ژاپۆنییەوە هەیە.

هایکو شیعرێکە کە ئەزموونێکی دەروونی لە ڕێگەی تێڕامانێکی ڕۆحییەوە کورت دەکاتەوە، هەروەها ئەزموونێکی جوانیناسی و شیعرییە کە لەناو خۆیدا چڕبوونەوەیەکی زمانەوانیی بارگاوی بە قووڵترین واتا و وێنە هەڵگرتووە، لە پێکهاتەیەکی سێ بزوێنیدا، کە وێنەی جیهانی دەرەوە و واقیع ڕەنگ دەداتەوە لە ئەو کەسەی کە تێیدا دەژی. (نورة و اية، ٢٠٢٠، ٢٢)، ئەم پێناسەیەی سەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر پێناسەیەکی گشتگیرە و لە زۆربەی لایەنەکانەوە باسی هایکوی کردووە، ئەزموونی دەروونی، تێڕامانی قووڵ، جوانیناسی، زمانی چڕ، پێکهاتەی بزوێن، ڕەنگدانەوەی وێنە، ئەم ژانرە ئەدەبییە ئەزموونێکی دەروونیی مرۆڤ، لە ڕێگەی تێڕامانی ڕۆحی جوانیناسییەوە، بەرجەستە دەکات، ڕەنگدانەوەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و دەوروبەریەتی، بە بەکارهێنانی زمانێکی چڕ و وێنەی هونەری دەخرێتە ڕوو. هەروەها ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((هایکو ناودارترین شێوازی شیعری یابانییە و بە کورتترین جۆری شیعر لە دنیا دادەنرێت، چونکە تەنیا حەڤدە بڕگەیە، کە پێکەوە هۆنراوەیەکی سەربەخۆ پێک دەهێنن)) (سابیر، ٢٠٢٢، ٩).

هەر یەک لەو پێناسانەی سەرەوە، لایەنێک یان چەند لایەنێکی ئەم فۆڕمەیان خستووەتە ڕوو، چونکە ئەگەرچی هایکو شیعرێکی کورتە، بەڵام بنیات و پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە پێناسەیەک نەتوانێت بەتەواوی ئەم چەمکە بناسێنێت، بۆیە بە وردبوونەوە لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: هایکو فۆڕمێکی شیعری ژاپۆنییە، لە حەڤدە بڕگە یان بزوێن پێک دێت، کە بەسەر سێ دێڕدا دابەشبوون، بە شێوەی (٥_٧_٥)، هایکو خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەقەکە تەواو دەکەن و لە ڕێگەی زمانێکی چڕەوە، وێنەیەکی هونەری دەنەخشێنێت، کە تێڕامانێکی دەروونی و جوانیناسی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، ئێستا هایکو فۆڕمێکی شیعری جیهانییە، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەکەیدا هاتووە و خۆی لەگەڵ کلتور و زمانە جیاوازەکاندا گونجاندووە.

## ١_٢: سەرهەڵدان و تایبەتمەندیی هایکو لە شیعری کوردیدا:

### ١_٢_١: مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لە شیعری کوردیدا:

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی، دەقی کورت و بچوکی شیعری بوونی هەبووە، لە ئەدەبی کۆن و کلاسیکیدا (تاک، چوارین، دووبەیت، پارچە) بوونی هەبووە و لە ئەدەبی هاوچەرخیشدا، کورتیلە شیعر بە شێوەیەکی فراوان بوونی هەبووە و زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکار هاتووە، بەتایبەتی زاراوەی (پۆستەرە شیعر).

لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا چەندین زاراوە دەبینین کە  بۆ ناسنامەی ئەو دەقە شیعرییانە بەکارهێنراون، کە لە فۆڕمێکی کورتدا دارێژراون، هەموو زاراوەکان گوزارشت لەوە دەکەن, کە ئەو شیعرانە فۆڕمێکی کورت و بچوکیان هەیە، (شیعری پۆستەر، وردەواڵە، پارچە شیعر، کورتە شیعر، شیعری بچوک، پێکە شیعر، برووسکە شیعر، خونچە شیعر، ڕستەی شیعریی، کورتیلە شیعر، هۆنراوەی زۆر زۆر کورت، شیعرە مۆبایل، هایکۆ، دڵۆپە شیعر، فەریکە شیعر، هەناسە شیعر، گریانە شیعر، شیعری نانۆ) (محەمەد، ٢٠١٣، ٢٧_٢٨).

دەرکەوتنی (هایکو) وەکو فۆڕمێکی شیعری سەربەخۆ، لەناو ئەدەبی کوردیدا، زۆر درەنگ کەوتووە، چونکە ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان و بەرکەوتنی کلتوری لەگەڵ جیهانی دەرەوە، وەکو زۆر لایەنی دیکەی ڕۆشنبیری، بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەر تاکو ساڵانێکی درەنگ، دەرنەکەوتوون، ئەمەش بە هۆکارگەلێکی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی...هتد، بەڵام هەر لەگەڵ کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهان و فراوانبوونی ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان، گەلی کوردیش زیاتر ئاگاداری ژیانی ڕۆشنبیری و کلتوری و ئەدەبی جیهانی بوو، ئەمەش هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە چوو، بۆیە بە بڕوای (بوشرا کەسنەزانی) شاعیران لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە، کاریگەریی هایکویان لەسەر بووە، چونکە زۆرێک لە شاعیران چونەتە دەرەوە و دەرگای ئەدەبی جیهانیان بەڕوودا کراوەتەوە و لەڕێگای زمانی فارسی و ئینگلیزی و زمانە بیانییەکانەوە، زیاتر بە هایکو ئاشنا بوون، بۆیە پۆستەرە شیعری کوردی، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بە جۆرێک هەندێک جار لە هایکو نزیک بووەتەوە. (کەسنەزانی، ٢٠٠٧، ١٦_١٧).

لەتیف هەڵمەت، یەکەمین کەسە کە زاراوەی هایکوی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەوەش لە ڕێگەی وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبیی نووسەر (کازم سەعدەدین) لە ژمارە دووی گۆڤاری (الثقافه الاجنبیة)ی ساڵی ١٩٨٢دا، دواتر لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاویکردووەتەوە. (تۆڕێ، ٢٠١٩، ٣٧_٣٨).

هەر چەندە ئەم کارەی (لەتیف هەڵمەت) دەستپێشخەرییەکی گەورەیە و بۆ یەکەمین جارە زاراوەی هایکو بێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و هەوڵێکی بەنرخە، بەڵام تاکو ساڵانێکی دواتر، هیچ دەقێک لەژێر ناوی هایکودا نانووسرێت، بەڵکو ئەو دەقە کورتانەی شاعیران دەیانووسن، لەژێر ناوی پۆستەرە شیعر و زاراوەکانی دیکەیە، پاشان ((لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، لە گۆڤاری ((گەلاوێژی نوێ)) و بڵاوکراوە ئەدەبیەکانی تردا، ناوی هایکو جارێکی تر دیتەوە مەیدان و شاعیرە لاوەکان لە فارسەکانەوە زانیاریی نوێ سەبارەت بە هایکو وەردەگرن)) (ملکۆ ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ١١٤).

لە ساڵی ٢٠٠٥دا وەرگێڕ و نووسەر عیسا چیایی کتێبێکی گیرفانی بەناوی (لەژێر ئاسمانی شیعردا) بڵاوکردەوە، هەر وەکو خۆی ئاماژەی پێکردووە، هەڵبژێردراو و وەرگێڕراوی کۆمەڵێک شاعیرە، لەناو کتێبەکەدا، چەند هایکویەکی ژاپۆنی وەرگێڕاوە، بۆیە ناوی لێناوە (مشتێ هایکۆی ژاپۆنی) لێرە بەدواوە ئەو بەرهەمانەی لەبارەی

هایکووەوە چاپکراون تا دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردی، لە ساڵی (٢٠١٧)دا بەم شێوەیەیە:

1. پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی، بوشرا کەسنەزانی، کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە و باسی دەرچوونی بەکالۆریۆسەکەیەتی، لە ساڵی ٢٠٠٧دا وەکو کتێب چاپی کردووە، ئەم کتێبە دەبێتە یەکەمین کتێب و لێکۆڵینەوە لەبارەی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا
2. تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ، ٢٠٠٧ ، جەبار سابیر، لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بریتییە لە کۆمەڵێک هایکوی هەڵبژێردراوی هایکونووسانی ژاپۆن لەوانە، باسهۆ، شیکی، ئیسا...هتد
3. با با چیتر نەتانخوسێنێ، ٢٠٠٨، شەویار گوڵابی ئازەر، یەکەمین کتێبی شیعری هایکوی کوردییە.
4. خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، شیعر و هێڵ، ٢٠٠٨، ڕۆستەم ئاغاڵە و قوبادی جەلیزادە، قوبادی جەلیزادە لە کۆتایی ئەم کتێبەکەدا کۆمەڵێک هایکوی بڵاو کردووەتەوە بەناوی (هایکۆکانی قوباد).
5. ژ سێتاڤکێن دوهی و ئەڤرو، ٢٠١٠، شەماڵ ئاکرەیی
6. لە ساڵی ٢٠١٥دا، لەیلا ڕەزایی کتێبێکی سەبارەت بە هایکو بەناوی ( هایکو به زبان ساده)، بە زمانی فارسی بڵاوکردووەتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧دا، کتێبی هایکوکانی بەناوی (٨٠ هایکۆی حەوا)، چل هایکو بە زمانی کوردی و چل هایکو بە زمانی فارسی بڵاوکردووەتەوە. (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٣٥).
7. تریفەی مانگ لەسەر کلاشینکۆف، ٢٠١٧، سمایل عەزەمی، هەشتا و حەوت هایکوی لە خۆگرتووە.
8. گوڵەستێرەی خەواڵۆ، ٢٠١٧، سمایل عەزەمی، حەفتا هایکوی سیازدە هایکونووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆگرتووە، لەگەڵ پێشەکییەکی درێژ لەبارەی هایکو.
9. گۆرانی شینی ژنی چەڵتووکچن، هایکۆی کوردی، ٢٠١٧، عەتا وەلەدی، ٩٩ هایکوی لەخۆ گرتووە.
10. شوێنێک دەدۆزمەوە بۆ مەرگ، سانتۆکا تاندا، هەرمان وەتمانی، لە ساڵی ٢٠١٧دا، لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوە، کە لە کۆمەڵێک هایکو پێکهاتووە.
11. هایکۆکانی قوباد ,٢٠١٧، قوبادی جەلیزادە، ژمارەیەکی زۆر هایکوی تێدایە، لەگەڵ کۆمەڵێک شیعر،
12. ڕەفیق سابیر، ئەوینامە، ،٢٠١٧ لە هایکو و شیعر پێک دێت.
13. لە ساڵی ٢٠١٧دا، کتێبی کۆمەڵە شیعری (نیشتەجێی نیشتمانێکم...نەخۆشخانە)ی ڕۆژ هەڵبجەیی کە سی و یەک ناونیشانی شیعری کورت و درێژی تێدایە، لە دوو ناونیشانیاندا، ئاماژە بە وشەی هایکو کراوە، بە ناوی (پاشماوەکانی جەنگ لە مەراسیمی هایکۆوە) و ( چەپکێک هایکۆ) کە نۆزدە هایکوی تێدایە. (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٤٢).

لە مانگی یازدەی ساڵی (٢٠١٧)دا، (یانەی هایکوی کوردی) لەسەر دەستی (ملکۆ ئەحمەد) دامەزرێنرا، لەبارەی دامەزراندنی یانەکەوە، (ملکۆ ئەحمەد) باسی سەرەتاکانی دامەزراندنی یانەکە دەکات، کە چۆن لە ماوەی مانگێکدا، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی دیار و لاو، لە هەر دوو ڕەگەز پەیوەندییان بە یانەکەوە کردووە، شاعیری ناوداری کورد، (قوبادی جەلیزادە) هەروەها (دکتۆر زانیار فایەق) دەقەکانیان بۆ یانەکە ناردووە، لە هەفتەی یەکەمدا (سەردار نۆڕێ) وەکو بەڕێوەبەری یانە، بووە ئەدمینی پەیجی یانەکە، دوای بڵاوبوونەوەی یانەکە بە هەموو دنیادا، پۆلێک شاعیری لاو، لەناوە و دەرەوەی کوردستان، وەکو ئەندام دێنە ناو یانەکەوە، دامەزرێنەری یانەی هایکوی کوردی، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: لەسەرەتادا کەسانێکی زۆر بوون بە بەرهەڵستکار و هێرشیان دەکردە سەر یانەکە و هایکونووسان، ئەمەش بە تۆمەتی لادان لە نەریتی شیعری و گەنجینەی شیعری ئەم هەنگاوەیان پێ هەرس نەدەکرا، هەروەها هەندێکی تر بەهۆی کەمی زانیاریان لەبارەی هایکو، نووسینی (هایکوی ئازاد)یان لەلا هەڵەبوو. (ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ١١٦).

ئیتر لێرە بەدواوە زانیاریی باش دەگاتە دەست خوێنەران و شاعیرانی کورد، دامەزراندنی ئەم یانەیە، جۆرێک بوو لە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، کە بۆ یەکەمجارە کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیبی کورد، لە باشووری کوردستان، سەبارەت بە هایکو لە گروپێکی ئەدەبیدا کۆبنەوە، کە پاشخان و زانیارییەکی باشیان لەبارەی هایکووەوە هەیە.

هەر بۆیە بەرهەمی ئەم هەوڵانەی یانەی هایکوی کوردی لەدایک دەبن و (ملکۆ ئەحەمد) لە ساڵی ٢٠١٨دا، کتێبی (هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان) بڵاو دەکاتەوە، یەکەمین کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا کە بەشێوەیەکی زانستیی ورد باسی گشت لایەنەکانی هایکوی کردووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩دا، (سەردار نۆڕێ)کتێبی دیوانی هایکوکانی بەناوی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) بڵاودەکاتەوە، سەرەتای کتێبەکە لە باسێکی درێژ پێکدێ سەبارەت بە هایکو، هەروەها دیوانەکە (٦٠٠) هایکو لەخۆ دەگرێت، جگە لەم دوو بەرهەمە، دواتر کۆمەڵێک دیوانی هایکو بڵاودەکرێنەوە، کە ئەمجارە دیوانەکان بەتەواوی لە هایکو پێکهاتوون و هایکونووسەکان شارەزای تەکنیک و مەرج و تایبەتمەندییکانی هایکو بوون.

**١-٢-٢: تایبەتمەندییەکانی هایکوی کوردی:**

دیارە ئەمڕۆ کە باسی هایکو دەکرێت لە دەرەوەی ژاپۆن و لە سەرانسەری جیهاندا، باسی هایکوی هاوچەرخ و ئازادە، نەک هایکوی سەد ساڵ لەمەو پێش، چونکە هایکو لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ((قوتابخانە نوێیەکانی هایکوی وەکو: چینکو هایکو و جیندای هایکو دەستیان لە هەندێک لەو مەرجانە هەڵگرتووە بەتایبەت دیمەنی سروشت و کیریجی و برگەبەندیی، ئینجا هایکونووسانی دیکە لە دەرەوەی ژاپۆن سەربەخۆیانە ڕوویان کردە نووسینی هایکوی هاوچەرخ و نوێ کە تاڕادەیەکی زۆر دوور بێت لەو هایکو ڕەسەنەی سەد ساڵ پێش ئێستا لە ژاپۆن دەنووسرا)) (پەری، ٢٠٢٣، ٦)، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەموو ژانرێکی ئەدەبی بە پێی قۆناغەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەتایبەت هایکوی ژاپۆنی لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و بەپێی قۆناغەکان و تایبەتمەندیی زمانەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ژیانی سەردەم و کلتور و زمانی نەتەوە جیاوازەکاندا خۆی گونجاندووە، هایکونووسان لە هایکوی مۆدێرندا بەتەواوی پابەندی یاسا کۆنەکانی هایکو نابن، بەتایبەتی لە سیستەمی بزوێندا، هەروەها ناوەرۆکی هایکو چەندین بابەتی فراوان دەگرێتەوە و بەتەواوی گرێدراوی سروشت نییە، بەڵکو بابەتەکانی هەمە جۆرن، وەک بابەتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و سیاسی...هتد لەم ڕوانگەیەوە ئێستا باس لە هایکویەک دەکەین، کە دوای چەندین سەدە گەیشتووەتە ئەدەبی کوردی و کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی ژاپۆنییەوە نەبووە، هەروەها زمانی کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و وەکو هەر زمانێکی دیکە خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی، بەمپێیە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لە ناو ئەو هایکویەدا دەبێت کە هایکونووسانی کورد، بە زمانی کوردی دەینووسن، ئەمەش دەیکاتە خاوەنی

ناسنامەی خۆی، کە دەتوانین ناوی بنێین (هایکوی کوردی)، لەمبارەیەوە ملکۆ ئەحمەد دەڵێت: ((لە ئەمڕۆشدا کە زۆربەی گەلانی دنیا هایکو دەناسن و دەینووسنەوە، نەک هەر لە نەخشەی مەرجە کلاسیەکانی هایکو دەرچوون، بگرە لە مەرجەکانی قوتابخانەی "چینکو هایکو"ش دەرچوون و هەر میللەتێک دەیەوێ بۆ خۆی (بینەتەوێنێ) ئێمەی کوردیش دەمانەوێ وەک ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە بیکوردێنین، چونکە فارس فارساندوویەتی و عەرەبیش عەرەباندوویەتی)). (ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ٥٤).

کەواتە چۆن گەلانی دیکەی جیهان، بۆ نمونە فارس و عەرەب دەستکاری پێکهاتەکانی هایکویان کردووە و لەگەڵ زمان و نەریتەکانی خۆیاندا گونجاندویانە، بە هەمان شێوە گەلی کوردیش وەکو چۆن ژانرە جیاوازەکانی دیکەی لە وێنەی (شانۆ و ڕۆمان)ی لەگەڵ کلتوری خۆیدا گونجاندووە، هایکونووسانیش دەیانەوێت هایکوش وەکو ئەو ژانرانە لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنن، کە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

کەواتە هایکوی کوردی سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا لەگەڵ هایکوی جیهانیدا هاوبەشە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکەشە، کە لە خوێندنەوەی هایکوکاندا دەتوانین دیاریان بکەین، بۆیە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی چەند تایبەتمەندییەکی هایکوی کوردی دەخەینە ڕوو:

1. **گونجاندنی پێکهاتەی بڕگە و دێڕەکان:** هایکونووسانی باشووری کوردستان، هایکوی کوردی بەجۆرێک دەنووسن، کە ژمارەی دێڕەکان لە سێ دێڕ تێپەڕ ناکات و سەبارەت بە ژمارەی بڕگەکانیش هەوڵیان داوە بەشێوەی (٥_٧_٥) بن، یان لەو پێکهاتەیە نزیک بن، زۆربەی هایکوکانیان زیاتر لە ١٧ بڕگەن، واتە بەتوندی خۆیان نەبەستووەتەوە بە یاسا نەریتییەکان، تاکو لەگەڵ زمان و فۆنەتیکی کوردیدا بگونجێت و ناوەڕۆکی هایکوی کوردی نەبێتە قوربانی بڕگەکان، بەڵام لای هایکونووسانی ڕۆژهەڵات، هایکو دەبێت ١٧ بڕگە یان کەمتر بێت. (نۆری، ٢٠١٩، ٣٤) لەمبارەیەوە سایل عەزەمی دەڵێت: ((لەم ساڵانەی دواییدا کە هایکۆ ئەزموون کراوە، بۆمان دەرکەوتوو کە ئەتوانین بە کەمتر لە حەڤدە بڕگەی کوردی هایکۆ بنووسین. هەندێ جار بە بڕگەی زۆر کەمیش هایکۆی سەرکەوتوو نووسراوە)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٧)، لێرەدا سایل عەزەمی پێیوایە کە زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە کە پێکهاتەی (١٧) بڕگە بپارێزێت، هەندێک جار بە بڕگەی کەمتریش دەقی باڵا بنووسێت، بۆیە لای هایکونووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هایکو دەبێت (١٧) بڕگە یان کەمتر بێت.

   نموونە: زیاتر لە حەڤدە بڕگە:
   باشترین بانکی دنیا بوو،
   بێ پاسپۆرد و بێ ناسنامە:
   __گرێی فەقیانەکەی دایکم__ (عومەر، ٢٠٢٥، ٤٥).
   نموونە: کەمتر لە حەڤدە بڕگە:
   وشەی کەم
   دنیایەکی بەرین؛
   هایکۆ... (محەممەدی، ١٣٩٩، ٦٧).

2. **فرە بابەتی:** هایکوی کوردی تەنیا خۆی بە سروشت یان وەرزەکانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو فرە بابەت و فرە ڕەهەندە و گشت لایەنەکانی ژیان باس دەکات، واتە لەڕووی بابەتەوە هایکوی کوردی هیچ سنوورێکی نییە و هایکونووس ئازادە لەوەی هەر بابەتێک بخاتە چوارچێوەی دەقێکی هایکووەوە، کەواتە هایکوی کوردی خاوەنی ڕوانین و تێگەیشتنی خۆیەتی بۆ شت و دیاردەکان، ((هایکۆی کوردی لە ریفۆرمی خۆیدا هەوڵ بۆ گەڕانەوە و تێگەیشتن لە ناخی شتەکان ئەدات و شێوازێکی ڕوانینی تایبەتی هەیە بۆ خستنەڕووی بابەتەکان)) (عەزەمی، ١٣٩٥، ١٠)، بۆیە هایکوی کوردی خاوەنی جیهانبینیی خۆیەتی و چەندین بابەتی لەناو دەقەکاندا جێگە کردووەتەوە، بۆ نمونە:
   تریفەی مانگ
   لەسەر کڵاشینکۆف.
   شەوی کۆبانێ (عەزەمی، ١٢٩٤، ٦٥)

3. **کورتبڕی:** یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هایکو لە هەموو قۆناغەکاندا کورتبڕییە، بۆیە هایکوی کوردی بەتەواوی پابەندی کورتی و چڕییە، بەجۆرێک بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت، چونکە ((زمانی کوردی لەبەر بڕێ تایبەتمەندی کە هەیەتی ئەو توانایە بە هایکونووس ئەبەخشێ کە وێنەیەک بە تەنیا بە چەند بڕگە بنەخشێنێ)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٧)، بۆیە توانستەکانی زمانی کوردی، ڕێگە دەدات، هایکوی کوردی، وێنەیەکی ڕەنگین و واتادار، بە کەمترین وشە بگەیەنێت.
   بۆ نموونە:
   کانییەک
   تاپڕێک؛
   ئاسکێکی شەهید (جەلیزادە، ٢٠١٨، ١١١).

4. **سروشتی کوردستان:** شیعری هایکو سروشت وێنا دەکات، هەر چەندە شیعری سروشت نییە، بەڵام بەهۆی سیفەتەکانی و ئیلهامبەخشەکانییەوە گرنگی بە سروشت دەدات (الدوري، ٢٠١٨، ٢١)، هەرچەندە هایکوی کوردی بەتەواوی خۆی نەبەستووەتەوە، بە وەرزەوشە (کیگۆ)، واتە ئەکرێت لە دەقێکی هایکودا، وەرزەکان و سروشت بونیان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هایکومان هەیە، کە خۆیان بە دیمەنی وەرزەکان و سروشتی کوردستان ڕەنگرێژ کردووە ،((بڕێ هایکۆ هەن کە لە ناکاو ئەمانخەنە ناوەڕاستی بەهارێکی جوانی کوردەواری و تێکەڵاوی سروشتمان ئەکەن)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٩). بۆیە دیمەنی سروشتی کوردەواری و دەرکەوتنی چوار وەرزی ساڵ، بەتەواوی لە هایکوی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە:
   بە کڵێتەی بەفر و چۆغەی گیا:
   لەگەڵ بەهار لە ژوانە-
   چیـــــا (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨، ١١).

5. **ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کورد:** هایکوی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەنگ و بۆیەکی کوردانەی هەیە و بە تەنیا خۆی بە بابەتەکانی سروشت و دڵداری خەریک نەکردووە، بەڵکو ناسنامەی گەلی کوردی پاراستووە و گشت لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە گوزارشتی لە ئازار و نەهامەتییەکانی تاکی کورد و ئەو کارەساتانە کردووە کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون، بۆ نمونە:
   بەردەوامی ئازاری شارێک

دەستەوەستانی ئەدەب__
تەڕی برینی هەڵەبجە! (نۆری، ٢٠١٩، ٣٤٢).

6. **گرتنی وێنەی ساتێکی تیژ تێپەڕ:** یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هایکو، گرتنی وێنەی سات بە ساتە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، هەروەها گوزارشتە لە ژیانی زووتێپەڕ (بوکرامي، ١٤٣٢، ٨)، کەواتە ئەم فۆرمە شیعرییە، پێویستە بە کاتی ئێستا بنووسرێت و وێنەی ساتێکی زووتێپەڕ بگرێت، بەجۆرێک وا دەربکەوێت، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا ڕوو دەدات، بۆیە زۆرجار هایکوی کوردی تیشک دەخاتە سەر گرتنی وێنەیەکی خێرا، هەروەها دەربڕینی ساتێک لە هەستی خۆشی، دڵتەنگی، یان هەر شتێکی دیکە، بەشێوەیەکی پوخت. بۆ نموونە:
فرمێسکی سەربرژانگ،
لە کەوتندایە__
دڵۆپە شەونم! (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٥).

7. **هایکوی کوردی، هەوڵدەدات لەڕێگەی توانستە دەوڵەمەندەکانی زمانی کوردی و ئیدیۆم و ئاماژە کلتورییەکانەوە،** وەڵامی شەڕ و نائارامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بداتەوە، کە کاریگەرییان لە ناخی تاکی کوردیش کردووە و لایەنە لەبیرکراوەکانی ژیان، وەک ئارامی و خۆشەویستی بخاتەوە بەرچاوی مرۆڤ، هایکوی کوردی بانگەشە بۆ ئازادی، ئاشتی، پێکەوەژیان و پاراستنی سروشت و بونەوەران، دەکات، بە ئومێدی هێنانەکایەی داهاتوویەکی گەشی دوور لە وێرانکاری. (عەزەمی، سیروان، ١٣٩٥، ١٠) بۆیە جگە لە بابەتە جیاوازەکانی هایکوی کوردی، پەیامی مرۆڤایەتی خاڵێکی گەشی هایکوی کوردییە.

8. **سەرسوڕمان:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هایکو ئەوەیە، کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات، ((لە هایکۆدا، دێڕی سێیەم عادەتەن، خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات، تووشی سوپرایس. واتە لە قەسیدەی هایکۆدا، نادیارو قورسایی دەق، لە دێڕی سێیەمدا، یەخەگیرت دەبێت)) (جەلیزادە، ٢٠١٧، ١١). هایکونووسانی کورد، لە دەقی هایکودا، گرنگییەکی زۆر بە سەرسوڕمان یان واقوڕمان دەدەن، ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییەی هایکویان پاراستووە، لەمبارەیەوە ملکۆ ئەحمەد دەڵێت: ((بۆ دروستکردنی واقوڕمانیش، کەس بەقەدەر ئێمەی کورد، درووستی نەکردووە. باشترین گەواهیش، شایەتیدانی عەرەبەکانە بۆ دەقەکانی من و قوباد و ئەوانی تریش، کە بۆ زمانی عەرەبی وەرمانگێڕاون)) (ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ١٢٠)، ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە کە دەقی هایکوی کوردی دەقێکی بەرزە و توانای ئەوەی هەیە، کە جێگەی خۆی لە ئەدەبی جیهانیدا بکاتەوە، بەتایبەتیش کە (واقوڕمان)ی وەکو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی هایکو پاراستووە، لە هایکوی کوردیدا واقوڕمان یان سەرسوڕمان زۆربەی جار دەکەوێتە دێڕی کۆتایی، بۆ نموونە:
ئاوێنەی سروشتە،
خۆر درزی تێخست؛
شەختەبەند! (محەمەد، ٢٠٢٠، ٣٨).

لە خوێندنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای ئەوەی هایکوی کوردی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هایکوی جیهانیدا هەیە، بەڵام خاوەنی شوناسی خۆیەتی و تایبەتمەندیی زمان و کلتوری کوردی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، هاوکات ڕۆح و کرۆکی هایکوی پاراستووە.

## بەشی دووەم
## هزری کۆمەڵایەتیی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا:

### ٢__١: چەمک و پێناسەی هزری کۆمەڵایەتی:

پێش ئەوەی دەقی ئەدەبی بوونی هەبێت، ناوەرۆک یان بیر لای دەقنووس هەیە و دواتر لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دایدەڕێژێت، کەواتە ((بیر هەوێنی هەموو ژانرێکی (ئەدەب)ییە، چونکە ئەو بیرە کە دروست دەبێت چیرۆک نووسێک دەتوانێت بیکات بە چیرۆک، هەمان (بیر)یش شاعیرێک دەتوانێت بیکات بە شیعر وێنەکێش)یک دەتوانێت بیکات بە تابلۆیەک واتا هەوێن و خەملاندن و گۆڕین و داڕشتن و خەیاڵاویکردنی ئەم (بیر)ەش لە ئەستۆی نووسەرە بتوانێت بە چ قاڵبێک دایبڕێژێت و بکەوێتە کام خانەی ئەدەبەوە)) (عیسا، ٢٠٠٩، ٤٨)، کەواتە هزر یان بیر بنەمای سەرەکیی دروستبوونی هەر دەقێکی ئەدەبییە و ڕوخسار یان بنەمای هونەریش بەرگی ئەو بیرەیە.

دەقی ئەدەبی بەرهەمی (هزر)ی دەقنووسە، بۆیە هزر و بیروبۆچوونەکانی لەناو دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدەدەنەوە، یەکێک لەوانەش هزری کۆمەڵایەتییە، چونکە دەقنووس لەناو کۆمەڵدا دەژی و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر دەروون و کەسایەتیی هەیە، ئەم گرنگیدانەی دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە، کە لە تیۆرە ئەدەبی میتۆد ڕەخنەییەکاندا، پانتاییەکی فراوان بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکرێت، دەتوانین بڵێین، ((دەستپێشخەرییە سەرەتاییەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەشێوەیەکی میتۆدی ئەو کاتە دەستی پێکرد, کە خاتوو دی ستایل (Mme de Stael) ساڵی کتێبێکی دەرکرد بە ناوی (پەیوەندی ئەدەب بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە) و ئەو بنەمایە هێنایە ناوەوە،کە دەڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە)) (تاتانی، ٢٠١١، ٤١)، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، لە پێکەوەگرێدانی دیاردەی ئەدەبی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەدەبی پەیوەست کردووە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها میتۆدی بنیاتگەریی پێکهاتوویی، ئەویش کاتێک سەریهەڵدا، کە ((کۆمەڵێک بیرمەندان و ڕەخنەگرانی مارکسیزم ویستیان نزیکایەتییەک لەنێوان تێزەکانی بونیادگەری بەشێوە فۆرمالیستەکەی لەگەڵ بنەماکانی هزری دیالێکتیکی مارکسیدا دروستبکەن)) (حسەین، ٢٠٠٨، ١٢٥). ئەم ئاڕاستەیە بە پێچەوانەوەی میتۆدی بنیاتگەری، پێیوایە دەق بە تەنیا سیستەمێکی زمانی نییە، بەڵکو گرنگی بە بنیاتی هزریی دەق دەدات، کە بناغەی دەقەکە پێکدەهێنێت، (لوسیان گۆڵدمان) بە دامەزرێنەری ئەم ئاڕاستەیە دادەنرێت، پێی دەوترێت، بونیادگەری پێکهاتوویی، کە ((لەمیانەی خوێندنەوەی دەقدا دەیەوێت بەدوای ئەو بونیادە زەینییە دەلالەت بەخشانەدا بگەڕێت کە دەقەکە پێکدەهێنێت)) (یاسین، ١٩٩٩، ١٤).

کەواتە میتۆدی بنیاتگەری وەکو یەکەیەک یان بنیاتێکی سەربەخۆ لە دەقی ئەدەبی دەڕوانی، واتە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە سەیری دەقی نەدەکرد، بەبێ گەڕانەوە بۆ ژینگە و کاریگەریی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو یەکە زمانییەنەدا دەکرد، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، بەڵام بنیاتگەری پێکهاتوویی، گرنگی بە دەرەوەی دەق دەدات، واتە لەناو دەقی ئەدەبیدا ئەو کاریگەرییە هزری و کۆمەڵایەتییانە دەدۆزێتەوە، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، هەر بۆیە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، ((ئەو زانستەیە کە لە

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ١٢٦)، ئەم زانستە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوانیادا هەیە، بۆیە هەر لەو چوارچێوەیەدا لە ئەدەب دەکۆڵیتەوە و ئەدەب بە ئاوێنەی کۆمەڵ دەزانێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەقی ئەدەبی ((بەپێی تیۆرە ئەدەبی و ئاراستە ڕەخنەییەکان، فرە بنیاتە و بەهۆیەوە چاوەڕوانی ئامانجی گەورەی لێ دەکرێت لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی، دەق لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فراوان هەڵدەستێت، لەبەر سروشتی پەیوەندی ئەدەب بەژیان و مرۆڤەوە)) (مەلازادە، ٢٠٢١، ٨١). کەواتە لەلایەکەوە هزری کۆمەڵایەتی، یەکێک لەو بنیاتە گرنگانەیە کە دەقی ئەدەبی پێکدەهێنێت و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی دەقەوە جارێکی دیکە تیشک دەخاتەوە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پەیامی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت.

بۆیە ((هزری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا چۆنن و بە چ شێوەیەک بیر دەکەنەوە و تێڕوانینیان چۆنە بۆ دیاردەکان)) (کەریم، ٢٠٢٣، ٢١٤). لەم ڕوانگەیەوە دەقنووس وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگە بیر دەکاتەوە و خاوەنی تێڕوانین و جیهانبینی خۆیەتی، بنیاتی هزریی دەقەکەش بەرهەمی ئەم تێڕوانینەیە، هزری کۆمەڵایەتیش دەبێتە پێکهێنەر و بنەمایەکی سەرەکی بنیاتی هزریی دەق، بۆیە لەلایەک هزری کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵە و لەلایەکی دیکەوە هەر لەپێناو ئەو کۆمەڵەدا لەدایک دەبێت، ((دەق بەرهەمێکە لە پێناو کۆمەڵگا بەرهەمهێنراوە، توخم و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش بنیاتی دەقی ئەدەبیان پێکهێناوە)) (مەلازادە، ٢٠٢١، ٢٤٤)، کەواتە هزری کۆمەڵایەتی بنیاتێکی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە و ناتوانین دەقی ئەدەبی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دابڕین.

## ٢_٢: هزری کۆمەڵایەتیی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا:

هایکوی کوردی وەکو هایکوی هاوچەرخی جیهانی، جگە لەو گۆڕانکارییانەی لە فۆڕمەکەیدا ڕوویانداوە، لەڕووی ناوەڕۆک و (بنیاتی هزری)یشەوە، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، تەنیا لە چوارچێوەی سروشت و وەرزەکاندا خۆی قەتیس نەکردووە، بۆیە هایکو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، فرەڕەهەند و فرەبابەتە و گشت لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە، یەکێک لەو لایەنانەش (هزری کۆمەڵایەتی)یە، کە خۆی لە چەند لایەنێکدا دەبینێتەوە:

### ٢_٢_١: هەژاری:

هەژاری یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەدێژایی مێژوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، هەمیشە بە دەردێکی کوشندە دانراوە، هەوڵی لەناوبردن یان کەمکردنەوەی دراوە، هەژاری کاتێک سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ ناتوانێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی دابین بکات، بۆ نمونە خواردن و جلوبەرگ...هتد، ئەگەرچی هەژاری دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، بەڵام زۆربەی کات مرۆڤ خۆی بەرهەمهێنەریەتی، ئەویش لەڕێگەی چەوساندنەوەی ئەوانی تر و نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات، زۆرجاریش سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خزمەتی کۆمەڵێکدا دەبێت، لەسەر مافی چین و توێژەکانی دیکە، ئەمەش جیاوازیی چینایەتیی دێنێتەکایەوە و هەژاریی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە (( شاعیر بە حکومی ئەوەی لەناو کۆمەڵدا دەژی ناتوانێت لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دوورەپەرێز بێت، ناچارە هەڵوێست لەبارەیانەوە وەربگرێت)) (ساڵح: ٢٠١٢، ١١٤). هایکوی کوردی کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردییە، دژایەتی هەژاری وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئێسقانەکانم-
بەدەم سەگی هەوشارەوەن،
سەرمایەداری! (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٣٢٠)

لەم دەقەدا تیشک خراوەتە سەر سیستەمێک، کە تێیدا ژمارەیەکی کەم خەڵک ڕۆژ بۆ ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن و زۆرینەی خەڵکیش هەژارن و بەردەوام ژیانیان قوورستر دەبێت، ئەویش سیستەمی سەرمایەدارییە، لەم سیستەمەدا بەهای مرۆڤ بە قەد بەهای پارەکانییەتی، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەم سیستەمە باڵا دەست بوو، مرۆڤ بە کاڵا دەکرێت و بوونە ڕاستەقینەکەی خۆی لە دەست دەدات، ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای قازانج و چەندێتی و ماددە کار دەکات، ئەم قازانجەش زۆربەی لەسەر حسابی خەڵکی هەژارە، شاعیر لێرەدا ڕەخنە لەم سیستەمە دەگرێت، کە ئەمڕۆ لە جیهاندا باڵادەستە و لەو نێوەندەدا پەلوپۆی گەیشتووەتە کوردستان، پێیوایە بزوێنەری نایەکسانی و هەژارییە، کە وەک (سەگی هەوشار) کە سەگێکی بەهێزە، هەر بە خواردنی گۆشت و خوێنی هەژارەکان ناوەستێت، بەڵکو ئێسقانەکەیشیان دەشکێنێت، بە واتای ئەوەی سەرمایەداری لەسەر خوێن و گۆشتی هەژاران دەژی.

لە گۆڕەپانی کرێکاراندا؛
چاو بۆ مەینەت دەگێڕێ،
یەکی ئایار (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٣١).

گۆڕەپانی کرێکاران، ئەو شوێنەیە کە کرێکاران، ڕۆژانە تێیدا کۆ دەبنەوە، بەمەبەستی ئەوەی ئەو ڕۆژە کارێکیان دەست بکەوێت و تیکەیەک نان پەیدا بکەن، سەرەڕای ئەوەی خاوەنکار، زۆربەی کات مافی کرێکاران بەتەواوی نادات، بەڵام هێشتا کرێکاران خوازیاری ئەوەن ڕۆژانە کاریان دەست بکەوێت، مرۆڤ کاتێک سەرنج لە گۆڕەپانی کرێکاران دەدات، دنیایەک مەینەتی و حەسرەت لەڕووی ئەو کەسانەدا دەبینێت، کە بە دوای پەیداکردنی بژێویدا چەند ماندوون، (یەکی ئایار) کە لە سەرانسەری جیهاندا بە جەژنی کرێکاران ناسراوە، وەکو هێمایەک بۆ ڕێزگرتن لە ماندووبوونی کرێکاران و دابینکردنی مافەکانیان، لە زۆربەی وڵاتان ئەم ڕۆژە دەکرێتە پشوو، بەڵام زۆرجار لەم ڕۆژەدا کرێکاران، خەریکی پەیداکردنی نانن یان بەدوای کاردا دەگەڕێن، بۆیە ئەم ڕۆژە جگە لە دروشمێک هیچی دیکە نییە، بۆیە شاعیر لەم دەقە بەرزەدا، گوزراشتی لە بارودۆخی ناهەمواری کرێکاران کردووە، کە تەنانەت لەو ڕۆژەشدا کە وەکو جەژن بۆیان دانراوە، ئەوان خەریکی مەینەتی خۆیانن، بۆیە سیفەتی بەکەسکردنی داوەتە پاڵ ڕۆژی (یەکی ئایار)، واتە جەژنەکەشیان وەکو مرۆڤێک لە گۆڕەپانی کرێکاراندا، لە نەهامەتییەکانی کرێکاران دەڕوانێت.

نەمەرگ زەفەر
نەمرۆڤ پەی پێ دەبا
دەردی هەژاری (لەشکر، ٢٠١٩، ١١).

شاعیر لەم دەقەدا بە جۆرێک پێناسەی هەژاری دەکات، کە دەردێکە هیچ چارەسەرێکی نییە، جەستەیەک نییە تاکو مردن لەناوی ببات، مرۆڤیش ناتوانێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە (دەرد)ە، دەرد بە نەخۆشییەک دەوترێت کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەستەوسان دەبێت، بۆیە شاعیر هەژاری بە دەرد ناو دەبات، چونکە وەکو هەر دەردێکی تر بە ئازارەوە مرۆڤ لەناو دەبات.

### ٢_٢_٢: ژن:

بەشێوەیەکی گشتی، ژن لە ئەدەبی جیهانیدا، پێگەیەکی بەهێزی هەیە، هەندێک جار وەکو مرۆڤێک باس دەکرێت، کە شانبەشانی پیاو لە کۆمەڵگەدا هەوڵ و ماندووبوونی دیارە و بەشێکی گەورە و گرنگی کۆمەڵگەیە و پێویستە مافەکانی پێبدرێت، زۆرجاریش لەسەر بنەمای جوانی و ڕۆمانسییەت و خۆشویستنە، بەجۆرێک هەموو جوانییەکان دەدرێتە پاڵ ژن، ئەمەش یان وەکو جەستەیەک بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاو، یان وەکو خۆشەویست و عەشق، کە پەیوەندیی جەستەیی و ڕۆحی پێکەوە گرێ دەدات، ئەمەش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیر و کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بۆیە لە شیعری کوردیدا، ((شاعیرانمان جگە لەوەی شیعریان بۆ خاک و نیشتمان، یان ئازادی، یان هەر بابەتێکی تر نووسیوە، لە گەڵ ئەوەشدا لە دەقەکانیدا باسی ژن کراوە و وێنایەکی جوانیان بۆکردووە و وەسفی بەژن و باڵایان کردوون و هەروەها باسی ئەڤینداریان بۆ ئەم ڕەگەزە کردووە. دەتوانرێت ئەوە بووترێت، کە ژن لەناو دەقە شیعریەکاندا پانتاییەکی گەورەی گرتووە و پێگەی ژن و کارەکتەری ژن لە شیعردا زۆر بە جوانی وێنا کراوە)) (عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣، ٢٢). ژن لە شیعری کوردیدا، لایەنێکی سەرەکییە، ڕەنگە شاعیرێک نەدۆزینەوە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان باسی ژنی نەکردبێت، ئەگەرچی باسی ژن لە ئەدەبی کوردیدا فرەڕەهەند و فرەلایەنە، بەڵام بەشی هەرە زۆری باسی جوانیی ژنە، (بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی، کەوا پەیوەندی و سۆزی خۆشەویستییان بۆ ژن هەبووە) (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٧٠). ژن لە هایکوی کوردیدا پانتاییەکی گەورەی بۆ دانراوە و گەلێک دەقی بەرز و جوان بۆ باڵای ژن نووسراوە، قوبادی جەلیزادە، کە بە شاعیری ژن ناسراوە دەڵێت:

لێواری دەریا
شوێن پێی ژن؛
پڕ دەبن لە تریفە. (جەلیزادە، ٢٠١٨، ١٨٧).

ژن پانتاییەکی فراوانی لە جیهانبینیی شیعری قوبادی جەلیزادەدا داگیرکردووە، بۆیە لە هەموو جوانییەکدا، ژن یان بەشێک لە جەستەی ژن دەبینێت، ژیان لە شیعری قوباددا بریتییە لە ژن، ئەم جیهانبینییە وای کردووە، کە بە شێوەیەکی فراوان سروشت لەگەڵ جوانییەکانی ژندا تێکەڵ بکات و جوانترین وێنەی شیعری لێ بئافرێنێت، لەم دەقەدا ئەم تێڕوانینە ڕەنگیداوەتەوە، کەناری دەریا، دیمەنێکی سروشتی ڕەنگینە، کاتێک ژنێکیش دێتە کەناری دەریا، هێندەی دیکە دیمەنەکە ڕەنگین دەبێت، شاعیر هێندە تامەزرۆی جەستەی ژنە، تەنانەت لە شوێنپێیەکانیدا، کە لەسەر سینگی لمی کەناری دەریا بە جێماون، ئەوپەڕی جوانی دەبینێت، کە پڕ بوون لە تریفەی مانگ، بۆیە وێنەیەکی هێندە ناسک و جوان دەنەخشێنێ، نەمری بە دەقەکە دەدات.

ژین ئەو کاتەیە
کە تۆ
لە دڵی ژنێکدا بمری..! (ئەمین، ٢٠٢٠، ٢٤).

لەم دەقەدا شاعیر ژیان بە خۆشەویستی و جوانی ژنەوە دەبەستێتەوە، پڕە لە هەستی خۆشەویستی پیاو بۆ ژن، چونکە خۆشی و چێژ بەشێکی سەرەکین لە بنیاتی بوونی مرۆڤ، جا ئەم چێژ و خۆشییە جەستەیی بن، یان ڕۆحی، بۆیە لەڕوانگەی پیاوەوە چێژ و خۆشی و ئاسوودەیی دەروونی بەبێ ژن بەتەواوی بەدەست نایەت، چونکە ((هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئافرەت بە ترۆپکی خۆشیی و شادییەکانی بگات. ئافرەت و ڕەهەند و لێکەوتەکانی جوانیی ئافرەت گەورەترین پێگەی لە پێکهاتەی خۆشی و شادییەکانی مرۆڤ پێکهێناوە، بە شێوەیەک کاریگەرییەکی فراوانی لە سەر لایەنی ڕۆحی و هزریی مرۆڤ دروست کردووە)) (فەتاح، ٢٠٢٢، ١١٣). هەر بۆیە هایکونووس ژیان بە هەموو خۆشی و شادییەکانیەوە بە خۆشەویستیی ژنێکەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە هەر کەسێک لە دڵی ژنێکدا نەبێت، ئەوا ژیانی نییە، لێرەدا مردن لە دڵی ژنێکدا، واتایەکی ئەرێنی هەیە، بەو واتایە دێت، کە بەشێوەیەک بچیتە دڵی ژنێکەوە، کە هەرگیز دەرتنەکات و توانای دەرچوونت نەبێت.

گۆمێکی مەنگە،
پرۆشکی ماچ دەیشڵەقێنێ:
چاڵی گۆنا! (محەمەد، ٢٠٢٠، ١١).

لەم هایکووەدا هایکونووس دیمەنێکی جوان دروست دەکات، کە چاڵی گۆنا، وەکو گۆمێکی مەنگ دەبینێت، کە بەهۆی ماچەوە دەشڵەقێت، لێرەدا زۆر لێهاتووانە توانراوە، لێکچوون و لێکنزیکی لەنێوان هەردوو دیمەنەکەدا دروست بکرێت، سەرەتا دیمەنی گۆمێکی مەنگ دەبینین، پاشان گۆمەکە جوڵەیەکی تێدەکەوێت، لە کۆتاییشدا (چاڵی گۆنا) بەمەش خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات، کە تایبەتمەندیی هایکووی سەرکەوتووە، بەمشێوەیە سینۆگرافیایەکی جوان دروست دەکات.

### ٢_٢_٣: دایک:

دایک ئەو مرۆڤە بەسۆز و میهرەبانەیە، کە هۆکاری هاتنە دنیای منداڵە، دایک پێگەیەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە جگە لە ئەرکی بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵ، ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵیشی لە ئەستۆدایە، بۆیە لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەعریفییەکاندا، جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، ئەدەبیش وەکو کایەکی مەعریفی و ئامرازێکی گرنگیی گوزارشتکردنی هزر و دەروونی مرۆڤ، بایەخێکی زۆری بە باسی دایک داوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەمیشە بە چاوێکی بەرز و پڕ بەها سەیری دایک کراوە، بۆیە دەبینین ((دایک لە ئەدەبیات و کەلتووری کورددا – لە ئەفسانە و حیکایەت و پەندی پێشینان و داستان و پەند و باڵۆرە و شیعردا – ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە)) (شەورۆ و سڵێوە ،٢٠١٩ ، ٩٤). دایک لە ئەدەبی کوردیدا، لە هەموو قۆناغەکان و لەناو هەموو جۆرە ئەدەبییەکاندا ئامادەیی هەیە، دایک لە شیعری کوردیدا پانتاییەکی گەورەی بۆ دانراوە، هایکوی کوردیش وەکو فۆرمێکی نوێ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە گرنگی و بایەخەوە لە پێگەی دایکی ڕوانیووە و چەندین دەقی بۆ نەخشاندووە.

ڕەنگی پەمەیی گوڵ فریوی دا،
لەسەر ڕوومەتی دایکم نیشتەوە؛
پەپوولە (کەریم ، ٢٠١٨، ١٠).

گوڵ هێمای جوانی و ناسکی خۆشەویستییە، ڕەنگی پەمەییش یەکێکە لە ڕەنگە ناسکەکان، ڕوومەتی دایک، هێمای جوانی و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانییە، لە جوانیدا هەروەکو گوڵی پەمەییە، پەپوولە زیندەوەرێکی جوان و بێزیانە، هەموو کاتێک هێمای ئارامی و ئاسوودەیی و جوانییە، شەیدای گوڵی جوانە، بەردەوام لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ ئەفڕێت، بۆیە لێرەدا هایکونووس، هێندە ڕوومەتی دایکی لەلا جوانە، پێیوایە کە پەپولە لەسەری دەنیشێتەوە، بەمشێوەیە لە تێکەڵکردنی جوانی سروشت و جوانیی دایک، دەقێکی جوان و بەرزی نەخشاندووە، کە کاریگەریی خۆشەویستیی قووڵی دایک دەردەخات.

پێنجەم وەرزی ساڵە؛
پڕە لە بارانی میهر-

دایک (عەلی ئاغا، ٢٠١٨، ٩)

ساڵ چوار وەرزە، بەڵام لە دێڕی یەکەمدا هایکونووس دەڵێت: (پێنجەم وەرزی ساڵە؛) ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، بەتاسەوە چاوەڕێی ئەوە بکات، ئایا مەبەست لە پێنجەم وەرز چییە، لە دێڕی دووەمدا، (پڕە لە بارانی میهر) وەسفی ئەم وەرزە دەکات، باران هێمایە بۆ خۆشەویستی و جوانی و بوون و ژیان، بەڵام (بارانی میهر) هێندەی دیکە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، میهر سیفەتی مرۆڤە، بەڵام هایکونووس دەیداتە پاڵ بارانی ئەو وەرزە، کە وەرزی پێنجەمە، هێشتا خوێنەر هەر چاوەڕێیە تاکو بزانێت، ئەم وەرزە چییە، کە وا ئەم بارانە پڕ میهرەی هەیە، لە کۆتایی دەقەدا خوێنەر وەڵامێکی سەرسوڕهێنەری دەست دەکەوێت، کاتێک دەڵێت: (دایک)، واتە دایک هێندە میهرەبان و بەسۆزە، ناتوانرێت لە چوار وەرزی ساڵدا جێگەی بکرێتەوە، بەڵکو ئەو بۆخۆی وەرزێکی تایبەتە، کە پڕە لە بارانی سۆز و میهر، چۆن باران زەوی دەژێنێتەوە و ژیانی پێدەبەخشێت، بارانی خۆشەویستی و پڕ میهری دایکیش بەردەوامی و ژیان بە ڕۆڵەکانی دەبەخشێت.

لە خەمی بەشمان نادات

دڵی بۆ بەردیش دەسووتێت

دایکم! (گەردی، ٢٠٢١، ٥٨).

دایک هێندە میهرەبانە، هەرگیز ئامادە نییە، خەمی خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکانی بەش بکات، لە هەمان کاتدا دڵی بۆ هەمووشتێک دەسوتێ و میهرەبانی بۆ هەموو شتێکە، چونکە ((دایك ئەو سینە پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و پشت و پەنایەیە، کە هەردەم منداڵەکانی لە هەموو نەهامەتییەکانی ژیان دەپارێزێت. دایك بەشداری لە خۆشییەکانی زارۆکان دەکات و ئازار و ناخۆشێکانیشیان تا بۆی بلوێت لەبرێتی ئەوان لە خۆی بار دەکات)) (موکریانی، ٢٠٢٣، ٦)، بۆیە هایکونووس لەم دەقەدا ئەوپەڕی میهرەبانی دایک دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەک سەرەتا وەسفێکی بێوێنەی کەسێکی میهرەبان دەخاتەڕوو تاکو لای خوێنەر جۆرێک لە چاوەڕوانی دروست بکات و لە کۆتاییدا دەڵێت ئەوە دایکمە.

## ٢_٢_٤: شاعیر و هونەرمەندانی کورد:

شاعیران و هونەرمەندان بەشێکن لە کۆمەڵگە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە کایەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەیە، بۆیە هەمیشە لای ئەندامانی کۆمەڵگە جێگەی شانازی بوون، بەتایبەتی شاعیران بە چاوێکی پڕبایەخەوە سەیری شاعیرانی پێش خۆیانیان کردووە، زۆر جار بە بەرهەمەکانیان کاریگەر بوون و لەناو دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، زۆرجاریش وەک ڕێز و وەفایەک بۆ ئەو خزمەتەی کردوویانە لە شیعرەکانیاندا ناویان هێناون، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، ئەوا چەندین شیعر دەبینین، کە شاعیران لە وەسفی شاعیرانی دیکەدا نووسویانە، لە هایکوی کووردیدا، باسی شاعیران و شانازیکردن پێیانەوە ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بووەتە بابەتێکی دیکەی هایکوی کوردی.

(نادیە کەریم)ی هایکونووس، یەکێکە لەو هایکونووسانەی، کە یادی شاعیران و هونەرمەندانی کردووەتەوە و شانازییان پێوە دەکات، بۆیە چەند دەقێکی هایکووی بۆ نووسیون، بۆ نموونە:

بەیانیان لەگەڵ زەنگی خۆر،

سروودی ئەی ڕەقیبم بۆ دەڵێ؛

دڵدار! (کەریم، ٢٠١٨، ١١٢)

لێرەدا هایکونووس شانازی بە (دڵدار)ی شاعیرەوە دەکات، کە خاوەنی سرودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)ە، سرودی ئەی ڕەقیب هەموو کاتێک زمانحاڵی بەرخۆدان و بەرگری و هێمای مانەوەی گەلی کورد بووە، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا شانازی پێوەدەکرێت، بۆیە لەم دەقەی (نادیە کەریم)دا هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی و وەفا و نیشتمانپەروەری دەبینرێت، چونکە بەیانی هێمای ڕۆژێکی نوێ دەستپێکی ژیانە، بۆیە هایکونووس بەر لە هەر شتێک بیری لای سرودی (ئەی ڕەقیب)ی دڵدارە، هەموو بەیانییە لەگەڵ گزنگی خۆردا (دڵدار)ی شاعیر ئەم سرودەی بۆ دەڵێت، هەروەها شاعیر لە هایکویەکی دیکەدا، وەسفی دەنگ پڕ سۆز و دڵنشینەکەی (تایەر تۆفیق) دەکات:

لەگەڵ دەنگی دڵ،

تەریب میوزیک دەژەنێ؛

دەنگی تایەر. (هەمان سەرچاوە، ٦٥).

هایکونووس باسی دەنگە پڕ سۆزەکەی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) دەکات، (دەنگی دڵ) هێمایە بۆ سۆزی قووڵ و هەستە ناوەکییەکانی هایکونووس، تەریب میوزیک دەژەنێ، بە واتای ئەوەی دەنگی هونەرمەند، لەگەڵ سۆز و هەستی شاعیردا تێکەڵ دەبێت، ئەو دەنگەش دەنگ و سۆزی (تایەر تۆفیق)ە.

تریفەی مانگە،

لە دەیجوری شەوی یەڵدا-

شیعرەکەی نالی! (مەلاڕەحمان، ٢٠٢٠، ٥٠).

لەم دەقەدا هایکونووس یادی نالی شاعیر دەکاتەوە، کاتێک وەسفی شیعرە بەناوبانگەکەی نالی دەکات، (تریفەی مانگە،) هێمای ئومێد و ڕوناکییە لەوپەڕی نائومێدی و تاریکیدا، (دەیجوری شەوی یەڵدا) دەیجور تاریکترین شەوی ساڵە، یەڵداش درێژترین شەوی ساڵە، بۆیە شاعیر تاریکترین و درێژترین شەو لە شەوێکدا کۆ دەکاتەوە، بەڵام (شیعرەکەی نالی!) کە باسی شەوی یەڵدا دەکات، وەکو تریفەی مانگە، لەم شەوە تاریک و درێژەدا.

بەم شێوەیە دەبینین هایکونووسانی کورد شانازی بە شاعیران و هونەرمەندانی هاوزمانی خۆیانەوە دەکەن، بۆیە ناوەرۆک و بابەتی دەقەکانیان فرە ڕەهەندە، زۆر بابەتیان کردووەتە کەرەستەی هایکووەکانیان، بۆ ئەم بابەتەش کۆمەڵێک هایکوی جوانیان نەخشاندووە.

## ٢_٢_٥: ڕەخنەگرتن لە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی:

شاعیران وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە، هەروەها بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیریان، جگە لەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیانداوەتەوە، لە هەمان کاتدا دژایەتی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەیان کردووە، هەمیشە هەوڵیان داوە چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بکەن و ڕووبەڕووی دابونەریتە ناپەسەندەکان بوونەتەوە، چونکە ((شیعر و هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە تیشکدەرەوەی ژیانە، ژیان بە قووڵی و فراوانییەوە، بە خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و شکستەکانییەوە)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ١١٤). لە شیعری کوردیدا گشت لایەکانی ژیان ڕەنگیداوەتەوە و هەمیشە شیعری کوردی، ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆیی بەجێگەیاندووە، بەتایبەت شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردی، چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی نادادی و دواکوتوویی بووە و شیعر هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و شاعیران لەم ڕێگەیەوە هەوڵیانداوە، پەنجە بخەنە سەر ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە، بە ئامانجی ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو باشتر ئاڕاستە بکەن، هایکوی کوردی

وەکو فۆرمێکی نوێ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، دەستی خستووەتە سەر ئەو دیاردانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، هایکونووس (سەردار نۆری)، یەکێکە لەو هایکونووسانەی کە دژایەتی ئەم دیاردانە لە هایکووەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و پەیامی خۆی لەڕێگەی هایکووەکانییەوە خستووەتە ڕوو:

قەسابێکم بە قەمەیەکەوە،
بۆ هەڵاهەڵاکردنی-
عەقڵیەتی بۆگەن! (نۆری، ٢٠١٩، ٣٢١).

شاعیر لەڕوانگەی تێگەیشتن و بیروبۆچوونی خۆیەوە دژی ئەو دیاردانە دەوەستێتەوە، کە بە بڕوای ئەو بوونەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە و ئەو بە بیری کۆنەپەرستی و بۆگەن ناویان دەبات، بۆیە لەو دیاردانە تووڕەیە و پێنووسەکەی خۆی بە قەمەیەک دەزانێت و بەڵێنی ئەوە دەدات بۆ لەناوبردن و هەڵاهەڵاکردنی ئەو عەقڵیەتانە بەکاری بهێنێت، هایکونووس تەنیا دژی دیاردەکە نییە بەڵکو دژی ئەو عەقڵیەتەیە کە بەرهەمهێنەری ئەو دیاردانەیە، بۆیە پێیوایە تەنیا بەرپشەکێشکردنی ئەو عەقڵیەتانە دەتوانین بەرەوە پێشەوە بچین.

هەروەها (عەلی ئەمین)ی هایکونووس لە دەقێکی هایکودا دەڵێت:

ڕۆشنایی دەگواستەوە
درایە بەر دەستڕێژ
کتێب..! (ئەمین ٢٠٢٠، ٩٩).

هەرچەند هایکونووس لەم دەقەدا، پێمان ناڵێت کام کتێب و لەلایەن کێوە دراوەتە بەر دەستڕێژ، بەڵام تێکڕای دەقەکە گوزارشت لە دواکەوتوویی و نەبوونی ئازادی دەکات، کاتێک کە وەڵامی پێنووس و نووسین بە گولە دەدەنەوە و کاتێک ڕێگە بە بیروبۆچوونی جیاواز و فرەڕەنگی نادەن، بۆیە پێیوایە کە کتێب ڕۆشنایی دەگوازێتەوە، شیاوی ئەوە نییە بەتوندوتیژی وەڵامی نووسەرەکەی بدرێتەوە، یان کتێبەکەی بسوتێنرێت، لە تێکڕای هایکوکەدا دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە نووسەر خولیای ئازادییە و دژایەتی توندڕەوی و بیری کۆنەپەرستی دەکات، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و ئازاد لەوەدا دەبینیت کە تێکڕای ڕەنگەکان تێیدا ئازاد بن و بتوانن گوزارشت لە هزر و بیروبۆچوونی خۆیان بکەن.

سروشتی داری هەیە،
کلکی لەخۆیە بۆ بڕین-
کورد! (جەبار، ٢٠١٩، ١٨٠).

ئەم دەقە تەوزیفکردنی ئەو پەندە کوردییە، کە دەڵێت: (دار دەڵێت: تەور کلکی لە خۆم نەبێت، نامبڕێ)، ئەمە یەکێکە لەو پەندانەی هەموو کاتێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆ ئەو کەسانەی کە دژی خاک و گەلی خۆیان بوون بەکارهاتووە، بۆیە هەر کاتێک کەسێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دژی براکەی یان هاوزمانەکەی بوویێت، ئەم پەندەیان بەرامبەری بەکارهێناوە، بۆیە هایکونووس بەشێوەیەکی جوان، پەندەکەی تەوزیف کردووە و بۆ ئەو واتایەی کە خۆی مەبەستییەتی بەکاری هێناوە، کە بریتییە لە خۆخۆری و دژایەتی و دووبەرەکیی کورد، واتە هەموو کاتێک خۆمان دوژمنی خۆمان بووین، بۆیە هەمیشە چەوساوە و داگیرکراو و ژێردەستە بووین، لێرەدا پەیامی هایکونووس، پەیامی برایەتییە و دژی دووبەرەکیی کۆمەڵگەیە.

## ئەنجام

1. هایکو ژانرێکی شیعری ژاپۆنییە، هایکوی کلاسیکی خاوەنی چەند یاسایەکە، دەبوو هایکنووس پێیانەوە پابەند بێت، بۆ نموونە: حەڤدە بڕگە، سێ دێڕ، وەرزەوشە، بڕین، ساتەکی...هتد
2. هایکو بووەتە ژانرێکی شیعری جیهانی، ئێستا لە هەموو جیهاندا دەنووسرێت، هایکوی هاوچەرخ پابەندی مەرجە کلاسیکییەکانی هایکوی ژاپۆنی نییە و هەر گەلێک لەگەڵ زمان و کلتووری خۆیدا گونجاندوویەتی.
3. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا فۆرمی کورتیلەشیعر بەشێوەیەکی فراوان نووسراوە و چەندین زاراوەی جیاوزیی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام فۆرمی هایکو درەنگ دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەدوای دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردی لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە، ئەم فۆرمە شیعرییە بەشێوەیەکی فراوان دەنووسرێت و شاعیران شارەزای تەکنیک و تایبەتمەندییەکانی هایکو بوون.
4. هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیدا، بنەمایەکی سەرەکیی بنیاتی هزریی هایکوی پێکهێناوە، بەجۆرێک هایکوی کوردی توانیویەتی ئەرکی کۆمەڵایەتیی خۆی ببینێت.
5. هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیدا، فرەڕەهەندە و چەندین لایەنی گرتووەتەوە و هایکونووسان دیاردە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان کردووەتە کەرەستەی دەقەکانیان.
6. هایکوی کوردی خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و ژینگە و سروشتی کوردستان تێیدا ڕەنگیانداوەتەوە، هزری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە ناسنامەی هایکوی کوردی دیاری دەکات.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

### ١_ کتێب:

ئازەر، شەویار گولابی (٢٠٠٨)، با با چیتر نەتانخوسێنێ، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی هەژار، سنە.
ئاکرەیی، شەماڵ (٢٠١٠)، ژستاڤکێن دوهی و ئەڤرو، یەکێتی نوسەرانی کورد، دهۆک.
ئەحمەد(ب)، ملکۆ (٢٠١٨)، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
ئەحمەد، ملکۆ (٢٠٢٠)، زیخ دانە دانە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
ئەسوەد، نەوزاد ئەحمد، (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
ئەمین، عەلی (٢٠٢٠)، هایکووە پاییزییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال.
بێرتلسن، تۆرڤاڵد (٢٠٢٣)، شووشەیی مانگ، جوڵەی سێبەر، وەرگێڕانی ئالان پەری، چاپی یەکەم، وەشانی نووسیار، دانیمارک.
تاندا، سانتۆکا (٢٠١٧)، شوێنێک دەدۆزمەوە بۆ مەرگ، وەرگێڕانی هەرمان وەتمانی، ناوەندی جاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
جەلیزادە و ئاغالە، ڕۆستەم و قوباد (٢٠٠٨)، خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، شیعر و هێڵ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
جەلیزادە، قوباد (٢٠١٧) هایکۆکانی قوباد، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران.
جەلیزادە، قوباد (٢٠١٨)، بەردێک دەگرمە کیسەڵێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

چیابی، عیسا (٢٠٠٥)، لەژێر ئاسمانی شیعردا (وەرگێڕان)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
حسەین، عەلی تاهیر (٢٠٠٨)، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩)، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
سابیر، جەبار (٢٠٠٧)، هایکۆ، تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم.
سابیر، رەفیق (٢٠١٧) ، ئەوینامە، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.
سابیر، رەفیق (٢٠٢٢)، لە دونیای گوڵاندا: گوڵبژێریک هایکوی یابانی و باسێک لەبارەی هایکو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
سالح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، رەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
شەورۆ و سلێوە، فازیل و هاوژین، (٢٠١٩)، دایک لە جیهانبینی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، چاپی یەکەم، چاخانەی سارا، سلێمانی.
عومەر، مەهدی فاتیح (٢٠٢٥)، گرێی فەفیانەکەی دایکم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
عیسا، هاوژین سلیوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
عەبدوڵڵا، پەری (٢٠٢٢)، چرۆی وشە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
عەزمی، سمایل (١٣٩٤)، تریفەی مانگ لەسەر کلاشینکۆف، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
عەزمی، سمایل (١٣٩٤)، گوڵەستێرەی خەواڵۆ_حەفتا هایکۆی کوردی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
قەطوس، بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
کەریم، نادیە (٢٠١٨)، تەزبیحی قەزوان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٠٧)، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکوی ژاپۆنی، ؟.
گەردی، سامان (٢٠٢١)، زەنگیانە، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
لەشکر، قارەمان (٢٠١٩)، هایکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
محەممەدی، ئیقبال (١٣٩٩)، فرمێسک نییە، چاپی یەکەم، بڵاوگەی هەژان، سەقز.
محەمەد، هاڤان (٢٠٢٠)، گەردانەی مێخەک، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
مەلاڕەحمان، محەمەد (٢٠٢٠)، دەنکی هەنار، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
مەلازادە، رێبوار محەمەد (٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
نوڕێ، سەردار (٢٠١٩)، کەوتنەخوارەوەی مەراق، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی نووسیار، تاران.
وەلەدی، عەتا (٢٠١٧)، گۆرانی شینیی ژنی چەڵتووکچن، ناوەندی جاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
یاسین، عوسمان (٢٠٠٩)، بونیادگەری پێکهاتوویی لوسیان گۆڵدمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

عەبدوڵڵا، بەڵێن ئەحمەد (٢٠٢٣)، وێنەی شیعری ژن لە نموونەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
فەتاح، رزگار عومەر (٢٠٢٢)، جوانیناسیی ئافرەت لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.
محەمەد، شاخەوان فەرهاد (٢٠١٣)، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، بەنموونەی دەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤار و رۆژنامە:**

ئەحمەد، ملکۆ (٢٠١٨)، هایکو، رەگ و چەکەرە و پەرەسەندنی، گۆڤاری هایکیست، گۆڤارێکی ئەدەبیی رەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە (١).
جەبار، دیار (٢٠١٨)، دۆسێی دەق، گۆڤاری هایکیست، گۆڤارێکی ئەدەبیی رەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە (١).
عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا، کانیاو بەکر و شوانە نوری، (٢٠٢٣)، ژن لە ئەدەبی کوردیدا- دیوانەکانی (رەنگدان، ملوانکە)ی "شێرکۆ بێکەس" بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی (٨)
عەزمی، سمایل (١٣٩٥)، هایکۆ، وێنەیەکی کاتی لە ژیان، حەفتەنامەی سیروان، ساڵی هەژدەهەم، ژمارە (٩١٩).
عەلی ئاغا، سۆران (٢٠١٨)، دۆسێی دەق، گۆڤاری هایکیست گۆڤارێکی ئەدەبیی رەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە(١)
کەریم، ئارەزوو ئەزوەر (٢٠٢٣)، بنیاتی هزری لە شیعرەکانی (نەجات ئەسپیندارەبی)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٦)
موکریانی، کوردستان (٢٠٢٣)، پێگەی رەگەزی مێ لەنێو دیوانی ناوی تۆ ئیمزای منە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٥٣).

**بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

بلعلى، امنة (٢٠١٤)، خطاب الانساق، الشعر العربي في المطلع الالفية الثالثة، الطبعة الاولى، موسسه الانتشار العربي_بيروت.
الدوری، حمدی حمید (٢٠١٨)، شعر الهايكو الياباني و امكانياته في اللغات الاخرى، طباعة الاولى، دار الابداع للطباعة و النشر و التوزيع، صلاح الدين، العراق.
الصلهبي، حسن (١٤٣٧هـ)، صوت الماء، مختارات الابرز شعراء الهايكو الياباني، كتاب الفيصل، دار الفيصل الثقافية، الرياض _السعودية.
يوتسويا، ريو (1432هـ)، تاريخ الهايكو الياباني، الترجمة: سعيد بوكرامي، الكتاب المجلة العربية، عدد (١٧٥)، الرياض_ السعودية.

**رسالة ماجستير:**

الشوية و معطى الله و نصرات، الشيماء و ايمان و فؤاد (٢٠٢٣)، الابعاد الفنية والموضوعاتية في القصيدة الهايكو المجموعة الشعرية لـ لخضر توامة "انموذجا"، رساله الماجستير، جامعة الشهيد حمه لخضر-الوادي، الجزائر.
علي، س. ا. م.، & سحر السيد محمود. (2021). آليات حوكمة الشركات ودورها في تضييق فجوة التوقعات في المراجعة (دراسة ميدانية على بيئة المراجعة فى جمهورية مصر العربية). المجلة العلمية لكلية التجارة (أسيوط)، 41(71)، 155-192.

محسن، محمد عبدالعزيز & حسين، تقرزة محمد. (2023)، دور توظيف تقنية سلسلة الكتل ( Block chain) في تعزيز كفاءة النظام الضريبي وفقا لمؤشرات V.Tanzi ، مجلة قەلای زانست العلمية ، المجلد 8 ،عدد 5، ٩٠٦-٩٣٠.

محمد ، گولاله عاصي & حمه أمين، عثمان عبدالقادر ،2020، أثر الإجراءات التحليلية على تقليص فجوة التوقعات في بيئة التدقيق دراسة استطلاعية لآراء عينة من الأكاديميين والمدققين الخارجيين في اقليم كوردستان/ العراق . المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية، المجلد 4 ، عدد2 ، .pp.215-195

مفيد ، عبداللاوى. (2014). فجوة التوقع في بيئة المراجعة بين المسببات وسُبل المعالجة. المجلة جامعة حمه لخضر، الوادى - الجزائر، 5(1)، 183-194.

نصير، م. م. ا.، & مبروك محمد السيد. (2023). إطار مقترح لاستخدام تكنولوجيا البلوك تشين في تطبيق المعاملة الضريبية للأنشطة الرقمية وصناعة المحتوى بمصلحة الضرائب المصرية. المجلة العلمية للدراسات والبحوث المالية والتجارية، 4(2)، 543-577.

يونس، ناصر، العسكري، فرج، الصداعي، & أبوبكر. (2022). أثر تطبيق تقنية سلسلة الكتل على الأداء المالي للمصارف الإسلامية الليبية (دراسة حالة المصرف الإسلامي الليبي)، المجلد 8، عدد 2.

**English References:**

Alawi، S. A. A.، Wadi، R. M. A.، & Kukreja، G. (2018). The determinants of audit expectation gap: An empirical study from Kingdom of Bahrain. Accounting and Finance Research، 7(3)، 54-66.

Al-saedi، M. O.، & Almaliki، O. J. (2023). The impact of applying blockchain technology in accounting and auditing. World Bulletin of Management and Law، 22، 136-142.

Anis، A. (2023). Blockchain in accounting and auditing: unveiling challenges and unleashing opportunities for digital transformation in Egypt. Journal of Humanities and Applied Social Sciences، 5(4)، 359-380.

ALSaqa، Z. H.، Hussein، A. I.، & Mahmood، S. M. (2019). The impact of blockchain on accounting information systems. Journal of Information Technology Management، 11(3)، 62-80.

Bonyuet، D. (2020). Overview and impact of blockchain on auditing. International Journal of Digital Accounting Research، 20، 31-43.

Humphrey، C. (1997). Debating audit expectations. Current issues in auditing، 3، 3-31.

Monroe، G. S.، & Woodliff، D. R. (1993). The effect of education on the audit expectation gap. Accounting & Finance، 33(1)، 61-78.

Olojede، P.، Erin، O.، Asiriuwa، O.، & Usman، M. (2020). Audit expectation gap: an empirical analysis. Future Business Journal، 6، 1-12.

Photikhina ، A.، and Ruimkim، I.، (2017.) Blockchain paradigm a new accounting Implications for credit risk management، Master thesis، Umeå School of Business and Economics.

Sarkar، S. (2018). Blockchain accounting the disruption ahead. The Management Accountant Journal، 73-78.

Alkafaji، B. K. A.، Dashtbayaz، M. L.، & Salehi، M. (2023). The impact of blockchain on the quality of accounting information: an Iraqi case study. Risks، 11(3)، 58.

# هۆکارەکۆمەڵایەتی وکەلتوریەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەی کوردیدا

**شیلان محمد علی، نجات محمد فرج**

بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** بەکاربردنی ڕووکەشی لەم ساڵانەی دوایدا وەک دیاردەیەکی بەربڵاو لە ناو کۆمەڵگەکاندا سەری هەڵداوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی داهاتی تاک لە کڕینی شمەک و خزمەت گووزارییەک کە پێداویستی خاوەنەکەی پڕناکاتەوە،بەڵکو تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بە لای خۆتداخۆدەرخستن وخۆچواندن بەکەسانی دەوڵەمەند و خاوەن پێگە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی پالنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ ئەوشتانەی کە پێویست نین، خستنەڕووی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی ، دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاو زانیاریەکان، وە پشت دەبەستێت بە فۆڕمی پێوانە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە دانیشتوانی شاری سلێمانی، بەوەرگرتنی نمونە لە ئاستی ئابوری بەرزەوە بۆ نزم لە دانیشتوانی هەرسێ سیتی (گاردن سیتی، دەروازە سیتی و کوردسیتی). لە هەریەکەیان (١٠٠) یەکە بەڕێژەیەکی یەکسان وەرگیراوە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە، بە پلەی یەکەم هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان پاڵنەری بەکاربردنی ڕووکەشین. بە پلەی دووەم هۆکارە ئابوری و تەندروستیەکان پاڵنەری بەکاربردنی ڕووکەشین لە کوردستان.

**کلیلە ووشەکان-** بەکاربردنی ڕووکەشی، هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان.

## پێشەکی:

تا ئەم دواییانە زۆربەی ئابووریناسان گرنگییەکی کەمیان بە پاڵنەرەکانی پشت ڕەفتاری بەکاربردن دەدا. بەڵام ڕەنگە هیچ چالاکییەکی ئابووریی دیکە هێندەی بەکاربردن بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیەوە پەیوەست نەبێت. ڕەفتاری بەکاربردنمان پەیامێک دەگەیەنێتە خۆمان و کەسانی دیکە سەبارەت بەوەی کە ئێمە کێین و چۆن خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەگونجێنین، یان چۆن خۆمان لە کەسانی دیکە جیا دەکەینەوە. ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازە پێک هاتوە دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆرییە، لەم بەشەدا ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەوناساندنی چەمکی بەکاربردنی ڕووکەشی وهۆکارو پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی دەخەینە ڕوو. هەروەها دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە کە میتۆدی بەکارهاتو بۆ توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، بەوەرگرتنی نمونە لە ڕێگەی فۆڕمی پێوانەوەهەروەها شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییدا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەک خراوەتە ڕوو لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی بە دەست هاتوون.

### کێشەی توێژینەوە

لەم ساڵانەی دوایدا، هەرێمی کوردستان لەو کرانەوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی، کە جیهانی گرتۆتەوە بێبەش نەبووە، لە ڕێگای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بە جیهانیبوون، کە بۆ ئەم کرانەوەیە هۆکاربوون.

لە هەرێمی کوردستانیش نایەکسانی و پلەبەندییەکی دیار و ئاشکرا لە هەموو ڕوەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەدیدەکرێت، بە تایبەتی کاتێک باس دێتە سەر )بەکاربردنی ڕووکەشی( جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان وادەکات، لە ڕووکەشدا، بەکاریبهێنن؟ ئەو پاڵنەرەکۆمەلایەتی و یانە چین کە وا دەکات تاک بەکاربردنی ڕووکەشی بکات.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەندا خۆی دەبینێتەوە

### یەکەم: گرنگی تیۆری

لە ڕووی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بەکۆمەڵەسەرچاوەیەکی زانستی بەشدارە لە بونیادنانی بناغەیەکی پڕ لە زانیاریلە سەر دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی، سوودمان لە کۆمەڵێک سەرچاوەو توێژینەوەی زانستی وەرگرتووە، کە شیکردنەوەی تەواویان بۆ دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی کردووە، ئەمەش دووپاتی گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکاتەوە.

### دووەم: گرنگی مەیدانی

توێژینەوەکە خۆی لە کۆمەڵێک زانیاری و داتادا دەبینێتەوە کە هەڵقوڵاوی لایەنی مەیدانیە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە هاوشان بەلایەنی تیۆری وەڵامی ئەو پرسیارانە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp31-40
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 15 نيسان 2025؛ قُبل في 1 حزيران 2025؛ نُشرت في 23 ايلول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : shelan206@gmail.com, najat.faraj@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 شيلان محمد علی، نجات محمد فرج. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئاشکرا دەکات کە مەبەست بووە لە توێژینەوەکەدا بەرجەستە بکرێت. سەرەڕای ئەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سوود بەخشە بۆ ڕێکخراوەکانی گەشەپێدانی مرۆیی بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

### ئامانجی توێژینەوە

١-دەرخستنی پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، بۆ ئەو شتانەی، کە پێویست نین.

٢- خستنەڕووی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی، دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

### میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە (Research Methods)

میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بەپێی دیاردەو گیروگرفتی بابەتی لێتوێژراوجیاوازدەبن، واتە بە پێی جیاوازی بابەتەکان میتۆدەکانیش جیاواز دەبن، ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی شێوازەوە بە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری Descriptive) (Methodدادەنرێت، کە یەکێکە لە شێوازە زۆر بڵاوو بەکار هاتووەکان، هەروەها گونجاوە لەگەڵ زۆربەی ئەوتوێژینەوانەی کە لەبواری زانستی مرۆییدا ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەڕووی جۆرەوە دەتوانین بڵێین توێژینەوەیەکی چەندێتییەومیتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەو لێکدانەوەو شیکارکردنی زانیارەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ئەکادیمی چونکە پشتمان بە وەڵامی فۆرمی پێوانە بەستووە و بە شێوازی ژمارەو خشتەی ژمێرەیی خراوەتە ڕوو. ئەم میتۆدە ڕێگە بە توێژەر دەدات بە شێوەیەکی سیستیماتیکی زانیاری دەربارەی مرۆڤەکان، ڕەفتارەکان و هەڵوێستەکان و پێکهاتەکۆمەڵایەتیەکان کۆبکاتەوە(Bryman,2008:15).

### میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی (Social survey Method) :

میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە میتۆدە گرنگ و سەرکەوتووەکانی بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ کۆکردنەوەو شیکارکردنی زانیاریەکان لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی ڕێکخراو یان چاوپێکەوتنی ڕێکخراوبە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری وداتای ژمارەیی لە سەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوکە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە وەک نمونە وەردەگیرێت.(Brayman 2008:160)

### دووەم: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە

### ١-کۆمەڵگەی توێژینەوەکە(Research population):

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە هەموو ئەو کەسانەی کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە واتە هەموو ئەوتاکانەن کە نمونەی توێژینەوەکەیان لێهەڵدەبژێرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکەوە(عەلی،١٠١:٢٠١٩). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دانیشتوانی شاری سلێمانی واتە ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

### ٢-نمونەی توێژینەوەکە(Research Sample) :

نمونەی توێژینەوە بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەکانی نمونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە توێژەر کارە مەیدانیەکانی خۆی لەسەر ئەنجام دەدات، بە شێوازێک کەدەبێت نمونەکە هەڵگری سیفاتە ڕاستەقینەکانی دانیشتوان بێت وە بتوانێت نوێنەرایەتی کۆی دانیشتوانی کۆمەڵگەکە بکات بە ئامانجی گەشتن بەڕاستی زانستی و بابەتیبونی توێژینەوەکە (وجیه محجوب،١٩٨٨:ص١٣٥).

نمونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە دانیشتوانی هەرسێ سیتی (گاردن سیتی، دەروازە سیتی و کورد سیتی) کە دەکەونە ناوسەنتەری شاری سلێمانی.

لەهەریەکێک لەم سیتی یانە (١٠٠) سەد یەکەیان بە نمونە لێوەرگیراوەو زانیاریان لێکۆڵکراوەتەوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، بۆ دیاری کردنی قەبارەی نمونە پشتمان بەستووە بە ئەزمونەکانی پێشوو هەروەها بیروڕای شارەزایان لەم بوارەدا. جۆری نمونەکەمان نمونەی مەبەستدارە واتە نمونەی مەبەستداری پشکی (عینە قصدیە حصصیە). لە هەر سیتی یەک پشکێکمان وەرگرتوە، لە سەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافی.

### چەمکی بەکاربردنی ڕووکەشی (Conspicuous Consumption)

بریتیە لە بەهەدەردان و بەکاربردنی دراو نەخت و سەرمایە، کە تاک بۆ بەدەستهێنانی کاڵایەک بەکاریدەهێنێت، کە ئەم کاڵایە هەرگیز بەکارناهێنێت و سودی مەعنەوی بۆ خاوەنەکەی نیە، بەڵکو تەنها بەهایەکی گەوهەریی و کۆمەڵایەتی هەیە، یارمەتی خاوەنەکەی دەدات، کە خۆی بە کەسانی چینێکی تری کۆمەڵگە بچوێنێت. لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، تا کۆمەڵگە بەتاکێکی چینی پلە باڵای دابنێن. ئەمەش بەرئەنجامی جیاکاری کۆمەڵایەتییە، کە چینی هەژار لە پێناو بەدیهێنانی خەونی بوون بە چینی سەرمایەدار، یاخوود چینی بەختەوەر، دەچنە ژێر فشارێکی قورسی بەکاربردن و تەنها لەبەر خۆپیشاندانی، وەک چینی بەختەوەر، ئەمەش لە ڕاستیدا تەنها ڕواڵەتکاریی و بەکاربردنێکی نادروستە.(Ritzer,G.2011) .

زاراوەی (بەکاربردنی ڕووکەشی) سەرەتا لەلایەن، زانای ئەمریکی (سورشتاین فبلن) هوە بەکارهێنراوە، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی(تیۆریی چینی بەختەوەر) لە ساڵی (١٨٩٩) بڵاوکرایەوە. زاراوەکە بۆ مەبەستی بەفیرۆدانی پارە و سەرمایە، لە کڕینی شتە گرانبەها و دەگمەنەکاندا بوو، کە مرۆڤەکان بەزۆری لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریناهێنن، بەڵام ئەم پێداویستیانە بەهایەکی ناوەکیان هەیە، کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات، دەربکەوێت و خۆی پیشانبدات و شانازیبکات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگی پێببەخشێت، هەتا خەڵک بەئەندامی چینی بەختەوەر و ئەرستۆکراسی بزانن. ئەمەش لەبەرئەوەی پێیوایە، کە بەختەوەری و خۆشی و ڕەزامەندی بۆدەهێنێت، بۆیە ئەو بەکاربردنە ڕواڵەتیەی تاک پراکتیزەی دەکات، وایلیدەکات ئەو ماف و ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتیانە بەدەستدەبهێنێت، کە تایبەتمەندی چینە ئەرستۆکراتییەکانە.

هەروەها (فبلن) دەڵێت " کۆمەڵێک ئەندامی چینە هەژارەکان هەن، کە هیوا خوازن بچنە ناو چینە باڵاکان و بەم چینەوە پەیوەست بن، ئەمەش تەنها لەڕێگەی چونە ناو گۆڕەپانی بەکارهێنانی دەرەکیەوە بەدەست دێت، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە لەبەرچاوی بگرن و ئەوان وەک ئەندامی چینە دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتیەکان بن". (احسان محمد حسن، ١٩٩٩،ل٥٥١).

(بەکاربردنی ڕوکەشی) جۆرێکە لە فریودان و بەفیرۆدانی سەروەت و سامان و پارە لە کڕینی شتی گران بەها و دەگمەن داکە لەلایەن خاوەنەکەی بەکار ناهێنرێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەڵام ئەم پێداویستیانە بە هایەکی ناوەکیان هەیە کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات بۆ دەرکەوتن و شانازی کردن و پێدانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باوەڕپێکراو بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا بە ئەندامی چینە بەرزەکانی کۆمەڵگە دابنرێن .

لێرەدا تاک، بەبێ گوێدانە نرخ و تێچو، ئەو کاڵایە دەکڕێت و تەنها وەک لاساییکردنەوە بۆ چوونە ڕیزی کەسە ناودار و بەناوبانگەکان بەکاریدەهێنێت. (د. ایمن محمود محمد،٢٠٢٢).

لە سەر بنەمای پێناسەکانی چەمکی (بەکاربردنی ڕووکەشی) دەتوانین پێناسەی

(ڕێکاری بەکاربردنی ڕووکەشی) بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

بە کاربردنی ڕوو کەشی، بریتییە لە زیادەڕەویکردن لە کڕین و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک لە کاڵاو خزمەتگوزاری، کە خاوەنەکەی بەکاریاناهێنێت تەنها مەبەستیەتی جیاواز دەربکەویت لەو پلە کۆمەڵایەتیە ڕاستیەی کە تیایەتی، بۆئەوەی لە پلەیەکی بەرزتری کۆمەڵایەتی دەربکەوێت، کە لە ڕاستیدا ئەم کەلوپەلانە تەنها جۆرێک لە خۆدەرخستن بە خاوەنەکەی دەبەخشێت و هیچ پێداویستیەکی بۆ پڕناکاتەوە. پەیوەندیی بەهێز لە نێوان ڕەفتاری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەیە، بونیادی گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لە دوای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ی و تەکنەلۆژیەوە بە سەر بونیادی کۆمەڵگەدا هاتووە، جیاوازی چینایەتی و بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی بەکاربردن و خەرجی داهاتی تاک لە پەیوەندیی بە جیاکاری و چینایەتی لە کۆمەڵگەدا، زیاتر تۆخکردۆتەوە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەکاربردنی ڕووکەشی.

### ١-پیشاندانی مارکە (براند)

مرۆڤەکان مەیلی خۆبەراوردکردنیان بە کەسانی تر هەیە و بەکاربردنی ڕووکەشیش ڕێگەیەکە تا لە ڕووی خاوەندارێتیی ماددەوە بە کەسانی چواردەوریان بگەنەوە. ئەمەش وەک پیشاندانی دۆخی دارایی و سەرکەوتن سەیر دەکرێت (Mason, 1981) و ئەوانەشی بەو جۆرە سامانەکەیان پیشان دەدەن بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە لایەن ناسراوەکانیانەوە بە شێوازێکی تایبەت سەیر دەکرێن (Veblen, 1934) و وەک ئەندامی گروپێکی تایبەت و دیاریکراو پەسەند دەکرێن. بەڵام، ئەمەش پشتبەستە بە هەڵبژاردنی مارکەیەک کە بە لای زۆرینەوە بەناوبانگە و وەک هێمایەک بۆ دەوڵەمەندی سەیر دەکرێت. هەندێک لە مارکەکان بە هۆی بەرزی نرخیانەوە تایبەتن و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسی بەکارهێنەر پیشان دەدەن .(Zinkhan & Prenshaw, 1994) جیاوازییەک لە نێوان بەکاربردن بۆ بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەکاربردنی ڕووکەشیدا هەیە، کاتێک دێتە سەر باسی مارکەکان. ئەو مارکانەی بە مارکەی پێگە ناسراون ئەوانەن کە کوالیتییان زۆر بەرزە و دەشوترێت کە بەکارهێنەران بۆ بەدەستهێنانی شکۆمەندیی کۆمەڵایەتی بە دوای ئەم مارکانەدا دەگەڕێن (Goldsmith, Flynn & Eastman, 1996).لەگەڵ ئەوەی هەبوونی کەلوپەلی مارکە بەناوبانگەکان وەک پێوەرێکی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، لەوانەیە هەندێک کەس ئەم کەلوپەلانە بۆ بەکارهێنانی کەسیی خۆیان بکڕن. لە بەرامبەردا، ئامانج لە بەکاربردنی ڕووکەشی بریتییە لە نمایشکردنی بەکارهێنانی مارکەیەک و پیشاندانی ئەوەی کە کەسی بەکارهێنەر خاوەنی ئەو کەلوپەلە مارکەیەیە .(O'Cass & McEwan, 2004) واتە، ئەوەی دەستکەوت و سەرکەوتنی بەکارهێنەرەکە دەردەخات دەرخستن و نیشاندانی خودی مارکەکەیە.

### ٢-ڕۆڵی

نۆرم و بەها کەلتوورییەکان تا ڕادەیەکی دیاریکراو کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بەکاربەران هەیە. هەستی خۆشگوزەرانی، جیاوازبوون و کوالیتی پاڵنەری بەکاربردنن، بەڵام دەشوترێت کە دەکرێت بەها مرۆییەکان یارمەتیان بدەن لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی جیاوازییەکی بەرچاو لە کەلتوورە جیاوازەکاندا هەیە (Dubois, Czellar & Laurent, 2005).دەتوانین چوار ڕەهەندی کەلتووریی جیاوازی پەیوەست بە جیاوازییەکان بخەینە ڕوو؛ تاکگەرایی بەرامبەر دەستەجەمعی؛ خۆدوورگرتن لە نادڵنیایی بەرز بەرامبەر نزم؛ نێرینەیی بەرامبەر مێینەیی؛ مەودای هێزی بەرز بەرامبەر نزم. لە چەند ساڵی دواتردا، توێژەران و تیۆریستەکان ڕەهەندی زیاتریان لەسەر بنەمای بەها کەلتوورییە جیاوازەکان و سیفەتەکانی سەرکردایەتی زیاد کرد (House et al, 2004) بەڵام ئەمانە زیاتر بایەخیان بە ڕەهەندە کەلتوورییە نیشتمانییەکان دەدا نەک تاکەکەسییەکان. لەبەرئەوەی بەکاربردنی ڕووکەشی سیفەتی هەموو تاکەکانی وڵاتێک نییە، بەکاربردنی ڕووکەشی دەبێت وەک بەهایەکی مرۆیی تاکەکەسی سەیر بکرێت. چێن، یە و وانگ (٢٠٠٨) پێیان وایە کە بەکاربردنی ڕووکەشی پەیوەندی بە وێنەی خود و نیشاندانی کەسایەتیی مرۆڤەوە هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، هەندێک چاوەڕوانیی کەلتووری لە شێوازی ژیان، ڕووکار و خاوەندارێتی هەن کە کاریگەرییان لەسەر سروشتی ڕووکەشی هەندێک شێوازی بەکاربردن هەیە. هەندێک بەکارهێنان لەوانەیە تەنها بۆ کاتی دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بێت، کە خۆی لە سەردانیکردن و بەشداریکردن لە ئەزموونە کەلتوورییەکاندا دەبینێتەوە، لەبری ئەوەی بۆ نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی بێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن دواتر تاکەکان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە کەسانی تر لە بەشدارییان لە سەردانیکردن و ئامادەبوون لەو بۆنە کەلتووریانەدا ئاگادار دەکەنەوە. بۆ ئەوەی ئەمە بەهای هەبێت، دەبێت کەناڵێک هەبێت لە ڕێیەوە کەسەکە بە خەڵکانی دیکە بڵێت کە بەشداربوویەکی چالاکە. نمایشکردنی ئەزموون و دۆخی خۆیان بە شێوەی ئۆنلاین کاریگەری لەسەر کەلتووری بەکاربردنی ڕووکەشی هەیە. تیۆری سەرمایەی کەلتووری (١٩٧٩)ی بۆردیۆ لە داڕشتنی شێوازەکانی بەکاربردندا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی سەرمایەی کەلتووری. سەرمایەی کەلتووری زانین و پەروەردە و هۆشیاریی کەلتووری دەگرێتەوە. بە بڕوای بۆردیۆ، تاکەکان سەرمایەی کەلتووری بۆ خۆجیاکردنەوە و بەدەستهێنانی سوودی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن. بەکاربردنی ڕووکەشی، لەم تیۆرییەدا، ئامرازێکە بۆ گۆڕینی سەرمایەی ئابووری (پارە) بۆ سەرمایەی کەلتووری، لەڕێی بەدەستهێنان و نمایشکردنی ئەو شتانەی کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بە شانازیی کەلتووری دادەنرێن. تیۆری سەرمایەی کەلتووری، لە کاتێکدا ڕەگوڕیشەکەی لە کۆمەڵناسیدایە، پەیوەندی بە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیشەوە هەیە، ئەویش لەڕێی دانانان بە ڕۆڵی نۆرم و بەها و چاوەڕوانیيە کەلتوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتنی ڕەفتاری تاکدا. دیدگاکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە تاکەکان چۆن لە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە دەڕوانن و خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنن، کە ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنەکانیان هەیە، بۆ نموونە بژاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی(Bronner & de Hoog, 2019).

دەکرێت چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە و نۆرمە کەلتوورییەکان پاڵنەرەکانی پشت بەکاربردنی ڕووکەشی داڕێژن. لە هەندێک کەلتووردا، سامانی ماددی و پیشاندانی سەرکەوتن بەهایەکی زۆریان هەیە، ئەمەش وای کردووە تاکەکان خۆیان لەگەڵ ئەم چاوەڕوانییانەدا بگونجێنن. چاوەڕوانییە کەلتوورییەکان لە شێوازی ژیان و ماڵوموڵک دەتوانن فشار بخەنە سەر تاکەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستێکی دیاریکراوی ژیاندا خۆیان بگونجێنن. ڕەنگە نەگەیشتن بەم چاوەڕوانییانە ببێتە هۆی زیادبوونی ئارەزووی بەکاربردنی ڕووکەشی. ڕەنگە ئەم نۆرمە کەلتووریانە لە ژێر کاریگەریی هۆکاری جۆراوجۆری وەک لایەنی مێژوویی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بن. بۆ نموونە، زۆر شت پەیوەستە بەو بەهایەی کە کۆمەڵگەیەک بۆ کەلوپەلی ماددی دادەنێت. ئەمەش لە کۆمەڵگە دەستەجەمعییەکاندا بەدی دەکرێت، کە تێیدا تاکەکان ئەو شتانە دەکڕن کە پێگەیان لە کۆمەڵگەدا پیشان دەدات. لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو جۆرە دەستکەوتانە وەک هێمای سەرکەوتن و دەستکەوتی تاکەکەسی سەیر دەکرێن، لە کۆمەڵگە دابڕاوەکان یان ئەو وڵاتانەی لە گەشەسەندندان ڕەنگە بەهای زیاتر بە هەوڵە

دەستەجەمعییەکان بدرێت (Richardson, 1986)

بەها ڕۆژئاواییەکان گرنگییەکی زۆر بە تاکگەرایی دەدەن، بەهۆی جیهانگیریشەوە، ئێستا ئەم جۆرە بەهایانە زیاتر بڵاوبوونەتەوە. ڕەنگە کەلتوورەکانی دیکە بەکاربردنی ڕووکەشی وەک نیشانەی پێشکەوتن ببینن. لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتێک، ڕەنگە هاوڵاتییەکانی بیانەوێت سامانە تازە دۆزراوەکانیان لە کڕینی ئەو شتومەکە لوکسانەدا خەرج بکەن کە پێگەی داراییان نیشان دەدەن. دەربارەی کاریگەریی کەلتوور لەسەر بەکاربردن، کێماڵئۆغلو، یاراش و ئونال (٢٠١٨) ڕایان وایە کە بەرکەوتن بە بەهاکانی ڕۆژئاوا لە سەرانسەری هەموو کەلتوورەکاندا کاریگەری لە تاکەکان کردووە. مانای سومبولی کڕینێک پاڵنەرێکە بۆ کڕین.(Corneo & Jeanne, 1997) واتە، کڕینی شتێک کە ڕۆژئاواییەکان بەکاری دەهێنن ڕەنگە هۆکار بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتییانی وڵاتانی دیکە بڕیاری کڕینی ئەو شتە بدەن. کڕینێکی لەو جۆرە کەسانی چواردەور سەرسام دەکات و بەهۆی جیاوازبوونیشیەوە هەستی ئاسوودەیی بە کەسەکە دەبەخشێت. ئەوەش نیشان دەدات کە لە بەکاربردنی ڕووکەشیدا دەکرێت بەها تاکەکەسییەکان کاریگەرییەکی زیاتریان لە بەها کەلتوورییەکان هەبێت. بۆردیو (١٩٨٤) چەمکی سەرمایەی کەلتووری ناساند، کە هەریەک لە زانین، تواناکان، خوێندن و هۆشیاریی کەلتووری دەگرێتەوە. بۆردیۆ دەڵێت ئەوانەی لە چینە کۆمەڵایەتییە باڵاکانن جگە لە سەرچاوە داراییەکان (سەرمایەی ئابووری) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (سەرمایەی کۆمەڵایەتی)، خاوەنی سەرمایەی کەلتووریشن، ئەمەش لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا سوودیان پێ دەگەیەنێت. بەلەبەرچاوگرتنی چۆنیەتی پەروەردەکردن و ئەو ئەزموونانەی پێیدا تێپەڕیون، تاکەکان سوودمەند دەبن لە هەریەک لە پەروەردە، فێربوونی زمان، هەڵسوکەوتکردن و توانا کەلتوورییەکانی دیکە. لە میانەی بەخێوکردنیاندا، بە مولکوماڵ ئاشنا دەبن و چێژ لەو شتانەش دەبینن کە بەهای کەلتوورییان هەیە، بۆ نموونە چێژ لەو هونەر، ئەدەب و مۆسیقایانە دەبینن کە بە هی ماڵە دەوڵەمەندەکان دادەنرێن. پێگەی کۆمەڵایەتییان زیاتر بەهێز و بەرزتر دەبێتەوە لەڕێی خوێندن و بڕوانامەوە، کە وا دەکات دەستیان بە دەرفەت و سەرچاوەکان بگات. تاکەکان ئەو بژاردانەی ژیان هەڵدەبژێرن کە ڕەنگدانەوەی حەزە کەسییەکانیان و نیشانەی پێگە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان (Corrigan, 1997) .

## ٣ -ئاماژەکردن

لە چوارچێوەی باسی بەکاربردنی ڕووکەشیدا، ئاماژەبۆکردن یەکێکە لە ڕێگەکانی ناردنی پەیامی کۆمەڵایەتی لە کەسێکەوە بۆ کەسانی دەوروبەوری دەربارەی پێگە، ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی. تاکەکان بەکاربردنی ڕووکەشی وەک ستراتیجێکی عەقڵانی بۆ ئاماژەکردن بە توانا و دەسەڵاتیان بەکاردەهێنن. تیۆری ئاماژەکردن، کە ڕەگوڕیشەی لە ئابووریدایە، پەیوەندییەکی نزیکیشی بە دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم تیۆرە یارمەتیمان دەدات تێبگەین کە چۆن تاکەکان ئاماژەکردن بۆ زانیاریدان دەرباری خۆیان بەکاردەهێنن (Nelissen, Meijers, 2011) بۆیان دەرکەوتووە ئەو کەسانەی کە بە ئاشکرا بەرهەمە لوکسەکانیان دەردەخەن بە شێوازێکی زۆر شایستەتر لە لایەن کەسانی چواردەوریانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەبەرئەوەی چواردەورەکەیان وەک کەسانێکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز و دەوڵەمەند سەیریان دەکەن، چونکە بەکارهێنانی کاڵای لوکس ئاماژەیە بۆ سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی و خەڵکیش پێیان خۆشە لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەند تێکەڵ بن) . (Shukla, 2011 چەندین ڕێگە هەن کە تاکەکان لە ڕێیانەوە ئاماژە بۆ تایبەتمەندییە کەسییەکانیان دەکەن. ئاشکرایە کە بەکاربردنی ڕووکەشی ئاماژەیە بۆ دۆخی ئابووری و شێوازی ژیان. بەڵام، ئاماژەی تریش هەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی پیشان دەدەن، بۆ نموونە بڕوانامە کە هێمایە بۆ زیرەکی و وریایی یان پلەی وەزیفی و دەستکەوتەکانی کار کە هێمان بۆ سەرکەوتن و توانای کەسەکە. لە دۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، تاکەکان ئەو ئاماژانە هەڵدەبژێرن کە کار دەکاتە سەر چۆنیەتی بینینیان لە لایەن خەڵکانی ترەوە. سەرەڕای ئەوەش، کاریگەریی ئاماژەکردن پشتبەستە بە دۆخە کەلتوورییەکەوە، چونکە ئەوەی وەک پلەبەرز سەیر دەکرێت لەوانەیە بەپێی کەلتوورەکان بگۆڕێت (Nelissen, Meijers, 2011)

تێگەیشتن لەم پاڵنەرانە یارمەتیمان دەدات باشتر لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان فاکتەرە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان تێ بگەین کە هۆکاری بەکاربردنی ڕووکەشین. جگە لەوەش، پاڵنەرە کەسییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن و هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە دەکرێت کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر دابنێن.

## ٤-هەڵبژاردنەکان و ویستراوەکان

بەپێی تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی، کە پشتبەستە بە دیدگایەکی ئابووری، تاکەکان بۆ بڕیاردان پشت بە لێکدانەوە عەقڵانییەکان دەبەستن، تا بڕیارەکانیان زۆرترین کەڵکی بۆیان هەبێت .(Renzetti, 2022) بەپێی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، بڕیاردانی تاکەکان تەنها پشتبەست نییە بەو سوودە بابەتییەی کە هەڵبژاردنەکە هەیەتی، بەڵکو پشتبەستیشە بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەستەکان و پەیوەندییە کەسییەکان .(Charles, Hurst & Roussanov, 2009)تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن تاکەکان، لەژێر کاریگەریی نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو بڕیارانە دەدەن کە لەگەڵ ستانداردەکانی کۆمەڵگە و ویستی قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیدا دێنەوە .(Kaus, 2013) ئەوە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانن کە شوێنی تاک لە گروپدا دیاری دەکەن. دەکرێت گروپەکە خێزان، هاوڕێ، دراوسێ و کەسانی دیکە بگرێتەوە، بەڵام دەکرێت گروپێکیش بگرێتەوە کە تاکەکە خوازیارە بەشێک بێت لێی (Khan, 2006; Kotler & Armstrong, 2010).ئەم گروپە ڕەفتاری تاکەکە دیاری دەکات و ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییەتی. بەڵام دەشوتریت کە بەکاربەران بە پشتبەستن بە زۆرێک تایبەتمەندی بڕیار دەدەن و تەنانەت ئاگاداریش نین لەوەی بۆچی ئەو بڕیارانە دەدەن .(Lautiainen, 2015)

دەروونناسیی کۆمەڵایەتی جەخت لە گرنگی پەیوەندیکردن و بەڕێوەبردنی هەستەکان لە بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکاتەوە، لەمەشدا لەگەڵ تیۆری ئاماژەکردن یەک دەگرێتەوە. ئەوەی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران نووسراوە جەخت دەکاتەوە لەوەی تاکەکان لە ڕێگەی کڕینی کاڵای لوکسەوە ئاماژە بە پێگە و سامانی خۆیان دەکەن. مەبەست لەمەش دروستکردنی وێنەیەکی جوان (Shukla, 2011) و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو گروپەیە کە ئەندامە تێیدا. مارکوس و کیتایاما (١٩٩١) پێیان وایە کە پێویستە لە هەردوو ڕەهەندی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە سەیری ئەمە بکەین. لە کەلتوورە ڕۆژئاواییەکاندا ڕەنگە تاکێک پشت بە حەز و ئارەزووە کەسییەکانی ببەستێت، لە کاتێکدا لە کەلتوورە ڕۆژهەڵاتییەکاندا زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ خێزان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. وۆنگ و ئاهوڤیا (١٩٩٨) لەوە زیاتریش دەڵێن و پێیان وایە کە بەکاربردنی ڕووکەشی لە نێوان ئەم کەلتوورانەدا جیاوازی هەیە، چونکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئارەزووە کەسییەکان پاڵنەری کڕینن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا فشارە کۆمەڵایەتییەکان هانی تاک دەدەن یان ناچاری دەکەن شتێک بکڕێت.

## ٥-پێگەی کۆمەڵایەتی

لە ترسی ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییان لەدەست بدەن، لەوانەیە تاکەکان بە دەستبڵاوی پارە خەرج دەکەن. دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە بۆ خۆیان و خەڵکانی تریشی بسەلمێنن کە کەسانی سەرکەوتوون و ئەندامی گروپێکی تایبەتن؛ تاکەکان بەهای خۆیان لەڕێی ئەو سومبولانەوە پیشان دەدەن کە لای خەڵکی دانپێدانراون (Pybus, Power, Pickett et al, 2022). سەرکەوتن لە پیشاندانی پێگە بە کەسی مەبەست پشتبەستە بە حوکمەکانی هەڵسەنگاندنەوە، واتە دەبێت چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە بە هەند وەربگیرێت. بەپێی بۆردیۆ (١٩٨٤)، ئەوانەی لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزن، بۆ بڕیاردان لە کڕینی شمەکێک، پشت بە چێژ و ویستەکانیان دەبەستن و تا بەرهەمەکەش دەگمەنتر بێت، دەرفەتێکی باشتریان بۆ دەڕەخسێت تا خۆیان لەوانە جیا بکەنەوە کە سەربە گروپی ئابووری کۆمەڵایەتیی نزمترن. ئەگەر تاکێک هەست بکات ناتوانێت بەشێک بێت لەو گروپە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدایەتی، هەست بە ئاسوودەیی ناکات(Wilkinson & Pickett, 2018)

## ٦-بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی :

بەراوردکاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە خۆبەراوردکردنی خود بە کەسانی دیکە لە ڕووی توانا، دەستکەوت، خاوەندارێتی، یان لایەنی دیکەوە .(Alicke, 2007) بە خۆبەراوردکردن بە کەسانی دیکە، تاکەکان باشتر لە بەهای خۆیان لە کۆمەڵگەدا تێدەگەن و ئەمەش لە شێوازی ناسینی خۆیاندا یارمەتییان دەدات. بەڵام، مرۆڤەکان دەبێت خۆیان بە کەسانی هاوشێوەی خۆیان بەراورد بکەن (Goethals & Darley, 1977)، ئەگەر نا بەراوردکردنەکە نەگونجاو دەبێت. خۆبەراوردکردن بەوانی دیکە وا لە خەڵک دەکات بۆ ڕووکەش پارە خەرج بکەن، ئەمەش لە پێناوی زانینی قورسایی خۆیان بەبەراورد بە هاوتەمەنەکانیان یان بۆ تێپەڕاندنیان (Christen & Morgan, 2005; Gurzki & Woisetschläger, 2017;). دەکرێت ئەم بەراوردکردنە پاڵنەرێکی بەهێز بێت و هانی خەڵک بدات ئەو شتانە بکڕن کە لەگەڵ پێگەیان لە چینە کۆمەڵایەتییە خوازراوەکانیاندا دەگونجێت. ئەمەش زیاتر لەکڕینی ئۆتۆمبێل یان خانووبەرەی گرانبەهادا ڕەنگ دەداتەوە، هەرچەندە دەکرێت لە کڕینی جلوبەرگ یان گەوهەری گرانبەهاشدا خۆی بەرجەستە بکات.

بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی لایەنێکی بنەڕەتیی سایکۆلۆجیای مرۆڤە و ڕۆڵی لە داڕشتنی ڕەفتار و هەڵوێست و هەستەکانی تاکدا هەیە (Dijkstra, Gibbons & Buunk, 2010)، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان دەیانەوێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگەکەیان ببیندرێن. مرۆڤەکان ئارەزوویەکی زگماکییان هەیە تا خۆیان وەک بەشێک لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان پیشان بدەن و وا بکەن لە کۆمەڵگەدا پەسەند بکرێن. بەراوردکاریی کۆمەڵایەتیش یارمەتی تاکەکان دەدات هەڵسەنگاندن بۆ ڕادەی گونجانیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا ئەنجام بدەن، گرنگتر لەمەش بۆ ئەوەیە کە بزانن تا چەند لە ئاست چاوەڕوانی و پێوەرەکانی هاوەڵەکانیاندان. لە ئەنجامدا، بەراوردکردنی خۆت بە کەسانی دیکە بۆ خۆچەسپاندن و دووپاتکردنەوەی بەهای خۆتە. بەراوردکاریی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی کاتێکە کە لە خۆبەراوردکردنت بەوانی دیکە خۆت بە کەمتر نابینیت و وێنەیەکی ئەرێنیت بۆ خودی خۆت لا دروست دەبێت .(Tesser & Collins, 1988) لەوانەیە تاکەکان هەندێک بەرهەم، شێوازی ژیان، یان ڕێڕەوی پیشەیی هەڵبژێرن بە پشتبەستن بەوەی کە چۆن ئەم هەڵبژاردنانە لەگەڵ سەرکەوتنی خۆیان یان ڕەزامەندیی کەسانی دیکەی ناو بازنەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا یەک دەگرنەوە. تەنانەت لەوانەیە بیروباوەڕ، حەز و ڕەفتارەکانیان بە جۆرێک ڕێک بخەن کە لەگەڵ نۆرم یان ڕەوتە باوەکانی ناو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا بگونجێت. بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە لە داڕشتنی تێڕوانینی تاک بۆ خودی خۆی و شوێنی خۆی لە جیهانی کۆمەڵایەتیی دەوروبەریدا.

دەکرێت بیرکردنەوەی کێبڕکێکارانە هانی تاکەکان بدات پارە بۆ ڕووکەش خەرج بکەن وەک ڕێگەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەوانی تر یان مانەوە لە پێشەوەی کێبڕکێی کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەکاندا. مرۆڤەکان پاڵنەرێکی زگماکییان بۆ خۆبەراوردکردن بەوانی دیکە تێدایە، دەتوانرێت بەکاربردنی ڕووکەشی وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی بەراوردکاریی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی ببیندرێت، ئەویش لەڕێی کڕینی کاڵا و بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانەوە کە لە کاڵا و خزمەتگوزاریی خەڵکانی تری ناو بازنەی کۆمەڵایەتی خۆیان گرانبەهاترن. جگە لەمەش، بەکاربردنی ڕووکەشی جەخت لە ڕۆڵی کاریگەریی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی لە داڕشتنی ڕەفتاری تاکدا دەکاتەوە. خواستی پێگەی کۆمەڵایەتی، دانپێدانان و بەراوردکاریی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی لەگەڵ پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی یەک دەگرنەوە.( Dijkstra, Gibbons & Buunk, 2010 )

## ٧-ڕیکلام و بەبازاڕکردن:

ڕیکلام و ستراتیجەکانی بەبازاڕکردن ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربەراندا دەگێڕن. نیشاندانی هەندێک بەرهەم وەک هێمای پێگە و سەرکەوتن دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ بەکاربردنی ڕووکەشی. ڕیکلام وێنەیەک بۆ مارکە خوازراوەکان دروست دەکات، ئەمەش هانی خەڵک دەدات کاڵای لوکس و مارکە بکڕن. ڕیکلام وا لە خەڵک دەکات خۆیان بە هەبوونی مارکەیەکی تایبەتەوە ببەدەن. ئەوە تەنها کاڵاکان نین بەڵکو لەم سەردەمەدا چالاکییە لوکسەکانیش بە مارکە دەکرێن و دەخرێنە بازاڕەوە و لە لایەن بەشداربووانی خزمەتگوزارییەکانەوە لە سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە و بانگەشەیان بۆ دەکرێت. لەگەڵ پەرەسەندنی سۆشیال میدیا، جۆرێکی جیاوازی ڕیکلامکردن سەریهەڵداوە. زۆرجار خەڵک لاسایی ڕەفتار و شێوازی ژیانی کەسایەتییە ناودارەکان دەکەنەوە و ئەم ئارەزووی لاساییکردنەوەیەش دەکرێت ببێتە هۆکارێکی بەکاربردنی ڕووکەشی. زۆرجار ڕیکلام شێوازی ژیانێکی سەرنجڕاکێش نیشان دەدات و هانی تاکەکان دەدات هەوڵی گەیشتن بەو ژیانە بدەن. بەکاربردنی ڕووکەشی ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بەو شێوازە ژیانە، کە لە لایەن کەسە کاریگەرەکانی ناو سۆشیال میدیاوە بانگەشەی بۆ دەکرێت(Krahmer, 2006) .

بۆ زیادکردنی داواکاری لەسەر کاڵایەک، ڕیکلامەکان ئەو کاڵایە وەک کاڵایەکی تایبەت و دەگمەن پیشان دەدەن، بۆ نموونە کاتێک ڕیکلام بۆ چالاکییەک یان کاڵایەک دەکرێت، دەوترێت تەنها یەک یان دوو دانە ماوە. ئەمەش وا لە خەڵک دەکات هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو کاڵایە بدەن(Amaldoss & Jain, 2005) ، بە تایبەت ئەگەر ئەو کاڵایە گرانبەها و جیاواز بێت. ئەو کاڵایانەی وەک تایبەت و دانسقە دەناسێندرێن هانی بەکاربردنی ڕووکەشی دەدەن. حەزی کڕینی شمەکێکی جیاواز یان سنووردار وا لە شمەکەکە دەکات تایبەتتر بێت، چونکە تا خەڵکێکی زیاتر ئەو شمەکە بکڕن خواست لەسەر شمەکەکە کەمتر دەبێتەوە و زیاتریش بەها سومبولییەکەی لەدەست دەدات. لەبەر ئەم هۆکارەیە، کارگەکان ژمارەی بەرهەمەکانیان سنووردار دەکەن (Amaldoss & Jain, 2005)

## ٨-بەڵگەی سامان:

بەپێی تیۆری (١٩٣٤)ی ڤیبلێن، ئەوە کۆکردنەوەی سامان نییە بەڵکو بەڵگەی هەبوونی سامانە کە گرنگە لە کۆمەڵگەدا. هەرچەندە شمەکە هەرزانەکان ڕەنگە هەمان

ئامانج بپێکن، بەڵام کڕین و پیشاندانی کاڵای گرانبەها ئەو پەیامە بە خەڵکانی تر دەدات کە تۆ پارە بەفیڕۆ دەدەیت و پیشاندانی ئەم جۆرە کاڵایانەش پێگەی کۆمەڵایەتیت دیاری دەکات. خەڵک پاش ئەوەی سەیری گیرفانت دەکات پێگەی کۆمەڵایەتیت دەخەملێنێت. هەندێک لە مارکەکان سوود لەمە دەبینن و نرخەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە شتومەکەکانیان لە جۆری لوکسن، هەرچەندە نرخی شمەکەکان پێگەی کۆمەڵایەتیی تاک نیشان نادات. ئەمە ئەو کاتەیە کە مارکەکان گرنگییەکی زۆر زیاتریان دەبێت .مارکە لوکسەکان ئەو بەرهەمانەیان بە گرانتر دەفرۆشن کە ناو یان لۆگۆی خۆیانی پێوە نییە. واتە ئەوانەی ئەندامێتییەکی تایبەتیان لە گروپەکاندا هەیە حوکم لەسەر بەهای کاڵایەک دەدەن بە پشتبەستن بەوەی ئاخۆ مارکەی ئەو کاڵایە دیارە یان نا. کەلوپەلە لوکسەکان سومبولن و پەیامی تایبەت دەربارەی ناسنامە، سەرکەوتن و پێگەی کۆمەڵایەتی بەوانی دیکە دەدەن، بەڵام ئەم پەیامانە مەرج نییە هەموو کات ئەوانە بن کە تاکەکان خوازیارن بیگەیەنن. ئەگەر ئەو کاڵایەیان کڕی کە بەهایان نزمە، هەرچەند ئەگەر مارکەش بن، قبوڵکردنیان لە ئەندامێتییان لە گروپدا سنووردار دەبێت(Nunes and Dreze, 2010) .

## ٩-بەبازارکردن(مارکێتینگ)

هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و کەلتووری باو ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشیدا هەیە. ڕیکلامەکان و تەنانەت پیشاندانی هەندێک بەرهەمی دیاریکراو لە فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانیشدا وا لە بەکارهێنەران دەکەن ئەو بەرهەمانە بە پێگەی بەرز، جیاوازبوون و خۆشگوزەرانییەوە ببەستنەوە. کەسە دیارەکانی ناو سۆشیال میدیاش کاریگەرییان هەیە، چونکە هانی خەڵک (گەنجان بە تایبەتی) دەدەن ئەو بەرهەمانە بکڕن کە خۆیان بەنگەشەیان بۆ دەکەن. لەم ڕێگەیەوە، کەسە دیارەکانی ناو سۆشیال میدیا بەهاکانی کۆمەڵگە دادەڕێژن. لەم کاتەدایە کە هەست بە کاریگەریی کەلتووری باو لەسەر دانیشتووانی گەنج دەکەین (Areiza-Padilla & Manzi Puertas, 2021) .

وێنەی مارکە و پەیوەستبوون بە مارکەوە دەرەنجامی هەوڵە ناڕاستەوخۆکانی بەبازارکردنن، هەرچەندە ئەم هەوڵانە وا خەریکە وردە وردە دەگۆڕین و ئەو هۆشیارییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییانەش لەخۆ دەگرن کە گرنگی بە بەردەوامی دەدەن . وەک دەبینین، کەسە بەناوبانگەکان، لەبەرئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر خەڵک هەیە، بۆ بانگەشەکردن بۆ هەندێک بەرهەمی لوکس بەڵام بەردەوام بەکاردەهێندرێن (Griskevicius, Tybur & van den Bergh, 2010). کڕینی ئەو کاڵایەی لە لایەن کەسایەتییەکی ناودارەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت هەستی بەئەستێرەبوون بە کەسی بەکارهێنەر دەبەخشێت و دەکرێت ئەمە هانی

خەڵک بدات کاڵایەکی گرانبەها بکڕن. ئەمە و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەردەوامی کارگەکان چینی گەنجان دەکەنە ئامانج و هانیان دەدەن بۆ ڕووکەش پارە خەرج بکەن. بەڵام بەڵگەی کەم هەیە نیشانی بدات کە لوکس و بەردەوامی یەکتر بگرنەوە (Alghanim & Ndubisi, 2022).

بەمدواییانە چەند هەوڵێک هەبوون بۆ دوورخستنەوەی گەنجان لە مۆدێلە هەرزانەکان و هاندانیان بۆ ڕووکردنە بەرهەمە گرانبەها و بەردەوامەکان. لە ڕابردوودا، خەڵک چەندێتییان لە چۆنێتی بەلاوە گرنگتر بوو، بۆیە قورسە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئەمە بگۆڕیت. بە ڕەچاوکردنی گرنگیی بەردەوامی، لە کاتی بەبازارکردنی بەرهەمە لوکسەکاندا زیاتر گرنگی بە مانەوەی کاڵاکە دراوە. هەروەها لە دروستکردنی مارکە لوکسەکان هەوڵ دراوە، لەڕێی بەکارهێنانەوەی ماددەکانەوە، گرنگیی زیاتر بە بەردەوامی بدرێت، بەڵام ئەمە کێشەیەکی درووست کردووە؛ بەکارهێنەران وا دەزانن کە کوالیتیی ئەو شمەکانە نزمترە و ئەوە نییە کە ئەوان دەیانەوێت. هەر ئەمەشە وای کردووە کە بەها کۆمەڵایەتی، کوالیتیی و ڕووکەشییەکان هانی بەکارهێنەران بدەن شتومەکی لوکسی بەردەوام بکڕن، بەڵام هێشتا بەها هەستییەکان بەکارهێنەران لە کڕینی ئەم شمەکانە سارد دەکەنەوە. ئەو شتومەکە لوکسانەی کە تایبەتمەندیی بەردەوامییان هەیە لەوانەیە هۆکار بن بۆ ئەوەی بەکارهێنەران لە لایەن خەڵکانی دیکەوە بە جۆرێکی جوان سەیر بکرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو چێژەش کەم دەکەنەوە کە بەکارهێنەران لەم جۆرە بەرهەمانە وەری دەگرن سەرەڕای ئەوەش، بەکارهێنەر هەیە ئارەزووی کڕینی شتومەکی لوکسی بەردەوام دەکات، بۆیە پێویستە بەبازارکردن زیاتر بایەخ بە گەیاندنی پەیامێک بدات کە لە خزمەت ئەمەدا بێت. هەروەهادەکرێت گەیاندنی ئەم پەیامە لەڕێی بانگەشەکردن بۆ جیاوازبوونەوە ئەنجام بدرێت، ئەمەش وا لە خەڵک دەکات زیاتر بایەخ بە ڕووکەش بدەن. (Dekhili, Achabou & Alharbi, 2019).

## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

**خشتەی (1)**

**ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ زانینی پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەدا**

| تەوەر | ناوەندە ژمێرەیی گریمانی | ناوەندە ژمیرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی | 20 | 48.50 | 11.172 | 44.179 | **0.000** | بەلگەدارە |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (299) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 1.97

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت و لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی و ناوەندەژمیرەیی هەژمارکراو گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی گریمانی کەواتە پاڵنەر هەیە بۆ بەکاربردنی ڕووکەشی. هەروەک چۆن(سورشتاین ڤبلن) لە کتێبی چینی بەختەوەر زاراوەی (بەکاربردنی ڕوکەشی) بەکاردەهێنێت کە مەبەست لەو بە هەدەردانەیە، کە تاک لە بەکاربردنی (دراو و نەخت و سەرمایەدا) بۆ بە دەستهێنانی کاڵایەک خەرجیدەکات کە لە ژیانیدا بەکاریان ناهێنێت و سودێکی مەعنەوی بۆ خاوەنەکەی نییە. بەڵکو ئەو کاڵایەی تەنها بۆ خۆنواندن و خۆچواندن بە کەسانی خاوەن پێگەی ناو کۆمەڵگە دەوێت، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تا خەڵکی بە تاکێکی چینی ئۆرستۆکرات و سەرمایەدار دایبنێن. ئەمەش دەرئەنجامی جیاکاری کۆمەڵایەتیە چونکە تاکی بەکاربەری ڕواڵەتکاری بە دوای ئەو ماف و پێگە کۆمەڵایەتییەوەیە کە چینی بەختەوەر بەهۆی سەرمایەکەی هەیەتی. هەر لەبەر ئەمەیە چینە هەژارەکان لە پیناو بەدیهێنانی خەونی بوون بە چینی سەرمایەدار و چینی باڵاو دەچنە نێو ململانێی بەکاربردنی ڕوکەشی. جا فشار و کاریگەری ئەم جۆرە لە بەکاربردن لەسەر چینی هەژاران هەرچەنێک بێت، ئامادەی ئەم ململانێیەن تا شادی و دڵخۆشی بوون بە چینی بەختەوەر ڕابگەیەنن، کە لە ڕاستیدا ڕوکەشیە و بەکاربردنێکی نا پێوستە. دەتوانین تیۆری (ڤبلن) بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا جێبەجێبکەین، لە بەر ئەوەی تایبەتمەندیەکانی چینی کۆمەڵایەتی تێدادەرکەوتوە، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت کەپەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان ڕەفتاری ئابوری و کۆمەڵایەتی بونیادی گروپ و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە تاڕادەیەک جیاکاری و پلەبەندی

کۆمەڵایەتی دروستکردووەو کاریگەری لەسەر دەرفەت و شێوازی ژیانکردن هەیە. کەواتە دەکرێت بڵێین لە کۆمەڵگەی کوردیدا کۆمەڵێک توێژی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە کە لەسەر بنەمای پلەبەندی و جیاکاری خۆیان لە توێژەکانی تری کۆمەڵگە جیاکردۆتەوە، هەروەها تیۆری ئەم بیرمەندە بە تەواوەتی پشتی پێدەبەسترێت لەم توێژینەوەیەدا، لە بەرئەوەی یەکێک لە چەمکە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە بەکاربردنی ڕوو کەشیە کە بەتەواوەتی لەم تیۆرەدا خراوەتەڕوو هەریەک لە تیۆرەکەی مارکس وماکس ڤیبەر وبۆردیۆ باسیان لەم چەمکە نەکردووە.

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دیارترین پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕوکەشیش، کرداری ئاماری (تحليل العاملي)مان بەکارهێنا، کە یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە دیاریکردنێکی وردتری پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی. خشتەی (2) ئەنجامی شیکاری فاکتەری بۆ پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕوکەشی (٨) فاکتەر دیاری دەکات، کە ڕێژەی جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو بۆ ئەم فاکتەرانە دەکاتە (66.883) (پاشکۆی (٢) خشتەی تەواوی ئەنجامەکان نیشان دەدات).

**خشتەی ( 2 )**

**بەهای تایبەتمەندی فاکتەرەکان و ڕێژەی جیاوازی شیکاری و جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو بۆ پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی**

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | پێگەی کۆمەڵایەتیم هاندەرە بۆ بەکارهێنانی کەلوپەلی گرانبەها. (٤) | 0.785 | 0.671 |
| ٢ | بڕێک لە داهاتەکەم ساڵانە بۆگۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵ خەرجدەکەم. (٢١) | 0.768 | 0.633 |
| ٣ | پلەو پێگەی کۆمەڵایەتیم ئەخوازێت کەبەشێک لە داهاتەکەم لە کڕینی جوانکاری وخۆڕازاندنەوە بەکاربهێنم. (٦) | 0.714 | 0.642 |

پاشان بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێکی وردتر بۆ شیکارکردنی فاکتەرەکان پشتمان بەو فاکتەرانە بەستووە کە بەها تایبەتمەندکراوەکانیان لە (٢) زیاترە و لە هەمان کاتدا پەیوەستن بە زیاتر لە دوو گۆڕاوەوە و دەتوانن شیکردنەوەی تەواو بدەنە فاکتەرە دەرچوەکان، لە ئەنجامیشدا تەنیا (٢) فاکتەر دەمێنێتەوە، کۆی جیاوازی شیکاریش بۆ ئەم دوو فاکتەرە (30.167)، دواتر ئەژماری پۆلبەندی تێرکراو بەکارهێنرا بۆ هەڵبژاردنی گۆڕاوەکان، بەجۆرێک هەر گۆڕاوێک بەهاکەی زیاتر لە (0.50) دەرچوبێت وەک کەمترین ئاست بۆ دیاریکردنی ئەو گۆڕاوانەی کاراو کاریگەرن لەڕووی ئامارییەوە دیاریکرا، لە خشتەکانی خوارەوەدا ئەو فاکتەرانە خراونەتە ڕوو، کە بەپێی تێربوونی بڕگەکان بۆ هۆکارەکان لە شیکردنەوەکەدا دەرکەوتون:

* فاکتەری یەک: بەهای تایبەتمەندی ئەم فاکتەرە (4.025) بەڕێژەی شیکاری (20.124)، ئەم فاکتەرە (٣) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەست بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری یەک نیشان دەدات:

**خشتەی (٣)**

**بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری یەک و بەهای تێربونیان**

| فاکتەرەکان | بەهای تایبەتمەندکراو | ڕێژەی جیاوازی شیکاری | ڕێژەی جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|
| 1 | 4.025 | 20.124 | 20.124 |
| 2 | 2.009 | 10.043 | 30.167 |
| 3 | 1.822 | 9.109 | 39.276 |
| 4 | 1.221 | 6.104 | 45.381 |
| 5 | 1.179 | 5.897 | 51.278 |
| 6 | 1.083 | 5.416 | 56.694 |
| 7 | 1.031 | 5.157 | 61.851 |
| 8 | 1.006 | 5.032 | 66.883 |

* فاکتەری دوو: بەهای تایبەتمەندی ئەم فاکتەرە (2.009) بەڕێژەی شیکاری (30.167)، ئەم فاکتەرە (٣) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەست بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری دوو نیشان دەدات:

**خشتەی (٤)**

**بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری دوو و بەهای تێربونیان**

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | پێگەی سیاسیم ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی پرۆژەی وەبەرهێن ئەنجام بدەم. (٥٣) | 0.813 | 0.731 |
| ٢ | بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەرسەردانی نە خۆشخانەکانی دەرەوەی وڵات دەکەم. (٥٨) | 0.783 | 0.668 |
| ٣ | ناجێگیری بارودۆخی سیاسی لە ناوخۆی وڵات وا دەکات وەبەرهێنان بکەم لە دەرەوەی وڵات. (٥٥) | 0.758 | 0.621 |

بەوجۆرەی لە خشتەکانەوە دەردەکەوێت، فاکتەری یەک هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و فاکتەری دوو هۆکارە ئابوری و تەندروستییەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئاماژە دەکات بۆئەوەی بە پلەی یەکەم هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پاڵنەری بەکاربردنی ڕوکەشین و بە پلەی دووەمیش هۆکارە ئابوری و تەندروستییەکان پاڵنەری بەکاربردنی ڕوکەشین. (ڤبلن) ، پێی وایە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە تاکەکانی تیدا دەژین هۆکار و پاڵنەری سەرەکیە بۆ ئەنجامدانی بەکاربردنی ڕووکەشی، چەندینهۆکارو پاڵنەر هەن کە ڕێگە بۆ بەکاربردنی ڕووکەشی خۆش دەکەن حەزی دانپیانانی کۆمەڵایەتی پاڵنەری سەرەکیە. زۆربەی خەڵک بۆیە کاڵای لوکس دەکڕن بۆ ئەوەی خاڵکانی تری ناو هامان گروپی کۆمەڵایەتی بیبینن. هاندێکی تری خالک هان کا کێبڕکێ دەکەن دەیانەوێت پیشانی بدەن کە هاوشانی خەڵکانی چواردەوریانن. ڕاکێشانی سەرنجی خاڵک بۆ پێگەو سامان و سەرکەوتن پلنەرێکی سەرەکی بەکاربردنی ڕووکەشیە.

ئامانجی دووەم: دەرخستنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی دیاردەی بەکاربردنی ڕووکەشی لە کۆمەڵگەی کوردیدا: بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجە، سەرەتا ئەو بڕگانەمان دیاری کرد کە تایبەتە بە هۆکارەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی، ئەوانیش بریتی

بوون لە بڕگەکانی (٩، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٥، ٢٦، ٣١، ٣٣، ٤٤، ٤٦، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٩) پاشان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (One Sample T-Test) کە ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو، دەگەینە ئەوەی ئایا بەکاربردنی ڕووکەشی بوونی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

**خشتەی (٥)**

**ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ زانینی بوونی هۆکارەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی**

| تەوەر | ناوەندە ژمێرەیی گریمانی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەلگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی | 19 | 44.92 | 9.752 | 46.033 | **0.000** | بەلگەدارە |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (298) ئاستی بەلگەداری (0.05) = 1.97 بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت و لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی و ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی گریمانی کەواتە هۆکار هەیە بۆ بەکاربردنی ڕوکەشی. (ڤبلن ) پێی وایە ئەوژینگە کۆمەڵایەتیەی کە تاکەکانی تێدا دەژین هۆکارو پاڵنەری سەرەکیە بۆئەنجامدانی بەکاربردنی ڕووکەشی، چەندین هۆکار و پاڵنەر هەن کە ڕێگە بۆ بەکاربردنی ڕووکەشی خۆش دەکەن. حەزی دانیشتوانانی کۆمەڵایەتیی پاڵنەری سەرەکییە. زۆربەی خەڵک بۆیە کاڵای لوکس دەکڕن بۆ ئەوەی خەڵکانی تری ناو هەمان گروپی کۆمەڵایەتی ببینن. هەندێکی تری خەڵک هەن کە کێبڕکێ دەکەن و ئەیانەوێت پیشانی بدەن کە هاوشانی خەڵکانی چواردەوریانن. لەڕێی پیشاندانی سامانەوە هەندێک کەس دەیانەوێت هەستی لەخۆڕازیبوونیان بەهێزتر بکەن. پاڵنەرەکانی تری وەک چاوەڕوانییە کەلتوورییەکانیش کاریگەرییان هەیە، جگە لەمانەش تەندرووستیی دەروونیش یەکێکە لە هۆکارەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی. ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ پێگە و سامان و سەرکەوتن پاڵنەرێکی سەرەکیی بەکاربردنی ڕووکەشییە.

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دیارترین هۆکارەکانی بەکاربردنی ڕوکەشی، کرداری ئاماری (تحليل العاملي)مان بەکارهێنا، کە یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە دیاریکردنێکی وردتری پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕووکەشی. خشتەی (٥) ئەنجامی شیکاری فاکتەری بۆ پاڵنەرەکانی بەکاربردنی ڕوکەشی (٦) فاکتەر دیاری دەکات، کە ڕێژەی جیاوازی شیکاری کەڵەکەبوو بۆ ئەم فاکتەرانە دەکاتە (66.883) (پاشکۆی (٣) خشتەی تەواوی ئەنجامەکان نیشان دەدات).

پاشان بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێکی وردتر بۆ شیکارکردنی فاکتەرەکان پشتمان بەو فاکتەرانە بەستووە کە بەها تایبەتمەندکراوەکانیان لە (٢) زیاترە و لە هەمان کاتدا پەیوەستن بە زیاتر لە دوو گۆڕاوەوە و دەتوانن شیکردنەوەی تەواو بدەنە فاکتەرە دەرچووەکان، لە ئەنجامیشدا تەنیا (٢) فاکتەر دەمێنێتەوە، کۆی جیاوازی شیکاریش بۆ ئەم دوو فاکتەرە (28.699)، دواتر ئەژماری پۆلبەندی تێرکراو بەکارهێنرا بۆ هەڵبژاردنی گۆڕاوەکان، بەجۆرێک هەر گۆڕاوێک بەهاکەی زیاتر لە (0.50) دەرچوێت وەک کەمترین ئاست بۆ دیاریکردنی ئەو گۆڕاوانەی کاراو کاریگەرن لەڕووی ئامارییەوە دیاریکرا، لە خشتەکانی خوارەوەدا ئەو فاکتەرانە خراونەتە ڕوو، کە بەپێی تێربوونی بڕگەکان بۆ هۆکارەکان لە شیکردنەوەکەدا دەرکەوتون:

* **فاکتەری یەک:** بەهای تایبەتمەندی ئەم فاکتەرە (3.371) بەڕێژەی شیکاری (17.743)، ئەم فاکتەرە (٣) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەست بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری یەک نیشان دەدات:

**خشتەی (٦)**

**بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری یەک و بەهای تێربونیان**

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | پلەو پۆستی سیاسیم کاریگەری هەیە لەسەر بەهەدەردانی داهاتم لە شتی ناپێویستدا. (٤٦) | 0.791 | 0.672 |
| ٢ | پێگەی سیاسیم وادەکات لەزۆرینەی باج و ڕوسوماتی حکومی بەخشرێم. (٤٩) | 0.783 | 0.628 |
| ٣ | پێگەی سیاسیم هۆکارە بۆ ئەوەی بەشێک لە داهاتم بۆ گەشت کردن خەرج بکەم. (٥٢) | 0.749 | 0.709 |

* **فاکتەری دوو:** بەهای تایبەتمەندی ئەم فاکتەرە (2.082) بەڕێژەی شیکاری (28.699)، ئەم فاکتەرە (٣) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، کە بەهای پەیوەست بوونی هەریەکێکیان زیاترە لە (0.50)، ئەم بەهایەش لە گۆڕاوەکاندا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە، ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕاوەکانی فاکتەری دوو نیشان دەدات:

**خشتەی (٧ )**

**بڕگەکانی تایبەت بە فاکتەری دوو و بەهای تێربونیان**

| ژ | بڕگەکان | بەهای پەیوەست بوونی گۆڕاوەکان | بەهای تێربونیان |
|---|---|---|---|
| ١ | پابەندم بە داب و نەریت وبەها کۆمەڵایەتیەکانەوە. (٩) | 0.731 | 0.589 |
| ٢ | بۆ کڕینی پێداویستی ڕۆژانەم سەردانی مۆڵ و مارکێتەکان دەکەم.(١٤) | 0.698 | 0.428 |
| ٣ | بۆ کات بەسەربردن سەردانی شوێنە گەشتیاریەکان دەکەم. (١١) | 0.515 | 0.605 |

بەوجۆرەی لە خشتەکانەوە دەردەکەوێت، فاکتەری یەک هۆکارە سیاسییەکان و فاکتەری دوو هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئاماژە دەکات بۆئەوەی بە پلەی یەکەم هۆکارە سیاسییەکان و بە پلەی دووەمیش هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری بەکاربردنی ڕوکەشین.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا توێژەرگەشتووە بەو ئەنجامەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا فاکتەری یەکەم هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان بە پلەی یەکەم دێت وەک هۆکارێکی پاڵنەری بەکاربردنی ڕووکەشی وهۆکارە ئابوری و تەندروستیەکانیش بە پلەی دووەم دێن لە کوردستان ئەم

هۆكارانەش لە ژینگەی كۆمەڵایەتی تاكەكاندا بوونی هەیە كە تیایدا دەژین. ڤبلن پێی وایە ژینگەی كۆمەڵایەتی كە تاكەكانی تێدا دەژین هۆكاری سەرەكیە بۆ بەكاربردنی ڕووكەشی جگە لە هۆكارەكانی تەندروستی و دەروونی كە دەبنە هۆكاری بە كاربردنی ڕووكەشی.

## پێشنیار

١-كاركردن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئابوری تاكەكان لە ڕێگای دەزگاكانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیاوە دەربارەی چۆنیەتی پلان دانا بۆ ئەو نەختەی كە دەستی دەكەوێت بەكارهێنانی لە كڕینی شمەكی پێویست و دوركەوتنەوە لە كڕینی ئەو كاڵالوكسانەی كە هیچپێویستیەک پڕناكاتەوە بۆ خاوەنەكەی.

٢- هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە لە ڕێگەی ئاین و پیاوانی ئایینیەوە بە تایبەت كۆمەڵگەی كوردی كە زۆرینەی موسڵمانن، ڕونكردنەوەی زیانەكانی زیادە ڕۆیی و بەهەدەردان كە بەپێی ئایینی ئیسلام قەدەغەكراوە.

٣-پەروەردە كردنی تاكەكان لە ڕێگەی خێزانەوە بە پەروەردەیەكی دروست و ڕاهێنان هەر لە منداڵیەوە لە سەر بە هەدەر نەدانی پارە لە شتی ناپێویستدا.

## ڕاسپاردە

١-توێژینەوەی بەردەوام لەم بوارەدائەنجام بدرێت تا بزانرێت هۆكارەكانی بەكاربردنی ڕووكەشی چین بەمەبەستی كۆنترۆڵكردنی.

٢-پێویستە حكومەت و دەستەی نەزاهە چاودێر بێت بەسەر ئەو كەسانەی كە دەسەڵات وەردەگرن وە بەراوردكردنی داهاتی خەزنكراوی ئەم كەسانە پێش چونە دەسەڵات ودوای كۆتایی هاتنی دەسەڵاتەكەیان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە پەرەسەندن و بەرزبونەوەی دیاردەی بەكاربردنی ڕووكەشی لە كۆمەڵگەی كوردیدا.

## سەرچاوەكان


**عەرەبی :**

الحسـن، احسـان محمـد و عبـد الحسـين زينـي (١٩٨٢) :الاحصا ءالاجتماعی،الموصل، دارالکتب للطباعه والنشر .

وجيه محجوب، طرقا البحث العلمی ومناهجه ١٩٨٨، ص١٣٥

ايمن محمود محمد عبدالعال، مجله دراسات فی الخدمه الاجتماعيه (٢٠٢٢)، العدد (٥٧) الموقع الاکترونی https//jsswh.journals.ekb.eg

لحسن ،أحسان محمد (١٩٩٩)مناهج البحث الاجتماعي.ط1. دار وايل للنشر والتوزيع

**ئینگلیزی:**

Alghanim, S. & Ndubisi, N.O. (2022). The Paradox of Sustainability and Luxury Consumption: The Role of Value Perceptions and Consumer Income. Sustainability. 14(22),14694.

Alicke, M. (2007). In Defence of Social Comparison. Revue internationale de psychologie sociale, 20, 11-29.

Amaldoss, W. & Jain, S. (2005). Conspicuous consumption and sophisticated thinking. Management Science, 51 (10), 1449-1466

Areiza-Padilla, J.& Manzi Puertas, M. (2021). Conspicuous Consumption in Emerging Markets: The Case of Starbucks in Colombia as a Global and Sustainable Brand. Frontiers in Psychology, 12

Bronner F. & de Hoog R. (2019). Comparing conspicuous consumption across different experiential products: Culture and leisure. International Journal of Market Research, 61, 430–446.

Bryman, A. (2008). Social research methods. Oxford university press.

Charles, K. K., E. Hurst, and N. Roussanov (2009). Conspicuous Consumption and Race, The Quarterly Journal of Economics, 124(2), 425–467.

Christen, M. & Morgan, R. (2005). Keeping up with the Joneses: Analyzing the effect of income inequality on consumer borrowing. Quantitative Marketing and Economics, 3 (2), 145-173

Corneo, G. & Jeanne, O. (1997). Conspicious consumption, snobbism and conformism. Journal of Public Economics, 66, 55-71.

Corneo, G. & Jeanne, O. (1997). Conspicious consumption, snobbism and conformism. Journal of Public Economics, 66, 55-71

Dekhili, S., Achabou, M.A. & Alharbi, F. (2019). Could Sustainability Improve the Promotion of Luxury Products? European Business Review, 31, 488–511

Dijkstra, P., Gibbons, F. X., & Buunk, A. P. (2010). Social comparison theory. In J. E. Maddux & J. P. Tangney (Eds.), Social psychological foundations of clinical psychology (pp. 195–211). The Guilford Press.

Dubois, B., Czellar, S., & Laurent, G. (2005). Consumer segments based on attitudes toward luxury: Empirical evidence from twenty countries. Marketing Letters, 16(2), 115-128.

Goldsmith, R., Flynn, L. and Eastman, J. (1996). Status consumption and fashion behaviour: An exploratory study, Association of Marketing Theory and Practice Proceedings, Hilton Head, SC, 309–316.

Griskevicius, V., Tybur, J. M. & Van den Bergh, B. (2010). Going green to be seen: status, reputation, and conspicuous conservation. Journal of Personality and Social Psychology, 98, 392–404

House, R. J., Hanges, P. J., Javidan, M., Dorfman, P. W., & Gupta, V. (Eds) (2004), Culture, leadership, and organizations. The GLOBE study of 62 societies. Thousand Oaks, CA: Sage.

Kaus, W. (2013). Conspicuous consumption and "race": Evidence from South Africa, Journal of Development Economics, 100 (1), 63-73

Khan, M. (2006). Consumer Behaviour and Advertising Management. New Age International.

Krahmer, D. (2006). Advertising and Conspicuous Consumption. Journal of Institutional and Theoretical Economics (JITE), 162 (4), 661-682

Lautiainen, T. (2015). Factors affecting consumers' buying decision in the selection of a coffee brand. Unpublished Bachelor's dissertation, Saimaa University of Applied Sciences, Finland

Mason, R. (1981) Conspicuous Consumption: A Study of Exceptional Consumer Behaviour, New York: St. Martin's Press

Nelissen, R. M., & Meijers, M. H. (2011). Social benefits of luxury brands as costly signals of wealth and status. Evolution and human behavior, 32(5), 343-355.

Pybus, K., Power, M., Pickett, K. & Wilkinson, R. (2022). Income inequality, status consumption and status anxiety: An exploratory review of implications for sustainability and directions for future research, Social Sciences & Humanities Open, 6 (1), 100353

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی بتوانرێت، ڕووبەری سەوزایی شار بکرێتە بەشێکی سەرەکی لە پلاندانانی شاردا، بەجۆرێک هاوشێوەی هەر جۆرێکی تری بەکارهێنانی زەوی پانتایی پێویستی بۆ دابینبکرێت.

### میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوە کۆمەڵێک ئامراز وشێوازو نەخشەڕێگای تەکنیکی دەگرێتەوە، لە توێژینەوە زانستیەکاندا بەکاردێن، هیچ توێژینەوەیەک بەپێی پەیڕەوکردنی میتۆدێک یان زیاتر ئەنجامنادرێت، کەواتە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد پێویستدەکات چەند میتۆدێک پەیڕەوبیکەین. میتۆدی مێژوویی لە گرنگترین میتۆدەکانی توێژینەوەکەیە، کاری ئەم میتۆدە ئەوەیە لەڕێگەی چاودێریکردن لەدوورەوە ئەو گۆڕانکاریانەی بەتێپەڕبوونی کات لەڕووبەری سەوزایی شارەکەدا ڕوویانداوە بخاتەڕوو. هەروەها (میتودی پەسنی-شیکاری) بۆ وەسفکردنی ڕووبەری سەوزای لە شارەکەدا بەکاربراوە. جگە لە میتۆدی شیکاری کە بەگوێرەی داتا و ژمارە شیکردنەوەی پێویست بۆ داتا ڕووبەرییەکان دەکات. هەروەها (میتۆدی بەراوردکاری) یەکێکی تر لەمیتودەکان پێکدەهێنێت، تیایدا ڕێژەی سەوزایی ناوچەی توێژینەوە لە سێ دەیەی جیاوازدا بەسودوەرگرتن لەوێنەی مانگە دەستکردەکان بەراورد دەکات.

### سنووری توێژینەوە

شوینگەی فەلەکی شاری کەلار؛ لە نێوان بازنەکانی پانیی (″٠٩ ′٣٥ °٣٤) بۆ (″١٦ ′٤٠ °٣٤)ی باکووری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژیی (″١١ ′١٦ °٤٥) بۆ (″٥٧ ′٢١ °٤٥)ی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی هەڵکەوتووە. دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوپەڕی باشووری سنووری قەزای کەلاروەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کورستان و بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هاوسنوورە، ئەمەش گرنگییەکی یەکجار زۆری لەڕووی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێبەخشیوە.

نەخشەی (1)
ناوچەی توێژینەوە و شوێنگەی جوگرافییەکەی




سەرچاوە: کاری توێژەران

شارەکە لە (٣٣) گەڕەک و پشتێنەیەکی سەوزایی پێکهاتووە، کۆی گشتیی ڕووبەری سنووری شارەوانیی کەلار بریتیە لە (١٩،٤) کیلۆمەتر چوارگۆشە، لەڕۆژهەڵاتییەوە ڕووباری سیروان بەدرێژیی (١٢،٥کم) سنووری لەگەڵ شارەکەدا هەیە، ئەم ڕووبارە گرنگییەکی زۆری لەڕووی (ئابووی، ژینگەیی، گەشت وگوازری)ـەوە پێبەخشیوە. (لە نەخشەی ١ بڕوانە)

### ماوەی توێژینەوە

زانیاری و داتاکانی ڕووبەری سەوزایی لە ساڵانی (٢٠١٠) و (٢٠١٦) و (٢٠٢٢) وەرگیراوون، پاشان بەراوردیان کراوە.

### توێژینەوەی پێشتر

زۆربوونی دیاردەی پیسبوون، گۆڕانکاریی ئاووهەوا و بەشاربوونی جیهان، وەک کۆمەڵە هۆکارێک لە زۆربوونی توێژینەوەکانی بواری ڕووبەری سەوزاییدا بەشداربوون، لەئێستادا ژمارەیەکی بەرچاوی توێژینەوە لە سەرانسەری جیهاندا لەسەر ئەم بابەتە کاریانکردووە، بەشێکیان بایەخ و گرنگیی ڕوبەری سەوزایی یاخود ئاراستەی گۆڕانی ڕووبەری سەوزاییان لەگەڵ زیادبونی ژمارەی دانشتواندا وەرگرتووە، بەشێکی تریان لەبواری یەکسانیی دابەشبوونی ڕرووبەری سەوزاییان کۆڵیوەتەوە، بەگشتی بەشێک لەو توێژینەوانە، ئەمانەن:

توێژینەوەی (ڕزگار هەنارەیی، ڕۆژان صباح) لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی جوگرافیی دابەشبوونی ڕووبەری سەوزایی لە شاری سۆران) بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی لەشارەکە و شیکردنەوەی شێوازی دابەشبوونی ڕووبەری سەوزایی کاریانکردووە.

هەروەها (مقداد جميل محمد، محمد يونس احمد، ٢٠١١) لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (کاریگەریی ناوچە کراوە سەوزەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە موسڵ) هەستاون بە دابەشکردنی شاری موصل بۆ چوار ناوچە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەوزایی لەو ناوچانەدا، پاشان دیاریکردنی ژمارەی دانشتوانی ئەو ناوچانە، تیایدا بە چەند خاڵێک گەشتوون، گرنگترینیان تەرخانکردنی ناوچەی سەوزایی لە پلانی بنەڕەتی بۆ ساڵی ٢٠٣٠ لە شاری موسڵ پێشنیارکراوە، بە پێی ستانداردی گونجاو بۆ هەر

کەسێک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناوچە سەوزانەی کە لە بەکارهێناندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، کە بووە هۆی کەمبی ڕووبەر و ڕێژەی سەوزایی ئەو ناوچانە لە شارەکەدا.

توێژینەوەی (د.عباس الزعفراني، ٢٠٠٠) بە ناونیشانی (بارودۆخی ئێستای ناوچە سەوزەکان لە قاهیرەی گەورە، بە بەراورد لەگەڵ ستانداردەکانی پلاندانان و مەرجە نێودەوڵەتییەکان) کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتوە بە وەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بۆ پشکی سەرتاسەری ڕووبەرە سەوزەکان لە نێوان ١٠-١٨ مەتر چوارگۆشەدایە، پشکی سەرتاسەری ڕووبەری سەوزایی، ناوچە سەوزکراوەکانی قاهیرە نزیکەی،١,٥ مەتر چوارگۆشەیە. کەواتە قاهیرە بەدەست کورتهێنان و دابەشکردنی سەوزاییەوە دەناڵێنێت بەجۆرێک گەڕەک هەیە کە پشکی سەرتاسەری تێیدا تەنیا (٠,١م٢).

لە ساڵی 2015 وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوویەکانی حکومەتی هەرێم پرۆژەی خەملاندنی ڕووپۆشی ڕووەکی لە هەرێمی کوردستاندا خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئامانجی ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە خەملاندن و نەخشەسازی ڕووپۆشی ڕووەکی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانیGIS و Remote Sensing.

توێژینەوەی (سید رسولی و هاوکارەکانی، ٢٠١٦) بە ناونیشانی (پێداچوونەوەی چۆنایەتی بە پەرەپێدانی پارکەکانی شار و شوێنە سەوزەکانی شار لە باشکردنی بەکارهێنانی لەلایەن هاوڵاتیانەوە لە شاری ساری) ئەم توێژینەوەیەی بە ئامانجی زانینی بۆچوونی هاووڵاتیان سەبارەت بە گەشەپێدانی چۆنایەتی پارکەکانی شار ئەنجامدراوە، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆر و بڕی خواست لەسەر شوێنی کراوە و پانتاییەکانی کاتبەسەربردن.

توێژینەوەی (Elizelle Juaneé Cilliers) بە ناونیشانی (گرنگی پلاندانان بۆ فەزا سەوزەکان ٢٠١٥)، جەخت لەسەر ئەوە دەدەکاتەوە، کە توێژینەوەکانی ئەم دواییە پێویستی دابینکردنی فەزای سەوز دەسەلمێنن، لە ڕووی ئەو سوودە کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، تەندروستی و ئابوورییانەی کە ئەم جۆرە پانتاییانە پێشکەشی کۆمەڵگاکانی (شار و گوندەکان)ی دەکەن، لەگەڵ پەیوەندییە سەرەکییەکان بۆ بەردەوامیی و بەرزکردنەوەی کوالیتی ژیان. بەتایبەت دوای زیادبوونی شارنشینی کە فشار دەخاتە سەر پانتاییەکان بۆ گەشەپێدان، ئەم توێژینەوەیە گرنگی پلاندانان بۆ ڕووبەری سەوزایی لەڕووی ئەو سوودە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی کە پێشکەشی کۆمەڵگاکانی دەکات، لەڕێگەی ڕێبازی گەشەپێدانی درێژخایەنەوە.

## تەوەری یەکەم
## زاراوەی ڕووبەری سەوزایی شار و جۆر و گرنگییەکانی

### ١-١- زاراوەی ڕووبەری سەوزایی شار

زاراوەی "ڕووبەری سەوزایی شار" زیاتر لە نیو سەدەیە لە فەرهەنگ و ئەدەبی پلاندانانی شاردا لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت، بۆیە واتا و تێگەیشتنی فراوانی هەیە **(حمیدی، ٢٠٢١: ٤٤٠)**، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووبەرە کراوانەی شارەکان، کە بە ڕووەک و سەوزایی داپۆشراون، هەریەک لە پارک، باخچە، دارستان و ناوچە سەوزاییە سروشتییەکانی تر، لە نموونەی ڕووبەری سەوزایی شارەکانن. ئەم ڕووبەرانە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگن، لەوانە دابینکردنی شوێنی کات بەسەربردن بۆ دانیشتووان، باشترکردنی کوالیتی هەوا، کەمکردنەوەی کاریگەری دوورگەی گەرمیی شارەکان، پاڵپشتی جۆراوجۆریی زیندەوەران دەکەن و خۆشگوزەرانی گشتی بەرەوپێشدەبەن. چەندێتیی ڕووبەر و دابەشبوونی ناوچە سەوزەکان لە ناو شاردا، ئاراستەی جیاواز و نابەرابەر لە ئاست هەریەک لە پرسەکانی پلاندانانی شار، چڕی دانیشتووان، شێوازی گەشەسەندنی مێژوویی و ڕەچاوکردنی ژینگە دروستدەکەن. هەندێک لە شارەکان هەوڵدەدەن ڕووبەرە سەوزەکان لە ناو بەکارهێنانی زەویی شاردا پێکەوە پەیوەستبکەن، بۆ ئەم مەبەستە سیستەمی پارک و شەقامی دارستانی فراوانیان هەیە، لە کاتێکدا هەندێکی تر لەشارەکان ڕەنگە بەهۆی خێرایی گەشەی شارنشینی یان جەنجاڵی و کەمبی ڕووبەری کراوەوە پانتایی سەوزایی کەمتریان هەبێت ( **Okilj and others, 2023: 2**).

یاخود ڕوبەری سەوزایی شار، جۆرێکی بەکارهێنانی زەوی شارەکانە و بە ڕووپۆشی ڕووەکی داپۆشراوە، هەم لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی هەم لەڕوانگەی ئیکۆلۆجیەوە سودێکی یەکجار زۆری هەیە. لەڕوانگەی پلاندانەرانی شارەوە ڕووبەری سەوزایی فاکتەرێکی گرنگی ژیانی شارەکانە، کە لەگەڵ جەستەی بێ گیانی شاردا پێکەوە پێکهاتەی مۆرفولوژی شار دیاریدەکەن. لەجۆرەها ڕووەک پێکهاتوون، ڕووبەرێکی تاڕادەیەک گەورەیە و کاریگەریی تایبەتی ژینگەیی هەیە، زۆرجار بە کاڵای خزمەتگوزاریی ژینگەیی یان ئیکۆلۆجی ناودەبرێت، کە پێشکەش بەشارو ژینگە دەکرێن، هەروەها لەڕوانگەی ژینگەییەوە ڕووبەرێکە لەڕووەک پێکدێت و کاریگەری ئیکۆلۆجی دیاریکراوی هەیە، بە چەشنێک لەگەڵ ئەو باردوخە ژینگەییەی لەشارەکەدا زاڵە بگونجێت **(یاری پور، 2016: 40)**. بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە ڕووبەری سەوزایی پارک و باخچەی کراوەو باخچەی داخراو باخ و ناوچەی کشتوکاڵی دەگرێتەوە، بەشدارییەکی سەرەکی لە خۆشگوزەرانی مرۆڤ لە ناوچە شارنشینەکاندا دەکات، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەوڵێکی هەمەلایەن هەبێت تاکو لەگەڵ فراوانی بەردەوامی شارەکاندا دابینبکرێت و بپارێزرێت **(حاتمی نژاد، ٢٠١٢: ٢٧)**.

### ١-٢- پۆلێنکردنی ڕووبەری سەوزایی

ڕووبەری سەوزایی شارەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ چەند گروپێکی جیاواز پۆلێندەکرێن، لەسەر بنەمای قەبارە، شوێنی جوگرافی **( Jose G Vargas Hernande, 2023: 2)**، یاخود بنەمای خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت یان لەسەر بنەمای بەکارهێنان، یان لەسەر بنەمای ئەو ئەرکەی ڕووبەری سەوزاییەکەی بۆ دروستکراوە، واتە بۆ کام مەبەستی ( بەرهەمهێنان، خۆشگوزەرانی، دیمەنی جوان) بووە **(هشام العبد الديراوي، ٢٠١٣: ٥٥)**، ڕووبەری سەوزایی شارەکان لەسەر بنەمای خاوەنداریتی و بەکارهێنانیان بۆ چەند بەشێک دابەشدەبن، بەشێکیان ڕووبەری سەوزایی گشتین، کە گرنگترین بەشی ڕووبەرە سەوزاییەکانی شارن، سودوەرگرتن لەڕووبەری سەوزایی گشتی بۆسەرجەم گروپە کۆمەڵایەتیەکانە بێ بەرانبەر، بۆیە بەهایەکی گرنگی کۆمەڵایەتیان هەیە، لەڕاستیدا پێویستە لەکاتی پلاندانادا دیزاین و پلان بۆ ڕووبەری سەوزایی لەبەرچاوبگیرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی لێیان بەرزکردنەوەی کوالێتی شارەکانە. زۆرجار لە (دارستانی شار، پارکەکان، باخچەی شارەکان) پێکدێن **(سعید ملکی، ٢٠١٩: ٤)**، ئەمانە ئەرکی کۆمەڵایەتیان هەیە و لەلایەن خەڵکی گشتیەوە بۆ کۆبونەوە بەکاردێن. هەروەها بەشێکی تریان ڕووبەری سەوزایی نیمچە گشتن، ئەم جۆرە لەڕووبەری سەوزایی بەکارهێنانەکانی بەپێی ڕووبەری سەوزایی گشتی کەمترو سنوردارترن. ئەمیش ڕووبەری سەوزایی نەخۆشخانە و فەرمانگە حکومی و هاوشێوەکانی تری لەم جۆرەن **(امید مبارکی، ٢٠١٨: ٤)**. هەروەها بەشێکی تریان سەوزایی و باخچەی تایبەتن، وەک لەناوەکەیاندا

دەردەکەوێت ئەم جۆرەیان هیچ بەکارهێنانێکی گشتیان نیە و تەنیا لەلایەن خاوەنەکانیان یان کەسانی پەسەندکراوەوە بەکاردەهێنرێن. سادەترین نمونەش ئەو جۆرە باخچانەیە لەزۆربەی ماڵەکاندا دەبینرێت، بۆیە بەشێکی زور لەڕووبەری سەوزایی شارەکان پێکدەهێنن. **(سید حسن رسولی، ٢٠١٦: ٦)**. تەنانەت ڕووبەری سەوزی شەقام و ڕێڕەوەکان بەشێکی تری سەوزاییەکان پێکدەهێنن، ڕووبەرێکی تەسکیان هەیە لە سەر ڕێگای پیادە و نێوان شەقامەکان یان لە لێواری ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگا و شەقامە داخراوەکاندا هەن، گرنگییەکی یەکجار زوریان لەڕووی زیندویی شەقام ڕووبەری شارەکانەوە هەیە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ڕووبەری سەوزایی سەنتەری شارەکان لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانەوە بەم شێوەیە ی خوارەوە پۆلێن کراوە:

**خشتەی (١)**
**جۆر و تایبەتمەندیی ڕووبەری سەوزایی ناو شارەکان لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | جۆری ڕووبەری سەوزایی | تایبەتمەندی ڕووبەری سەوزایی |
|---|---|---|
| ١ | باخچەی گەورە | ڕووبەرەکەی لە ٥٠٠٠٠م$^{٢}$ زیاترە |
| ٢ | باخچەی بچوک | ڕووبەرەکەی لە ٥٠٠٠٠م$^{٢}$کەمترە |
| ٣ | سەوزایی نێوان شەقامەکان | سەوزایی نێوان شەقامە سەرەکییەکان دەگرێتەوە |

**سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠٢٣)، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، زانیاریی بڵاونەکراوە.**

### ١-٣- سود و گرنگییەکانی ڕووبەری سەوزایی

سەوزاییەکانی شار؛ کۆمەڵێک سود و بەهای گرنگیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە، لە گرنگترینیان:

#### ١-٣-١- تەندروستیی جەستەیی و دەروونی:

ڕووبەری سەوزایی شارەکان؛ دەرفەت بۆ چالاکییە جەستەییەکانی وەک پیاسەکردن، ڕاکردن، وەرزشی بەیانیان یان پاسکیلسواری، دەڕەخسێنن، هەموو ئەمانە دەتوانن لە بەرەنگاربوونەوەی کەم جوڵەیی و بەرەوپێشبردنی تەندروستی جەستەیدا یارمەتیدەرین **(A.C.K. Lee, 2010: 2)**. جگە لەوەش دەرکەوتووە کە بەسەربردنی کات لە سروشتدا فشار و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی کەمدەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتربوونی تەندروستی دەروونی **(Mira Lehberger, 2020: 2)**. دروستکردنی شوێنی سەوزایی لە دەوروبەری نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی خوێندن کەشوهەوا پاک دەکاتەوە، جگە لە جوانی دیمەن و دەرکەوتەکەی، کە ئاسوودەیی و ئارامی بۆ ڕۆح دەهێنێت. **(بوقرة شهر، ٢٠١٨: ٢٥)**.

#### ١-٣-٢- سودی کۆمەڵایەتی

ڕووبەری سەوزایی شارەکان وەک شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوانی شار ڕۆڵدەبینن، کە کارلێکی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە سەربەخۆیی و ئاسوودەیی دەروونی لای دانیشتووان دەچەسپێنن. هەروەها شوێنی چالاکییە وەرزشییەکان و سەیران و بۆنە کولتوورییەکان دابیندەکەن، هاوشاریان کۆدەکەنەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزدەکەن. هەروەها لەڕێگەی تێکەڵاویی چین و توێژ و تەمەنی جیاوازەوە دەتوانن یەکسانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش ببەن **(xiaolu zhou, 2012; 3)**. تەنانەت دەرکەوتووە ئەو کەسانەی لەفەزای سەوزدا کاردەکەن یان زۆرترین کات بەرکەوتنیان لەگەڵیان دەبێت، شەڕانگێزی و توندو تیژیان بەراورد بەکەسانی تر کەمترە. جگە لەوەی هەندێ توێژینەوە دەریانخستوە تاوان بەڕێژەی ٥٠٪ کەم دەکەنەوە **(D.E Aldous, 2007; 5)**.

#### ١-٣-٣- سودی ژینگەیی:

ناوچە سەوزەکان لە ڕوانگەی ژینگەییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە کاردەکەن بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجین و کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو گازانەی کە لەلایەن پیشەسازییە قورسەکان و بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکانەوە دەردەچن، بەتایبەت دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە تێیدا گازی دووەم ئۆکسیدی بۆ بەرهەمهێنانی گازی ئۆکسجین بەکاردەهێنێت، هەروەها هەوا لە تۆز پاکدەکاتەوە، جگە لە نوێکردنەوە و نەرمکردنی بەرگەهەواو کەمکردنەوەی پیسبوون بە ژاوەژاو لە ڕێگەی هەواگۆڕکێیەوە **(سوسن صبیح حمدان، ٢٠١٧: ٤)**، تەنانەت کاریگەریی لەسەر جۆراوجوریی زیندەوەرەکان هەیە، دەبێتە دابینکەری پەناگە بۆ ئە وجۆرانەی لە شارەکاندان و بەبێ بوونی ڕووبەری سەوزایی کۆچدەکەن، یان لەناودەچن **(Elizelle Juaneé Cilliers, 2015; 2)**.

#### ١-٣-٤- سودی ئابووری:

ڕووبەری سەوزایی دیوێکی ئابووری و بازرگانیشی هەیە، جگە لە کاریگەرییەکانی لەسەرلایەنی تەندروستی و ژینگەیی، سودێکی باش بە لایەنی ئابووری دەگەیەنن، چونکەهەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چالاکییە ئابوورییەکانی پەیوەست بەو ڕووبەرە سەوزانە دەڕەخسێنێت، ئەمە جگە لەو داهاتەی کە بۆ شار و دەوڵەت دروستی دەکات **(هشام العبد الدیراوي، ٢٠١٣: ٥٠)**، ناوچە سەوزەکان سوود و قازانجی ئابوری بۆ شارەکان دروستدەکەن، بەهای موڵک و ماڵ بەرز دەکەنەوە، گەشتیار و سەردانکەران ڕادەکێشن و ئابووری ناوخۆیی لەڕێگەی خەرجکردن بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و خواردن و چالاکییە وەرزشییەکان بەرزدەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی ناوچە سەوزەکان دەتوانن وەبەرهێنان و بازرگانییەکان ڕابکێشن، کە بەهای ژینگەیەکی سەوز و بەردەوام لە ڕاکێشانی بەهرەمەندەکاندا بەشار دەدات **(Arvanitidis and others, 2009: 146)**.

#### ١-٣-٥- گرنگی کەشوهەوا:

ڕووپۆشی ڕووەکی و جۆرە جیاوازەکانی؛ کاریگەریان لەسەر کەشوهەوای ناوخۆیی شار (Micro Climates) هەیە، بەو پێیەی ئەم ڕووەکانە ڕۆڵێکی کاریگەر لە لاوازکردنی تیشکی خۆر بەگوێرەی چڕییان دەگێڕن، تیشکدانەوە بە ڕێژەی ٨٦٪ کەم دەبێتەوە بە بەراورد بەو شێوەیەی کە لە چوارگۆشە و کێڵگە کراوەکاندا هەیە. زانراوە کە ڕووپۆشی دارێکی سەوز دەبێتە هۆی جۆرێک لە ڕێگری میکانیکی لە جوڵەی هەوا کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەوتی هەوا لە ڕووی هێز و ئاراستە و خێراییەوە **(باقر حسن هاشم، ٢٠٠٣: ٣)**.

## تەوەری دووەم
## ڕووبەری سەوزایی لەشاری کەلار (ڕەهەندی کاتی)

بە پشتبەستن و وردبوونەوە لە وێنەی مانگە دەستکردەکان و سود وەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەلار، گۆڕانکارییەکی زۆر لە ڕووبەری سەوزایی شارەکەدا بەدیدەکرێت، ئەم گۆڕانکارییانە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٢) ئاراستەیەکی ئەرێنیان هەبووە. لەم توێژینەوەیدا ئاراستەی گۆڕانکاریی ڕووبەری

سەوزایی لەشاری کەلار دیاریکراوە، لە دیاریکردنەکەدا بەراوردی داتای ڕێژەی سەوزایی (سێ ماوە) کراوە، کە بریتین لە ساڵانی (٢٠١٠، ٢٠١٦، ٢٠٢٢)، کە بە ئاماژەوەری (NDVI) لەڕێگەی بەرنامەی (ArcGIS10.8.2) هەژمارکراوە. "بە گوێرەی پێوەری دیاریکردنی جیاوازیی ڕووپۆشی ڕوەکی" ڕووبەری سەوزایی لە ناوچەی توێژینەوە بۆ چوار پۆل دابەشکراوە، ئەوانیش بریتین لە: ڕووبەری سەوزایی چڕ، ڕووبەری سەوزایی مامناوەند، ڕووبەری سەوزایی کەم، ناوچەی ڕووتەن.

ئەوەی لە نەخشەی (٢) و خشتەی (٢)دا خراوەتەڕوو، دەربدەخات ڕێژەی سەوزایی لە ساڵی (٢٠١٠) نزیکەی (١%)ی هەموو ڕووبەری شارەکە بووە، دواتر لە ساڵی (٢٠١٦)دا بۆ نزیکەی (٨,٥%) زیادیکردووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٢)دا دیسانەوە بۆ (١٣,٣٧%) زیادیکردووە.

**خشتەی (٢)**

**ئاراستەی گۆڕانکاریی ڕووبەری سەوزایی شاری کەلار لە ماوەکانی توێژینەوەدا**

| Class | | NDVI | Landsat5 20100718 | | Sentinel-2 L2C 20160723 | | Sentinel-2 L2A 20220722 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | Area (m²) | Area (%) | Area (m²) | Area (%) | Area (m²) | Area (%) |
| 1 | Dense vegetation | 0.6 to 1 | 0.00 | 0.00 | 6,300 | 0.04 | 94500 | 0.49 |
| 2 | Moderate vegetation | 0.4 to 0.6 | 11,700 | 0.08 | 150,300 | 0.87 | 374,400 | 1.96 |
| 3 | Sparse vegetation | 0.2 to 0.4 | 134,100 | 0.90 | 1,306,800 | 7.55 | 2,083,500 | 10.91 |
| 4 | No vegetation | -1 to 0.2 | 14,706,900 | 99.02 | 15,842,700 | 91.54 | 16,544,700 | 86.63 |
| Total | | | 14,852,700 | 100.00 | 17,306,100 | 100.00 | 19,097,100 | 100.00 |
| Green Space % | | | | 0.98 | | 8.46 | | 13.37 |

**سەرچاوە: نەخشەی (٢)**

بەگوێرەی جۆرەکانی سەوزای؛ ڕێژەی ڕووبەری **سەوزایی چڕ** لەساڵی (٢٠١٠) (0م²) بووە، دواتر لەساڵی (٢٠١٦)دا بۆ (٠,٠٤٪) زیادیکردووە، دوای ئەوەی ڕووبەرەکەی بووەتە (٦٣٠٠م²)، دواجار لەساڵی (٢٠٢٢)دا بۆ نزیکەی (٩٤٥٠٠م²) زیادیکردووە، بەمەش ڕێژەکەی بۆ نزیکەی (٠٥٪) بەرزبووەتەوە. ڕووبەری **سەوزایی مامناوەند** لە ساڵی (٢٠١٠) بەڕووبەری (١١٧٠٠م²) ڕێژەی (٠,٠٨٪)ناوچەی توێژینەوەی گرتوەتەوە. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی بۆ (١٥٠٣٠٠م²) زیادیکردووە و ڕێژەکەی بووەتە (٠,٨٧%). لە کۆتا ماوەی توێژینەوەکەدا واتە لەساڵی (٢٠٢٢)دا ڕێژەکە بۆ (١,٩٦%) هەڵکشاوە، پاش ئەوەی ڕووبەرەکەی بۆ (٣٧٤٤٠٠م²) زیادیکردوە. سەبارەت بە ڕێژەی ڕووبەری **سەوزایی** **کەم** لە هەرسێ ماوەکەدا دیسانەوە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی لە (٠,٩%)ەوە بۆ (٧,٥٥%) و لە کۆتایدا بۆ (10.91%) بەرزبووەتەوە. دوای ئەوەی ڕووبەرەکەی لە (١٣٤١٠٠م²) لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە بۆ (١٣٠٦٨٠٠م²) لەساڵی (٢٠١٦)، دواتر بۆ (٢٠٨٣٥٠٠م²) لەساڵی (٢٠٢٢) زیادیکردووە.

**نەخشەی (٢)**

**گۆڕان لە ڕووبەری سەوزایی شاری کەلار بەگوێرەی ماوەکانی توێژینەوە**




**سەرچاوە: کاری توێژەران**

هارمۆنیەتی ڕوودانی گۆڕان لە ڕێژەی جۆرەکانی سەوزایی و ڕووبەرە ناسەوزەکانی تری شارەکە لە شێوەی (١)دا بەدەردەکەوێت، بەوەی لەگەڵ تێپەڕینی کات و تەرخانکردنی پانتایی زیاتر بۆ ڕووبەری کراوە لە شارەکە، هەروەها هەستکردن بە گرنگیی ڕووەک و سەوزایی لەلایەن شارنشینانەوە، سەوزاییەکان بوژانەوە بەخۆیانەوە دەبینن، هاوشێوەی چڕۆکردنی لقی ڕووتەنی درەختێک لەوەرزی بەهاردا، ئامادەکاری بۆ دەرکەوتنی ڕەنگی سەوزی گەڵاکان دەکات، ئەم ئاماژانە ئاراستەیەکی گەشبینانە بە پرسەکانی ژینگەی شار، پلاندانانی شار، شاری کۆمپاکت دەدەن.

**شێوەی (١)**

**گۆڕانکاریی جۆرەکانی ڕووبەری سەوزایی و ناسەوزایی شاری کەلار**




**سەرچاوە: خشتەی (٢)**

بە پێچەوانەی ڕووبەری سەوزاییەوە، زەویی ڕووتەن و بەکارهێنراوە جۆراوجۆرەکانی تر لەماوەکاندا بەردەوام ڕێژەیان لە کۆی ڕووبەری شارەکە کەمبووەتەوە، هەروەک دەبینرێت لە (%٩٩,٠٢) لەساڵی (٢٠١٠)ەوە بۆ (%٩١,٥٤) لەساڵی (٢٠١٦)، پاشان بۆ (%٨٦,٦٣) لەساڵی (٢٠٢٢) دابەزیوە.

کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان گۆڕانی ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی شار و ڕووبەری ناسەوزدا بوونی هەبووە، بەوەی بە زیادکردنی ڕووبەری سەوازایی ڕووبەری ناسەوزایی کەمیکردووە.

**شێوەی (٢)**

**بەرزبونەوەی ڕێژەی سەوزایی شاری کەلار لەماوەکانی توێژینەوەکەدا**




**سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە زانراوەکانی هەریەک لە خشتەی (٢) و شێوەی (١).**

کەواتە، گۆڕانکارییەکی زۆر لە ڕووبەر و ڕێژەی جۆرەکانی ڕووبەری سەوزایی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠، ٢٠١٦، ٢٠٢٢) بەدیدەکرێت، بەوەی ڕێژەی سەوزایی بە هەموو جۆرەکانییەوە ماوە لەدوای ماوە بەرێزبەند لە (٠,٩٨%)ەوە بۆ (٨,٤٦%) و دواجار بۆ (١٣,٣٧%) زیادیکردووە. واتە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ستانداردی عێراق (17.5%)یەوە نزیکبووەتەوە.

ڕووبەری سەوزایی لە شاری کەلاردا بە پێی سەرجەم داتا بە دەست هاتووەکان لەلایەن شارەوانی کەلارەوە، هەروەها بە پشت بەست بە وێنەی مانگە دەستکردەکانی (Landsat5 ،Sentinel-2 L1C)، بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردوە و بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، ئەم بەرزبونەوە سودێکی باش بە دانشتووانی شارەکە دەبەخشێت، هەروەها نزیک بووتەوە لە پێوەرە جیهانی و ناو خۆییەکان. بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی لە ماوەی (١٢) ساڵدا لە ڕێژەی (٠,٩٨)بۆ (١٣,٣٧)کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بەکاری گرنگ وهاوبەشی نێوان شاروانی و دانیشتواندا هەیە، لەم نێوەندەدا دەسەڵاتداری خۆجێتی (شارەوانی و دارستان و پاوان) و هاوڵاتیان، لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەتایبەت ڕێکخراوە ژینگەییەکان پێکەوە هەماهەنگ بوون لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تاك و کۆمەڵگە سەبارەت بە گرنگی ژینگە و ڕووبەرە سەوزاییەکان.

بەگوێرەی زانیارییەکانی شارەوانی کەلار، تاکو ساڵی ٢٠١٠ تەنها ١١ باخچە لە شاری کەلاردا هەبووە، بریتیبوون لە باخچەکانی (کوردستان، کوردستان٢، پشوو، فەرمانبەران، مرواری، پیرەمێرد، بەردەسوور، شۆڕش، شۆڕش٢، نەورۆز، نەخۆشخانە) بێگومان ئەم ژمارەیە بە بەراورد بەڕووبەر و ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکە یەکجار کەمبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی باخچەکان گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک ژمارەی باخچە بچوک وگەورەکان گەشتوتە (٤٠) باخچە لە گرنگترینیان: (شەهید حەمە ڕەش ،حەمرین، لیلی قاسم،بنگرد، ڕوشنبیری، سەنتەرشار، سیروان، سەرکەوتن، گوران ، شار، نیشتیمان، میرتۆس، پەپولە)، ئەم باخچانە سودێکی زۆریان لە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی شارەکەدا هەبووە و بەردەوام کارەکانی شارەوانیش لەم بوارەدە ڕووی لە زیادبوون کردوە، تاکو ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەیان گەشتوتە (٦٤) باخچە، لەسنوری شارەوانی کەلار (ڕاپەڕین، ژینە، ئاوارەکان، جوتیاران، ئەندازیاران، یەکگرتوو، هەروەها کۆمەڵێك باخچەی تر هەیە لەسنوری شارەوانی کەلار هێشتا ناویان لێ نەنراوە)، ئەم باخچانە؛ چ باخچەی ڕووبەر گەورەبن یاخود ڕووبەرێکی بچوکیان هەبوبێت، یارمەتیدەرێکی باش بوون لە نزیکبوونەوە لە پێوەر و ستانداردی جیهانی بۆ ڕێژەی سەوزایی شارەکە، بەردەوامی کارەکانی دەسەڵاتی خۆجێیی لەبواری سەوزکردنی شارو دروستکردنی باخچەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بەرزبونەوەی ڕێژەی سەوزاییدا، هەروەها ڕێکخراوە ژینگەییەکان و چالاکوانە مەدەنییەکان دیسانەوە ڕۆڵی دیاریان لەم بەرەو پێشچوونەدا بینیوە.

## تەوەری سێیەم

## شیکردنەوەی شوێنیی ڕووبەری سەوزایی بەگوێرەی بەشەکانی شار (گەڕەکەکان) (ڕەهەندی شوێنی)

دابەشبوونی ڕووبەر و ڕێژەی سەوزایی لە هەریەک لە بەشەکان (گەڕەکەکان)ی شاری کەلار دەگۆڕێن، واتە بەشێوەی یەکسان دابەشنەبوون، بەڵکو نابەرانبەری لە دابەشبوونەکەدا هەیە. وەک لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو، گەڕەکی دیرم لاند بەڕێژەی زیاتر لە (٤٧,٨١%) زۆرترین ڕێژەی سەوزایی هەیە، دواتر هەریەک لە گەڕەکەکانی (ڕاپەڕین، تابلۆ، فەرمانبەران، سەرکەوتن، حەمرین، مەطارەکە، شێروانە، ئاوارەکان، جوتیاران) ڕێژەی سەوزاییان لە ستانداردی عێراقی زیاترە، واتە تەنیا (١٠) گەڕەکی شارەکە، کە(٢٩%)ی گەڕەکەکانی شاریان پێکهێناوە، لەگەڵ ستانداردی عێراقیدا یەکدەگرێتەوە، لەبەرانبەردا (٧١%)ی گەڕەکانی تر ڕێژەی سەوزاییان لەخوارووی ستانداردی عێراقیەوەیە.

**خشتەی (٣)**

**ڕیزبەندی گەڕەکەکانی شاری کەلار، بەگوێرەی ڕێژەی سەوزاییان بۆساڵی (٢٠٢٢)**

| ڕ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک (م2) | ڕووبەری سەوزایی (م2) | ڕێژەی سەوزایی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دریم لاند | 131762.76 | 62996.67 | 47.81 |
| 2 | ڕاپەڕین | 789482 | 257255.82 | 32.6 |
| 3 | تابلۆ | 472333.64 | 143146.56 | 30.3 |
| 4 | فەرمانبەران | 687097.35 | 197526.95 | 28.7 |
| 5 | سەرکەوتن | 591715.18 | 147737.98 | 25.0 |
| 6 | حەمرین | 871954.11 | 188906.81 | 21.7 |
| 7 | مەطارەکە | 427325.41 | 90587.73 | 21.2 |
| 8 | شێروانە | 854482.56 | 174216.98 | 20.4 |
| 9 | ئاوارەکان | 114087.68 | 21762.95 | 19.1 |
| 10 | جوتیاران | 628094.98 | 117392.09 | 18.7 |
| 11 | پشتێنەی سەوزایی | 827486.01 | 134319.80 | 16.2 |
| 12 | شۆڕش | 385641.93 | 59629.58 | 15.5 |
| 13 | بنگرد | 490531.37 | 71427.30 | 14.6 |
| 14 | شارەوانی 2 | 390795.54 | 54270.00 | 13.9 |
| 15 | ڕووناکی | 561853.17 | 76125.99 | 13.5 |
| 16 | شەهیدان | 343941.16 | 45143.02 | 13.1 |
| 17 | شارەوانی ١ | 505311.73 | 60173.42 | 11.9 |
| 18 | مامۆستایان | 492230.9 | 57376.03 | 11.7 |
| 19 | سیروان | 376701.07 | 44099.71 | 11.7 |
| 20 | ڕزگاری | 515070.45 | 59739.67 | 11.6 |
| 21 | ئازادی | 780780.57 | 88509.77 | 11.3 |
| 22 | پیشەسازی | 1440192.73 | 161276.58 | 11.2 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | بەردەسوور | 1610965.78 | 161021.16 | 10.0 |
| 24 | ئەندازیاران | 174889.1 | 16427.71 | 9.4 |
| 25 | کەلاری کۆن | 882250.69 | 82963.42 | 9.4 |
| 26 | خەبات | 449246.71 | 33693.44 | 7.5 |
| 27 | نەورۆز | 319450.21 | 22463.98 | 7.0 |
| 28 | ئەنالەکان | 416830.78 | 25582.69 | 6.1 |
| 29 | گۆران | 873211.96 | 46115.56 | 5.3 |
| 30 | گەرمیان | 144958.39 | 4737.14 | 3.3 |
| 31 | لانە ستی | 270545.16 | 7929.98 | 2.9 |
| 32 | بان ستی (پیشەوەران) | 436506.16 | 2406.07 | 0.6 |
| 33 | نەوژین ستی | 65132.04 | 0.00 | 0.0 |
| 34 | بەهەشتی مامۆستایان | 773867.33 | 0.00 | 0.0 |
| | کۆی گشتی | 19096726.61 | 2552572.57 | 13.37 |

**سەرچاوە: دەرهاویشتەی زانراوەکانی نەخشەی (٢ و ٣).**

هەروەها (١١) گەڕەکی شارەکە ڕێژەی سەوزاییان لە خوارەوەی (١٠%)ە، کە پێکهاتوون لە هەریەک لە گەڕەکەکانی (ئەندازیاران، کەلاری کۆن، خەبات، نەورۆز، ئەنفالەکان، گۆران، گەرمیان، لانەستی، بانستی، نەوژین ستی، بەهەشتی مامۆستایان).

**نەخشەی (٣)**

**دابەشبوونی ڕووبەری سەوزایی بەسەر بەش و گەڕەکەکانی شاردا (٢٠٢٢)**




**سەرچاوە: کاری توێژەران**

## دەرئەنجام

کۆتاییاتی هەنگاوەکانی توێژینەوەکە، کۆمەڵێک ئەنجامی زانستیی و وردی بەدەستەوەداوە، لە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- ناوچە سەوزەکان؛ گرنگییەکی بەرچاویان هەیە بۆ شارەکان چونکە بەشدارن لە خۆشگوزەرانی گشتی و باشترکردنی ژیان بۆ دانیشتوانی شارەکان. ئەوان پانتاییەکی باش بۆ وەرگرتنی پشوویەک لەنێو باڵەخانەو کۆنکرێتەکاندا دابیندەکەن، جگە لەوەی پەیوەندییەک بە سروشت و هەستکردن بە ئارامی لە نێوان قەرەباڵغی ژیانی شارەکاندا پێشکەشدەکەن.

2- ناوچە و رووبەری سەوزی شارەکان؛ ڕۆڵی سییەکانی شار دەگێڕن، هەوای پاک، هەڵمژینی پیسکەرەکان، فلتەرکردنی هەوا دەستەبەردەکەن. ئەوان یارمەتیدەرن لە کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنییەکانی چالاکیی پیشەسازی، دەردانی گازی ژەهراوی ئۆتۆمبێلەکان و سەرچاوەکانی دیکەی پیسبووندا، کە دواجار ژینگەیەکی تەندروستتر و پاکتر لە شارەکاندا فەراهەمدەکەن.

3- رووبەری سەوزایی شارەکان؛ ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستنی پلەی گەرمی شارەکان و کەمکردنەوەی کاریگەری دوورگەی گەرمی شارەکاندا دەگێڕن. دار و ڕووەک سێبەر پێشکەش دەکەن و پلەی گەرمی ڕووی زەوی کەم دەکەنەوە و ناوچەکانی دەوروبەریان فێنکدەکەنەوە، ئەمەش وادەکات ژینگەی شارەکان ئاسوودەتر و گونجاوتر بن بۆ ژیان، بە تایبەت لە مانگە گەرمەکانی هاویندا.

4- رووبەری سەوزایی شاری کەلار، لە ماوەکانی توێژینەوەدا گۆڕانکارییەکی ئەرێنییان هەبووە، بەوەی ڕووبەریان زیادیکردووە، بەجۆرێک ڕێژەی سەوزایی شار لەساڵی (٢٠١٠) تەنیا (٠,٩٨%) بووە، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠١٦)دا بۆ (٨,٤٦%) هەڵکشاوە، هەڵکشانەکە بەردەوامیی هەبووە تاکو لەساڵی (٢٠٢٢)دا گەیشتووە بە (١٣,٣٧%).

5- هەریەک لە جۆرەکانی سەوزایی (چڕ، مامناوەند، کەم) بەردەوام ڕووبەر و ڕێژەیان زیادیکردووە، سەوزایی چڕ لە ساڵی ٢٠١٠ دا نەبووە، بەڵام بە ساڵی ٢٠٢٢ دا بۆ نزیکەی (١%) زیادیکردووە، بەهەمان شێوە سەوزایی مامناوەند لە کەمتر لە (١%)ەوە بۆ (٢,٥%) زیادیکردووە، هەروەها سەوزایی کەم لە (١,٣٤%)ەوە بۆ نزیکەی (١١%) زیادیکردووە.

6- ڕێژەی سەوزایی تەنیا (٢٩%)ی گەڕەکەکانی شاردا لەگەڵ ستانداردی عێراقیدا یەکدەگرنەوە، لە کاتێکدا (٧١%)یان بەگوێرەی ستانداردەکە کورتهێنانیان هەیە و پێویستیان بە زیادکردنی ڕووبەری سەوزاییە.

7- لەگەڵ زیادبوونی ڕووبەری سەوزاییدا، ڕووبەری ناسەوزایی کەمیکردووە، بە جۆرێک ڕێژەکەی لە (٩٩,٢%)ەوە بۆ (٩١,٥٤%) دواتر (٨٦,٦٣%) دابەزیوە.

8- شارەوانی کەلار بە پلەی یەکەم، دواتر ڕێکخراوە ژینگەییەکان و کەسانی دڵسۆز و خەمخۆری شار و توێژەران، لە زیادبوونی ڕووبەر و ڕێژەی سەوزایی شاری کەلاردا ڕۆڵی دیار و کاریگەریان هەبووە.

## ڕاسپاردەکان (التوصيات)

بەگوێرەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، دەکرێت کۆمەڵێک ڕاسپاردەی گرنگ بەگوێرەی هەستکردنی توێژەران ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەین:

1- هەوڵدان بۆ بەرزترکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی شارەکە تا ئاستی یەکسانبوون یان تێپەڕاندنی ستانداردی عێراقی، تاکو ژینگەی شار باشتربکرێت و شارەکە بکرێتە شارێکی نموونەیی و هاوشێوەی شارێکی دریژخایەن و پەرەپێدراو بناسرێت.

2- چاوخشاندنەوە بەمێژووی توێژینەوەکەدا، بۆئەوەی بتوانرێت هۆکارەکانی فراوانبوونی ڕووبەری سەوزایی شارەکە دیاریبکرێن و درێژە بە ڕەوتی فراوانکردنەکە بدرێت.

3- هەوڵدان بۆ سەوزکردنێکی بەمەست و ڕێکخراو لەلایەن شارەوانیی شارەکەوە، لەبری سەوزبوونێکی بەڕێکەوت، چونکە سەوزاییە پلان بۆدانراوەکان بە هەمیشەیی دەمێننەوە و دەبنە بەشێک لەڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەویی شارەکە، جگە لەوەی دڵنیایی ئەوەیان دەبێت لە داهاتوودا بۆ بەکارهێنانی تر ناگۆڕدرێن.

4- باشتر وایە شارەوانیی کەلار بەر لە جێگیرکردنی ماستەرپلانی شار، بەشداری بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکات، لەبوارە جۆراو جۆرەکانی (جوگرافیا، ئەندازیاری، شارساز، ژینگە و ئابووری) بۆئەوەی تەواوی ڕەهەندە جیاوازەکان لەپێشچاو بگیرێن.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:


هەنارەیی، رزگار محمد عسمان، احمد، ڕۆژان صباح، (٢٠٢٠)، هەڵسەنگاندنی جوگرافیی دابەشبوونی ڕووبەری سەوزایی لە شاری سوران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (gis)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣ ژمارە٢.


### سەرچاوەی عربی:


محمد، مقداد جميل، احمد،محمد يونس. (2011)، أثر المناطق المفتوحة الخضراء على الحياة الاجتماعية في مدينة الموصل.

الزعفراني ،عباس محمد، (٢٠٠٠)، الأوضاع القائمة للمناطق الخضراء بالقاهرة الكبرى مقارنة بالمعايير التخطيطية والأوضاع العالمية.

الديراوي ،هشام العبد ، ٢٠١٣، معوقات توفير المناطق المفتوحة والمسطحات الخضراء في المخططات الهيكلية بقطاع غزة وسبل تطويرها "مدينة دير البلح كحالة دراسية، لجامعة الإسلامية-غزة عمادة الدراسات العليا كلية الهندسة قسم الهندسة المعمارية.

بوقرة شهر،٢٠١٨، أهمية المساحات الخضراء في البيئة الحضرية دراسة حالة مدينة المسيلة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية وزارة التعميم العالي والبحث العممي جامعة محمد بوضياف – المسيلة.

باقر حسن هاشم، محمد علي الانباري،عماد نوري صالح ،٢٠٠٣، تقييم كفاءة التوزيع المكاني للمساحات الخضراء و الترفيهية في مدينة الحلة.

سوسن صبيح حمدان،٢٠١٧، المساحات الخضراء ودورها في تحسين بيئة المدينة(بغداد ) أنموذجا، الجامعة المستنصرية - مجلة كلية التربية ،العدد السادس.


### سەرچاوەی فارسی:


رسولی، سید حسن، درخشنده، محسن، میرکاظمی ،عاطفه سادات، ١٣٩٤، بررسی کیفی توسعەی پارکهای شهری و فضای سبز شهری در بهینه سازی استفاده شهروندان از آن در شهر ساری، کنفرانس بین المللی پژوهش های نوین در عمران، معماری شهرسازی، استانبول

حمیدی ،سمیه محمدی ، حسین نظمفر، اکبری ،مجید ، ١٣٩٩،تحلیل فضایی پارکها و فضاهای سبز شهری با استفاده از مدل کوپراس و( GIS مورد مطالعه:مناطق 22گانه شهر تهران)، پژوهشهای جغرافیای انسانی، دوره ٥٢، ،شماره ٢، ٤٤٠.

حاتمي نژاد، حسين، محمد پور، صابر، مياندوآب، ايوب منوچهري، مهدي حسام، ١٣٩٠، بررسي و پيشنهاد معيار و استاندارد برنامهريزي توسعه فضاي سبز شهری) نمونه موردی منطقه 12 شهر تهران، فصلنامه تحقيقات جغرافيايي، شماره سوم، ٢٧.

ياري پور، مجيد، زاده زرگر ،صادق هادي ، بررسي شاخصهاي كمي و كيفي مؤثر در برنامهريزي فضاي سبز شهري مطالعه موردي: شهر ميانه، فصلنامه علمي- پژوهشي اقتصاد و مديريت شهري، سال سوم، شماره دهم، ١٣٩٤،٤٠.

ملکی ,سعید ، سرحانی ,فائقه ، راکی ,سحر رفیعی , فضاي سبز و نقش آن در ارتقاي کیفیت محیط شهري،١٣٩٧ مجله رویکردهای پژوهشی در علوم اجتماعی، شماره ٤،٣١.

مباركی ، امید، پور، سجاد فلاح، نوروزي، امیر ،١٣٩٦، تحلیلی بر وضعیت فضاي سبز با رویکرد توسعه پایدار شهري مطالعه موردي: مناطق شهر تبریز، مجله کاربرد سیستم اطلاعات جغرافیایي و سنجش از دور در برنامه ریزي، دوره ،٨ شماره ١.


### سەرچاوەی ئینگلیزی:


Elizelle Juaneé Cilliers, The Importance of Planning for Green Spaces, Published online May 20, 2015 (http://www.sciencepublishinggroup.com/j/aff).

Jose G Vargas Hernandez, Karina Pallagst, Patricia Hammer,2018, Urban Green Spaces as a Component of an Ecosystem Functions, Services, Users, Community Involvement, initiatives and Actions, International Journal of Environmental Sciences & Natural Resources.

Mira Lehberger, Anne-Katrin Kleih , Kai Sparke,2021, Self-reported well-being and the importance of green spaces – A comparison of garden owners and non-garden owners in times of COVID-19, Landscape and Urban Planning 212.

D.E. Aldous,2007, Social, Environmental, Economic, and Health Benefits of Green Spaces, Faculty of Land and Food Resources the University of Melbourne Richmond, Victoria 3121 Australia.

A.C.K. Lee, R. Maheswaran,2010, The health benefits of urban green spaces: a review of the evidence, Journal of Public Health | Vol. 33, No. 2.

Xiaolu Zhou Md. Masud Parves Rana, (2012), Social benefits of urban green space A conceptual framework of valuation and accessibility measurements, Management of Environmental Quality: An International Journal, Vol. 23 Iss 2.

Mustafa, Y.T., Salar, S.G., Khatab, A., Ahmed, F. and Habeeb, H., 2015. Mapping and estimating vegetation coverage in Iraqi Kurdistan Region using remote sensing and GIS. Hortic. For. Rangeland, Minist. Agric. Water Resour. Kurdistan Reg. Iraq-FINAL Rep.

# پەرەپێدانی چەندێتی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاوی باران

## لە سنوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی وەک نمونە

**سمکۆ اسماعیل رسوڵ، عطاء محمد علاءالدین**

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە تایبەتە کۆکردنەوەی ئاوی باران لە کۆمەڵێک قوتابخانە و خوێندنگای شاری سلێمانی بۆ ئەم مەبەستەش لە ناوچەی توێژینەوە (5) ناوەند وەک نمونە دەستنیشانکران، بۆ ئەگەرەکان و پێشبینیکردنی توانای کۆکردنەوەی ئاوی باران، شایانی باسە هۆکارە سروشتیە کاریگەرەکانمان لە هەریەک لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا وەک گرینگترین هۆکار کە کاریگەری جێدەهێڵن لەسەر دەرەنجام و پێشبینی کۆکردنەوەی ئاوی باران هەریەک لەوڕەگەزانەش وەک دابارین و پلەی گەرمی و با و بەهەڵم بون،توێژەر تێکڕای داتاکانی ئەم ڕەگەزانەی لە ناوچەی توێژینەوە بۆماوەی (22) ساڵ وەرگرت، لەهەمانکاتدا لە ڕێگەی بەرنامەی (GIS 10.8) و شوێنی ناوەندی نمونەکانی لەسەر نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاریکرد، پاشان بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای (google earth pro)و (Garmin GPS72) ڕوپێوی ڕوبەر و بەرزی و شوێنی جوگرافی قوتابخانەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەژمارکرا، ئەمە لە لایەکی ترەوە قەبارەی کۆکردنەوەی ئاوی باران و دیاری کردنی داواکاری و قەبارەی هەڵگرتنی ئاو بەمەبەستی بەکارهێنانی لە ڕێگەی هاوکێشە پەیوەندی دارەکانەوە شیکارکران.

بەگشتی دەرەنجامەکانی کۆکردنەوەی ئاو لە قوتابخانەکان دەتوانرێت وەک سەرچاوەی ئاوی سەرەکی بەکاربهێندرێت یان ببێتە سەرچاوەی دووەمی دابینکردنی پێویستی ئاوی قوتابخانەکان، بە ڕەچاوکردنی کەمی تێچوونی دابینکردن و سودە زۆرەکانی ئەم پرۆژەیە دەردەکەوێت دەتوانرێت لە بەشێک لە قوتابخانەکان بەتەواوی پشت بەم سەرچاوەیە بەسترێت لە کاتێکدا بە تێکڕا دەتواندرێت ٪62ی پێداویستی ئاوی قوتابخانە و خوێندنگاکان پڕبکاتەوە.

بۆیە پێشنیار ئەوەیە لەگەڵ گۆڕانکاریە بەرچاوەکانی ئاو و هەوا و گەرمبونی گۆی زەوی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بیر لە دامەزراندنی چەندین پرۆژەی لەم جۆرە بکەنەوە بە پلانی زانستی وورد بەمەبەستی پڕکردنەوەی کورتهێنانی ئاو و کەمکردنەوەی ئەگەری لافاو و پاراوکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی.

**کلیلە ووشەکان-** ئاوی باران، ئاوی خواردنەوە، پەرەپێدان، قوتابخانە و خوێندنگاکان.

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکانی ئاو چ لە ڕووی چەندێتی و چ چۆنیەتی گرینگیەکی گەورەیان هەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، بەهۆی گۆڕانکاریەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبونی شارەکان کەلێنی نێوان خواستی ئاو و دابینکردنی ئاو، ڕۆژبەڕۆژ تێچووی دابینکردنی ئاو و دەستڕاگەیشتن پێی گرفتی زیاتری دێتە بەردەم، هەتا ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت و شارەکان گەورەتربێت و پیشەسازی پێشکەوێت، پێویستی بۆ ئەم ماددە بنەڕەتیە ژیانییە زیاتر دەبێت، لە کاتێکدا بڕی ئاوی شیاو جێگیرە، هەر بۆیە مرۆڤ پەنادەباتە بەر کۆکردنەوەی ئاو.

ناوچەی لێکۆڵینەوەش بە چڕی دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان بەتایبەت پەروەردەییەکان بەناوبانگە، کە لە ئێستادا کەم تا زۆر ڕووبەڕووی گرفتی دابینکردنی ئاو یان بڕانی ئاو لە ناوەندە پەروەردەییەکان بوەتەوە، ئەمەش گرفتی گەورە لە هەناوی پەروەردە و فێرکردندا دروستکردووە، ڕەنگە لە هەندێک باردا ببێتە هۆی پەککەوتنی پرۆسەی خوێندن، هەر بۆیەش پەنابردن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوی جێگرەوە لەم ڕێگەیەوە چارەسەرە، هەر بۆیەش ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ئەنجامدا بەناونیشانی (پەرەپێدانی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاوی باران**)**.

گرینگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە کە تیایدا دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ کۆی قەبارەی ئاوی کۆکراوەی ئاوی باران بکات و پەیوەندی لە نێوان کۆی ئاوی بەرهەم هاتوو بەکار هاتوو بدۆزریتەوە، بە پێی سروشتی کۆکردنەوە وەک دەردەکەوێت هۆکارە سروشتیەکان لەناویاندا (دابارین، پلەی گەرمی ، خێرایی با و ڕێژەی هەڵم ) ئەو ڕەگەزە گرنگانەن کە ڕۆڵی بەرچاو لە پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاوی باران دەگێڕن.

لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە ئامانجی خۆی هەیە لە ڕووی کۆی داهاتی ئاو و قەبارەی داواکاری و ڕێژەی پڕکردنەوەی پێویستی ئاوی قوتابخانەکان، لەهەمانکاتدا پێداچونەوە دەکات بە دیزاین و پێکهاتەی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp57-70

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 28 نيسان 2025؛ قُبل في 15 حزيران 2025؛ نُشرت في 1 تشرين الأول 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: ata.alaadin@univsul.edu.iq , smko.ismael86@gmail.comz

حقوق الطبع والنشر ©2025 سمكۆ اسماعیل رسوڵ، عطاء محمد علاءالدین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

قوتابخانەکان وەک سەرچاوەیەکی کاریگەر لە رووی برو کوالیتی و هەڵگرتنی ئاوی زیادە بۆ وەرزی وشک بۆ پڕکردنەوەی داواکاری ئاودێری ناوەندەکان.

سەبارەت بە شوێنی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە شارەوانی رۆژئاوا لە شاری سلێمانی کە تێیدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (5) نمونەی جیاواز لە ناوچەی جیاواز وەرگیراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کرداره تیۆریەکانی هەڵسەنگاندنی ئاوی کۆکراوە.

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە

1. هەڵسەنگاندنی قەبارەی کۆکردنەوەی ئاوی باران بە هاوکێشەی قەبارەی ئاوی بارانی کۆکراوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاو لە هەریەکە لە سەربانەکان و گۆڕەپانی قوتابخانەکان بۆ مەبەستی خواردنەوە و ئاودێری و شۆردن.
2. هەڵسەنگاندنی کۆی خواستی ئاو بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە(قوتابخانەکە)، بە خواستی ناو قوتابخانە و ئاودێریەوە.
3. پشتبەستنی قوتابخانەو خوێندنگاکان بە ئاوی کۆکراوەو کەم کردنەوی پشت بەستن بە سەرچاوەکانی تری ئاو.

## کێشەی توێژینەوە

هەموو لێکۆڵینەوەیەک کێشەی هەیە، دەتوانین کێشەی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا کۆبیکەینەوە:

1- ئایا ئاوی کۆکراوەی باران تەواوی پێداویستی قوتابی و خوێندکاران لەگەل داواکاری ئاودێری قوتابخانەکان پڕدەکاتەوە؟

1. ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکار و ڕەگەزی سەرکەوتنی بۆ ئەم سیستەمە تیادا لەوانە ڕووبەری ناوچەی کۆکردنەوە و ڕێژەی دابارینی ساڵانە؟
2. چ هۆکارێکی سروشتی زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاو.

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوەکە پێکدێت بریتیە لە میتۆدی باسکردن و پێداهەڵدان، لە چوارچێوەی میتۆدی باسکردن(وەسفی)دا هەریەکە لە میتۆدی بارودۆخ و بەراوردکاری و ڕوپێوی ئەنجامدراوە، سەرەڕای میتۆدی تاقیکاری(تجریبی) بۆ دەرخستنی پەیوەندیە هۆکاریەکان بەکارهێنراوە، کە یارمەتیدەرە بۆ پێویستیەکانی توێژینەوە ،دیاریکردنی بڕی ئەو ئاوەی کە دەتوانرێت لە قوتابخانەکان کۆبکرێتەوە و شیکاری ئەو کاریگەرییەی کە دەتواندرێت بەبەکارهێنانی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لەڕووبەرە نەڕژاوەکان بێتە ئاراوە، (5)قوتابخانەمان هەڵبژارد لەسەر بنەمای دابەشکردنی جوگرافی هاوسەنگ بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی (Gis)،و بەکارهێنانی ئامرازی ڕوپێوی(Gps)، هەروەها (4) پارامیتەر شیکرانەوە کە ڕاستەوخۆ کۆکردنەوەی بارانیان لەسەر بەندە، ئەوانیش شیکردنەوەی داتاکانی تێکڕای بارانبارینی (22)ساڵ، تێکڕای خێرایی باو بەهەڵمبوون لە ماوەی (2000) تا (2021)، هەروەها کۆی ڕوبەرە نەڕژاوەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکان، قەبارەی ئاوی کۆکراوە و داواکاری ئاو.

## گریمانەی توێژینەوەکە

هەرتوێژینەوەیەک گریمانەی تایبەت بە خۆی هەیە، گریمانەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە:

1- کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕێگەی ڕووبەری قوتابخانە و خوێندنگاکان داهاتێکی باشی ئاوی بۆ ناوەندەکە دابیندەکات بۆ تەواوی پێداویستیە کەسی و ئاودێریەکانی و پشت بەستنی ناوەندە پەروەردەییەکان بە سەرچاوەکانی تری ئاو کەمدەکاتەوە.

2- بە دروێنەکردنی ئاوی باران دەتواندرێت کێشەی کۆبونەوەی ئاوی شارەکان(لافاو) چارەسەربکرێت و کەمی ئاوی ژێر زەوی پێ بارگاوی بکرێتەوە.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەک گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بەڵام گرینگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەکۆڵێتەوە لە پەرەپێدانی ئاوی خواردنەوە و بایەخدان بە سەرچاوەیەکی تری ئاو کە تا ئێستا دەستی بۆ نەبراوە لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، ئەویش کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕێگەی سەربان و ڕووبەرە نەڕژاوەکانەوە، بەمەبەستی خواردنەوە یان دابینکردنی بۆ تەواوی پێویستیەکانی قوتابخانەکان، هەروەها گرنگتر لەوە بگەینە ئەو دەرەنجامە کە بەشێک لە قوتابخانەکان سەرچاوەی ئاوی دووەمی یان یاریدەر بۆ ئاوی شارەوانی یان ئەو سەرچاوەیەی ناوەندەکە پشتی پێبەستووە.

## ناوچەی توێژینەوە

شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ( 47= 39¯ º35 - =09 ¯26 º35) باکور و هێلی درێژی ( =00 ¯12 º45 - =00 ¯32 º45) ڕۆژهەڵات ، شوێنی شارەکە بەگوێرەی بازنەی پانی دەکەوێتە ناوچەی فێنکی باکورەوە، کە بەرپرسە لە جۆری کەش و هەوای شارەکە، ، پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان لە باکوری خۆرئاواوە هاوسنورە لەگەل پارێزگای هەولێر و لە ڕۆژهەڵاتەوە هەوسنورە لەگەڵووڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و لە باشورەوە لەگەڵ پارێزگای دیالە و لە ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەل پارێزگای کەرکوک، ، هەروەها لەڕووی سروشتیەوە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێک زنجیرە چیا لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای بەردەکەرو چیای گۆیژە و لە باکورەوە چیای ئەزمەڕ و قەیوان و لە ڕۆژئاواوە چیای پیرەمەگروون و چیای تاسلوجە لە باشورەوە چیای بەرانان و گڵەزەردە لە باشوری ڕۆژهەڵات دەشتی شارەزوور )خورشید, 1971(p. 26 , سەبارەت بە شاری سلێمانیش بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی، تاڕادەیەک جێگایەکی مامناوەندی وەرگرتوە لە پارێزگاکەدا بەڵام وەک شاری سلێمانی شارەکە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی گرتووە. وەک لە نەخشەی(1)دا پیشاندراوە.

نەخشەی (1)

شوێنی شاری سلێمانی بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی.




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە: 1- بەرنامەی بەرنامەی GIS 10.8

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، هۆبەی GIS.

هەروەها شارەکە وەک شوێن سەنتەری کارگێری پارێزگایە، ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە سنوری شارەوانی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی،وەک لە نەخشەی (2)دا ڕوونکراوەتەوە، بەشی شارەوانی ڕۆژئاوای شارەکە کە تارادەیەک هاوشوێنی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوایە، ئەو قوتابخانانەی دەکەونە سنوری شاری سلێمانی شارەوانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت، ڕووبەری سنوری شارەوانی ڕۆژئاوا بە گوێرەی نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی نزیکەی (85)کم چوارگۆشەیە )سلیمانی, 2023(70-69 .pp ,، پێکدێت لە 65گەڕەک و گوندەکانی سنوری ئەم شارەوانیەش پێک دێن لە: (کەلەکن، مەلادادو، کانی بەردینە، قولەڕەیسی، خەلیفاوا، کانی گۆمە، کەنەسورە، خێوەتە) ، کە بەشێکە لە سنوری شاری سلێمانی بە ناوی(شارەوانی ڕۆژئاوا).

نەخشەی (2)

سنوری شارەوانی ڕۆژئاوا(ناوچەی لێکۆڵینەوە)




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە:1-بەرنامەی GIS 10.8

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، هۆبەی GIS.

## یەکەم- ناساندنی کۆکردنەوەی ئاوی باران

کۆکردنەوەی ئاوی باران شێوازێک یان تەکنەلۆژیایەکە کە بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران لە سەقفی بیناکان،ڕووی زەوی،ڕێگاوبانەکان یان دۆڵ و گرد و بەردەکان یان بەنداوەکان وەک دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی پاک بەکاردەهێنرێت (Rasyid & Ardi, 2021, p. 129).ئاوی باران لەسەردەمی کۆن سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاو بووە بۆ بەکارهێنانی خواردنەوە و پێویستیەکانی تری دانیشتوان، چونکە هێشتا سیستەمی دابینکردنی ئاو گەشەی نەکردبوو .AI & N, 2009, p) (132. هەروەها، زاراوەی کۆکردنەوەی ئاوی باران پرۆسەی کۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئاوە لەو ناوچەیەی کە ڕووبەری کۆکردنەوەی بۆدانراوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی ئاو. لەکاتێکدا ئەم شێوازە بە کارێکی کۆن دادەنرێت و لە ئێستادا بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لافاو و ڕووبەڕوبونەوەی وشکەساڵی بەکاردێت Raimondi &) .Abhijitih, 2023, p. 1)

کۆکردنەوەی ئاوی باران کارێکی نەریتیە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر بەڵگە شوێنەواریەکان شایەدی گرتنی ئاوی باران دەدەن تا 4000 ساڵ لەمەوبەر چەمکی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە چین ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ 6000 ساڵ پێش ئێستا (AI & N, 2009, p. 134). بەڵام لە ئێستادا کۆکردنەوەی ئاوی باران RWHبە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەرانسەری جیهان پراکتیزە دەکرێت، بەدوو شێوە بەکارهێنراوە هەندێکیان ئاوی باران وەک تەواوکەرێک بۆ سیستەمی دابینکردنی ئاو کە پێشتر هەبووە بەکاردەهێنن، وە هەندێکی تریان ئاوی باران وەک دابینکەری بنەڕەتی دەبینن.

ئەم سیستەمە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان وەک ئەمریکا، ژاپۆن، چین، ئوستورالیا، ئەلمانیا، بەریتانیا...هتد جێبەجێ کراوە بۆ پشتگیریکردن لە زیادبونی

خواستی ئاو. هەر سەبارەت بە شێوازی کۆکردنەوەی ئاوی باران لەو سەرەتادا سەرەتایی و سادە بوو بەکارهێنانی قەبارەی ئاوی کۆکراوە بە کۆکردنەوەی ئاوی باران ڕاستەوخۆ بوو بەبێ هیچ چارەسەرێک، بەگشتی ئاوی باران زیاتر لە سەققەکانەوە کۆدەکرایەوە هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ کۆدەکرایەوە بەبەکارهێنانی دەفر.

هەروەها پێناسە دەکرێت بە چالاکیەکی ڕاستەوخۆی کۆکردنەوەو هەلگرتنی ئاوی باران بە مەبەستی باشترین بەکارهێنانی مرۆڤایەتی، ئەم تەکنیکە ئاوی باران کەڵەکەدەکات بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە لە شوێنی خۆیدا. پێویستی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم سیستەمە لەوەوە دەبێتە بابەتێکی باو کە پێشتر نزیکەی 30بۆ40 ساڵ لەمەوبەر بەشێکی سەرەکی زەوی بەم ڕادەیەی ئێستا قیرتاونەکرابوو، شارەکانیش بەم ڕادەیە فراوان نەبوبوون، لەهەمانکاتدا ژێرخانی بنیاتنراو بەم ڕادەیە گەشەی نەکردبوو، کاتێ باران دەباری بەئاسانی لەڕێگای خاکەوە دەڕژایە ناو ئاوی ژێر زەوی زەوی پاراو دەکردەوە، بەڵام ئێستا سیناریۆکە جیاوازە، زۆربەی ڕوبەری زەوی شارەکان قیرتاوکراون ئەگەری داچۆڕانی ئاو بەتەواوەتی کەم بوەتەوە، لێرەوە بۆ پڕکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی هەروەها دوبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی باران پرۆسەی کۆکردەوەی ئاوی باران جێبەجێ دەکرێت (G & Reddy, n.d., p. 5). ئاوی باران و کۆکردنەوەی وەک بژاردەیەکی پێشبینیکراو بۆ بەدیهێنانی دوو مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئاوی شارەکاندا گرنگە بەڕێوەبردنی ئاوی باران و باشترکردنی خۆراکدانی لافاو لەهەمانکاتدا دابینکردنی ئاو و کەمکردنەوەی خواست لەسەر سەرچاوەکانی تر (Snelling & Lamonde, 2024, p. 181).

سەرەرای ئەمەش چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستوە کە تەکنەلۆژیای کۆکردنەوەی ئاوی باران ڕێگایەکی کارامەیە بۆ زیادکردنی شێی خاک (Zhang & Jiang, 2024, p. 2). لەکاتێکدا ئاوی باران یەکێکە لەو سەرچاوە سروشتیانەی کە بەباوترین شێوە بەکارنەهێنراوە و تەنها ڕێگەی پێدەدرێت بچێتە ناو کەناڵەکانی ئاوەڕۆ بۆ ڕوبارەکان و لەوێوە بەتاڵ دەبێتەوە بۆ ناو دەریاکان. لەکۆتاییدا وەک سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ چەندین سەدە لەو وڵاتانەدا ئەنجام دراوە کە زۆرجار توشی کەمی ئاو بوون (Rasyid & Ardi, 2021, p. 130).

**1-کۆکردنەوەی ئاوی باران لەسەربان و رووبەرە نەرژاوەکان**

کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕووبەرە نەڕژاوەکان بەمانا فراوانەکەی تەکنەلۆژیایەکە بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئاوی باران بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ لەسەربان و ڕووە نەڕژاوەکان، هەروەها بژاردەیەکی باشە لەو ناوچانەی کە ئاوی سەرزەوی یان ژێرزەوی کوالیتی باشیان نیە. ئەوەتا دەزگای فریاگوزاری ئەمریکا پێناسەی کۆکردنەوەی ئاو دەکات بەوەی کە پرۆسەی دەرهێنان و کۆکردنەوەی ئاوی باران لە هەموو ڕوکارە نەڕژاوەکانی بیناکانەوە بۆ ناو تانکی کۆکردنەوە. تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران بەیەکێک لە تەکنیکە گرنگەکان دادەنرێت کەلە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاودا بەکاردەهێنرێت،ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵیان هەیە لە گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی دیکە گرنگترینیان ئامانجە (ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی و ستراتیژیەکان) (G & Reddy, n.d., p. 85). لە شارەکان کۆکردنەوەی ئاوی باران پێک دێت لە چرکردنەوە و کۆکردنەوە و هەڵگرتن و چارەسەرکردنی ئاوی باران لەسەربانەکان، حەوشەکان، ڕووە نەڕژاوەکانی تر، بۆبەکارهێنانی لەو شوێنەدا وەک توالێت و شۆردن و ئاودێری و شۆردنی ئۆتۆمبێل کە ئەمانە هەمویان ئامانجیان کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەیە لەسەرچاوە دابینکراوەکانی ناوەندەوە کە پێشبینی دەکرێت ئەم بەکارهێنانانە 80% بۆ 90% ی بەکارهێنانەکان پێک بهێنێت (Tembo & Handia, 2003, p. 894).

کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕوکارەکان یەکێکە لە بەناوبانگترین سەرچاوەی ئاوی بەدیل لە زۆرێک لە ناوچەشاریەکان و دەرەوەی شارەکان و گوندەکان، سودی لێوەردەگرن سەرەڕای ئەوەی ئێستا سەرەنجێکی نوێی وەرگرتووە وەک سەرچاوەی ئاو پاشەکەوت کردن وپاراستنی ئاو و گەشەپێدانی بەردەوام. لە پارێزگای گانسۆ لە چین سیستەمیکی RRWHئەنجام دراوە کە ئەنجامێکی زۆرباشی هەیە توانای پرۆژەکە 73ملیۆن مەترسێجا ئاوی خواردنەوەیە، ئاوی خواردنەوە بۆ نزیکەی 2 ملیۆن کەس دابین دەکات و ئاودێری 230 هەزار هێکتار زەوی دەکات هەروەها لە ئێستادا ولاتی ئەلمانیا پێشەنگە لە پێشخستنی بەکارهێنانی بەربلاوی ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی لە ئەنجامی پێشخستنی RRWHی مالان لەسەر ئاستی هەرێمەکانی، ئەمرۆ نزیکەی یەک لەسەر سێی بینا تازە دروستکراوەکان بە سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران تەیارکراون (Tembo & Handia, 2003, pp. 8-11).

.سەرەڕای هەموو ئەمانە پلانەکانی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی ئاوی باران باشترین کاتێک بەهاوبەشی لەگەل بەڕێوەبردنی داواکاری ئاو لە قوتابخانەکاندا جێبەجێ دەکرێت. یەکخستنی نێوان سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران و سیستەمی ئاوی ئاسایی یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی خواست و بەشداری کردن لە دابینکردنی بەردەوامی ئاو.

چەندین مۆدێل و ڕێباز هەن بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕوکارە نەڕژاوەکان:

ا-مۆدێلی هەڵگرتنی ڕاستەوخۆ/ ڕاستەوخۆ لە سەربانەوە بۆ ناو تانکی گەنجینەکردنی ئاوی دروینەکراو (Ndiritu & Carthy, 2014, p. 435).

ب-مۆدێلی پاراوکردنەوە/ئاڕاستە دەکرێت بۆ پڕکردەوەی ئاوی ژێر زەوی.

ج-مۆدێلی هایبرید/ئامانجی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی و سەرچاوەکانی تر مرۆڤ بەردەوام بەکاریان دەهێنێت.

د-مۆدێلی یەکگرتوو/هەموو سەرچاوەکانی ئاو هاوشان لەگەڵ ئاوی کۆکراوە بەشداری دەکەن لە پڕکردنەوەی داواکاریەکان (Zabidi & Goh , 2020, p. 3).

ذ-مۆدێلی ئاوی نێت زیرۆ/ نێت زیرۆ چەمکێکە کە ڕەنگە لە داهاتویەکی نزیکدا ببێتە ڕاستی، لەگەڵ زیادبونی ژمارەی دانیشتواندا لەگەل پێداویستیەکانمان بۆ ئاوو وزە، گەشەسەندنی تێگەیشتنێک هەیە کە ژینگەکەمان ناتوانێت پێداویستیەکانمان بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر بەو ڕێژەیەی ئێستا دابینبکات. نێت زیرۆ یان (بینای زیندوو)بۆ دیزاینکردنی سیستەمیک کەلەسەر بیناکان دادەنرێت، کە ڕێگە بە بیناکانمان بدات سەربەخۆ بن لە سیستەمی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆی ناوخۆیی، بەواتایەکی تر دیزاینکردن و دەستکاری کردنی سیستەمێک کەلەبینایەکی نیشتەجێبوندا یان قوتابخانەیەک یان بینایەکی بازرگانی بەشێوەیەک گرنگی بە دوبارە بەکارهێنانەوە و دروێنەکردنی سەرچاوە نوێیوەکان بدات بە کەمترین کاریگەری لەسەر ژینگە (Jha & Shah, 2015, p. 256).

ر-مۆدێلی بنەمادار بە کۆمەڵگە/ئەم مۆدێلە قوتابخانە وەک ناوندێکی کۆمەلایەتی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران کاردەکات، ئاوی بارانی کۆکردنەوەی نەک تەنها بۆ قوتابخانە بەلکو بۆ کۆمەڵگەی دەوروبەریش دەتوانێت سود لە ئاوی کۆکراوە ببینیت، ئەمەش پەرە بە پاراستنی ئاو و بەشداری کۆمەڵگا دەکات (Kim & Han, 2016, p. 112).

**2. کۆکردنەوەی ئاوی باران لە قوتابخانەکان**

دیارە یەکێک لە گرنگترین جۆری کۆکردنەوەکان بریتیە لە کۆکردنەوەی ئاوی باران لە قوتابخانەکان چونکە قوتابخانەکان خاوەنی روبەرێکی گەورەن لە رووی کۆکردنەوەی باران و پێکهاتەی سەربانەکانیان لە لایەک و لەلایەکی ترەوە خواست لەسەر بەکارهێنانی

ئاو بۆ مەبەستی خواردنەوە و شۆردن و ئاودان و توالێت هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەگەری پاشەکەوتکردنی بڕێکی زۆر ئاو (Hassell & Thornton, n.d., p. 85).

یەکێک لە ڕێگاکانی پاراستنی ئاو لە قوتابخانەکاندا بریتیە لە کۆکردنەوەی ئاوی باران، هەرچەندە ئاوی باران یەکێکە لەو سەرچاوە سروشتیانەی کە بەباشترین شێوە بەکارنەهێنراوە، تەنها ڕێگەی پێدراوە بچێتە ناو کەناڵەکانی ئاوەڕۆ لەوێوە بۆ ناو ڕوبارەکان ، هەروەها ئاوی بارانی کۆکراوە دەکرێت لەڕووی کوالێتیەوە وەک سەرچاوەی ئاوی پاک بەکار بهێنرێت بەهۆی کەمی ڕێژەی پیسکەرەکانی، سەرەڕای ئەوەش ئاوی باران کارلێک لەگەڵ بارودۆخی سروشتیدا دەکات ئاوەکە لەڕووی فیزیای و کیمیای و مایکرۆبایۆلۆژیەوە پیسکەرەکانی هەڵدەگرێت (Rasyid & Ardi, 2021, p. 131). لەگەڵ ئەوەشدا کوالیتی ئاوی باران هەمیشە لە ئاوی سەرزەوی زیاترە و بەراورد دەکرێت بە ئاوی ژێر زەوی بەهۆی ئەوەی بەرکەوتەی خاک نابێت و ئەو خوێ و مادە تواوانەی کە زیان بەخشن بۆ خواردنەوە تێکەڵی ئاوەکە نابن (AI & N, 2009, p. 133)

### 3. تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕوبەرە نەڕژاوەکانی قوتابخانەکان

RRWH بەو پرۆسەیە پێناسە دەکرێت کە ئاوی باران لە ڕوکارەکانەوە کۆدەکرێتەوە و لە تانکی هەڵگرتن یان کۆگاکاندا هەڵدەگیرێت و تەکنیکەکانی پاراوکردنەوەی دەستکرد قبوڵ دەکات بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی شوێنەکە. دەتوانرێت ئاوی هەڵگیراو بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بە چارەسەرکردن لە ڕێگەی ئامێرە بنەڕەتییەکانی پاڵاوتنەوە یان بۆ پاراوکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی بەکاربهێندرێت. هەروەها کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەر لەسەر کۆکردنەوەی ئاو لە قوتابخانەکان هەیە وەک بەهەڵمبوون، دزەکردن،باران بارین و ڕووبەری ڕووی ئاو کۆکەرەوە.

تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی RWH ی کۆکردنەوەی ئاوی باران بریتین لەمانە:

ا-ڕووبەری ڕوکار(سەربان)/ نوێنەرایەتی ئەو ڕووکارە دەکات کە یەکسەر باران وەردەگرێت، پێویستە ڕوبەری سەقف گونجاو بێت، ئەو مادەیەی کە بۆ رووی کۆکردنەوەی ئاو دادەنرێت لە سەربانەکان کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر کوالێتی و بڕی ئاوی باراناوی کۆکراوە (Zabidi & Goh , 2020, p. 4).کوالێتی دروێنەکردنی ئاوی باران لە ڕوکارە نەڕژاوەکان وابەستەی تایبەتمەندیە ناوچەیەکانە وەک تۆپۆگرافی و بارودۆخی ئاو وهەوا و جۆری ناوچەی کۆکردنەوەی ئاوی باران و ئاستی پیسبونی هەوا و جۆری تانکی هەڵگرتن و بەڕێوەبردنی ئاوی باران.

ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران هەیە بریتین لە تایبەتمەندیە کیمیایەکان، زبری ڕوپۆشکردنی ڕووی سەقف، تەمەنی مادەی سەقف، پارامیتەرەکانی کۆکردنەوە واتا قەبارە، بەریەککەوتنی دابارین و توندی با ئاو و هەوای ناوخۆیی، تایبەتمەندی پیسکەرەکان.

کەرەستەکانی سەقفی ئاسایی بریتییە لە کۆنکرێت،کاشی،قیر،ڤایبەرگلاس،دارو کانزا کەلەم سەقفانە کۆبکرێتەوە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە بۆ بەکارهێنانی خواردنەوە و پێویستیەکانی تری دانیشتوان بۆ ئەوەی لەگەڵ ستانداردەکان بگونجێت. لەکاتێکدا ڕێژەی ڕژانی ئاو هۆکارێکە کاریگەری لەسەر بڕی ئاوی داباریو هەیە کەکۆدەکرێتەوە، سەربانی بیناکان جۆراو جۆرن بەپێی ئەو مادەیەی کە لێی دروستکراوە بڕوانە خشتەی ژمارە (1) تواناى دزەکردنی ئاو یان لێچونیان بۆ ئاوی باران ئەخەملێنرێت، سەربانەکان باشترین جۆری کۆکردنەوە دروێنەکردنی باران پێشکەش دەکەن بەمەبەستی خواردنەوە ئەگەر پاک بن.

**خشتەی (1)**

**لێچونی ئاو (فاکتەری کارایی) بۆ لەدەستدانی ئاو**

| ژ | ماددەی پێکهاتوی ڕوکارەکان | بڕی لەدەستدان (فاکتەری کارایی) |
|---|---|---|
| 1 | کانزا | 0.9 |
| 2 | گەلڤەنایز | >0.9 |
| 3 | کاشی | 0.9-0.6 |
| 4 | ئەلەمنیۆم | 0.8 |
| 5 | چیمەنتۆ | 0.8-0.7 |
| 6 | ئۆرگانی | 0.2 |

**سەرچاوە/ پشتبەست بە (Usman & Mohammed, 2018, p. 4)**

ب-سیستەمی گواستنەوە(بۆری) بریتیە لە گواستنەوەی ئاوی کۆکراوەی سەربانەکان بۆ ناو تانکی کە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆری و گێتەرەکانی خوارەوەی سەربانەکان بەزۆری بە کەرەستە جیاوازەکان دروست دەکرێن (Zabidi & Goh , 2020, p. 4)، بۆنمونە پلاستیک یان کانزا بەگوێرەی بەکارهێنانی ئاو بۆ مەبەستە جیاوازەکان، وە زۆرجاریش سیستەمەکە پێویستی بە هیچ کەرەستەیەک بۆ گواستنەوە نییە، چونکە ئاوی سیستەمەکە ڕاستەوخۆ دەڕژێتە تانکی کۆکردنەوە کاتێک دیزاینی کۆکەرەوەکان دەخرێنە نزمترین ناوچەی سیستەمەکە، یان لە ژێرزەوی جێگیردەکرێن.

ج-سیستەمی هەڵگرتن(تانکی)بەکاردێت بۆ هەڵگرتنی ئاوی باراناوی کۆکراوە کەلەڕێگەی گێتەر و بۆریەکانەوە دەگات بەم بەشە، خاڵێکی گرنگی دیزاینی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی بارانە، جۆری تانکیەکەیە کە بۆ هەڵگرتنی ئاوی باران بەکاردیت، وە جۆری داواکاری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە تانکی و پێکهاتەی تانکیەکەدا، هەرچەندە زۆرترین بەکارهێنانی ئاوی سەربان بۆ پێداویستیەکان جگە لە خواردنەوە بەکاردێت (Tembo & Handia, 2003, p. 894)، دەتوانرێت تانکی هەڵگرتن بە چەندین شێوە و قەبارە و کەرەستەی جیاواز دروست بکرێن بەگوێرەی قەبارەی ڕوبەری سەربان و داواکاری قوتابخانەکە بۆ ئاو، وە پێویستە شوێنی تایبەت بەخۆی بۆدابین بکرێت لەسەر زەوی یان ژێر زەوی قوتابخانەکە. وە کردنەوەی ڕێرەوێکیش لەکاتی پڕبونی بگەیەنرێت بە خاک یان دەرچەیەک کە بیگەیەنێت بە ژێرزەوی بەمەبەستی قەرەبوکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی و دروستنەبونی لافاو.

د- سیستەمی پاڵاوتن(Filteration)و پاکژکردنەوە( pasturization )

یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی سیستەمەکەیە چونکە ئاوی باراناوی کۆکراوە بەمەبەستی خواردنەوە و هەندێک بەکارهێنانی تر پێویستی بە پاڵاوتن دەبێت، چونکە سەلمێنراوە کە ئاوی باراناوی هەڵگیراو دەکرێت پیسکەری تیابێت کە ناتوانرێ بۆ خواردنەوە بەکار بهێندرێت، سەرەڕای ئەوەش دەردەکەوێ کە چڕی پیسکەرەکان لە یەکەم باران بارین و کۆکردنەوەی ئاودا زیاترە بەهۆی پیس بوونی سەقفی کۆکردنەوە (Gharib, 2021, p. 10).

کوالیتی مایکرۆبایۆلۆجی ئاوی باراناوی کۆکراوە هۆکارێکی گرنگە کە کاریگەری لەسەر ئەگەرەکانی بەکارهێنانی ئاوەکە هەیە، بۆ هەردوو مەبەستی ناوماڵ و دەرەوەی ماڵ (AI & N, 2009, p. 137).

کۆمەڵگەی میکرۆبی لە ئاوی باراناوی کۆکراوەی هەڵگیراودا ڕەنگە گۆڕانکاریەکی بەرچاو لەنێوان شوێنە جیاوازەکان پیشان بدەن، بەپێی بارودۆخی کەش و هەوا بۆ نموونە خێرای باو ئاڕاستەی با و ڕوودانی ڕژانی یەکەم باران بارین و بەرکەوتەی ئاژەڵ و زیندەواران وەک باڵندە و پشیلە...هتد (Islam, et al., 2019, p. 3)، لەگەڵ

ڕووی کۆکردنەوەی ئاودا، لەکاتێکدا دان بەوەدا دادەنرێت کە باڵندەکان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بڵاوکردنەوەی نەخۆشی کاردەکەن، لەبەرئەوە زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ماوەی درێژی ئاو و هەوای وشک پەیوەندی بە ئاستی بەرزی بونی وردی زیندەوەرانەوە هەیە، بەهۆی زیادبونی پاشەڕۆی نیشتوی ئاژەڵەکان لەسەر ڕوی سەقفەکان. چونکە توێژینەوەکانی پێشوو پیسبونی مایکرۆبایۆلۆجیان لە ناو ئاوی باراناوی دروێنەکراودا ڕاگەیاندووە، بۆیە چارەسەری پێشوەختە بۆ ئاوی باراناوی دروێنەکراو زۆر گرنگە، بڕوانە شێوەی ژمارە (1) پێکهاتەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران.

**شێوەی (1)**

**شێوەی پێکهاتەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕووبەرە نەڕژاوەکانی قوتابخانەکان.**




هەروەها سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕوکارە نەڕژاوەکانی قوتابخانەکان کۆمەڵێک سودی هەیە کە:

- مەترسی لافاو لە شارەکان کەمدەکاتەوە و فشاری سەر ئاوەڕۆی شارەکان ناهێڵێت.
- لە ڕووی ئابوریەوە هەرزانە بە بەراورد بە هەموو جۆرە دروێنەکردنەکانی تری ئاو.
- چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەو ناوچانەی کە سەرچاوەی ئاوی تریان نیە.
- یارمەتیدەرە لە بەکارهێنانی کارامەیی سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو بە ڕێگری کردن لە چونە ناو ئاوەڕۆ.
- هاوکارێکی باشە بۆ پاراوکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی.
- پێویستی بە شارەزای و پسپۆڕی زۆر نیە لە بەڕێوەبردنیدا.

کەواتە سەرەڕای لایەنە باشەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران بەڵام هێشتا ناتوانرێت پشت ببەسترێت بە ئاوی باران بۆ خواردنەوە چونکە، یەکێک لە پرسە دیارەکانی کوالێتی ئاوی بارانی کۆکراوە دیاردەی بارینی ترشەبارانە کە دەتوانێت ببێتە هۆی نزم بونەوەی ئاستی PH بەهۆی قەبارەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی زۆر و نیشتەجێبونی چڕ و پیشەسازیەوە دروست دەبێت (Tembo & Handia, 2003, p. 895). لەکاتێکدا زۆرینەی سیستەمی کۆکردنەوەکان دەکەونە ناوشارەکان و مەڵبەندە چڕەکانی نیشتەجێ بوون بەهۆی داواکاری زۆری دانیشتوان بۆ ئاو و بەرزی ڕێژەی ڕوبەرە نەڕژاوەکان، هەروەها چەندین پیسکەری دیکەش لە ناو ئاوی باراناودا پێوانەکراون بە هۆی بونی کۆمەڵێک پێکهاتەی تر لەبەرگەهەوای زەوی بەهۆی چالاکیەکانی مرۆڤ. هەر بۆیە کۆکردنەوەی ئاوی باران بەشێوەیەکی دیار وەک سەرچاوەی ئاوی بەکارنەهێنراو بەمەبەستی خواردنەوە باسی لیوەدەکرێت بۆ کەمکردنەوەی خواست لەسەر ئاوی خواردنەوە لە تۆڕی سەرەکی شارەکان. بەڵام لە ناوچە دوور و گوندنشینەکان کەلەلایەن تۆڕی ئاوی خواردنەوەی سەرەکیەوە خزمەتگوزاریان پێنادرێت، ئاوی باران بژاردەیەکی گرنگە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، لەم جۆرە حاڵەتانەدا چارەسەرکردن و هەڵگرتنی ئاوی باران پێش بەکارهێنان زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاوەکە سەلامەتە بۆ بەکارهێنانی خواردنەوە (Adler & C, 2009, p. 118).

**دووەم- تایبەتمەندی شوێنی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

دیارە پەرەپێدانی ئاوی خواردنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەچەند لایەنێکەوە دەکرێت، لەسەر بنەمای زیادکردنی چەندێتی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانەکان. توێژەر لێرەدا بە خوێندنەوەی ورد بۆ سەرکەوتنی پەرەپێدانی ئاوی خواردنەوە، پرۆژەی کۆکردنەوەی ئاوی باران لەڕێگەی قوتابخانەکانەوە دەخەینە بەرلێکۆڵینەوەی ورد بەسەرەنج دان لە پێکهاتە بنەڕەتیەکان سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕێگای سەربان و ڕووبەرە و کۆنکریتکراوەکانی وەک گۆڕەپان و یاریگای قوتابخانەکان، سەرەڕای هەموو ئەمانە توێژەر بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ڕووبەرە نەڕژاوەکانی قوتابخانەکاندا وەک پرۆژەیەکی تیۆری بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و پەرەپێدانی چەندێتی ئاوی خواردنەوە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی شیکردنەوەی شوێنی Multi Criteria Decision Analysis بەکارهێناوە، کاردەکات لەسەر دەرەنجامی کۆکردنەوەی پێوەر و کێشەکان وەک(قەبارەی ڕوکارەکان،چڕی باران بارین،داواکاری ئاو،کەرەستەی سەقف) کە دەرەنجامی کۆکردنەوەی پێوەرەکان بڕیاری هەڵبژاردنی شوێنی کۆکردنەوەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانە و خوێندنگانەی کە سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی تیادا دابمەزرێنین، بەمەبەستی زانینی سوود و قازانج و دەرککردن بە توانستی پرۆژەکە و زانینی بڕی کۆکراوەی ئاوی خواردنەوە.

**1- شوێنی جوگرافی نمونەکان**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە (5)قوتابخانەمان و خێندنگامان هەڵبژارد بەسەرەنجدان لە نەخشەی (3) و خشتەی (2)، کە ناوەندەکان دابەشبون بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا: یەکەمیان کۆلێجی ئەزمەڕ بۆ بەهرەداران لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا گەڕەکی بەختیاری دەکەویتە (=37¯35.57°) لە بازنەی پانی باکور و(=44¯45°.39)ڕۆژهەلات لە هێلی درێژی.

دووەمیان بینای خوێندنگەی ئامادەیی ماردین گەڕەکی چوارچرا لە سەرهێڵی درێژی ° (=37¯45.40°)وە بازنەی پانی )(=54¯35.54 °)

سێیەمیان بینای قوتابخانەی مارگرێتی تایبەت گەڕەکی تاقگە لە بازنەی پانی (=15¯35.60°)وە هێڵی درێژی (=73¯45.39°).

چوارەمیان بینایی خوێندنگەی شێرکۆ بێکەس لە گەڕەکی کوردسات هێڵی درێژی (=96¯45.43°) و بازنەی پانی (=60¯35.59° ).

پێنجەمیان بینای قوتابخانەی سامان گەرمیانی بنەڕەتی لە گەڕەکی قولەڕەیسی، بازنەی پانی (=77¯35.59° )(=05¯45.37°)ی هێڵی درێژی، بەسەرەنجدان لە خشتەی (2)، سنوری جوگرافی هەموو قوتابخانەکان دەکەویتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، خشتەی (2) بینای قوتابخانە/خوێندنگا و شوێنی جوگرافی و بەرزی و کۆی ڕووبەری نمونەکان

سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە:1-بەرنامەی GIS 10.8
2-تەکنەلۆجیای google earth pro بۆ دیاریکردنی ڕووبەری ناوەندەکان
3- ئامێری GARMIN GPS72 بۆ پێوانی بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا.
4-بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی ڕۆژئاوا، بەشی پلان.

ئەگەر سەرەنج بدەینە و خشتەی ژمارە(2)، بەلەبەرچاوگرتنی گرنگیدانمان بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران ناوچەی هەر ناوەندێک زۆر گرنگە بۆ کۆکردنەوەی ئاو بە تایبەت بۆ سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە سەر ئەم بنەمایەش ئەم ناوەندانە، لەسەر بنەمایەکی جوگرافی یەکسان دابەش بوون بەسەر بەشەکانی ناوچەی توێژینەوە لە نێوان بەشی ڕۆژهەڵات و باکورو ناوەڕاست و باشور و خۆرئاوادا.

**نەخشەی ژمارە (3)**

**نەخشەی دابەشبونی ناوەندەکانی پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاوی باران**




**سەرچاوە/1-کاری توێژەر پشتبەست بەبەرنامەیgis (10.8)**

**2- حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/هۆبەی پلان/بەشی .gis.**

## 2-شێوازی دەوامی قوتابخانە و خوێندنگاکان.

سەبارەت بە شێوازی دەوامکردنی قوتابخانەکان دیارە قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە بەشێکی زۆریان دوو دەوام(شەفت)ی خوێندنیان تێدایە کە دابەش دەبێت بەسەر بەیانیان و ئێوارااندا کە ئەمەش ڕێژەی خواست و بەکارهێنانی ئاو زیاتر دەکات لە قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پێداویستیەکانی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی ئاو. سەرەڕای ڕەچاوکردنی جیاوازیەکان لە نێوان خواستی خوێندکاری ئاستە جیاوازەکان و ڕەگەزە جیاوازەکان بۆ بەکارهێنانی ئاو.

## 3-هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران لە سەر نمونە وەرگیراوەکان

بەسەرەنجدان لە نەخشەی ژمارە (3)، دابەش بوون بەگوێرەی بازنەکانی پانی

| قوتابخانە/خوێندنگا | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | بەرزی بە(م) | ژ.قوتابی/خوێندکار | ڕ.بینا بە (م²) | ڕ.نەڕژاو بە (م٢) | باخچە و سەوزایی بە (م²) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆلێجی ئەزمەڕ | 35 °. 57 – 37 = | 45°. 39 – 44 = | 783 | 140 | 4550 | 3160 | 1390 |
| ئامادەیی ماردین | 35 °. 54 – 52 = | 45°. 40 – 36 = | 758 | 1119 | 6800 | 4760 | 2040 |
| قوتابخانەی مارگرێتی | 35 °. 60 – 15 = | 45°. 39 – 73 = | 816 | 362 | 12785 | 11212 | 1573 |
| شێرکۆ بێکەس | 35 °. 59 – 43 = | 45°. 43 – 96 = | 962 | 845 | 8000 | 5400 | 2600 |
| سامان گەرمیانی | 35 °. 59 – 77 = | 45°. 37 – 05 = | 778 | 1159 | 5500 | 4880 | 260 |
| کۆ | - | - | - | 3625 | 37635 | 29412 | 7863 |

یارمەتی دەردەبێت لە پلاندانان بۆ توانای سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران، هەروەها یارمەتی دیاریکردنی کەشوهەوا و جیاوازی لە نێوان قوتابخانەکان لە داباریین و پلەی گەرمی و با و ڕێژەی شێ دەدات، هەرچەندە یەک فەرمانگەی کەشناسی هەیە بەڵام بەگوێرەی گۆڕانکاری لە بازنەکانی پانی گۆڕانکاری لە ڕەگەزەکانی کەش دروست دەکات هەروەها بە ڕەچاوکردنی بەرزی و نزمی ئاشکرای ناوچەکە چونکە بە بەرزبونەوە لە ئاستی ڕووی دەریاوە گۆڕانکاری لە داباریین و پلەی گەرمی دروست دەبێت کە هەردوکیان کاریگەری بەرچاویان لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران هەیە.

## 4-ڕووبەری کۆکردنەوەی ئاوی نمونەکان

وەک دەردەکەوێت قوتابخانەکان لەچەند بەشێک پێکدێن هەریەک لە ڕووبەری باخچە و سەوزایی پێکهاتەی خاکی و ڕووبەری کۆنکریتی کە پێکهاتووە لە گۆڕەپان و حەوشە و سەقفی خوێندنگا و یاریگاکان، وە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پشت بەستنە بە ڕووبەری نەڕژاوی تەواوی بەشەکانی قوتابخانەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران. ئێمە لێرەدا کاردەکەین لەسەر ڕووبەرە کۆنکریتیەکانی قوتابخانەکان و بەشەکانی سەربانی قوتابخانە و سەربانی کافتریای قوتابخانە و گۆڕەپانەکان، لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوەی

وردمان بۆ کەرەستەی گۆڕەپان و سەقفی قوتابخانەکان کرد کە لە چیمەنتوو پێکهاتوون دەبێت ئەژماری کۆکردنەوەی ئاوی باران بۆ بکەین.

**5-تایبەتمەندیە سروشتیەکانی ناوچەی نمونەکان**

١/دابارین

شیکاری داهات و سودی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران هەڵبژێردرا، بە ڕەچاوکردنەکان بۆ دەرەنجامەکانی دابارین بۆ 22 ساڵی ڕابردوو(2000-2021) دەرکەوت کە تێکرای باران بارین زیاترە لە (677)ملم لە ساڵێکدا بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2). سیستەمی بارانی ناوچەکە سیستەمی بارانی دەریای ناوەڕاستە سەر بە (هەرێمی بارانی مسۆگەر)ە، بەگوێرەی هەرێمەکانی باران، دیارە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران. کە چەند خاسیەتێکی پێبەخشیوە وەک برشتی باران لەم ناوچەیە لە (500) ملم کەمتر نابێت، هەروەها بە کەمی ڕاڕایی لە باران بارینددا ناسراوە و جۆری بارانەکەی لە جۆری بارانی بەرزەڕۆ و بەرزە هەرێمە )عبدالله, ٢٠٠٥ ., p. 158( ئەو ناوچانەی کە (400-1200)ملم بارانیان لێدەبارێت وەک باشترین ناوچە دادەنرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە (Gharib, 2021, p. 32)، هەروەها نێوەنجی ڕۆژەکانی باران بارینی ناوچەکە 88.9 ڕۆژە. وە زۆرترین ڕێژەی بارانی تۆمارکراو لەماوەی 24 کاتژمێردا لە مێژووی ناوچەی توێژینەوە 132 ملم بووە.

بە هۆکاری نەبونی هیچ وێستگەیەکی باران لە قوتابخانەکان توانیمان سود لە نزیکترین وێستگە وەربگیرێت، بە ڕەچاوکردنی مەودای دوری قبوڵکراو بۆ بەکارهێنانی وێستگەیەک (20)کم. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئامێری باران پێوی سلێمانی لە شەقامی ابراهیم پاشامان بەکارهێنا. بە پشت بەستن بە داتای کەشناسی لە ساڵی(2000تا2021)؛ لە سلێمانی ناوەندی باران بارینی ساڵانە (677)ملمە. ناوەندی پلەی گەرمی ڕۆژانە (19)پلەی سەدییە. باران بارینی ساڵانە و مانگانە لە بارانبارینی ڕۆژانە لە بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی وەرگیراوە.

لەبەر ئەوەی باران پێکهاتەیەکی سەرەکیە لە سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران، داتاکانی باران بارینمان لە خشتەی (3)و شێوەی (2)کە ئاماژەیە بۆ تێکرای بارانبارینی مانگانە لە ساڵی(2000تا2021) خستوەتەڕوو.

**خشتەی (3)**

**تێکرای دابارینی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی دابارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان ساڵانی (2021-2000)**

| وەرز | مانگ | دابارینی مانگانە | دابارینی وەرزانە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| وەرزی پایز | ئەیلول | 1.53 | 120.69 | 18% |
| | ت١ | 36.76 | | |
| | ت٢ | 82.4 | | |
| وەرزی زستان | ک١ | 112.1 | 346.51 | 51% |
| | ک٢ | 116.4 | | |
| | شوبات | 117.9 | | |
| وەرزی بەهار | ئازار | 100.5 | 209.94 | 31% |
| | نیسان | 78.84 | | |
| | مایس | 30.58 | | |
| وەرزی هاوین | حوزەیران | 0.5 | 0.5 | 0 |
| | تەمموز | - | | |
| | ئاب | - | | |
| کۆ دابارین | | 677.7 | 677.7 | 100% |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە داتاکانی وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی,2023،بڵاونەکراوە.**

بەسەرەنج دان لە خشتەی (3) و شێوەی (2)کە ئاماژەیە بۆ کۆی گشتی باران بارینی مانگانەی شاری سلێمانی لە ساڵی 2000تا 2021ئەم شیکاریە دەخاتە بەرچاو زۆرترین باران بارین دەکەوێتە مانگی شوبات کە بڕەکەی (117)ملم زیاتر بووە،پاشان کانونی دووەم بڕەکەی(116)ملم و کانونی یەکەم (112)ملم دوایین مانگ مانگی ئازارە کە بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە (100)ملم ئەم مانگانە گرنگن بۆ هەوڵەکانی کۆکردنەوەی ئاو.

**شێوەی (2)**

**تێکرای بڕی باران بارینی مانگانەی شاری سلیمانی لەنێوان ساڵانی(2000تا2021).**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە 1-داتاکانی وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی,2023،بڵاونەکراوە.
2-خشتەی (3).

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و GOOGLE EARTH PROو ئامێری GARMIN GPS72

ب/ خێرایی با

سەبارەت بە زانیاری ئاو و هەوا کاریگەری لەسەر قەبارەی ئاوی باراناوی کۆکراوە هەیە و پێویستمان بە لەبەرچاوگرتنی داتاکانی خێرایی با و بەهەڵمبونە وەک دوو فاکتەری کاریگەر لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران. داتاکانی ئەم دوو ڕەگەزە لەساڵی (2000تا2021) لە بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی وەرگیراوە. تێکرای خێرایی با و داتاکانی بەهەڵم بوونی مانگانە لە ساڵی(2000 تا 2021 ) بۆ زیادکرا بەم شێوەیە. وەک لە خشتەی (4) دەردەکەوێت.

سەبارەت بە کاریگەری با ئەگەر وردبینەوە لە خشتەکە خێرایی با لە مانگەکانی مایس (1.72) و تەمموز و حوزەیران بۆ هەریەکێکیان (1.6) دەگاتە لوتکە، ئەمەش دەتوانێت بێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هەڵمبوون و کەمبوونەوەی کارایی لە سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران. هەروەها با دەتوانێت بێتە هۆی خێراتر هەڵمبوونی ئاو لە سیستەمی هەڵگرتنی کراوە، هەروەها کاریگەری لەسەر دابەشکردن و کارایی گرتنی ئاوی باران هەیە، بەپێچەوانەشەوە خێرایی با لە مانگەکانی زستاندا دەگاتە کەمترین خێرایی خۆی، وەک مانگی کانوونی یەکەم (1.12)م/چرکە، و تشرینی دووەم

(1.15)م/چرکە، ئەمەش وایکردووە ئەم مانگانە لەبارترین بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران بەهۆی کەمتر دەستوەردانی با.

ج/بەهەڵمبوون

هەر سەبارەت بەکاریگەری بەهەڵمبوون، بەهەڵمبوون بە درێژایی ساڵ تا رادەیەک جێگیرە جگە لە مانگەکانی وەرزی هاوین دەگاتە لوتکە بروانە خشتەی (4) شێوەی (3)دا روونکراوەتەوە، مانگەکانی تەموز(12.5)ملم/رۆژ و ئاب(11.2)ملم/رۆژ و حوزەیران(10.2)ملم/رۆژ، بڕی بەهەڵمبوون لەم مانگانەدا مانای ئەوەیە ئاوی زیاتر بۆ بەرگەهەوا لەدەست دەدات، ئەمەش بڕی ئاوی باران کەمدەکاتەوە کە دەتوانرێت کۆبکرێتەوە و هەڵبگیرێت.

هەڵمبوونی بەرز پێویستی بە هەڵگرتنی کارامە هەیە بۆ کەمکردنەوەی لەدەستدانی ئاو، وەک تانکی هەڵگرتنی داپۆشراو یان سێبەر.

کاریگەری ئەم رەگەزانە لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران زۆر گرنگە کە هەردوو شێوازی با و بەهەڵمبوون لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە جێبەجێکردنی رێگری با یان بەکارهێنانی سیستەمی هەڵگرتنی داپۆشراو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی لەدەستدانی ئاو بەهۆی با و هەڵمبوونەوە.

**خشتەی (4)**

**تێکرای خێرایی با و بڕی بەهەڵمبوون لە نێوان ساڵانی(2000-2021)**

| مانگ | خێرای با(م/چرکە) | بەهەڵمبوون (ملم/رۆژ) |
|---|---|---|
| ک2 | 1.24 | 1.79 |
| شوبات | 1.41 | 2.05 |
| ئازار | 1.49 | 3.32 |
| نیسان | 1.59 | 4.77 |
| مایس | 1.72 | 7.37 |
| حوزەیران | 1.60 | 10.2 |
| تەموز | 1.60 | 12.5 |
| ئاب | 1.30 | 11.2 |
| ئەیلول | 1.40 | 8.2 |
| ت1 | 1.35 | 5.02 |
| ت2 | 1.15 | 2.78 |
| ک1 | 1.12 | 1.74 |
| تێکرا | 1.41 | 6 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی،2023. بلاوەکراوە.

لە کۆتایدا بەرەچاوکردنی شێوەی (3)لەسەر کاریگەری با و بەهەڵمبوون لەسەر کۆکردنەوەی ئاوی باران دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مانگەکانی زستان، بە خێرایی بای کەمتر و رێژەی هەڵمبوونی جێگیر، گونجاوترن بۆ دروێنەکردن و هەڵگرتنی ئاوی باران، وە دەتوانرێت پلان دابنرێ بۆ پاراستن و فراوانکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران لەم ماوەیەدا وە رەچاوی دیزاین و شێوازی دامەزراندنی سیستەمەکە بکرێت بە جۆرێک کە خێرایی با و ماوەکانی بەهەڵم بوون لەبەرچاو بگیرێت بە تایبەت لە دامەزراندنی کۆگاکانی هەڵگرتنی ئاو.

بە رەچاوکردنی ئەم دوو رەگەزە گرنگە دەتوانرێت ستراتیژی باشتر دابڕێژرێت بۆ باشترکردنی کۆکردنەوەی ئاو و کەمکردنەوەی زیانەکان، دڵنیابوون لە دابینکردنی ئاوی متمانەپێکراوتر و بەردەوامتر بۆ هەر قوتابخانەیەک.

**شێوەی (3)**

**تێکرای بەهەڵمبوون و خێرای با(م/چرکە)مانگانەی شاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی(2000تا2021).**




سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشتبەستن بە-1داتاکانی وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی،2023،بلاونەکراوە.

2-خشتەی (4).

### سێیەم-بڕی ئاوی کۆکراوە

هەڵسەنگاندنی کۆکردنەوەی ئاوی بارانی قوتابخانەکان لەڕێگەی سەقفەکانی باڵەخانەوە و ڕووبەرە نەڕژاوەکانەوە وەک لە نەخشەی(3)ئاماژەی پێکراوە بۆ دۆزینەوەی قەبارەی ئاوی کۆکراوە بە دۆزینەوەی ڕوبەری سەربان و گۆڕەپان و باڵەخانەکان بە (remote sensing) ولەڕێگەی وێنەی ئاسمانی (google earth pro) ئەژمارکرا، کۆی ڕووبەری ئەو بەشانەی کە بۆ کرداری کۆکردنەوەکە بەکاریان دەهێنین لە هەریەک لە قوتابخانەکاندا، کە ئەم ژمارەیە لێکدانی بڕی باران بارینی ساڵانە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی قەبارەی ئاوی ساڵانەی کۆکراوە ئەوکاتە لەبەرئەوەی سەقفەکانی کۆکردنەوە ئەگەری لەدەستدانی ئاویان هەیە بەهۆی پێکهاتەی هەر سەقفێک و هەڵمبوون و جۆرێک لەدەستدان هەیە بۆ ئاو وەک لە خشتەی (1) ڕوونکراوەتەوە.

دیارە هەموو ئاوی باران کۆناکرێتەوە بەهۆی زیانەکانی بەهەڵم بوون و دزەکردن و شۆردنی یەکەم جار بۆ ڕووبەری ئاو کۆکەرەوە، هەر لەبەر ئەمەش فاکتەری کارای لە ئەنجامی هەموو بەفیڕۆچونەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە (دزەکردن و بەهەڵمبوون و شۆردنی یەکەمی ڕووبەری ئاو کۆکەرەوە). بروانە خشتەی (1).

دەرەنجامی ئاوی کۆکراوە بۆ کۆی ڕوبەرە نەڕژاوەکانی ناوەندەکان بریتی دەبێت لە((15929)م$^3$. بۆ کۆی ناوەندەکان کۆی ئاوی کۆکراوە وەک لە خشتەی (5) دا هاتووە، بە (م$^3$) دەخرێتەڕوو.بەدەرکردنی فاکتەری کارایی (لێچونەکان و بڕی هەڵم و شۆردنی ڕوکارەکان)، ئەگەر ئەمە وردتر بکەینەوە ئەوا لەسەر ئاستی ناوەندەکان دەتوانین بڵێین کە قوتابخانەی مارگرێتی ناحکومی زۆرترین بڕ لە ئاوی تێدا کۆدەکرێتەوە کە دەکاتە (6072)م$^3$/ساڵ، بە ڕێژەی 38.11%پلەی یەکەمی گرتووە، لە کاتێکدا ئامادەیی شێرکۆ بێکەس بە پلەی دووەم تەنها بڕی (2925)م$^3$/ساڵ، ئاو کۆدەکاتەوە، بە ڕێژەی 18.36%، کەمترین کۆکردنەوەی ئاو کۆلێجی ئەزمر دەبێت دەکاتە (1711)م$^3$/ساڵ، بەرێژەی 10.74%، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بچوکی ڕوبەرەکەی بەبەراورد بە ڕوبەری قوتابخانەکانی تر.

**خشتەی (5)**

**نمونە وەرگیراوەکان و کۆی ڕووبەر و بڕی کۆکردنەوەی ئاو و ڕێژەی سەدیان.**

| ژ | بینای قوتابخانە(خاوەن بینا) | کۆی ڕووبەری نەرژاو بۆ کۆکردنەوەی ئاوبە م٢ | قەبارەی ئاوی کۆکراوە بە م٣/ساڵ | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆلێجی ئەزمەڕ | 3160 | 1711 | 10.74 |
| 2 | ئامادەیی ماردین | 4760 | 2578 | 16.2 |
| 3 | قوتابخانەی مارگرێت | 11212 | 6072 | 38.1 |
| 4 | ئامادەیی شێرکۆ بێکەس | 5400 | 2925 | 18.36 |
| 5 | قوتابخانەی سامان گەرمیانی | 4880 | 2643 | 16.6 |
| | کۆ | 29412 | 15929 | 100 |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە Google earth pro بۆ ڕوپێویکردن و بەکارهێنانی هاوکێشەی قەبارەی ئاوی کۆکراوە[1].

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەتوانرێت بڕێکی باش لە ئاو لە خوێندنگاکاندا کۆبکرێتەوە کە دەتوانرێت بۆ بەشێک لە پێداویستیەکانی قوتابخانەکان پشتی پێببەسترێت، یاخود سەرچاوەیەکی ئاوی یاریدەدەر دەبێت بۆ تۆڕی ئاوی شارەوانی لە کەمکردنەوەی کێشەی کەم ئاوی قوتابخانەکان.

### 1-بڕی ئاوی کۆکراوەی مانگانەی نمونەکان

بۆزانینی ئاوی کۆکراوەی مانگانەی نمونەکان پێویستمان بە ئەژمارکردنی مانگانەی بەرهەمی ئاوی باران دەبێت، داتاکانی باران بارینی مانگانە وەردەگرین بۆ هەریەک لە قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانین کار لەسەر داواکاری و بڕی ئاوی بەرهەم هاتوو بکەین، لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لەبەر ئەوەی بابەتی کۆکردنەوەی ئاو لە ناوەندەکانی خوێندنە و کاریگەری سود و ئامانجیش لێی زیادکردنی سەرچاوەکانی ئاوە، بۆیە پێویستە تیشک بخەینە سەر ساڵنامەی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێم کە پەیوەندیەکی زۆری بە داواکاری قوتابخانە و خوێندنگاکانەوە هەیە، بەگوێرەی ئەم ساڵنامەیە خوێندنی قوتابیان لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەست پێدەکات تا کۆتای مانگی مایس )پەروەردە, 2024-2025(. کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وەرزی خوێندن و خواست لەسەر ئاو دەکەوێتە وەرزی کۆکردنەوەی ئاوی باران، بۆیە لێرەدا کار لەسەر ئەو ماوەیە دەکەین کە قوتابخانەکان کراوەن بەڕووی قوتابیان و مامۆستایاندا، سەرەڕای ئەوەی کە داواکاری ئاودێری کە لەوەرزە گەرمەکان دایە دەتوانرێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، بڕوانە خشتەی(6)تێکڕای مانگانەی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە قوتابخانەکاندا. هەروەها بە پشت بەستن بە دابەشبونی مانگانەی باران لە شێوەی (4)، بۆ ئەو ماوەیەی کە دابارینی تیادا ڕوودەدات بۆ ئەوەی داهاتی ئاوی کۆکراوە بەپێی مانگەکانی وەرزی خوێندن بدۆزینەوە.

بەپێی لێکدانەوەی خشتەی (6) تێبینی ئەوە دەکەین کە داهاتی ئاو لە مانگی شوباتدا دەگاتە بەرزترین ئاست بەبەراورد بە مانگەکانی تر کە دەگاتە (2774)م٣ بۆ هەموو ناوەندەکان، بەهۆی بەرزی بڕی بارانبارین لەو مانگەدا کە دەگاتە (117.9)ملم، کە دەکاتە ڕێژەی 17.4%ی کۆی ئاوی کۆکراوە، ئەگەر لەسەر ئاستی ناوەندەکانیش ئەژماری بەرهەمی ئاو بکەین بۆ مانگی شوبات (1058)، (509)، (460)، (449)، (298)م٣/مانگ، قوتابخانەی مارگرێت، شێرکۆبێکەس، سامان گەرمیانی، ماردین، بەهرەداران)یەک بەدوای یەک داهاتی ئاویان هەیە.

[1] یاسای قەبارەی ئاوی کۆکراوە بریتیە لە F*R*A=V ئەگەر V=قەبارەی ئاوی کۆکراوە، A=ڕووبەری ڕوی کۆکەرەوە، R=تێکڕای دابارینی ساڵانە، F=فاکتەری کارایی

ئەمە بەبەراورد بەنزمترین داهاتی ئاوی ناوەندەکان کە دەکەویتە مانگی حوزەیران، لێرەدا کۆی داهاتی ئاوی کۆکراوەی ئاوی باران دەکاتە (11)م٣/مانگ، بۆ هەموو قوتابخانەکان، هاوکات تەنها ڕێژەی0.07%ی کۆی ئاوی کۆکراوەی وەرزەکانی کۆکردنەوە دەکات، لەسەر ئاستی ناوەندەکانیش بەهەمان شیوەی سەرەوە قوتابخانەی مارگرێت (4)م٣مانگ ئاو کۆدەکاتەوە بەبەرزترین ئاست، لە کاتێکدا بەهرداران تەنها (0.5)م٣/مانگ ئاو کۆدەکاتەوە، هۆکاری ئەم نزمی داهاتەش بەگشی کەمی ڕێژەی دابارینە، چونکە ئەم مانگە هاوکاتە لەگەڵ وەرزی باران بڕان و گواستنەوە بەرە و وەرزی وشکی.

**خشتەی (6)**

**ڕێژە و کۆی ئاوی کۆکراوەی مانگانەی نمونەکان**

| مانگ | کۆی دابارین مانگانە | کۆی قەبارە ئاوی کۆکراوە بە مانگ/مەتر سێجا | | | | | کۆی ئاو کۆکراوە م٣/مانگ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئەزمەر | ماردین | مارگرێت | شێرکۆ بێکەس | سامان گەرمیان | | |
| تشرین1 | 36.8 | 93 | 140 | 330 | 159 | 143 | 865 | 5.4 |
| تشرینی2 | 82.4 | 208 | 314 | 739 | 356 | 322 | 1939 | 12.2 |
| کانونی1 | 112.2 | 284 | 427 | 1006 | 485 | 438 | 2640 | 16.6 |
| کانونی2 | 116.4 | 294 | 443 | 1044 | 503 | 454 | 2738 | 17.1 |
| شوبات | 117.9 | 298 | 449 | 1058 | 509 | 460 | 2774 | 17.4 |
| ئادار | 100.5 | 253 | 381 | 897 | 432 | 390 | 2353 | 14.8 |
| نیسان | 78.9 | 200 | 300 | 708 | 341 | 308 | 1857 | 11.7 |
| مایس | 30.6 | 77 | 117 | 274 | 132 | 120 | 720 | 4.5 |
| حوزیران | 0.5 | 1 | 2 | 4 | 2 | 2 | 11 | 0.07 |
| تەموز | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ئاب | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ئەیلول | 1.5 | 4 | 5 | 13 | 6 | 6 | 34 | 0.2 |
| کۆ | 677.7 | 1712 | 2578 | 6073 | 2925 | 2643 | 15931 | 100 |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە:- 1- خشتەکانی (2)و(3)و(5).

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی،2023.

**شێوەی (4)**

**قەبارەی کۆکراوەی مانگانەی هەریەک لە نمونەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران.**



سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (6).

**2-داواکاری ئاو و کۆگاکردنی ئاوی زیادەی نمونەکان**

لایەنێکی تری گرنگی پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاو دامەزراندنی کۆگا(خزان)ە، بەمەبەستی گلدانەوەی ئاوی کۆکراوە چونکە کۆکردنەوەی ئاو بەبێ کۆگاکردنی ئاو ئامانجێکی ئەوتۆ ناپێکێت، بۆ ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو شیکاریانەی ئەنجاممان داوە، بۆ پێشبینی کۆی ئاوی کۆکراوەی مانگانە و ساڵانە بڕیار دەدەین لە توانای تانکی(خزان)ی نمونەکان بۆ ئەوەی کۆی ئەو بڕە ئاوە کۆدەکرێتەوە لە ماوەی باران بارینـدا بتوانرێت گلبدرێتەوە، تا لە کاتی پێویست بەکار بهێنرێت و پێویستی ئاوی قوتابخانەکەی پێپڕبکرێتەوە، بەپێی قوتابخانەکان پێشنیاری قەبارەی کۆگاکردنی ئاو دەکەین چونکە پێشبینی کۆکردنەوەی باران لە قوتابخانەیەک بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە، هەر لەبەر ئەمەشە پێویست دەکات لەسەر ئەو هەژمارکردنە بڕیاری قەبارەی ئاو هەڵگرەکەمان بدەین، قەبارەی هەڵگری ئاوی کۆکراوە بەپێی کۆکردنەوەی ئاوی باران و پێویستیەکانی قوتابخانەکە دیاری دەکرێت، ئەگەر قەبارەی کۆکردنەوەی ئاوی قوتابخانەیەک لە ماوەی ساڵەکەدا دابەشی ڕۆژ بۆ دەرکردنی کۆکردنەوەی ئاوی یەک ڕۆژ پاشان بەپێی شیکاری داتاکانی ئاووهەوا بۆ دیاریکردنی ژمارەی مانگەکانی وشکی و بێبارانی بۆ ئەوەی کۆگای ئاوهەڵگرتن بەشی داواکاری مانگە وشکەکان ئاو کۆبکاتەوە، چونکە لە کاتی دیاریکردنی قەبارەی تانکی ژمارەی ئەندامانی ناوەندەکە و ماوەی دابارین و بەکارهێنانی ئاو و جۆری سەقف دۆخی سەرچاوەکانی ئاوی قوتابخانەکان لایەنێکی گرنگن لە دیزاینکردنی خزانی ئاوی قوتابخانەکە(Jay, et al., 2020, p. P352 352)، تا بتوانرێت تەواوی ئاوی کۆکراوە گلبداتەوە بۆ پێویستیەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکان، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئاوهەوای ناوچەکە زیاتر لە (120) ڕۆژی وشکی هەیە کە هیچ جۆرە دابارینێکی ئەوتۆ ڕوونادات، هەر لەبەر ئەمەش دەبێت دیزاینی تانکی کۆکردنەوەکە بەرگەی ئەو ماوە زۆرەی وشکی بگرێت، قوتابخانەکە بەتەواوی پشت بە کۆگای ئاو هەڵگرتنەکە ببەستێت، ئەمەش وادەکات تێچووی دامەزراندنی ئاوهەڵگرەکە زیاتربێت.

هەروەها پێویستمان بە زانینی داواکاری ئاو هەیە خەمڵاندنی داواکاری ئاوی قوتابخانەکان هەنگاوێکی گرنگە لە دیزاینکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی باران هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر دامەزراندنی قەبارەی کۆگا(خزان)ی ئاو، خەمڵاندنی خواستی ساڵانەی ئاوی قوتابخانەکان بە خەمڵاندنی ئاوی ڕۆژانەی داواکاری بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە، داواکاری قوتابخانەکە بۆ ئاوی ڕۆژانە=بەکارهێنانی ڕۆژانە(ستاندارد)*ژمارەی ئەندامانی قوتابخانە.

ئەگەر ئەوە بزانین بە پشت بەستن بەو ڕاپرسیەی لە قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەنجامان داوە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە تەواوی قوتابخانەکان بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست پشت بە سەرچاوەکانی ئاوی شارەوانی(تۆڕی گشتی) و بیری ئیرتیوازی(ئاوی ژێر زەوی) و تانکەر دەبەستن.

داواکاری ئاوی قوتابخانە پێک دێت لە خواردنەوە و شۆردن و توالێت و ئاودێری. بەگشتی لەوانەیە داواکاری ڕاستەقینە جیاوازی نەکات لە نێوان ئەندامانی قوتابخانە(منداڵ و گەورەکان) کە بڕی جیاوازی ئاو بەکاردەهێنن. هەروەها گۆڕانکاری هەیە بەپێی وەرزەکان بۆ خواست لەسەر ئاو، لە هەمان کاتدا ئەو ڕۆژانەی قوتابیان چالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن لە وەرزش، هونەر و چالاکیە ژینگەیەکان داواکاریان بۆ بەکارهێنانی ئاو زیاتر دەبێت. بەخەمڵاندنی تێکڕای بەکارهێنانی ئاوی ڕۆژانە و ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕاوانە دەتوانرێت کۆی داواکاری ئاوی پێویست بخەمڵێنرێت. بەگوێرەی ستاندارد، بڕی بنەڕەتی پێداویستی بۆ ئاو بۆ هەر خوێندکارێک دابەشکراوە، وەک لە خشتەی (7) دا ڕونکراوەتەوە هەرچەندە بڕی ڕاستەقینەی ئاوی پێویست بەندە بەکۆمەڵێک هۆکارەوە وەک کەش و هەوا و بەردەستبون و جۆری دامەزراوەی بەکارهێنانی ئاو و شیوازەکانی بەکارهێنانی ئاو، بەڵام بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پێداوە ڕەچاوی ئەو بارودۆخانە کراوە بە تێکڕا بۆ هەر قوتابخانەیەک.

**خشتەی (7)**

**بڕی ئاوی پێویست بەگوێرەی ستاندارد بۆ قوتابی لە قوتابخانە لە ڕۆژدا/ لیتر.**

| ژ | بڕی ئاو پێویست لە قوتابخانە | بەکارهێنان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| ١ | 25 لیتر/کەس/ڕۆژ | 15لیتر بۆ شۆردن و تەوالێت. 5لیترخواردنەوەو ئاودان. 5لیتربۆ چالاکی تر. | WFP, UNISCO, WHO 1999 (John, et al., 2009, p. 18). |
| ٢ | 20لیتر/قوتابی/ڕۆژ | 20لیتر خواردنەوە و شۆردن و ئاودانی قوتابخانە | Guidelines for drinking water quality (Sultan & Muhammad, 2022, p. 131). |
| ٣ | 5لیتر/قوابی/ڕۆژ | خواردنەوە بەکارهێنانە پێویستەکان | Roofop rain water harvesting for schools (Rasyid, et al., 2022, p. 131). |
| ٤ | 10.6لیتر/قوتابی/ڕۆژ/ | بۆهەموو قۆناغەکانی خوێندن و بۆ خواردنەوە و شۆردن و ئاودان | Water consumption and management school (Morote, et al., 2020, p. 8) |
| ٥ | 11.5+−2لیتر/قوتابی/ڕۆژ | هەموو پێویستی قوتابی | Water consumption in public school (Nunes & Soares, 2019, p. 119) |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بەسەرچاوە ئاماژە پێدراوەکان.

**٣-داواکاری کەسی بۆ ئاو لە نمونەکان**

بەگوێرەی کاری مەیدانی دەرهێنانی ستانداردیک بۆ بەکارهێنانی ئاو لە قوتابخانەدا، لە ڕێگەی هاوکێشەی دابەشکردنی ئاوی بەکارهاتوو بەسەر ژمارەی ئەندامانی قوتابخانەکە لە ماوەی ڕۆژێکدا، گەیشتین بەو دەرەنجامە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکارهێنانی ئاو(14)لیتر/قوتابی/ڕۆژ بوو ئاماژە بە خشتەی ژمارە (8)، بەڵام بە ڕەچاوکردنی گۆڕانی وەرز و بەرزبونەوەی خواست لەسەر ئاو لێرەدا (20)لیتر وەک ستانداردێک دادەنێین بەڕەچاوکردنی هەمان خشتە بۆ هەر ئەندامێکی قوتابخانە، سەرەڕای ئەوەی ڕۆژەکانی خوێندن و کۆبونەوەی ئەندامانی قوتابخانە لە ناوەندەکانی خوێندن دیاریکراون، لەکاتێکدا بەگوێرەی ساڵنامەی خوێندنی حکومەتی هەرێم ڕۆژانی خوێندن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە (١٦٦) ڕۆژی خوێندن )پەروەردە, 2024-2025(، کەواتە (١٩٩) ڕۆژ قوتابخانەکان ئەو ڕێژە زۆرەی قوتابی و خوێندکار بەخۆیانەوە نابینن بەڵام کۆکردنەوەی ئاو بەردەوام دەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە (٣٦٥) ڕۆژمان وەک پێویستی و داواکاری لە قوتابخانە داناوە چونکە داواکاری ئاو تەنها داواکاری کەسی ناگرێتەوە بەڵکو داواکاری ئاودێریش لایەنێکی گرنگە و دەبێت لەبەرچاوبگرین.

خشتەی (8)کۆی داواکاری کەسی ئاوی ڕۆژانەی نمونە وەرگیراوەکان

سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و سەردانی مەیدانی توێژەر و خشتەی ژمارە (2) و خشتەی (7).

## ٤-داواکاری ئاودیری نمونەکان

جۆرێکی تری داواکاریە کە دەتوانریت لە ڕێگەی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی بارانەوە دابین بکرێت. بۆ خەملاندنی ئاوی بەکارهێنراو لە باخچەی قوتابخانەکە.

ئاودیری پیویستی بە بڕێکی زۆری ئاو هەیە بەگشتی جیاکراوەتەوە بە دوو گروپ ڕوپۆشی رووەکی و دار و دارستان، وە پێک دێت لە چەند جۆرێکی دار، ئاودیری لە مانگی حوزەیرانەوە دەست پێدەکات تا نیوەی مانگی تشرینی دووەم بە پشت بەستن و ڕاوێژ لەگەڵ ئەندازیاری ئاودیری (Gharib, 2021, p. 55).

سەبارەت بە ئاودان و ئاودیری باخچە و ڕوبەری سەوزایی یەکێک لە خاسیەتەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکانی ناوچەی لیکۆلینەوە بریتیە لە کەمی ڕوبەری سەوزایی وەک لە خشتەی ژمارە (9) ڕونکراوەتەوە، بەشیکی زۆر لە ڕووبەر بۆ سەوزایی دانراوە وەک پیویست سودی لیوەرنەگیراوە.

ستاندەردی دیاریکردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ ئاودیری بە 16لیتر/م$^2$ دیاریکراوە (Gharib, 2021, p. 56)، سەرەڕای ئاودان هەفتەیەکدا(3) جار ، ئەمە سەرەڕای ڕێنماییەکانی ئاودان لە وەرزە گەرمەکان لە هەردوو کاتی بەیانی و ئێوارەدا، داواکاری ئاودیری ئاو، هەر لە خشتەی (9) دا ڕوونکراوەتەوە لە وەرزە گەرمەکاندا.

**خشتەی (9)**

**ڕوبەری سەوزایی و داواکاری ئاودیری لە(5) قوتابخانەی ناوچەی لیکۆڵینەوە.**

| ژ | قوتابخانە | ڕوبەری سەوزایی بەم2 | داواکاری ئاو بە لیتر/ڕۆژ/م2 |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆلێژی ئەزمڕ | 1390 | 22240 |
| 2 | ماردین | 2040 | 32640 |
| 3 | مارگرێت | 1573 | 25168 |
| 4 | شێرکۆ بێکەس | 2600 | 41600 |
| 5 | سامان گەرمیان | 260 | 4160 |
| | کۆی گشتی | 7863 | 125808 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و داتا مەیدانیەکانی توێژەر و خشتەی ژمارە (2).

ئەگەر سەرەنج بدەین کۆی گشتی ئەو ڕوبەرەی کە بۆ سەوزایی تەرخانکراوە دەکاتە (7863)م$^2$، کە دەکاتە ڕێژەی 20.9%ی کۆی ڕوبەری قوتابخانەکان، بەڵام کۆی ئەم ڕوبەرە سەوزایی نیە، بەگوێرەی سەردانی مەیدانیمان بۆ ئەم ناوەندانە، ئەمەش بەهۆی کێشەی کەم ئاویی و نەبونی کەسی تایبەتمەند بە پاراستنی ئەم ڕوبەرانە بەتایبەت لە وەرزی ئاوداندا لەناودەچن بەهۆی ئاودیری نەکردن بەشێک لەم ڕووبەرە بە چۆڵی دەمێنێتەوە.

لە کاتێکدا ئەم ڕوبەرە پێویستی بە تەنها (125808)لیتر/ڕۆژ هەیە بۆ ئاودان، دەکرێت لەسەر قەبارەی داهاتی ئاو لە بەشێک لە قوتابخانەکان پلان دابنرێت بۆ بەکارهێنانی تەواوی ئەو ڕووبەرە وشکانە سودی لێوەربگیرێت بۆ سەوازیی و باخچە یان وەک کێڵگەیەکی وانەی نمونەیی زانستی و بە پشت بەستن بەم سەرچاوە ئاوییە، لەسەر ئەم بنەمایە وەبەرهێنانی تیادا بکرێت.

| ژ | بینای قوتابخانە/خوێندنگا | ژ.ئەندامانی قوتابخانە | پێویستی ئاو م٣/ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆلێژی ئەزمڕ | 140 | 2.8 |
| 2 | ماردین | 1119 | 22.4 |
| 3 | مارگرێت | 362 | 7.24 |
| 4 | شێرکۆ بێکەس | 845 | 16.9 |
| 5 | سامان گەرمیان | 1159 | 23.18 |
| | کۆی گشتی | 3625 | 72.52 |

## -هەڵبژاردنی قەبارەی تانکی و دیزاینکردنی

سەبارەت بە دیزاین و قەبارەی تانکی بە پشت بەست بە هاوکێشەی پێشوو، هەروەها ڕەچاوکردنی داتاکانی باران بارین، ئەوەی تێبینی دەکرێت ناوچەی لیکۆڵینەوە زیاتر لە (180) ڕۆژی دەکەوێتە ماوەی وشکی، بۆ ئەوەی قوتابخانەکان پشت بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبەستن، دەبێت کۆگای هەڵگرتنی ئاوەکە بە جۆرێک دیزاین بکرێت پێداویستی قوتابخانەکە پڕبکاتەوە لە وەرزی وشکیدا، لەبەر ئەوە لە خشتەی ژمارە (10) دا خەزانی پێویست بۆ هەریەک لە قوتابخانەکان بە قەبارەی پێویست دەخەینە ڕوو، بۆ ڕەچاوکردنی وشکی بۆ ماوەی(60) ڕۆژ و (90) ڕۆژ و (120) ڕۆژ.

**خشتەی (10)**

**پێشنیاری قەبارەی تانکی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران بەمەبەستی بەکارهێنان بۆ وەرزی وشک.**

| ناوی قوتابخانە | زۆرترین هەڵگرتن بەکارهێنان بە م$^3$ بۆ(٦٠ )ڕۆژ وشکی | زۆرترین هەڵگرتن وبەکارهێنان بە م$^3$بۆ(٩٠ )ڕۆژ | زۆرترین هەڵگرتن و بەکارهێنان بەم$^3$بۆ(١٢٠ )ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| کۆلێجی ئەزمڕ | 200 | 300 | 400 |
| ئامادەیی ماردین | ئاوی کۆکراوە بەشی 31.5%قوتابخانە دەکات. | | |
| مارگرێتی بنەڕەتی | 520 | 780 | 1040 |
| شێرکۆ بێکەس | ئاوی کۆکراوە بەشی 47.4%ی قوتابخانەکە دەکات | | |
| سامان گەرمیانی | ئاوی کۆکراوە بەشی 31.2%ی قوتابخانەکە دەکات | | |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە هاوکێشەی قەبارەی کۆکردنەوەی ئاوی باران و پێشنیازی قەبارەی تانکی کۆکردنەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین دەتوانین بڵێین هەریەک لە قوتابخانەکانی کۆلیجی ئەزمڕ و قوتابخانەی مارگرێتی بنەڕەتی تێبینی ئەوە دەکەین و ئاماژە و داتاکان ئەوە دەردەخەن کە هەردوو قوتابخانەکە دەتوانن بەتەواوی پشت بە پڕۆژەی کۆکردنەوەی ئاوی باران ببەستن ، چونکە نەک تەنها پێویستی قوتابخانەکان لە داواکاری کەسی و ئاودیری پڕدەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە هەردوو قوتابخانەکە زیادەیەک دەمێنێتەوە، کە دەکرێت بۆ مەبەستی پاراوکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی بەکاربهێندرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە قۆناغی پێشوو باسمان کردبوو کە دەتوانرێت لە ڕێگەی دیزاینکردنی تانکی بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ئاو و سودوەرگرتن لیی بۆکاتی پێویست، دەتوانرێت تانکیەکی (200)م$^3$ بەکاربهێنین بەمەبەستی سود لیوەرگرتنی ئاوی کۆکراوە بۆ ماوەی (2)مانگی وشکی ، خۆ ئەگەر بمانەوێت بۆکاتی زیاتر بەکاری بهێنین ئەوا پێویستمان بەتانکی بەتوانای (300)م$^3$ و (400)م$^3$، بۆ ماوەی درێژ لە (٣)مانگ و (٤)مانگی وشکی وەک لە خشتەی ژمارە (10) ڕوونکراوەتەوە.

سەبارەت بە قوتابخانەی کۆلێژی ئەزمڕ بۆ بەهرەداران، بەڵام بۆ قوتابخانەی مارگرێت لەبەر گەورەیی قەبارەی ئاوی کۆکراوە و بەرزی داواکاری لەسەر ئاوی کۆکراوە دەکرێت ئاوهەڵگری (380)م$^3$ (570)م$^3$ و (760)م$^3$ بۆ ماوەی (60)ڕۆژ وەرزی وشکی و (90) ڕۆژ و (120) ڕۆژ، دیزاین بکرێت.

بەڵام سەبارەت بە قوتابخانەکانی (ئامادەیی ماردین و ئامادەیی شێرکۆ بێکەس و قوتابخانەی سامان گەرمیانی)، ئەمانە بەهۆی زۆری داواکاری ئاو و بونی قورسایی (2)دەوامی، بەهۆی کەمی بینا ئەم بینایانە هەریەکی (2) قوتابخانەیان گرتۆتە ئەستۆ، ئەمەش وایکردووە داواکاری ئاو زۆربەرزبێتەوە، هەر بۆیە ئەم ناوەندانە دەکرێت ئاوی کۆکراوە وەک سەرچاوەی یاریدەدەر بەکاربهێنرێت لەگەر هەریەک لە ئاوی شارەوانی یان بیر، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت لە قوتابخانەی ماردین بەشی 31%ی پێداویستیەکانیان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئامادەیی شێرکۆ بێکەس 47%ی پێویستیەکانیان دەکات،

بەلام قوتابخانەی سامان گەرمیانی تەنها 31%ی پێداویستیەکانیان پڕدەکاتەوە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت دەکرێت بڵێین سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت تا کێشەی بڕانی ئاو یان زۆر بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی کەم بکاتەوە، هەروەها پێشنیاری تانکی بۆ ئەم قوتابخانانەی ئاماژەمان پێدا وەک لە خشتەی ژمارە (10)دا دیارە، دەکرێت خزان دابنرێت لەم کاتەدا پێویستمان بە تانکی قەبارە گەورەنابێت چونکە ئاوی کۆکراوە تەواوی داواکاری ڕۆژانە پڕناکاتەوە.

لەکاتێکدا بە دامەزراندن و دیزاینی ئاوهەڵگر(خزان)، بە پێی سەردانی مەیدانی هەموو قوتابخانەکان لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکەوە پێشنیاری کۆکردنەوەی ئاوی بارانیان بۆکراوە خاوەنی چەند ڕووبەرێکن کە دەکرێت تایبەتمەند بکرێن بە دامەزراندنی تانکیەکە، سەبارەت بە جۆری ئەو مادده بۆ دامەزاندنی ئەم ئاوهەڵگرە بەکاردەهێندرێت پێکدێت لە ستیل و کۆنکرێت و ئاسن...هتد، بەڵام گونجاوترین مادده کۆنکرێتە چونکە دەکرێت لە ژێرزەوی باخچەکان دابمەزرێت وەک ڕووبەرێک لە قوتابخانەکان بۆ جۆرێکی تر لە خزمەتگوزاری یان یاریگا بەکاربهێندرێت، سەرەڕایی گونجاوی بۆ ڕاگرتنی کوالێتی ئاو، ئەمە سەرەڕایی ڕەچاوکردنی تواناى ڕژان چونکە هەندێک جار ڕوداوێکی داباریینی نائاسایی ڕوبدات کە ببێتە هۆی ڕژان، بۆیە پێویستە سیستەمەکە بە پێشبینی کەشناسیەوە ببەسترێتەوە تا بڕیاری پێویست لە بارەی بەتاڵکردنی خەزانەکان بدرێت (Kelloger, 2011, p. 83).

## دەرەنجام

1. ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی شوێنی ئەسترۆنۆمی وایکردووە کە کۆی بارانبارینی ساڵانەی بگاتە (677)ملم/لە ساڵێکدا، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە سەبارەت بە هۆکاری سەرکەوتنی دەرەنجامەکانی دامەزراندنی سیستەمی کۆکردنەوەی باران، هەروەها ئەم ڕێژەی دابارینە لە ناوچەکە وەک هۆکارێکی کاریگەر دڵنیای دەدات لە بنیاتنانی پرۆژەی لەم جۆرە لە قوتابخانە و دامەزراوەکانی تر.
2. خێرایی باو بەهەڵم بوون وەک دوو ڕەگەزی گرنگ لە دامەزراندنی ئەم سیستەمە دەبێت حیسابی بۆبکرێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لەو ناوچانەی کاریگەری ئەم ڕەگەزانە بە ئاشکرا پێوەدیارە بۆیە دەبێت لە پرۆسەی گلدانەوە تانکی سەرداپۆشراو بەکاربهێندرێت، سەرەڕای جێهێشتنی کاریگەری لە کاتی کۆکردنەوەی ئاوەی باران لە سەر ڕوکارەکان.
3. ئەو ڕوکارانەی ڕووبەرێکی زۆر لە شارەکان داگیر دەکەن بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێن بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژانە چونکە هەتا ڕووبەر زیاتر بێت قەبارەی ئاوی کۆکراوە زیاتردەبێت.
4. لە دەرەنجامی فراوانبونی ڕووبەری شارەکان و زیادبونی ڕووبەری نەڕژاو لەسەر حیسابی زەویە کشتوکاڵیەکان، دیاردەی لافاو و کۆبونەوەی ئاو لە شارەکاندا دروستدەبێت، لەدەرنجامدا ئاوی باران دەچێتە ناوڕوبارەکان و وەک پێویست ڕۆناچێتە ژێر زەوی، ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی بەکارهێنانی زۆری ئاوی ژێر زەوی پێویستی بە بارگاویکردنەوە هەیە، دەکرێت ئەمە ڕێگایەک بێت بۆ چارەسەری هەمەلایەن لە ڕویی کەمکردنەوەی کۆبونەوەی ئاو و لافاو لەلایەک و لە لایەکی ترەوە هەڵگرتن و دوبارە بەکارهێنانەوەی یان بارگاویکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی.
5. لە دەرەنجامی شیکاری بۆ دەرەنجامەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران دەردەکەوێت، بەشێکی زۆری قوتابخانەکان دەتوانن هەموو پێویستیەکانیان لە داهاتی ئاوی کۆکراوە پڕبکەنەوە و پشت بە هیچ سەرچاوەیەکیتر نەبەستن.
6. دەکرێت کۆکردنەوەی ئاوی باران پرۆسەیەکی پەروەردەیی گرنگ بێت بەوەی قوتابیان و ئەندامانی قوتابخانە بەشێک دەبن لە بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی سیستەمەکە لەلایەک و پشکنین و چاودێری بەردەوام لەلایەکیتر، ئەمەش وادەکات قوتابیان هەم ئاگاداری سەرچاوەی داهێنکەری ئاوی سەرەکی قوتابخانەکەیان بن هەم بەفیرۆدان کەمدەکەنەوە.

## پێشنیار

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەک کارێکی نمونەیی بۆ پەرەپێدانی ئاو لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا، چەند پێشنیارێک دەخەینە ڕوو:

1. دەکرێت ئاوی کۆکراوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان، هاوکات لەگەڵ سەرچاوەیەکی تری ئاو بەشداری پێبکرێت، لەکاتی پڕنەکردنەوەی داواکاری ئاوی قوتابخانەکە، لەم کاتەدا دەبێتە سەرچاوەیەکی ئاوی گرنگ لەپاڵ ئاوی شارەوانی یان هەر سەرچاوەیەکی تر .
2. باشترە لە کاتی دامەزراندنی پرۆژەی لەم جۆرە لە قوتابخانەکاندا، پرۆسەی پاڵاوتن زۆر گرنگی پێبدرێت چونکە سەلمێنراوە ئاوی باران پێویستی بە پرۆسەی پلاوتن و تەعقیمکردن هەیە.
3. لە قوتابخانەکاندا لە ڕێگەی ئەو لیژنانەی کە دروستکراون وەک لیژنەی دایابان دەکرێت بەشێک لە هاوکاریەکانیان بۆ کاری لەم جۆرە تەرخان بکەن، یان ڕێکخراوەکان هانبدرێن لە ڕێگەی کارگێڕی قوتابخانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی ئاو لەڕێگەی سیستەمی لەمجۆرە.
4. هاندان و ڕێنمایی ئەندامانی قوتابخانەکان بکرێت بۆ ناساندن و بەشداریکردنیان لە پشتبەستن بە سیستەمی لەم جۆرە، تا بتوانرێت کورتهێنان لە داهاتی ئاو لەم ڕێگەیەوە پڕبکەنەوە.
5. حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ڕێنمایی و ڕاسپاردە دەربکات بۆ دامەزراندنی پرۆژەی لەم جۆرە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت تا بەشێک لە پێداویستیەکانیان پڕبکاتەوە.

6. وەک هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو، دەکرێت لە کوردستانیشدا لە کاتی دروستکردنی بینا ڕووبەر گەورەکان ڕێنمایی پێویست لەبارەی دامەزراندن و تێبینی بنیاتنانی ئەم سیستەمە لەبەرچاوبگیرێت.

## سەرچاوەکان

Adler, I. & C, L., 2009. community paricipation in decentralization rainwater system. water journal.

2-AI, C. A. & N, S., 2009. Rainwater harvesting as an alternative water supply in the future. european journal, .

3-Dragica Vujadinović, M. F. T. G., 2023. Gender-Competent Legal, Örebro: Springer Textbooks in law.

4-Gharib, K. N., 2021. Rainwater harvesting assessment in sulaimani hights village. UHD JOURNAL OF SCINCE AND TEHNOLOGY, 5(1).

5-G, S. C. & Reddy, R., n.d. Design construction and evaluation of rain water harvesting system. International .

6-Hassell, C. & Thornton, J., n.d. Rainwater harvesting for toilet flushing in uk school.

7-Islam, A., ALI, A., Aminur , R. & Azharul , I., 2019. Evaluation of harvested rainwater quality at primary school. Environ monitoring.

8-Jay, G., Hina, b. & Parth, K., 2020. Designning roofop rainwater hervesting system at RK University, s.l.: Pharmacognosy and ohytochemistry.

9-Jha, M. K. & Shah, N., 2015. Evaluating rainwater harvesting system for school buldings.

10-John, A., Jamie, B., Yves, C. & Jackie , S., 2009. Water sanitation and Hygiene Standards for Schools in low-cost settings. s.l.:World Health Organization.

11-Kelloger, R., 2011. rainwater harvesting for domestic water demand and storm water management. p. 83.

12-Kim, Y. & Han, M., 2016. Community-based rain water harvesting to supply drinking water. water scince and technology.

13-Morote, A. F., Hernandez, M., Oclina, J. & Rico, A. M., 2020. water consumption and management in schools in the city of alicante (Southern Spain). MDPI, Volume 1052.

14-Ndiritu, J. G. & Carthy, S., 2014. Probabilistic assessment of the rain water hervesting potential of school in south Africa. Witwatersand.

15-Nunes, L. G. & Soares, A. E., 2019. Water Consumption in public schools (a case study). water , Volume 119.

16-Raimondi, A. & Abhijitih, G. R., 2023. Rainwater harvesting and treatment. MDPI.

17-Rasyid, S. & Ardi, M., 2021. Rooftop rainwater harvesting (RRWH) for Schools. Alantic press.

18-Rasyid, S., Ardi, m. & Lullulangi, M., 2022. Roofop rainwater harvesting for schools. Atlantis press, Volume 654.

19-Snelling, A. m. & Lamonde, J., 2024. Public precipitaion of rain water harvesting.

20-Sultan, R. & Muhammad, A., 2022. Rooftop Rainwater harvesting for schools. Atlantis press, Volume 654.

21-Tembo, J. M. & Handia, L., 2003. Potential of rain water harvesting in urban zambia. journal physics and chemistry of the earh.

22-Usman, I. & Mohammed, B. A., 2018. Assessing the potentials rainwater hervesing in college of environmental.

23-Valenti, J., 2010. Washington Post. [Online] Available at: https://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2010/05/28/AR2010052802263.html?sid=ST2010052804193%E2%80%9D [Accessed 06 09 2023].

24-Zabidi, H. A. & Goh , H. W., 2020. A Review of roof and pond rain water harvesing system for water security. MDPI.

25-Zhang, L. & Jiang, J., 2024. Optimizing ridge-furrow rainwater harvesting strategies for patato cultivation. agronomy.

پەروەردە, و., ٢٠٢٤-٢٠٢٥ .ساڵنامەی خوێندن و تاقیکردنەوەکان 26.هەولێر: وەزارەتی پەروەردە.

عبداللە, ا .س., ٢٠٠٥ .تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستان 27.سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی سراتیجی.

سلێمانی, س .ش., 2023 .کارنامەی شارەوانی سلێمانی بڵاوکراوەی28- . سەرۆکایەتی شارەوانی.

29-خورشید, ف .ح., 1971 .الرياح و السوداء:.s.l. 5-6 ed. . مجلة الشمس الكردستان.

# ڕۆڵی پەیوەندیی حزبیی لە بنیاتنانی کارەکتەر و ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا

**عبدالله رحمان عەولا**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ـ مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە-** پەیوەندییەکان بەشێکی گرنیگ لە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن و بەهۆیانەوە تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندی جۆارجۆر دەبەستن و هەندێکیان دروست و ئەرێنی و هەندێکیشیان نادروست و نەرێنی دەکەونەوە، بەهۆی ئەمەشەوە بەشێك لەو پەیوەندییانە دەبنە مایەی پێشکەوتن و گەشەسەندی تاك و کۆمەڵگەکان . یەکێك لەو پەیوەندییانەش پەیوەندی حزبییە، کە لە ئەنجامی دامەزراوەیەکی سیاسییەوە کە حزبە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە دێتەکایەوە وکاریگەریشی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ..تاد مرۆڤەکان دەبێت. بەڕادەیەك کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتیش دروست دەکات و بەتایبەتیش ژانرێکی وەکو ڕۆمان کە پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی وردەکاری ئەو پەیوەندییانە لەوانەش پەیوەندیی حزبیی و ئامانجە دیاریکراوەکانیان بخاتەڕوو. ڕۆمانووس سوود لە بوونی پەیوەندی حزبی وەردەگرێت و تانوپۆی ڕووداوەکانی پێ دادەڕێژێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس لە بنیاتنانی کارەکتەرەکانیشدا سوود لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرانە وەردەگرێت و لەڕێگای پەیوەندییەکانیانەوە بەتایبەتیش پەیوەندیی حزبییەوە هەوڵ دەدات پێگە وشێوازی بیرکردنەهوەو بیروڕایەکانیان ڕوون بکاتەوە.

**کلیلە ووشەکان-** پەیوەندی، پەیوەندیی حزبی ، کارەکتەر، ڕووداو، ڕۆمان.

## پێشەکی:

مرۆڤ لەو کاتەوە کە لە دایك دەبێت تا ئەو کاتەی کە دنیا بەجێدەهێڵت لەناو تۆڕێکی گەورەی پەیوەندیکردندا دەژێت، چونکە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە بە تەنیا توانای ژیانکردنی نییە، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندیکردندایە لەگەڵ دەروبەرەکەی، ئەو پەیوەندییانە چ ئەرێنی بێت و چ نەرێنی بێت کاریگەریی گەورەی لەسەر هزر و بیرکردنەوەو دەروون و جەستەی دادەنێت و تەواوی لایەنەکانی ژیانی لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ..تاد، دەگرێتەوە. ئەو پەیوندییانە لە گشتییەکەوە تا لق و پۆپەکانی مرۆڤەکان بەیەکتردەبەستێتەوەو ڕایەڵەی هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانیان دیاری دەکات، یەکێك لەو پەیوەندییانەش پەیوەندی حزبییە کە بواری کارکردنی مرۆڤ لە ڕوانگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ، ئایینیەوە ڕەنگرێژ دەکەن. دیارە ئەدەب ئەو پانتاییە فراوانە و ئەو گۆڕەپانە گرینگەیە کە وەکو ئاوێنەیەکی ژیان هەوڵدەدات تەواوی پڕۆسەکانی مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت و ئاراستەیان بکات، پەیوەندییەکانیش بەتایبەتی پەیوەندی حزبی بەشێکن لەو چوارچێوەیەی کە ئەدەب دەیانخاتەڕوو و لێیان دەکۆڵێتەوە، ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەردەمیانە باشترین پانتاییە بۆ نمایشکردن و لێکۆڵینەوە لە ئاکامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە کە کارەکتەرەکان بەهۆیەوە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوازی بیرکردنەوەو گۆشەنیگایان بۆ ژیان ڕوونتر دەبێت و پیشانی خوێنەر دەدرێن.

**گرفتی توێژینەوە :** مرۆڤ لەناو تۆڕێکی تێکچرژاوی کۆمەڵایەتییدا دەژیت، کە ژیانی بەڕێوە دەبەن و گەشەی پێ دەکەن. ئەو پەیوەندییانە ڕەگ و ریشاڵیان بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ هەیە و ئامرازێکن بەدەست مرۆڤ و مرۆڤایەتی تا لەوێوەو بنچینەکانی ژیان بنیات بنێنەوە. بێگومان لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەو پەیوەندییانە کە پەیوەندی حزبییە بەدەر نییە لە هاتنە پێشەوەی گیروگرفت، بەتایبەت کە لەڕوانگەی ئەدەب وژانری ڕۆماندا لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، بە هۆیی ئەوەی کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا کەمتر لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە کراوە.

**پرسیاری توێژینەوە :** ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانە خۆی دەبینێتەوە کە ئایا تا چەند پەیوەندیی حزبی کاریگەری لەسەر تاکی کۆمەڵگەی کوردی هەیە؟ هەروەها تا چەند لەناو ڕۆمانەکاندا پەیوەندی حزبی بەرجەستەکراوەو ڕۆمانووس لە داڕشتنی کارەکتەرەکان و پێکهاتەی ڕووداوەکاندا سوودی لێیان بینیوەو پەیام و مەبەست و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەر گەیاندووە؟ تا بەهۆیەوە بتوانین لەناو ڕۆمانەکاندا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە و دەستنیشانی قەبارەی ئەو پەیوەندییە حزبییە بکەین و ئەنجامێك بۆ گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان دیاری بکەین.

**گرنگی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆی پەتوەندییەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە لەنێوان کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکان هاتۆتەکایەوە، جەخت لەسەر ڕایەڵەی حزب دەکاتەوە لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە و ڕۆڵیان لە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکان و ئاراستەی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp71-81
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 12 ايار 2025؛ قُبل في 22 حزيران 2025؛ نُشرت في 5 تشرين الأول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: abdulla.awla@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © عبدالله رحمان عەولا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

کارەکتەرەکان دیار دەخات، هەروەها گرنگی ئەو پەیوەندییە حزبییانە لەناو کۆمەڵگە و لەژیانی رۆژانە و لە پێکهاتەی تێمای رۆمانەکاندا دەخاتەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە :** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە : ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەندیی حزبی لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەری لە ڕۆمانی کوردیدا.

**سنوری توێژینەوە :** لەم توێژینەوەیەدا لە سنووری باشووری کوردستاندا و لەدوو توێی (7) ڕۆماندا هەوڵدراوە ڕۆڵی پەیوەندی حزبی لەناو کۆمەڵگەدا لەڕێگای ڕۆمانەوە ڕوون بکرێتەوە. بەو هۆیەشەوە ڕۆماننووسەکان دیدو هزریان لەبارەوە خستۆتەڕوو و تانوپۆی ڕووداوی ڕۆمانەکانیان هۆنیوەتەوە.

**ڕێگای توێژینەوە:** مێتودی شیکردنەوەی وەسفییە .

**کەرستەی توێژینەوە:** ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری و سەرنج و تێبینییەکان.

## بەشی یەکەم
## دیاریکردنی زاراوەکان

**پەیوەندی :**

پەیوەندی ئەو بەستەرە کارلێکەرییە کە لەنێوان مرۆڤێك و بەرانبەرەکەی دێتەکایەوە و کاریگەری لەسەر ڕەوت و ژیان و هزر و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو ئایینیان دادەنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی هێڵێکە مرۆڤەکان بەیەکتر دەبەستێتەوەو هەوڵ دەدات خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا دروست بکات، بەو واتایەی پەیوەندی ((کارلێکێکە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا ڕوودەدات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو تاکانەدا کە ئەم چەشنە پەیوەندی یاخود کارلێکە پێکدەهێنن)) (ئەلحەسەن، 2012: 113) ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییەو هەرگیز ناتوانێت بەتەنیا ژیان بەسەرببات، بەڵکو پێویستی بەکەسانی دیکە و کۆمەڵگەکەی هەیە، بۆیە مرۆڤ لەناو تۆڕێکی گەورەی پەیوەندییەکان دەژیت، دەکرێت ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی تاکەکەسی بن و یان لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵەکان بنیات بنرێن. ئەمەش ((ئاماژەیەکە بۆ شێوازەکانی کارلێکەری کە لەنێوان مرۆڤ و ئەوی دیکە یان گرووپێك و ئەوی دیکە دێتەکایەوە کە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕیان لەنێواندا هەبێت، واتە کارو کاردانەوە هەبێت، کارو وەڵامدانەوە بۆ ئەو کارە هەبێت، ، ئەو پەیوەندییانەش بە گوێرەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جۆراجۆرن)) (حسن، 2012: 179). کەواتە پەیوەندی لە ئەنجامی کارلێکەری لەنێوان مرۆڤەکان دێتەکایەوە و تەواوی بوارەکانی ژیانیان ڕەنگرێژ دەکات و کاریگەری لەسەر دادەنێت، ئەو کاریگەرییە بەشێوازێکە کە ئەو ((هاوبەندییە کە لە نێوان دوو شت یاخود دوو دیاردەیە وا پێویست دەکات کە یەکێکیان گۆڕا، ئەوی دیکەش بگۆڕێت، لەوانەیە ئەو پەیوەندییشە بەشێوازی ڕێککەوتن یان نچە ڕێککەوتن، یان پاشکەوتە بێت، هەروەکو دەڵێن کە بنەمای پەیوەندی یەکێکە لەبنەماکانی هزرکردن، چونکە کاری بیرکردنەوە هەوڵێکە بۆ بەیەکبەستنەوەی لایەك بە لایەکەی دیکەوە)) ( بدوی،:1982 : 352)، بەو مانایەی کە پەیوەندیی کارێکی هزرییە کە لەنێوان تاکەکاندا بەمەبەستی سوودوەرگرن و گۆڕانکاری دێتەکایەوە.

( جۆن سی ماکسویل) لەو بڕوایەدایە کە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی درێژخایەن و سەرکەوتوو بنیاد بنرێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدا ڕەچاو بکرێت لەوانەش (ڕێزگرتن، متمانە، ئەزموونی هاوبەش، ئاڵوگۆڕی، چێژوەرگرتنی هاوبەش) کە پێویستە لەناو ئەندامەکاندا پەیڕەوی لێ بکرێت. ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەن کە خەسڵەتی هەر جۆرە پەیوەندییەك دروست دەکەن و بەردەوامی پێدەدەن. (ماکسویل،2009: 3-6)، لادان لەو مەرجانەی سەرەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پەیوەندییەکی نادروست بێتەکایەوە کە کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی مرۆڤ بکات، کەواتە دەکرێت بڵێین کە پەیوەندی ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین و گرانترین شتە لە جیهاندا کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، چونکە هەروەکو چۆن پەیوەندییەکان دەبنە سەرچاوەی چێژ وەرگرتن و بەختەوەری، بەدیوەکەی دیکەشدا دەبنە هۆکاری ئازار و ناخۆشییەکان(( طه، 2017: 13 ) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر وەکو چۆن پەیوەندی هۆکار و بنەمای تایبەتی خۆیە هەیە، بەهەمان شێوەش ئەنجامی خۆشی هەیە کە دەکرێت لێرەدا دوو جۆری گشتی لە پەیوەندییەکان دەستنیشان بکەن، کە یەکەمیان پەیوەندی ئەرێنییە کە هەردوولایەنەکە گەر لە ئاستی تاك بن ئەوا خاوەن خاڵی هاوبەشن لە جۆری بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیان، گەر لە ئاستی گرووپ و ڕێکخراو دابن ئەوە یەکێتییەکی بەهێز ئەندامەکانیان کۆدەکاتەوە کە لە کارایی و کارامەیی وتوانایان لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکانیان سەرچاوە دەگرێت، دووەمیشیان پەیوەندی نەرێنییە لە ئەنجامی ناتەبایی و جیاوازی لە بیروبۆچوون و گۆشەنیگاکان لە سەر ئاستی تاك دێتە کایەوە ، لەسەر ئاستی گرووپیش لە ئەنجامی لێکهەڵوەشانەوەو پەرتەوازەیی گرووپ و ڕێکخراوەکە کە دەبێتە هۆکاری لاوازی و بێ توانایی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دێتە کایەوە. ئەم دوو جۆرە گشتییەی پەیوەندی هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی...تاد، دەگرێتەوە. کەواتە پەیوەندی پرۆسەیەکی تێکچرژاوە و بۆ تێگەیشتن دەبێت لە هەردوو لایەنە پێکهێنەرەکەی بکۆڵرێتەوە.

**حزب :**

حزب ڕێکخراوێکی ساسییە و لایەنی سیاسی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت و کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکەی وەکو کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی ... تاد، دادەنێت، ئەمەش لەڕێگای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە ، بەو پێیەش (( دەتوانین وەکو ڕێکخراوێك پێناسەی بکەین کەوا ئامانجەکەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی یاساییە بەسەر حکوومەتدا، ئەویش بەڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە)) ( گیدنز، 2009: 416)، لەم پێناوەشدا حزب هاوڵاتیان ڕێکدەخات و لەچوارچێوەی دامەزراوەکانیدا کۆیان دەکاتەوە، کە بەهۆیەوە پەیوەندییەك لەنێوان ئەندامەکانیدا دێتەکایەوە، بەم پێیەش حزب ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ((تاکەکان وابەستە دەبن پێیەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان و ئامانجی کۆمەڵگە گەورەکەیان، لەڕێگای کارکردنێکی دڵسۆزانەو بەرهەمدار لەنێوان ریزەکانی ئەندامەکانیدا و کۆششکردن بۆ گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات، بەمەش دەتوانێت هزر و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەی بکاتە واقیعی کارکردن تا بتوانێت گۆڕان لە کۆمەڵگە دا ئەنجام بدات و بەرەو پێشەوەی بەرێت)) (ئەلحەسەن، 2012: 102). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حزب کار لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە دەکات و ئاستەکانی ژیان بەرەو بەرزبوونەوە دەبات. بەم پێیەش ((حیزبی سیاسی بریتییە لە ڕێککەوتنی ژمارەیەك کەس لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپ و ئامانج کە دەیانەوێ لەبەرژەوەندی گشتییدا بەئەنجامی بگەیەنن، یا لانیکەم هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی حیزب کە لەبنەڕەتدا گرووپێکن لە گرووپەکانی کۆمەڵگە))( الاسماعیل، 1997 : 191)، کەواتە دەکرێت بڵێین حزب لە کۆمەڵە ئەندامێك کە بۆچوون و بیروڕایەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و تێیدا پەیوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست دەبێت بەمەبەستی سەرخستن و دەسەڵات گرتنەدەست.

سەرەڕای ئەمانەش حزب وەکو دامەزراوەیەك لەناو کۆمەڵگە هەیە، دامەزراوە بەواتای ئەو بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە دێت، کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هاتوونەتە کایەوەو جۆرێك لە ڕێساو یاساو ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان هەیە ، بەهۆی ئەو یاسا و ڕێسایانەشەوە حزب وەکو دامەزراوەیەك(( ئەو تاکانە کۆدەکاتەوە کە لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئینتیمای ئایینی و هەڵوێست گۆشەنیگایان لەبینینی جیهان تاڕادەیەك لەیەکدەچن و هاوشێوەن )) (بوریکو،1986: 20) دێت، ئەمەش بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکی و لاوەکییەکانی کۆمەڵگەیە. بەم شێوەیە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە ((بەمانای ئەو کۆمەڵە ڕێسا و دیسپلین و سیستەمە جێگیرانە دێت کە ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن)) (ئەلحەسەن، 2012: 227).تاوەکو بەهۆیەوە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی ڕێکبخەن و جۆرێك لە دادگەری لە ڕەفتارەکانیان بەدیبهێنن و پێداویستییە ژیارییەکانیان بۆ دابین بکەن، بەو واتایەی ئەو دامەزراوانە(( کۆمەڵە یاسا و بنەماگەلێکی ئاڵۆزە کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و بەسەر ڕەفتارە تاکەکاندا زاڵە، بەشێوەیەك کە سەرپێچی لێکردنی نایەتە دی، لەڕاستیدا دامەزراوە بەهەموو بیروڕا و بۆچوون و نموونە ڕەفتارییەکان دەگوترێ کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دامەزراوە)) (وسووقی، 2013:159). بەم پێیە دامەزراوەکان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن کە تێیدا کۆمەڵگە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا ڕێکدەخات و جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات کە پێویستن و خۆشگوزەرانی فەراهەم دەکەن.. بەم هۆیەشەوە جۆرێك لە کارلێکی مرۆڤایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت و هاندانێك لەنێوان تاکەکاندا دێنێتە کایەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە چەمکی دامەزراوە زۆرێك لە گرووپەکان دەگرێتەوە لەوانەش خێزان و خێڵ و مزگەوت و کڵێسە و پەرلەمان و حزب و کۆمپانیا و ڕاگەیاندن و قوتابخانەو ....تاد . (حسن، 2012:209-213). ئەو دامودەزگا و دامەزراوانەش چالاکییەکانیان تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەو تەواویش پەیوەست بەیەکەون و بەهەماهەنگیی نێوانیان کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەکەن و جۆری خزمەتگوزارییەکان باشتر پێشکەش دەکەن، بۆیە ((بنیاتی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان هێندە فراوان و بەربڵاون، کە چالاکییەکانیان پانتاییەکی زۆر لە کۆمەڵگا دادەپۆشن، هەر گۆڕانێکی بەرچاو لە دامەزراوەیەکدا ، ئەگەری هەیە چەندین گۆڕانکاری لە دامەزراوەکانی دیکەدا دروست بکات)) (بروس کوهین، 2010:103)، بۆیە ئەو دامەزراوانە جۆرێك لە جێگیری و پەلەیەکی لە بەردەوامی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە.

کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی سەدەی بیستەم و کرانەوەی بەڕووی جیهاندا و ئاشنابوون بە ئەزموونی وڵاتان و چاوکرانەوە لەبارەی ڕەوشی سیاسیدا، ئاشنای کاری حزبی بووەو بۆ یەکەمجار حزب پێکهێنراوە. لەبەر ئەمەشە سەرەتا بەشێنەیی و هێواشی چەمك و تێگەیشتنەکانی حزب لەناو کۆمەڵگەی کوردی بڵاوبووتەوە و تا دواتر پەرەی سەندووە و لەئەنجامدا لەناو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندییەکی دیکە کە پەیوەندی حزبییە لەناو تاکەکاندا بڵاوبۆتەوە، کە ڕەنگ و رووخساری ئەو پەیوەندییە بەپێی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای خودی حزبەکان بووە، ئەو پەیوەندییە حزبییانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی جۆری پەیوەندییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانی بەسەردا بێت و بەستەرەوەی نێوان تاکەکان لە پەیوەندی هاوڕێیەتی وخزمایەتی و دارووسێیەتی و ناوچەیی و عەشیرەتی تێپەڕێنێت و بۆ یەکەم جار تاکەکان لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن لەسەر بنچینەی بیروبۆچوون و ڕێکخستنی حزبییەوە. کە ئەمەش گۆڕانێکی جۆرییە لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. حیزبە سیاسییەکان گرنگیەکی زۆر بەم پرۆسەیە دەدەن چونکە کاردانەوەی پۆزەتیڤی بەسەر تاکەکاندا هەیە لەکایەی شوناس و هاووڵاتیبوون و بەها و پێوەرەکانی پەیوەست بە سیستەمی سیاسیی و بەها باڵاکانی سیاسەت .

## کارەکتەر:

کارەکتەر لە ڕۆماندا بەکەسە دەگوترێت کە ڕۆڵ دەگێڕن و ڕووداوەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە، لەهەمان کاتیشدا کارەکتەرەکان سەرپشك دەبن لە دروستکردنی ڕووداوەکان و ڕۆڵێکی گرینك و یەکلاکەرەوە دەبینن لە پێکهاتەو بونیاتی ڕۆماندا، کارەکتەر کەسایەتییەکی خەیاڵی دروستکراوی دەستی ڕۆماننووسە و لە بەرگێکی واقیعدا ڕۆڵ و پێگەی لەناو ڕۆمانەکەدا وەردەگرێت و کار دەکات وهەندێك جاریش کارەکتەر لەواقیعی ناو کۆمەڵەوە وەردەگیرێت و بەهۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشدا بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە کارلەیەك دەکەن و ڕۆمان دروست دەکەن.

بەلای (ئەی. ئێم. فۆرستەر)هوە (( کارەکتەر بارستەیەك وشەیە و ڕۆماننوس سازی دەکات و ناوی لێدەنێت و ڕەگەزی دیاریدەکات، هەروەها شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێ و وای لێدەکات بدوێت و بەشێوەیەکی ڕێك و پێك هەڵسوکەوت بکات)) (فورستر،1985: 37) ئەو هەڵسوکەوتانەی کارەکتەریشە وا دەکات ڕووداو دروست ببێت. کەواتە کاریگەری کارەکتەر بەسەر توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانەوە، وا لەڕۆماننووس دەکات، گرینگییەکی تایبەتی بە کارەکتەر بدات و لەبنیاتناندا وردترین حیسابی بۆ بکات، بەم ڕەنگەش ((دەتوانین بڵێین بینای کەسەکان لەلایەن نووسەرانەوە ، کە هەمیشە مایەی بایەخپێدان و گرینگی پێدانیان بووە نەك لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دی، بەڵکو تەنانەت لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکەش جیاوازی تێکەوتووە)) (سابیر،2001: 141) هەر ئەو جیاوازییشە لە بنیاتنانی کارەکتەر وای کردووە بیروبۆچوون و پێناسەی جیاواز بۆ کارەکتەر دروست ببێت و هەر نووسەرێك ، یان توێژەرێك، یان قوتابخانەیەك لە تێڕوانینی خۆیەوە لە کارەکتەر بڕوانێ و بەجۆرێك پێناسەی بکات.

بەهۆی ئەو دیدگا جیاوازنەش لە ناساندن و تێڕوانیندا، پرۆسەی خوڵقاندنی کارەکتەر، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دژوار دەکەوێتەوە و پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی ڕۆماننووسانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکتەرێکی نەمرو زیندوو لەنێو دەقەکەدا بنیات بنێن، کە بەهۆی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتەکانیەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لەبەر ئەوە((پرۆسەی خوڵقاندنی کاراکتەر بە پرۆسەیەکی دژوار و بێ سنوور و یاسا دادەنرێت و ژێدەرێك نییە ببێتە بنچینەی بۆ بنیاتنان، پرۆسەیەکە هیچ ڕێسایەك تاسەر ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بۆیە وەك دایێکی کارپێکراوی لێهاتووە کە نووسەر بابەتەکە لەمێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات)) (حەسەن، 2004: 123.) و دواتر کەسایەتییەکانی لەناو واقیعی کۆمەڵگەکەی یاخود لە ڕووداوێکی مێژووییەوە بۆ دەهێنێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانیان پێ دەسپێرێت. بەپێی ڕەوتی ئەو ڕووداوانەش سیفات وخەسڵەت بە کەسایەتییەکان دەبەخشێت و لەزاری ئەوانیشەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت.

بەم شێوەیە کارەکتەر کە لەواقیعی کۆمەڵگەکەی وەرگیراوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە و هەمیشەش بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخانە کارەکتەرەکانیش دەگۆڕێن. بەواتای ئەوەی هیچ کاتێك کارەکتەرەکان لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نین، بەڵکو بەپێی مەودا و ڕەهەندەکانی خۆی لەگەڵا گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵدا هەمیشە لە

جووڵە و کردار دایە. ئەو مەودا و ڕەهەندانەی کارەکتەریش شێوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی کارەکتەر لەنێو دەقدا دیاری دەکەن کەبریتین لە:

أ- ڕەهەندی سیاسی: بیروڕاو ئایدلۆژییەتی کارەکتەر و پەیوەندییە سیاسییەکانی دەگرێتەوە، کە لەناو دەقدا لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دادەڕێژرێت و هەڵوێست و ئاراستەی ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوەی بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکان پیشان دەدرێن.

ب - ڕەهەندی دەروونی: لایەنی پێکهاتەی دەروونی کارەکتەر دەگرێتەوە و ئارەزووەکان و پاڵنەر و هەڵچوونەکانی کارەکتەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و پێشهاتەکان دێنە کایەوە .

ج - ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: جێگەو پێگەی کارەکتەر لەنێو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات و تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و بنیاتی قەوارەی کۆمەڵایەتی کارەکتەر لە پەیوەندیکردنی لەگەڵا دامەزراوەکان و دەوروبەر و ژینگەکەی و خوو و ڕەفتارەکانی شیدەکاتەوە(بەرزنجی، 2009،:26 ):.

ئەم ڕەهەندانە کاریگەرییان لەسەر جووڵەی کارەکتەر و پێکهاتەی دروستبوونی کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا هەیە.

**ڕووداو:**

ڕووداو ئەو کردەیەیە کە واتایەك دەگەیەنێ و یەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان، پەیوەندیەکی تەواوکاری بەهێزی بە کارەکتەر و کات و شوێنەوە هەیە، بەجۆرێك هیچ کامێکیان بەبێ یەکتری بوون و پێگەی هونەریان لە دەقدا نابێت‌و بە توخمی یەکەمی گێڕانەوەش دادەنرێت, بەهەردوو جۆرەکەی (واقیعی، خەیاڵی) و ڕۆڵ و پێکهاتە هونەرییەکەی کە ڕووداوی سەرەکی و لاوەکییە، دەبێت سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە کردارێکی تەواو، پاشان بە ڕێچکەیەك یان چەند ڕێچکەیەك بنیات دەنرێت و بەیەکێك یان زیاتر لە ڕێگە هونەرەکیەکانی گێڕانەوە دەگێڕدرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ژیان بەردەوامە، ڕووداوەکانیش بەردەوام دەبن، چونکە هەریەکە و بەجۆرێك هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەك یان چەند پێویستییەك دەدات و بەردەوام لە ململانێ و تێکۆشاندان، ڕادەی هەوڵ و جووڵەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەم جیاوازیەش ڕووداوی جۆراو جۆر بەرهەم دێنن. هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری جیاوازی بیروڕای ڕەخنەگران و توێژەران و نووسەران لەبارەی پێناسەی (ڕووداو)هوە، کە ئەمەش بۆ تایبەتمەندی و سروشتی بەردەوامی جوڵانەوە و بەرەو پێشچوونی بیر و فەلسەفە وزانست،.....هتد، دەگەڕێتەوە، بۆیە ڕووداو لە یەکێکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بۆتە هۆی جێگیر نەبوونی ڕووداو وەکو ڕەگەزێکی بەردەوامی ژیان.

ڕۆماننووس هەوێنی بەرهەمەکەی لە ڕووداوەکانی ژیان وەردەگرێت، بەهۆی هونەرەکانی گێڕانەوە دەیانکات بە ڕووداوی هونەری و لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا دایاندەڕێژێتەوە، لەوێشدا جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری قۆناغی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبەن، لەسەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتر بۆ کۆتایی، لەم ڕوانگەیەوە (د.انگونیوس بگرس) دەڵێت: ((ڕووداو کۆمەڵێ بەسەرهاتە کە حیکایەتخوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو ڕێکیان دەخاتەوە، گەشەدەکەن وگرژ دەبن بەپێی ئەو چوار چێوە هونەریەی بۆی کێشراوە، پەیوەندییەکی تۆکمەشیان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە)) (محەمەد، 2007: 154).

سەرباری ئەوەی ڕووداو پەیوەندی بەکارەکتەرەوە هەیە بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا دەیگێڕێت، پەیوەندیەکی بەهێزیشی بەکاتەوە هەیە، بۆیە ڕووداو پەیوەستە بەکاتەوەو بێ کات نابێت، لەبارەی پەیوەندی ڕووداو بە کارەکتەر و شوێن لە دەقدا، (د.عەدنان خالید) دەڵێت: ((ڕووداو ململانێی کارەکتەرەکانە لە ئەنجامی هەڵوێست و هەڵچوونەکانیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا)) ( مستەفا، 2010: 17)

ڕووداو ئەو ڕاستیەیە لە ژیانەوە وەردەگیرێت و زۆر جار تێکەڵ بەخەون و ئەندێشەکانی نووسەر دەکرێت و بەجۆرێکی دیکە دەگێڕرێتەوە لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی کات دەرناچێت، لەمڕووەوە (د.فادیە مروان) دەڵێت((ڕووداو کۆمەڵێك (واقیعە)ی ڕێکوپێك یان پەرش و بڵاوە لەچوارچێوەی کاتدا)) ( سەعید، 2009: 39).

لەڕۆماندا دوو دەستە کارەکتەر هەن، دەستەیەکیان بکەری ڕووداوەکانن، دەستەکەی دیکە دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکان و ئەو کارەکتەرانەی ڕۆڵ دەبینن لەکاتی دروستبوونی کێشەو گیروگرفتەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا دەبنە دوو جۆر: یان یەك دەگرن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە یاخود لە دژی یەکتری دەوەستنەوە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەدا، ئەمەش لەلایەن (ڕۆلان برنۆڤ و ڕیاڵ ئوتیلیە) بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە ((ڕووداو لە ڕۆماندا لێکدانی هێزە دژ یەك و یەك گرتووەکانە لەبەسەرهاتەکاندا کە تیایدا کارەکتەرەکان یان یەکدەگرن یاخود دژبەیەك دەبن)) (مستەفا، 2010: 19)

بەمشێوەیە ڕووداو توخمێکی زیندووەو تەواوی توخمەکانی دیکە بێ گیانن و لەڕێگەی خستنەڕووی ئەوەوە دەکەونە جووڵەوبەمەش پێگەو گرنگیان لەناو دەقدا دەردەکەوێت و زیندوویەتی بە دەقەکە دەبەخشن و دونیایەك دروست دەکەن هاوشێوەی ژیانی واقیعی بێت یان لەواقیعەوە نزیك بێت، بۆ ئەوەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت و چێژی پێ ببەخشێ.

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### پەیوەندی حزبی و ڕۆمان

پەیوەستبوونی حزب بە ئەدەبەوە لەچوارچێوەی پەیوەندیی سیاسەت و ئەدەبدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕایەڵەکانی نێوان ئەدەب و سیاسەت ئاوێتەن و تێکچڕژاون ، لەمبارەیەوە(( ڕەخنەگری ئەمریکایی (جودیس فێتێرلی) زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت کە ئەدەبیات دیاردەیەکی سیاسییە، ئەمە دەربڕینێکە کە ڕەنگە هەموو کەس ڕاستەوخۆ دانی پیدا نەنێت و بەتێڕامانێکی سەرپێی بەرپەچی بداتەوە و هۆکارەکەشی بگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتنی بنەڕەتی ئێمە لە دوو چەمکی سیاسەت و ئەدەبیات، کە یەکەمیان پێوەندیی نەپساوەی لەگەڵ دەسەڵات هەیە و دووهەمیان ئافراندنێکی جوانیناسانەی لەمەڕ مرۆڤ و ژیان)) (ئەحمەد زادە،2010: 5) ،لەم ململانێیەی نێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەمیشە ئەدەب دەبیاتەوە، چونکە سیاسەتکار هەر کەدەستی لە دەسەڵات بەربوو، ئیدی ناوی لەناو ناواندا نامێنێت و کاریگەرییەکانی کۆتایی دێت، بەڵام گەلێك جار و بەشێك لە ئەدەبیان هەم ناویان وهەمیش بەرهەمە ئەدەبییەکەیان بەنەمری دەمێننەوەو لەگەڵ خوێنەراندا سەردەمەکان دەبڕن. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای ململانێیەکانی نێوان ئەدەب و سیاسەت، کەچی پەیوەندی و

ئاوێتەبوونی ئەم دوو چەمکەش بەرپرسیارەتییەك لەئەستۆی ڕۆشنبیران و نووسەران دەخات، بەوەی کە دەبێت ئەو شتانە بدرکێنن کە پێویستە و دەبێ ئاشکرا بکرێن.

سەرەڕای ئەمانەش ئەدەب کۆی گشتی پەیوەندییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت و هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییانە لە چوارچێوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا شێواز و رووخساریان دیاری بکات و بەشداری لە پێشکەوتن و گەشەسەندنیان بکات، دیارە پەیوەندی حزبی وەکو پەیوەندییەك لەناو تۆڕی پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە زیاتر پەیوەستە بە لایەنە سیاسییەکەیەوە، چونکە لە ئەنجامی کارکردنی دامەزراوەیەکی ساسییەوە ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت، بەڵام کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی دیکەی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و....تاد هەیە، ئەو بوارانەش هەمیشە بەپێی سەردەم و ڕۆژگار لە گۆڕاندایە و ئەو گۆڕانانەش لەناو بواری ئەدەبیاتدا ڕەنگ و ڕووی خۆیان دەبیننەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بوارانە بوونێکی چەسپاویان نییە، بەڵکو هەمیشە لە جووڵەو گۆڕان دان و پەیوەستن بە شێوازی سەردەمەکەی خۆیانەوە، شێوازی ئەو بوارانەش بەتایبەتیش پەیوندیی حزبی وەکو شێوازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرهەمەکانی سەردەمەکەیدا خۆی دەبینێتەوە لەوانەش بەرهەم ئەدەبییەکان، چونکە پەیوەندییەکان فۆرمێکن لەفۆرمەکانی ژیان، هەر سەردەمێکیش سیستەمی ئایدۆلۆژی و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەیە، بۆیە گوتنی ئەوەی کە ئەدەب لە کۆمەڵگە و ئایدۆلۆژیاو سیاسەت و کۆمەڵایەتی دابڕێت، گوتنێکی مەنتیقی نییە (فرح ، 2009: 169).

لەم ڕووەوە ڕۆمانووسیش وەکو تاکێکی کۆمەڵگەکەی و لەڕێگەی ئەزموونە ژیاری و مەعریفییەکانەوە هەڵوێستی لەمەڕ ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەردەبڕێت و ڕۆڵێکی ڕووناککەرەو وشیارکردنەوەی لەناو کۆمەڵگە دەبینێت، بۆیە هەر ڕۆمانووسێك خاوەنی دیدو بۆچوون و ئایدۆلۆژییەکە و دەیەوێت لەڕێگەی ئەو پەیامەی کە لەڕێگای بەرهەم ئەدەبییەکانەوە بە دەوربەرەکەی دەگەیەنێت و دەیەوێت خزمەتێك بێشکەش بکات و ئەرکەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکات، کە ئەرکێکی پڕ لە هەستیاری و بەرپرسیارەتییە و هەوڵدەدەن بەهۆی هەڵوێست و ئایدۆلۆژییەکانیانەوە هاوشان لەگەڵ میللەتەکەیاندا بەشدارییەکی کارا بکەن لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەدا.

نووسەرانیش لەڕێگای بەرهەم ئەدەبییەکانیانەوە هاوبەشی ئەو گۆڕانانەی کۆمەڵگە دەکەن، دیارە بەرهەم ئەدەبییەکانیش لەبارەی ماوەیەکی دیاریکراو و لەشوێنێکی دیاریکراوەوە لەدایکبووە و هەڵگری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ڕۆشنبیری سەردەمەکەیەتی، بۆیە نووسەریش لە بەرهەم ئەدەبییەکەیدا گوزارشت لەو بارودۆخە دیاریکراوانەی سەردەمەکەی دەکات، بۆیە بە ئاگایی بێت، یان نا ئاگا لایەنگری ئایدۆلۆژی سەردەمەکەی دەکات، یاخود لەوانەیە دژایەتی بکات، لێرەشەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گوزارشت لە چەند پەیوەندییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەکات، لەوانەیە ئەو پەیوندەییانە لەوشیارییەوە یان ناوشیارییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵام لەناو بەرهەمی ئەدەبی بوونی هەیەو ئەو بوونەش ڕەنگە ڕاستەوخۆ ، یاخود شاراوە بێت، بەمشێوەیە ((دەقی ئەدەبی دەبێتە سەکۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەقی ئەدەبی واز لەوردەکاری هونەری خۆی بهێنێ و خۆی بکات بە پاشکۆی هیچ ئایدۆلۆژیایەك بە سیاسەتیشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەرهەمی ئەدەبی لەدنیای سیاسەت دابڕین و نەهێڵین ئەدیب گوزارشت لە هیچ تێڕوانینێکی سیاسی بکات)) (حەمەد، 2015: 25) و لەرێگای ئەو باسکردنەشەوە سوود لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکان وەربگرێت و لەخزمەت پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی بەکاری بهێنێتەوە، بۆیە نووسەر گەلێکی زۆر هەن کە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت پانتاییەکی فراوانی لە نووسینەکانیاندا داگیرکردووە، بۆ نموونە (مەکسیم گۆرکی) لە ڕۆمانەکانیدا ئایدۆلۆژیا و سیاسەت پێکهاتەی سەرەکین. بۆیە ژانرێکی وەکو ڕۆمان کە پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوەی وردەکاری ئەو پەیوەندییانە لەوانەش پەیوەندیی حزبی و ئامانجە دیاریکراوەکانیان بخاتەڕوو. دیارە پەیوەندیی حزبی دەبێتە ئەو ڕێگایەی کە ڕۆمانووسان بەهۆیەوە دەتوانن ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان ڕوون بکەنەوە، باشترین ڕێگاش ژانری ڕۆمان بەهۆی ئەوەی کە بوارێکی فراوان بۆ خودی ڕۆمانووس دەرخسێنێت گوزارشت لەو هەست و بیروڕایانەی خۆی بکات، چونکە هونەرێکی نزیك لە واقیع و ژیانە و درێژی و تەکنیك و توخم و پێکهاتەکانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ لەخۆگرتنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و هەڵسەنگاندن و نرخاندن و ڕەخنەلێگرتنیان. لەمەشدا ڕوانگەی ئایدلۆژیای خودی ڕۆمانووسیش بەدیار دەکەوێت، لەهەمانکاتیشدا وەکو بەشێك لە ڕەوتی ڕووداو ڕۆمانووس سوود لە بوونی پەیوەندیی حزبی وەردەگرێت و تانوپۆی ڕووداوەکانی پێ دادەڕێژێت و هەوڵ دەدات پەیوەندی حزبی وەکو بنچینەو بناغەیەکی ڕووداوی ڕۆمانەکەی یان بەشێك لە دیمەن و وێنەکانی ڕووداوی ڕۆمانەکە بەرجەستە بکات و بەهۆیەشەوە ڕووداوێکی تژی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی بنیات بنێت. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس لە بنیاتنانی کارەکتەرەکانیشدا سوود لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرانە وەردەگرێت و لە ڕێگای پەیوەندییەکانیانەوە بەتایبەتیش پەیوەندی حزبییەوە هەوڵ دەدات پێگە وشێوازی بیرکردنەوەو بیروڕایەکانیان روون بکاتەوە و بەو هۆیەشەوە بەشێك لە ڕەهەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کارەکتەرەکانیش ڕوون دەکاتەوە، ئەمە جیا لەوەی مێژووی سیاسی و حزبی کۆمەڵگە لەناو ژانرێکی وەکو ڕۆماندا تۆمار دەکرێت و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵدەسەنگێندرێت.

پەیوەست بوونی پەیوەندیی حزبی بە ڕۆمانەوە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنیدا خۆی دەبینێتەوە ، لەلایەکەوە ڕۆمانووس لەڕووی تەکینیکەوە وەکو کارەکتەرێکی هەڵسوڕێنەری ئەو پەیوەندییانە سووردیان لێ وەردەگرێت و بەشێك لە تەکنیك و توخمی ڕۆمانەکەی وەکو مەنەلۆگ و دیالۆگ و وەسف ...تاد بەهۆیانەوە دادەڕێژێت و و لەدوو توێی ڕووداوەکاندا بەکاریان دەهێنێت و ئەرکێکیان پێ دەسپرێت. ئەو پەیوەندییە حزبییانەش وەکو پەیوەندیی کۆمەڵگەییەکان کاریگەری گەورە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دروست دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمانووس بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییانەوە ناسنامەی کارو پیشەی بەشێك لە کارەکتەرەکان دەستنیشان دەکات و ڕەهەندی کەسایەتییەکانیان ڕوون دەکاتەوەو بەهۆیەشەوە خوێنەر ئاشنای کارەکتەرەکان دەکات. بەلایەنی دووەمیشیدا ڕۆمان وەکو پانتاییەکی فراوان توانای وەرگرتن و تۆمارکردنی کاروچالاکییەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی هەیە، بەهۆیەشەوە دەتوانرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەهۆی ڕۆمانەوە ئاشنای کارو چالاکییەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە ببین و ڕادەی خزمەتگوزارییەکانیان دەستنیشان بکەین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی پەیوەندییە حزبییەکانیشەوە ئاشنای هەڵوێست و بیروڕایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆمانووس دەبین و بەهۆی ئەوانیشەوە ڕۆمانووس بەشێك لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. هەروەها لەڕووی مێژوویشەوە بەهۆی ڕۆمانەوە کاروکردەوەی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی ناو کۆمەڵگەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وئاشنای مێژووی دروستبوونیان دەبین، بۆیە ئەو پەیوەندییە حزبییانە بوونێکی بەرچاویان لەناو ڕۆماندا هەیە و کاریگەری تەواویان لە ڕووی تەکنیك و ناوەرۆکەوە لەسەر فەزای ڕۆمانەکە هەیە.

**ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری :**

1. پەیوەندیی ئەو بەستەرە کارلێکەرەیە کە لەنێوان مرۆڤێك و بەرانبەرەکەی دێتەکایەوە و کاریگەری لەسەر ڕەوت و ژیان و هزر و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو ئایینیان دادەنێت.
2. حزب دەزگایەکی سیاسییە و ڕۆڵ و کارتێکردنی لەسەر ڕایەڵ و لایەنەکانی کۆمەڵگە هەیە. بەم هۆیەشەوە جۆرێك لە کارلێکی مرۆڤایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت و هاندانێك لەنێوان تاکەکاندا دێنێتە کایەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆیە چەمکی دامەزراوە زۆرێك لە گرووپەکان دەگرێتەوە لەوانەش خێزان و خێڵ و مزگەوت و کڵیسە و و پەرلەمان و حزب و کۆمپانیا و ڕاگەیاندن و قوتابخانەو ....تاد
3. پەیوەندیی حزبی وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی ناو تۆڕی ئەو پەیوەندییانەی کە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن، کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤ دروست دەکات، بەتایبەتیش کە ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤە ڕەنگرێژ دەکەن .
4. کارەکتەر و ڕووداو وەکو دوو توخمی سەرەکی ڕۆمان ڕەهەند و لایەنەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییە لەخۆ دەگرن و بەشێك لە ڕێکار و سیماکانی پەیوەندی حزبی لەناو دەقدا لە ئەستۆ دەگرن و بەهۆیەوە ڕۆماننووس سوودیان لێ دەبینێت بۆ کارەکتەر سازی و بنیاتنانی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەی .
5. بەهۆی پەیوەندییە حزبییەکانەوە ئاشنای هەڵوێست و بیروڕایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆماننووس دەبین و بەهۆی ئەوانیشەوە ڕۆماننووس بەشێك لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە. هەروەها لەڕووی مێژوویشەوە بەهۆی ڕۆمانەوە کاروکردەوەی ئەو پەیوەندییە حزبییانەی ناو کۆمەڵگەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وئاشنای مێژووی دروستبوونیان دەبین.

## بەشی سێیەم
## سنووری کاری توێژینەوە :

**کۆمەڵگەی توێژینەوە :** کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە (7) ڕۆمانی کوردی لە ماوەی قۆناغی پێش ڕاپەڕین کە پەیوەندیی حزبیی ڕۆڵی تێیاندا گێڕاوە، ئەوانیش :

1- ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی)
2- ڕۆمانی (ئاشتی کوردستان)ی (محەمەد ساڵح سەعید)
3- ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد)
4- ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)
5- کورتە ڕۆمانی (نامەیەکی بەپەلە)ی (کاروان عەبدوڵڵا)
6- ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی (حەمە کەریم عارف)
7- ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی (کاروان عەبدوڵڵا)

**بەشی کارەکی توێژینەوە:**

پەیوەندیی حزبی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەن کەبەهۆی حزب و ئینتیما بۆ حزبەوە دێتەکایەوە و کارەکتەرەکان وەکو ئەندامی حزبی دەبنە هاوڕێ و هاوخەباتی یەکتر و بەمەش جۆرێك لە هاوسۆزی و هاوهەستی لەنێوانیاندا دێتەکایەوە. لەڕووی سەرهەڵدانییەوە حزب وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی و ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی هەردووکیان لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو هاوکات هاتوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئەو ماوەیەش سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بووە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...تاد کە ناوچەکەی گرتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش دووچاری ئەو گۆڕانکارییانە هاتەوە و لەگەڵیدا لەڕووی سیاسییەوە هەوڵدرا کە مافە نەتەوەییەکان بەدەستبهێنرێت لەڕێگای دامەزراندنی حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسییەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو بارودۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەشدا ئەدەبی کوردیش دووچاری نوێبوونەوە هات و ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێ هاتە کایەوە، ئەم هاوکاتی هاتنەکایەوەش وای کرد کە ڕۆماننووسانی کورد بۆ بنیادنانی دەقەکانیان هەر لەسەرەتاوە سوود لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرن و حزب وەکو دامەزراوەیەك لەناو دەقی ڕۆمانەکانیاندا بخەنە بەر شەن و کەوکردن، دیارە بەم هۆیەشەوە هەر لەسەرەتاوە ڕۆمانی کوردی گرینگی بە پەیوەندی حزبی داوە و ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان و جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی لە ڕۆنانی ڕووداوەکاندا لە چوارچێوەی پەیوەندی حزبیدا ڕوونکردۆتەوە، کەئەم خستنەڕووەش دوو شێوەی لەخۆ گرتووە :

**أ - پەیوەندیی حزبیی وەکو بنچینەو بناغەی کارەکتەر و ڕووداوەکان:**

مەبەست لەو جۆرە ڕۆمانانەیە کە پەیوەندی حزبی ڕۆڵی سەرەکی لەدارشتنی ڕووداوەکان دەگێڕێت و تەواوی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیش لەو چوارچێوەیەدا دەبینرێت، بەو واتایەی پەیوەندی حزبی بووەتە هۆکارێکی بنچینەیی و سەرەکی لە دارشتنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و دەرخستنی ڕەهەندەکانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان. کەواتە پەیوەندی حزبی لەم جۆرە ڕۆمانانەدا چەقی دەق پێکدەهێنن، لەوانەش لە ڕۆمانی (**پێشمەرگە**)ی (**ڕەحیمی قازی**)دا پەیوەندیی حزبی بەشێکی زۆری لە پانتایی ڕۆمانەکەدا داگیرکردووەو ڕایەڵ و ڕیشاڵەکانی ڕووداوی لەسەر بنیات نراوە. ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی کۆمەڵە بووە کەوەکو حزبێك بۆ یەکەمجار لە کوردستان دادەمەزرێت و پەل وپۆی ڕێکخستنەکانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی حزبی دروست بکات ((**ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی کۆمەڵە تاقتاق بۆ مەڵبەندەکانی جیاواز جیاوازی کوردستان وەرێ دەکەوتن کە لکی کۆمەڵە دابمەزرێنن وە پتر خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن**)) ( پێشمەرگە ل102).

سەرەتای ئەو پەیوەندییەش لە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ کۆچکردنی هەردوو کارەکتەر (پیرۆت و شێرکۆ) و چوونیان بۆ ماڵی (میرزا قۆیتاس)ەوە دەست پێدەکات. هەرچەندە ئەوان پێشتر (میرزا قویتاس)یان ناسیووە، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پەرەدەسێنێت و دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندیی حزبییەوە. لێرەوە پەیوەندیی حزبی دەخزێتە ناو ڕووداوەکانەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی حزبیدا ڕووبەرێکی فراوانی ڕووداوەکە پێکدەهێنن و بەهۆی ئەوە پەیوەندییە حزبییەوە ڕووداوەکان ڕێچکە دەگرن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، و هەروەها پەیوەندییە حزبییە لێکەوتەی لەسەر کارەکتەرەکان دادەنێت وبەهۆیەوە جووڵەی کارەکتەرەکان نەخشەدەکێشرێت، بەتایبەتیش کاتێك (پیرۆت و شێرکۆ) بڕیاری سەرهەڵگرتن دەدەن، ئاراستەکەیان نادیارە، بەڵام کاتێك بەهۆی (میرزا قۆیتاس)ەوە ڕازی دەبن پەیوەندی بە حزبەوە بکەن و ئیدی ئاراستەی کۆچکردنەکەیان بەرەو شاری مهاباد دەبێت و لەوێ سەرلەبەری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە دروست دەبن، پەیوەندگەلێکی حزبین و بەهۆی ڕێکخستنەکانی حزبەوە ڕایەڵەی ئەو پەیوەندییانە بەیەکتر ئاشنا دەبن.

لەسەرەتاشدا پەیوەندییەکی حزبیی لەنێوان (پیرۆت و شێرکۆ) بەهۆی (میرزا قۆیتاس)هوە دروست دەبێت و بە (کاکەسوار)یان دەناسێنێت ((**برادەر، ئەو دوو جەوانە کە یێکیان ئیسمی شەریفی شێرکۆیە و ئەوی تر ئیسمی موبارەکی پیرۆتە بوونەتە عوزووی کۆمەڵەو دەتوانی بە ئاشکرا سوحبەتیان لەگەڵ بکەی**)) ( پێشمەرگە ل101). هەر بەهۆی (کاکە سوار)هوە پەیوەندییەکی دیکەیان لەگەڵ (کاك بینایی) کە خودی پێشەوا قازی محەمەدی سەرۆکی کۆمەڵەیە بۆ دروست دەبێت و بەیەکتر ئاشنا دەبن و ئیتر لەڕێگای وانەکانی پێشەواوە لە حزب بەرەو پێشەوە دەڕۆن و پێدەگەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەواوی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە شاری مەهاباد هەیە، پەیوەندی حزبین، پێچەوانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گوندەکانی خۆیان کە پەیوەندیی خزمایەتی وهاوڕێیەتی بووە. لەم ڕۆمانەدا گۆڕانکارییەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ پەیوەندی حزبی هەیە، بەشێوەیەك کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی بچووك لە جوگرافیای ڕۆمانە داگیردەکەن، بەڵام پەیوەندیی حزبی دەبێتە بنچینەو بناغەی داڕشتنی دەقەکە و کە بەهۆیەوە جووڵەی کاراکتەر و ڕووداوەکان لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە حزبییە دێتە کایەوە کە کارەکتەرەکان بەوانی دیکە دەبەستنەوە، بەو واتایەی پەیوەندیی حزبیی بووە بە چەقی دەقەکە و تەواوی ڕووداو و کارەکتەرەکان لەدەوری ئەودا کۆبوونەتەوە و چالاکی دەنوێنن. بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییەشەوە ڕۆماننووس گۆشەنیگای خۆی لەمەڕ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕوونکردۆتەوە کە پاڵپشتی بیروبۆچوونی نەتەوەیی دەکات، شێوازی ئەو پەیوەندییانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری بیرکردنەوە وهەڵسوکەوت و ڕفتاری کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا گێڕاوە و لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بۆیە ئەو پەیوەندییە حزبییە کە لەو ڕۆمانەدا هەیە، پەیوەندییەکی دروست و ئەرێنییە و بەشێوەیەکی ئەرێنی خراوەتەڕوو تا کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات و بیخاتە ناو چوارچێوە نەتەوەییەکەوە کە ڕۆماننووس وەکو گوتارێك ڕۆمانەکەی لەسەر داڕشتووە.

هەر لەم سۆنگەیەوە ئەو پەیوندییە حزبییە لە ڕۆمانی (**سەگوەڕ**)ی (**محەمەد موکری**)دا بە پێی ئەوەی کە ڕۆمانەکە پانتاییەکی فراوانی بۆ حزب و ڕەخنەگرتن لە عەقڵییەتی حزبی کوردیی تەرخانکردووە، لەمەشدا بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان بەهۆی پەیوەندی حزبییەوە بنیاتنراون و بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەهۆیەوە بنیاتی کارەکتەرەکانیش لە جووڵەو هەڵسوکەوتەکانیان لەسەر بنچینەی پەیوەندیی حزبیی بووە. ئەو پەیوەندییە حزبییە چ لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بەشێوەی نهێنی و چ لە ناوچە ئازادکراوەکاندا خراوەتەڕوو و بەشێك لە فەزای دەقی پێکهێناوە، تەنانەت کاتێك کە وەکو پێشمەرگەیەکیش باس لە کارەکتەری سەرەکی کراوە، هەر لە چوارچێوەی پەیوندی حزبیدا بووە، چونکە ئەوە دەزانرێت کە پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو هەر حزبێك هێزێکی تایبەتی خۆی بەناوی پێشمەرگەوە هەبووە. کە لەمەشدا بیروڕای حزب و ئەندامبوون لەم حزبە سەنگی مەحەك بووە لە چوونە ناو ڕیزەکانی ئەو هێزەوە. لەدیمەنێکدا ڕۆماننووس ئاماژە بەم جۆرە پەیوەندییە دەدات کاتێك وێنای کردەوەیەکی هێزی پێشمەرگە دەکات کەبەسەرپەرشتی کارەکتەری سەرەکی بووە، ئەوەتا پلان و ئامادەکاری بۆ ئەو کردەوەیە دەکات و داوا لە هاوڕێیەکانی دەکات بەشداری تێدا بکەن ((**ئێمە پێویستیمان بەچەك و نانی ئەوان هەیە! ئەم قسانەم مانای دڕندایەتی و پیاوکوژی نییە... ئێمە لەسەر زەویی باو وباپیرانی خۆماندایین و ئەوان بۆمان دێن... ئێستا دەمەوێ، دە کەسێ خۆی هەڵبژێرێ، تا کاری ئەمشەومان ئەنجام بێنین**)) ( سەگوەڕ ل50)، لێرەدا ڕۆماننووس چالاکییەکی پێشمەرگەی تۆمارکردووە کە تەقاندنەوەی بۆڕییە نەوتییەکانی کەرکوکە، لەم سۆنگەیەشەوە لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە حزبایەتییەوە ئاماژە بە کارەکتەرێك دەکات کە دەیەوێت بەشداری لەو کردەوەیە بکات کە ناوی (دڵشاد)هو بەهۆی تەمەن بچووکییەوە دیارە هێشتا بەشداری پێناکرێت، بەڵام لەم شەوەدا سوور دەبێت لەسەر بەشداری کردن (( **خەریکی باسکردنی (نەخشەکە) بوویت دڵشادت لێ راپەری بەتووڕەییەوە دەنگی بەرزکردە سەرت: ( بۆ من نابەی! تا کەی بەمنداڵم دەزانی؟) ( نا... بەمنداڵت نازانم ... ئەم جۆرە کارانە پێوەندییان بەگەورە و بچووکییەوە نییە... پەلە مەکە بۆ کاری قورستر هەڵم بژاردوویت**)) ( سەگوەڕ ل 51)، بەڵام سووربوونی (دڵشاد) وا دەکات کە ڕازی بێت بەشداری لەو شەڕەدا بکات و دوای ئەنجامدانی کردەوەکەش بەسەرکەوتوویی (دڵشاد) شەهید دەبێت. هەروەها لەدیمەنێکی دیکەشدا لەدوای ساڵی (1974)هوە کاتێك دووبارە لەپاش چوار ساڵ لەو ئاشتییەی کە بەهۆی ڕێککەوتنی (11)ی ئاداری (1970)هوە هاتبووە ئارا، دووبارە شەڕ لەنێوان حکومەت و شۆڕش هەڵگیرسایەوە، لێرەشدا ئاماژە بە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و حزبی کراوە کە لەو کاتەی کارەکتەری سەرەکی دووبارە دەچێتەوە ڕیزەکانی شۆڕش و پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە دەکاتەوە . هەر لەم سۆنگەیەوە ڕۆماننووس ئاماژەی بە پەیوەندیی حزبیی لە ناو ڕێکخستنەکانی شار داوە کە پەیوەندییەکی زۆر نهێنی بووە و هەمیشە لەژێر هەڕەشەی ئاشکرابوون و گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامەکانی لەلایەن دەسەڵاتی ئەمنییەوە بووە، ئەو جۆرە پەیوەندییە حزبییە تا ئەو جێیەی کە ئاشکرا نەبێت، بەڕێوەدەچێت و لە ئەنجام دانیشی ئەندامەکان ڕووبەڕووی گەلێك سەختی و باری ناهەمواری دەروونی و ئاسایش دەبنەوە، بەڵام لەدوای ئاشکرابوونی یان ئەوەتا دەگیرێن و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆری دەروونی و جەستەیی لەسێدارە دەدرێن، یاخود ئەگەر زوو زانرا خانەی ڕێکخستنەکەیان ئاشکرا بووە، ئەندامەکانی خۆیان ڕزگار بکەن و بچنە ناوچە ئازادکراوەکانەوە. لێرەدا کارەکتەری سەرەکی یەکێك بووە لەوانەی لە ڕێکخستنەکانی شار کاریان کردووەو کاتێك هاوڕێیەکانی لەحزب دەستگیرکراون و خانەی ڕێکخستنەکەیان ئاشکرا بووە، ئەو خۆی دەرباز کردووەو چووەتە ناوچە ئازادکراوەکانەوە. (( **لەو ماوەیەدا هەندێ لە هاوڕێیەکانت گیران، یەك دووانیان لەژێر داردا گیانیان دەرنەکرد... جەلیلیش کە بەقسە هیچی نەهێشتبووە، کەسی بەهیچ نەدەزانی و هەمیشە بەگلەیی بوو - تەنیا بە دانپیانان نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ سیخوڕەکان سواری لاندرۆڤەرێ بووبوو، یەکە یەکە ماڵی هاوڕێیەکانتی دەستنیشان دەکرد! ڕێککەوت وابوو (تۆ) بەرنەکەوی**)) (سەگوەڕ ل 71-72). لەم دیمەنەشدا ئاماژە بە چەند هاوڕێیەکی حزبیی خۆی دەکات کە گیراون و یەکێکیان بەنموونە دێنێتەوە کە (جەلیل)ی ناوە هەر زوو دان پیا دەنێت و تەواوی زانیارییەکان ئاشکرا دەکات، لەکاتێکدا پێشتر زۆر خۆی بەنەتەوەیی پیشانداوە، ئەمەش بەشێکە لەو ڕەخنەیەی کە ڕۆماننووس لە شێوازی پەروەردە و بنیادی هزری حزبەکان گرتووەو کە زۆر لاوازە و لەگەڵ یەکەم ڕووبەڕوونەوەدا بەهۆی نەبوونی وشیاری و پەروەردەیەکی گونجاوەوە ورەیان بەرداوەو بوونەتە داردەستی ڕژێم. لەم دەقەدا پەیوەندی حزبی بنچینە و بناغەی دەقەکەی داڕشتووە، چونکە ئەو دەقە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی حزب و لێکەوتەکانییەوە، هەر بۆیە پەیوەندیی حزبیی وەکو پەیوەندییەکی سیاسی ڕۆڵی گەورەی لە بنیاتنانی ڕووداوەکان گێڕاوەو بەشێکی زۆری ڕووداوەکان تانوپۆی ڕووداوەکانیان لەسەر پەیوەندیی حزبیی داڕشتووە. دیارە هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە حزبییانە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بەتایبەتیش کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ڕوونکراوەتەوە و بەشێکی زۆری جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەچوارچێوەی پەیوەندیی حزبیی بنیاتنراوە. ئەو پەیوەندییە حزبییانەی کە تێهەڵکێشی ڕووداوەکان بووەو ڕەهەندی کەسایەتی کارەکتەرەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، پەیوەندی دروست و ئەرێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێك لە دیمەنەکان بۆ یەکەمجار ڕۆماننووس پەیوەندییەکی

نادروست و نەرێنیمان بۆ باس دەکات و ئاماژە بە لێکەوتەکانی ئەو پەیوەندییە حزبییە نادورست و نەرێنییە دەکات کاتێك کارەکتەرێکی وەکو (جەلیل) وێنا دەکات و کەدەبێتە داردەستی ڕژێم و تەواوی ئەندامەکانی شانەی حزب لە شار بەگرتن دەدات, ئەمەش هەم ڕەخنەیەکی سیاسییە لە حزب و هەمیش نیشاندانی پەیوەندییەکی حزبیی نادروستە کە بەهۆی شێوەو بنیاتی هزری حزبەکان هاتۆتەکایەوە. دیارە ئەمە یەکەم ڕەخنەیە کە ڕۆمانووس لە ڕۆمانەکەیدا لە پەیوەندیی حزبیی بەرهەمهاتووی حزبەوە ئاراستەی ئەو حزبانە دەکات و لێکەوتەکانی پیشان دەدات. بەمەش ڕوانگەی ڕۆمانووسیش لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها شێوازی ئەو پەیوەندییە حزبییە دەخاتەڕوو .

لەکورتە ڕۆمانی (**نامەیەکی بەپەلە**)ی (**کاروان عەبدوڵڵا**)دا، پەیوەندیی حزبیی ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوەو بنچینەو بنەڕەتی ڕووداوەکەی پێکهێناوە، بەو واتایەی چەقی ڕووداو کار و چالاکییەکی حزبییە وبریتییە لە گەیاندنی نامەیەکی زۆر بەپەلە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆ ڕێکخستنەکانی شاخ، ئەوەتا لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکی کە (ئازاد)ە ئاماژە بەو ڕووداوە دەکرێت ((**دەبێ ئەو نامە بگەێنمە خاوەنەکەی، هاوڕێیان چەند جار دووپاتیان کردەوە و دەیانگوت (بەبێ وەستان، نابێ دوا بکەویت) منیش، خۆت دەبینی، لەحزەیەکیش ناوەستم، تا نەگەمە جێ ، پشوویەکیش نادەم** )) (هەژان ل27). ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە (ئازاد) یەکێکە لە کادیرانی ئەو حزبەو ئەڵقەی بەیەگەیشتنی ڕێکخستنەکانی شارو شاخ بووە، دیارە ئەمەش لەمنداڵییەوە ئەو کارو چالاکییەکی ئەنجام داوە کاتێك باوکی کە ئەویش کادیری حزب بووەو نامەی پێ سپاردووە بیگەیەنێتە شاخ، ئەمەش لەڕێگای مەنەلۆژی ناوەوەی کارکتەر خۆی بەهۆی تەکنیکی فلاش باکەوە دەگێردرێتەوە ((**ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر، کە چۆن باوکی بۆ یەکەم جار چەند قسەیەکی پێ رادەسپێرێ و دەینێرێتە لای یەکێ لە هاوڕێکانی شاخ، ئەو کات تەمەنی هەر هەشت نۆ ساڵانێك دەبوو**)) ( هەژان ل 24). هەر چەندە ڕۆمانووس بەهیچ شێوەیەك ناوی هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبردووەو و تەنیا لەڕێگەی دەستەواژەکانی هاوڕێیانی شار و هاوڕێیانی شاخ ئاماژە بە بوونی ڕێکخستنێکی سیاسی دەکات و ئەو ڕێکخستنەش لە شاردا قەدەغەکراوەو لە شاخیشدا چەکی هەڵگرتووەو خەبات دەکات و ناوچەی ئازادکراوی لەژێر دەسەڵاتی داهەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانووس رەخنە ئاراستەی ئەو ڕێکخستنە سیاسییە دەکات بەوەی کە گوێ بەکەس نادەن ، لەدیمەنێکدا (ئازاد) ئەو گلەییە ئاراستەیان دەکات و دەڵێت: (( **دەبوایە زووتر پێم، خەتا لەوان بوو، من پێم گوتن، ئەوان هەر بەقسەی خۆیان لێدەخوڕن! ئاخر دەبوایە گوێ لەمنیش بگرن، منێك نزیکەی دوازدە ساڵ دەبێ، هاتوچۆی ئەم ناوە دەکەم و بست بە بستی شارەزام**)) (هەژان ل 29) ئەمەش وا لە کارەکتەر دەکات هەڵوێست وەربگرێت و جارێکی دیکە بۆ هەر کارێك گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و یەکڕاست بەگوێیان نەکات. ئەم هەڵوێستەش بەشێك لەبەرەوپێشچوونی هزری سیاسی و حزبیی لەلای کادیرەکانی ئەو ڕێکخستنەوە نیشان دەدات. لێرەدا ڕۆمانووس ڕەخنەی لە پەیوەندییە حزبییەکەش گرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو پەیوەندیی حزبییە کە ئەگەر چی لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دروست و ئەرێنی بووە، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی رەخنەدا پەیوەندییەکە بەشێوەیێکی نادروست و نەرێنی دەخرێتەڕوو، بەتایەتیش ئەو پەیوەندییە حزبییە نادروست و ئەرێنییە لەنێوان کادیرانی حزب و سەرکردایەتییەوە پیشان دراوە، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەو لێکەوتانەی کە لە کورتە ڕۆمانەکەدا باسکراوە. بەشێوەیەکی گشتیش ڕووداوەکانی ئەو کورتە ڕۆمانە لەسەر پەیوەندیی حزبیی دامەزراوەوەو بەهۆی ئەمەشەوە رەهەندەکانی کەسایەتی کارەکتەری پێ ڕوونکراوەتەوە و بەهۆیەوە بنچینەی وبناغەی گێڕانەوە پێکهاتووە.

لەرۆمانی (**کۆچی سوور**)ی (**حەمە کەریم عارف**)دا بەهۆی ئەو ڕەخنەیەی کە ڕۆمانووس لە حزب و شۆڕشی گرتووەو هەروەها خستنەڕووی تاوان و کارەساتەکانی هەڵسوکەوتی بەرپرسە حزبییەکانەوە، وای کردووە حزب ببێتە داردەستێك و تەواوی ئەندامەکانی پەیوەندییەکی نادروستی حزبیی کۆیان بکاتەوە. ئەو پەیوەندییە حزبییە نادورست و نەرێنییە لەناو جەرگەی شۆڕشدا کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوشی خەبات و تێکۆشان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکانێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ لە نێو ڕیزەکانی حزبدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە کەسانێکی کاسەلێس و ماستاوچی و هەروەها بودەڵە و نەفامیش لە ڕیزەکانی ئەو حزبانەدا کاریان کردووەو بەهۆیەوە لە بەرپرسەکان و دەسەڵاتی بڕیاردانی حزب نزیکبوونەتەوە و دژی هەر جۆرە ڕەخنە و بیروڕایەکی ئازادیش وەستاونەتەوە. ئەم بارودۆخە وای کردووە پەیوەندی نێوان ئەندام و کادیرانی حزب لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندییەکی دروست و لەسەر بنەمای کاری هاوبەش و متمانە بوون بەیەکتر دانەمەزرێت، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر ملکەچبوون بۆ حزب و خۆنزیکردنەوە لە بەرپرسانی ئەو حزبەو ئەنجامدانی کارە قێزەونەکانی حزبەوە دروست بێت، بۆیە دەبینین ئەندامانی حزب بەسەریەکەوە سیخوڕییان کردووەو یەکتریان کردۆتە پلیکانەیەك بۆ ئەوەی بەسەر پشتی یەکترەوە بەرەوە سەرەوەی حزب هەڵبکشێن. لەمەشدا ڕاپۆرتنووسین ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرێوەچوونی ئەو پەیوەندییانە گێڕاوەو بەهۆی تۆمەتە بەخشینەوەش کارەساتێکی تەواویان بۆ ئەندامە دڵسۆز و راستگۆیەکان خولقاندووە. ڕۆمانووس (سیابەند)ی بە نموونە هێناوەتەوە کە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بەوەفا و ڕاستگۆ بووە وبوێرانە رەخنەی لێگرتووە، ئەمەش بەس بووە بۆ ئەوەی راپۆرتی لەسەر بنووسن و تۆمەتی بخەنە پاڵ. ئەوەتا ڕۆمانووس شێوازێکی ئەو ڕاپۆرتانەی خستۆتە ڕوو کە لەلایەن دوو کادیری حزبەوە (سەلام و ئازاد) بۆ خۆڕەپێشکردن لە (مەحمود) کە بەرپرسی باڵای ئەو حزبە بووە (( **بەڕێز مامۆستا مەحمود**

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم**

**بۆ ئەوەی نامەکەم هیچ حەقیقەتێکی تێدا پێشێل نەبێ، وا دەقی ڕووبەڕووبوونەوەکەم لەگەڵ ئەو هەتیوەدا ـ سیابەندە ، سیابەندە ! ـ بێکەم و زیاد تۆمار دەکەم و دەینێرمە خزمەت جەنابتان . هیوادارم بە دڵتان بێ...** )) (کۆچی سوور ل 166). ئەو کادیرانەی حزب لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیاندا تەواوی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەگەڵ (سیابەند) تۆمارکراوە دەخەنەڕوو ئەو تۆمەتەش دەستنیشان دەکەن کەبەهۆیەوە داوای سزادانی دەکەن کە جنێوی بە (مەحمود)ی بەرپرسی حزب داوە .بەمشێوەیە راپۆرتنووسین دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی ناتەندروست و ناجێگیر لە ناو ئەندامانی حزب دروست ببێت، کەس ڕێز لەوی دیکە نەنێت و هەموویان لە هەلێك بگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان بەرەوپێشەوە ببەن و دڵی بەرپرسەکانیان ڕازی بکەن، ملی یەکدی بشکێنن. لەبەرامبەریشدا بەرپرسەکان هەمیشە وەکو فێڵێك ناڕازی خۆیان خستۆتەڕوو و کادیرانی حزبیان بەشێوەیە ڕیسوا کردووە تا بۆ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتیان دابێت، ئەوەتا کاتێك راپۆرتەکە بە (هاوڕێ مەحمود ) دەگەیەنێن، ئەو ڕیسوایان دەکات و جنێوبارانیان دەکات (( **هاوڕێ مەحمود هەڵوەستەیەکی کردو بەتووڕەییەوە: ئەمە چییە نا سەلام! دەیانکەین بە بەردی ئاودەستخانە! هەتیو سەگی کۆڵان دەبن بە پیاو تۆ نابی بە بنیادەم؟! شەکری وا دەخۆی هەر شەکرێکت حەوت عەڵبە زەرەرە! بڕۆ دەرەوە خوێری لەگام... ئەو جا ڕووی کردە ئازاد: ئەدی تۆ بۆ وەستاوی دەبڕۆ ملی خۆشت بشکێنە**)) (کۆچی سوور ل173)، لە ئەنجامیشدا (سیابەند) بەدەستی هاوڕێیانی حزبەوە دەکوژرێت. ئەم بارە وای کردبوو کەس متمانەی بە کەس نەمێنێت و پەیوەندی حزبایەتیی لە شێوە گشتییەکەیدا لەسەر بەرژەوەندی و پیلان دانان بەڕێوە بچێت،

تەنیا مەگەر لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا پەیوەندییەکی دروستی حزبایەتی بوونی هەبووبێت، ئەوەتا ڕۆماننووس پەیوەندییەکی دروستی حزبایەتی لەنێوان (سیابەند و هەڵکەوت) دەخاتەڕوو کە گفتوگۆیەکی نێوانیان هەم پەیوەندی دروستی حزبایەتی خۆیان و هەمیش ئەو پەیوەندییە نادروستەی ناو حزبەکەیان دەخەنە ڕوو (( **زۆرم پێوەت ، بەڵام بێ فایدە بوو، کوڕە سیابەند ئاگات لەخۆ بێ داویان بۆ ناویتەوە.. سرپۆت دەکەن لەنێوت دەبەن، ڕەشکوژت دەکەن! بە پێکەنینەوە دەیگوت: ئەو پەڕەکەی دەمکوژن ، دەزانی کاکە هەڵکەوت ئینسان هەقیقەتێکی پیرۆز و ئاڵۆزە.. کردار لە مەحەکی دەدات و مەرگ دوا بڕیاری لەسەر دەدات.**

**- کوڕە سیابەند پیاوی چابە، تۆ هێشتا نایان ناسیت.. هەرزانی و گرانی بەدەستی خۆیانە.**

**ـ گوێ مەدەرێ هەڵکەوت گیان، کاك مەحمود دۆستی کۆنە ، تۆ بڵێی ئەوەندە بێ وەفا بێ!**

**ـ کوڕە سیابەند، مەحمود بابایەکی سیاسەت چییە، سیاسەت چی نابێ بەدۆستی کەس! مەسلەحەت، تەنیا دۆستی مەسلەحەتی خۆیەتی!**

**- ئاخر گەلێ سرِی لەژێر دەستمدایە، هێشتا کارەکانی تەواو نەبوون..**

**ـ سیابەند بۆ خوا پێت دەڵێم، هەر ئەمە دەبێ بە باعیسی مەرگت..**)) (کۆچی سوور ل147). ئەو گفتوگۆیە ئەوە دەسەلمێنێت کە لەناو ئەو حزبەی کە ڕۆماننوس ناوەکەی نەهێناوە و خەریکی شۆڕش و خەباتکردنە، کەچی ئەندامەکانی هەموویان سیخۆڕن بەسەریەکەوە و بەتۆمەتی ناڕەواش کەسانی دڵسۆزی حزب لەناو دەبرێن، ئەوەتا کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەش کە (مستۆ) بەهۆیەوە ئەو پەیوندییە حزبییەوە کۆتایی بەژیانی دەهێنرێت و لە شەڕێکدا هەڵ دەقۆزرێتەوە لەلایەن (دلێر) کە دەست و پێوەندێکی (مەحمود) دەکوژرێت، لەراستیشدا (مستۆ) خۆشی هەستی بەم پیلان کردووە ئەم جۆرە لە پەیوەندییە نادروستەی حزب بێگومان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ڕەوشی خەبات و تێکۆشانی گەل دەکات و نەوەیەکی ملکەچ و سەرشۆڕی لێدەکەوێتەوە.لەم دەقەشەدا پەیوەندیی حزبیی بنچینەو بناغەی دەقەکەی دامەزراندووەو تەواوی ڕووداوەکە و جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندیی حزبیی دارێژراوە و بنیاتنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە یەکێکە لەو دەقانەی کە تەواوی پەیوەندییە حزبییەکان راستەوخۆ خراونەتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا تەواوی پەیوەندییە حزبییەکان نادروست و نەرێنین ، نەرێنییەکە بەشێوەیەك خراوەتەڕوو کە دەگاتە ڕادەی تراژیاند و کوشتنی لێدەکەوێتەوە. ڕۆمانووس لەم دەقەیدا بەتەواوەتی حزب و پەیوەندیی حزبیی خستۆتە بەر ڕەخنە و بۆ یەکەمجار ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی جۆری ئەو پەیوەندییە حزبییانە دەکات کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە. لەم دەقەدا ئیدی پەیوەندیی حزبیی ئەو شکۆو پیرۆزییەی کە هەیەتی لەدەست دەدات و خوێنەر ڕووبەڕووی واقیعێکی تاڵ دەکرێتەوە کە ئەو جۆرە پەیوەندیی حزبییەی کە هەیە جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی هیچی دیکەی لێ شین نابێت. ڕۆمانووس لەم دەقەدا زۆر بەراشکاوانە ڕوانگە و بیروبۆچوونەکانی لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خستۆتەڕوو و لەمبارەیەوە پەیام و گوتارێکی جیاواز ئاراستەی خوێنەر دەکات.

### ب ـ پەیوەندیی حزبیی وەکو تەکنیکێکی بەشدار لە بیناتنانی ڕووداو و کارەکتەردا:

مەبەست لەم جۆرەشیان ئەوەیە کە پەیوەندیی حزبیی لەچەند دیمەنێکی ناو ڕۆمانەکەدا ڕۆمانووس وەکو تەکنیکێك سوودی لێ بینیووە بۆ گواستنەوەی بەشێك لە زانیارییەکان بۆ خوێنەران. بەو واتایەی کە پەیوەندیی حزبیی وەکو بەشدارێك لەناو ڕووداوەکان و بەشێك لەدەرخستنی ڕەهەندی کەسایەتی کارەکتەرەکان دەردەکەوێت. لەوانەش لە ڕۆمانی (**ئاشتی کوردستان**)ی (**محەمە ساڵح سەعید**)دا، پەیوەندیی حزبایەتی بەشێوەیەکی زەق ئاماژەی بۆ نەکراوەو زۆر بەکورتی و لەڕێگای چەند نیشانەیەك ئاماژە بەو پەیوەندییە لەنێوان کارەکتەرەکان دراوە. ئەم ئاماژەدانە لەسەرتاپای دەقەکەدا لەو دیمەندا هەستی پێدەکرێت، کە جیا لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان (ڕزگار)ی مامۆستای گوندەکە و هەر یەك لە (هێمن و مەریوان)دا هەیە، کە زیاتر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییە، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییەکی حزبیشە ((**- مامۆستا، ئەمجارە دەبێت لە دەنگی جووتیاراندا ئەم گۆڕینە و هۆکانی بنووسرێت... ئەمە کەم نییە ڕادەی تێگەیشتنی کەسێکی دواکەوتووی وەکو شەفە ئاوەها خەڵق ببێت و ئاوەها لەشت تێبگات.**

**- بەڵێ کاك هێمن، دەبێت لە ناوچەدا، هەرچی لەم بارەیەوە ڕوویدا بێت هەمووی بنووسرێت، بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە بنجوبناوانی کارەوە. هەوڵی فراوانبوونی ڕێکخستنەکانیش بدرێتەوە**)) (ئاشتی کوردستان ل30).لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە (هێمن) لەتەك (مامۆستا ڕزگار)دا لە ڕێکخستنێکی حزبیدان و بڵاوکراوەی ئەو حزبەشیان بەدەست دەگات و دەیخوێننەوە، بەبەڵگەی ئەوەش کە دواتر هەر لەسەر بوونی ئەو بڵاوکراوەیە زیندانی دەکرێن(( **هێمن و مەریوان کە ماوەیەك بوو لەسەر بڵاوکراوەی دەنگی جووتیاران کرابوونە ژوورەوە و بەندکرابوون، بەسەربەرزیی گەڕانەوە ناو خێزانەکانیان. دوای ئەوەی لە کەرکوك شەش مانگیان بەندیی تەواو کرد، کە چووبوونە شار نیشانەکرابوون، گوایە بابۆڵە کاغەزیان پێ گیرا بوو، ڕەوانەی مەرکەزیی کرابوون، لە ناحیەوە هاتبوونە سەر ماڵەوەشیان، بەگیرانەکەی خۆیان قایل نەبووبوون، بەڵێ بەهۆی ئەو پەڕاوەی کە گوایە دەنگی جووتیارانە و لەماڵی ئەواندا، لەکاتی پشکنینی لەپڕدا دۆزراوەتەوە، ئاوایان بەسەر هێنابوون**)) (ئاشتی کوردستان ل73). لەم چەند دیمەنەدا بترازێت بەهیچ شێوەیەك باس لە پەیوەندی حزبی نەکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پانتایی ڕۆمانەکە بۆ ئەو ململانێیە چینایەتی و نەتەوەییە تەرخانکراوەو زۆر کەم ئاماژە بە حزب و پەیوەندی حزبی کراوە. بۆیە پەیوەندیی حزبیی لەم ڕۆمانەدا لەو دیمەنەدا هەستی پێ دەکرێت کە زیاتر لایەنی سیاسی کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی دروستە و بەشێوازێکی ئەرێنی خراوەتەڕوو، بەو واتایەی کە لە پەیوەندییە حزبییەکەدا دڵسۆزی و وەفاداری لەلایەن کارەکتەرەکانەوە بۆ بیروبۆچوونەکانیان دیارە و لە دواجاریشیدا بەسەربەرزی دەگەڕێنەوە لە زیندان، ئەمەش دەرخەری ئەو توندوتۆڵییە کە پەیوەندییە حزبییەکە بنیاتی ناوە.

لەرۆمانی (**ژانی گەل**)ی(**ئیبراهیم ئەحمەد**)دا پەیوەندیی حزبیی لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە خراوەتەڕوو، بەتایبەتیش کە پانتایی دەق زیاتر بۆ کارەکتەری سەرەکی (جوامێر) و زیندانەکەی تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانووس لە هەندێك دیمەن و وێستگەی ڕووداوەکاندا سوودی لە پەیوەندییە حزبییەکانی وەرگرتووە، ئەوەتا کاتێك (جوامێر) لەگەڵ (ئاسۆ)دا یەکتر دەبینن و لە ڕێگادا (ئاسۆ) بەرەوە ئەو گازینۆیەی دەبات کە (نەریمان)ی لێیە، لە بەیەك ناساندنیشیاندا ئاماژە بەوە دەکات کە سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبە و ئەرکەکەشی دیاری دەکات ((**نەریمان برای حەمە چاوشینی خوا لێخۆشبووە کە لە خۆپیشاندانەکەی لەمەڕ تۆدا شەهید کرا، کوڕێکی ژیر و بەجەرگە لەنێوان (ل.ا.ن) و ڕێکخراوی شارا پۆستە ئەهێنێت و ئەبا**)) (ژانی گەل ل78)، دواتریش ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتیی و حزبییە، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئازادبوونی (جوامێر) لە زیندانی شۆڕشدا (( **نەهاتووم شایەتیی باشت بۆ بدەم. من بۆ ئەوە هاتووم کە بەناوی لێژنەی سەرکردایەتی شۆڕشەوە داوای لێبوردنیت لێ بکەم! هەموو زۆریان پێ گران و گەلێ لایان ناخۆش بوو کە بیستیان ڕۆڵەیەکی وەکو تۆ، لەباتی ڕێزگرتن لەلایەن لەشکرەوە**

، **تۆووشی ئازارکراوە!**)) (ژانی گەل ل158). هەروەها لە دیمەنێکی دیکەدا (ئاسۆ)ی هاوڕێی (جوامێر) وەکو ڕێکخستنێکی ناو حزب دەردەکەوێت و نامەی (جوامێر)ی بە (لاوە)ی ئامۆزای دەگەیەنێت ((**لەسووچی کۆڵانەکەیا پێچی کردەوە ئاسۆ مەمەند بەرەنگاری بوو، زەرفێکی دایە دەستی و بە ئەسپایی وتی:ــ ئەمە هی جوامێرە!**)) (ژانی گەل ل176). لەم دیمەنانەدا ڕووداو لەسەر بنچینەی پەیوەندیی حزبی بنیاتنراوە، ئەو پەیوەندییە حزبیانە بەشێوەیەکی ئەرێنی خراوەتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا پەیوەنییەکی حزبی دروست پیشان دەدات، هەر چەندە ئەم پەیوەندییە حزبییانە ئاوێزان بووە لەگەڵ پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە و وەکو تەواوکەری یەکترین وان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بەهۆی ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە حزبییانە خستۆتەڕوو، لەهەمانکاتیشدا ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکەی بەهۆی پەیوەندیی حزبییەوە روون کردۆتەوەو خوێنەر لەبەردەم ئەم دیمەنانەدا هەڵوێستی کارەکتەرەکان لەمەڕ ڕووداوەکانی بۆ دەردەکەوێت.

لەڕۆمانی (**کێوی مەزن**)ی (**کاروان عەبدوڵڵا**)دا پەیوەندیی حزبی لە ڕووبەرێکی بەرتەسك باسی لێوە کراوە و زیاتر لە چوارچێوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی وەکو پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە ئاماژە بە پەیوەندییە حزبییەکان دراوە، هەر چەندە ڕووداوی سەرەکی بریتییە لە گەشتکردنی کۆمەڵە کارەکتەرێك کە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە کار دەکەن و بەهۆی ئاشکرابوونیانەوە دەچنە ناو شاخ و بەکێوێکی مەزن هەڵدەشاخن بۆ ئەوەی دەربازی ناوچە ئازادکراوەکان بن. ئەمەش لەسەر زاری (کارزان)هوە دەخرێتەڕوو کاتێك ئاماژە بە ڕۆڵی خراپی (ڕێوار) دەکرێت و بەوە تۆمەتباری دەکات کە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاری ئاشکرا کردووە (( **تفوو لەوەی هاوڕێیەتیشی دەکا. گوێشی بۆ رادەگرێ. ئەو لەعنەتییە، دەبوایە ئەوێ جارێ بکوژرێ کە لەێو شاردا ئێمەی ئاشکرا کرد و بوو بەهۆی تێکدانی هەموو نەخشەو پیلانەکانمان. چ کارێکی نامەردانەی کرد! هەر بۆ ئەوەی لەێو لیفی گەرمدا بخەوێ، خۆی لە ئێمە دزییەوە و چووە ماڵێکی دۆستی. هەنجەتەکەشی ئەوە بوو گوایە کە لە ئێمە دابڕاوە، ئیدی بزر بووە و بەناچاری خۆی گەیاندۆتە ئەو ماڵە** )) (هەژان ل 142). لێرەدا ئەو پەیوەندییە نادروستەی هاوڕێیەتی کاریگەریی و کارتێکردنی لەسەر پەیوەندییە حزبییەکە کردووەو بەهەمان شێوە ئەو پەیوەندییە حزبییەش نادروستە و شێوەی سەقامگیربوونی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە تێکهەڵکێشی رق و کینەو کیبرکێییەکانی نێوانیان کراوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە حزبەکانیشان کە هەرچەندە ناوی نەهێنراوە، جیاوازن. واتە لەڕووی ئایدلۆژیاوەش جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و ململانێیەکی حزبی توند نێوانیانی ڕەنگڕێژ کردووە،

ئەم پەیوەندییە حزبییە لەژێر کاریگەریی خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو پەیوەندیی خۆشەویستی و پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە دەبێت و لەڕوانگەی ئەوانیشەوە ململانێیە حزبییەکان بەرێوە دەچێت. بۆیە پەیوەندییەکی ناجێگیر و ناسەقامگیری حزبی لە ناو دەقەکەدا هەست پێ دەکرێت کە ئەویش بەرۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنووسی کارەکتەرەکان داناوە و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی خراپتری گواستۆتەوە.

## ئەنجام

1. پەیوەندیی حزبی یەکێك بووە لەو جۆری پەیوەندییانەی کە لەلایەن ڕۆماننوسانی کوردەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و ڕۆماننووسان بەهۆیەوە ڕوانگەو گۆشەنیگای خۆیان گوزارشت لێ کردۆتەوە و پەیام و مەبەستەکانی خۆیان بە خوێنەران گەیاندووە.
2. پەیوەندیی حزبی بەشدارییەکی کارای لە بنیادنانی کارەکتەری کردووەو بەهۆی ئەو جۆرە پەیوەندییەوە بەشێك لەڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەر پیشان دراوە، بەتایبەتیش کاتێك کە کارەکتەرە سەرەکییەکان لەڕێگای ئەو جۆرە پەیوەندییەوە، تەواوی پەیوەندییەکانی خۆیان داڕشتووە و جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی خۆیان لەسەری بیناکردووە.
3. پەیوەندیی حزبی بەدوو شێواز ڕووداوی ڕۆمان بنیات دەنێت، یان دەبێتە بنچینەو بناغەی ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەو تەواوی ڕووداوەکە لەسەر ڕێڕەوی پەیوەندیی حزبی دروست دەبێت، یانیش لە دیمەنێك لە دیمەنەکانی ناو ڕۆمانەکە لەدروستکردنی ڕووداوەکە بەشدار دەبێت ، بەو واتایەی لە ڕووداوی لاوەکی ناو ڕۆمانەکە بەشداری دەکات و نابێتە بنچینەو بناغەی ڕووداوی سەرەکی و تەواوی ڕۆمانەکە.
4. ڕۆماننووسان لەسەرەتای مێژووی ڕۆمانی کوردییەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی و دروست پەیوەندییە حزبییەکانیان بەکارهێناوە و لەچوارچێوەی بەرگریکردن و بیروڕای نەتەوەییە بە پیرۆز لەقەڵەمیان داوەو خوێنەرانیان هانداوە کە بەشداری ئەو حزب و پەیوەندییەکانیان بکەن. وەکو لەڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی) بەرچاو دەکەوێت.
5. لەگەڵ بەرەپێشچوونی کۆمەڵگە و و هونەری ڕۆماننووسیندا، ڕۆماننووسان وردە وردە بوێری ئەوەشیان پەیداکردووەو کە لایەنە نەرێنی و نادروستەکانی پەیوەندی حزبی باس بکەن و ڕەخنەی ئاراستە بکەن ، ئەمەش بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە و خستنەڕووی ڕاستییەکان، ئەمە بارە لە ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی (حەمە کەریم عارف) دەگاتە لووتکە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی:

#### أ : کتێب:


ئەلحەسەن، د. ئیحسان محەمەد ،(2012) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

ئەحمەد، ئیبراهیم ،(2010) ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر .

بەرزنجی، یاسین قادر ، (2009)هونەری دراما، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق.

حەسەن، یاسین ڕەشید ، (2004)ناوەڕۆك وتەکنیکی درامای کوردی (1991-2002)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد ،(2007) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار علی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

سەعید، جەلال ئەنوەر، (2009)تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار علی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

سابیر ، پەرێز ،(2001)، بنیاتی هونەری چیرۆکی کوردی ـ لەسەرتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عارف، حسین ، (2011)شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

عارف، حەمە کەریم ، (2012)کۆچی سوور، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ژمارە ـ 45 ـ، چاپی چوارەم.
کۆهین، بروس ، (2010)سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
مستەفا، ڕێزان عوسمان ،(2010) بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، ساڵی (1985-1990)، ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
موکری، سەگوەر، (2008)دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی شەشەم، هەولێر.
وسووقی، مەنسوور ـ عەلی ئەکبەر نیك خوڵق، (2013)بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان محەمەد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

**ب: نامەی ئەکادیمی :**

حەمەد، کانیاو رحمان ،(2015) ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی ((کەریم کاکە))دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین.

**ج: ڕۆژنامە وگۆڤار :**

ئەحمەد زادە، د.هاشم ،(2010) ئەدەب و سیاسەت، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژ(41) تشرینی یەکەمی.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

الاسماعيل، د. محمود حسن ، التنشئه السياسيه، دراسه فی دور أخبار والتلفزيون، دار النشر للجامعات، مصر، 1997.
بدوي، احمد زكى، (1982) معجم المصطلحات العلوم الآجتماعية، مكتبة لبنان.
بوريكو، ر.بورون و ف،(1986) المعجم النقدي لعلم الأجتماع، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الجزائر.
حسن، أ.د.سمير ابراهيم ،( 2012) تمهيد في علم الأجتماع، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة .
طة، محمد(د)، (2017) علاقات خطرة، الطبعة الثانية، دار تويا للنشر و التوزيع، القاهرة ـ مصر.
م. فورستر، اركان الرواية (1985) ترجمة :موسى العاصي، دار جروس برس، الطبعة الأولى، طرابلس ـ لبنان.
فرح، ا.د. محمد سعيد ،ا.د.مصطفى خلف عبدالجواد، (2009)علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان.
ماكسويل، جون سي، (2009)، اساسيات العلاقات، المكتبة الجرير، الطبعة الاولي، الرياض ـ السعودية.

# تیۆری شوێنپێ و کۆپیکردن لە جوڵاندا

**ایلاف خالد حەمەصالح، سەڵاح حەویز ڕەسوڵ**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** لەم توێژینەوەیەدا، باسمان لە چەند بابەتێک کردووە، یەکێک لەو بابەتانە کردەی (جوڵان)ە، چۆنسکی هەر لەسەرەتاوە گرنگییەکی زۆری بەم کردەیە داوە، هێندە گرنگیی پێداوە، کە کردویەتی بە تیۆرێکی سەربەخۆ، کە دەبێتە بنەما بۆ جۆڵەی ئەلفا، بە تایبەتی لە تیۆری (GB ) و (MP)دا گرنگییەکەی دەردەکەوێت. کاتێک، کە کەرەستەکانی ڕستە دەجوڵێن گۆڕانکاری لە ڕستەدا دروستدەبێت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە نابێت ببێتە هۆی گۆڕانی (ئەرک، واتا)ی ڕستەکان. واتە ئەم جوڵاندنە بە پێی ئارەزووی و ویستی قسەکەر نابێت، بەڵکو سنورداره. کاتێک ، کە ئەم کەرەستانەش دەجوڵێن، دەبنە هۆی سەر هەڵدانی دو تیرۆی زۆر گرنگ، کە ئەوانیش بریتین لە: (تیۆری شوێنپێ)، (تیۆری کۆپیکردن)، واتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دو تیۆرە، کردەی (جوڵان)ە، کاتێک باس لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دەکرێت، هاوبەشییەک بەدیدەکرێت لەگەڵ مینیماڵ پرۆگرامدا، هاوبەشییەکەش بریتییە: لە (شوێنپێ، کۆپیکردن)، ئەم دو زاراوەیە تاڕادەیەک هاوبەشن، (شوێنپێ) بە جوڵان و گواستنەوەی کەرەستەکان ڕوودەدات، ئەم جوڵە پێکردنە بە کەرەستەکان وادەکات شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت. مینیماڵ پرۆگرام باوەڕی وایە، کەرەستەکە کۆپییەک بەجێدەهێڵێت، کە هاوئاماژەیە لەگەڵ کەرەستە جوڵاوەکەدا، ئەمەش بەسەر کەرەستە جوڵاوەکانی ڕستەدا جێبەجێدەکرێت. بێگومان لە سەرەتادا تیۆری (شوێنپێ) سەریهەڵداوە، کە هەر ئەم تیۆرەیە، لە (MP)دا بووە بە تیۆری (کۆپیکردن)، کە ئەم تیۆرەش یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکان چونکە تیۆرێکی نوێیە، کە بووەتە هۆی پێشکەوتنی مینیماڵ پرۆگرام. کارکردنی ئەم توێژینەوە بە زمانێکی سادە و ئاسان نوسراوە، بۆئەوەی خوێنەر بە ئاسانی، لە ناوەڕۆکی بابەتەکان بگات. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەیە، کاتێک توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەک بنوسێت، کار لەسەر بابەتێکی نوێبکات، واتە تا دەتوانێت نوێگەریی لە توێژینەوە بکات، نەوەک لاسایی و تەقلیدی بکات.

**کلیله ووشەکان-** شوێنپێ، جوڵان، مینیماڵ پرۆگرام، کۆپیکردن، فۆڕمی لۆجیکی و فۆنەتیکی.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تیۆری شوێنپێ و کۆپیکردن لە جوڵاندا)یە. وەک دو تیۆری گرنگ لە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانی لە زماندا.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** کۆپیکردن زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردیدا، تاڕادەیەک توێژینەوەیەکی کەمی لەسەرکراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زاری (کوردی ناوەڕاست)دایە، بەڵام لە زمانی (ئینگلیزی)یشدا ڕەنگیداوەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، (ڕێبازی وەسفی شیکاری)مان پەیرەوکردووە، چونکە کارکردن بە پێی ئەم تیۆرە پێویستیی بە ڕێبازی پەسنیی شیکاریی دەبێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دیاریکردنی شوێنپێ و کۆپییەکانی ناو ڕستەیە، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا.

**گرفتی توێژینەوەکە:** تاڕدەیەک توێژینەوەی باش کراوە لەسەر ئەم بابەتە. بە زاری کوردی ناوەڕاست، ئەمە جگە لەوەی، کە زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون، وەرگێڕانی ئەم سەرچاوانەش بۆ زمانی کوردی، خۆی لە خۆیدا گرفتێکی دیکەی توێژینەوەکە بووە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، لە دو تەوەر پێکهاتووە: یەکەم، جوڵان و تیۆری شوێنپێ، دووەم، (مینیماڵ پرۆگرام)، بەشی دووەم، لە دو تەوەر پێکهاتووە: یەکەم، تیۆری کۆپیکردن، دووەم، جوڵان لە (MP)دا، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم

شوێنپێ، جوڵان و تیۆری شوێنپێ، بنەمای کەتیگۆریی بەتاڵ و سەرە، کردەی جوڵان وەک کۆپیکردن و لابردن، (مینیماڵ پرۆگرام)، سیستەمی کۆمپیوتەری، فەرهەنگ، جوڵان لە (LF)دا.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp82-93
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 18 ايار 2025؛ قُبل في 22 حزيران 2025؛ نُشرت في 7 تشرين الأول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : elaf.200044080585@gmail.com, salah.hawez@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر © ایلاف خالد حەمەصالح، سەڵاح حەویز ڕەسوڵ. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### ١_١: جوڵان و تیۆری شوێنپێ:

#### ١_١_١: شوێنپێ (Trace):

لە تیۆرەکەی پێشوی چۆمسکی و تیۆری (GB)دا، هەندێک لە پێکهێنەکانی ڕستە، لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا، شوێنە بنەڕەتییەکان (بنجییەکان)ی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی دیکە. (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٢٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شوێنی کەتیگۆرییەکی بەتاڵ بەجێدەهێڵن، لە ئەنجامی گواستنەوەی وەچە پێکهاتەیەک لەهەر شوێنێکدا بێت. (Radford, 1997: 273)، شوێنە بەتاڵەکە لە ئینگلیزیدا پێدەوترێت (trace)، کە لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا (Transfer Grammer) لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا هاتە ئاراوە. (Crystal, 2008: 89)، بە پیتی (t) وەک هێمایەک ئاماژەی بۆ دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی گواستنەوە بەسەر ئاستی قووڵدا جێبەجێدەکرێت، کە ئاستی ڕوکەش بەرهەمدەهێنێت، کە دوا ئاستی ڕستەیە. ئەم شوێنپێیانە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەدەرناکەون، بەڵکو لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا بەهۆی جوڵاندنی جوڵەی ئەلفاوە (a)وە بەرهەمدێن، کە فرێزی گوازراوە لەگەڵ ئەو شوێنپێیەی، کە بەجێدەهڵێت ڕیزبونێکی دو سەر پێکدەهێنن، کە بەرزەکە (NP)یە و نزمەکەش شوێنپێیە. بۆ ئەم زنجیرەیەش یەک ڕۆڵی سیمانتیکی و یەک دۆخی ڕێزمانی هەیە. (باقر، ٢٠٠٢: ١٧٧)، شوێنە بەتاڵەکە، کە پێیدەوترێ شوێنپێ (t)، چەند مەرجێکیشی هەیە. وەک:

(أ) شوێنپێ حوکمدەکرێت.

(ب) ئاماژە بۆکراوی شوێنپێ ڕۆڵێکی واتایی وەرناگرێت.

(پ) پەیوەندیی شوێنپێ و ئاماژە بۆکراوەکەی، مەرجی هاوسێیەتی ڕازی دەکات. ( Chomsky, 1986: 56)، نمونە بۆ شوێنپێ، وەک:

١_ کتێبەکەم (t) بە چاپ گەیانرا.

هێڵکاریی (١): (شوێنپێی بەرکار).




چۆمسکی بۆ شوێنگرتنەوەی شوێنپێ، پێشنیازی بیرۆکەی (copy) دەکات، لەبەرئەوەی پۆلەڕەگەزێکی جوڵاوە لە دوای خۆی کۆپییەک بە جێدەهێڵێت بە مەرجێک لەگەڵ بەستێنەرەکەیدا هاوپێڕستبێت. (Chomsky, 1995: 36)، تیۆری (copy)، ئەو تیۆرەیە، کە لە مینیماڵ پرۆگرامدا ئاماژەی بۆ دەکرێت لە بەشی دووەم و سێیەمی توێژینەوەکەدا بە وردی باس لەم بابەتانە دەکەین.

#### ١_١_٢: جوڵان و تیۆری شوێنپێ (Movement and Theory Trace):

جوڵان دەستەواژەیەکە، کە زۆرجار لە چوارچێوەی ( Transformation Grammer)دا بەکاردەهێنرێت. ڕێزمانی گوێزانەوە ئاماژە بە جۆرێکی بنەڕەتیی گواستنەوەی کردار دەکات. (Crystal, 2008: 317)، چونکە جوڵان دەبێتە هۆی دروستبونی گۆڕانکاری لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا، کە ئەمجۆرە جوڵانەش بەشێکە لە گواستنەوەی کردارە کاتێک، کە باس لە جوڵان دەکرێت لایەنێکی تێدا بەکاردەهێنرێت، کە پشتگیریکردنی شیکردنەوەی پێکهاتەی برگەکەیە. بۆ نمونە دابەشکردنی کەرەستەیەک ئاماژە بە کۆمەڵێک شوێن دەکات، کە لەوانەیە ئەو کەرەستەیە داگیری بکات. (Newson, 2006, 79)، واتە کاتێک کە کەرەستەکە دەجوڵێت، لە دوای خۆی شوێنپێیەک بەجێدەهێڵێت. بەهۆی بەجێهێشتنی ئەم شوێنپێیەش چۆمسکی بیرۆکەیەکی بەجۆرێکی دی لە تیۆر داهێنا، ئەویش بریتییە: لە تیۆری شوێنپێ (Theory Trace)، چەمکێکە، کە چۆمسکی لە (١٩٥٧)دا لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ئاماژەی پێکردووە. (Bussman, 1998: 1210)، هەر لەگەڵ ئەم چەمکەدا ئاماژەی بە چەمکی (Move a) کردووە، کە (a) ئاماژە بەهەر بابەتێکی پێکهێنەرەکان دەکات بۆ جوڵاندن لەناو پێکهاتەدا. لە (١٩٨٠)کاندا، (Move a) بو بە زاراوەیەکی سەرەکیی لە هەمو یاساکانی جوڵەی تایبەتدا،کە لە چوارچێوەی (GB)دا کۆنترۆڵ بو، وەک یاسایەکی گشتی بەهۆی جوڵەوە کەرەستەکان دەگوازرێنەوە. جوڵاندن ڕێگە بە هەر دەستەواژەیەک، یان فەرهەنگییەک دەدات بۆ گواستنەوە لە ڕستەیەکەوە بۆ بەشێکی ڕستەیەکی دی، هەر هاوسەنگییەک تاکێکی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سنورەکان بە بنەمای جۆراوجۆر سەپێنراوە. ( Deming, Helong, 2024: 96)، کە لە شوێنێکی دیاریکراو لە ڕستەدا شوێنپێیەک لە ئاستی ڕوکەشدا بەجێدەهێڵێت. شوێنپێیەکان بریتین: لە (کەرەستە بەتاڵەکان)، کە هەمان سەرچاوەیان هەیە وەک (DP) گواستراونەتەوە. شوێنپێیەکان هاوشێوەی ئەنافۆری بینراو و بیستراو تێیدەگات لەلایەکەوە شوێنپێیەکان لەسەر بنچینەی هاوتەریبی سەرنجڕاکێش لە نێوان گۆڕانەکان هەندێک ئەنافۆر پرۆسەکانی وەک: جێناوی خۆیی لەلایەکی دیکەوە، لەسەر بنەمای ئامانجە تیۆرەکانی (REST). بۆ یەکخستنی لێکدانەوەی واتاییان لە ئاستی قووڵدا بۆ ئاستی ڕوکەش. (Bussman, 1998: 1210)، هەر چۆنێک بێت ئەو گریمانەیە، کە لە ئاستی ڕوکەشدا بە تەنها بەرپرسیارە بۆ واتاکەی، کە چەندین کاردانەوەی لەسەر ڕێزمانەکانی دی هەیە. لەسەروی هەمو شتێکەوە گرنگ بو، بزانین کەرەستەکان لە کوێن و ئایا لە ئاستی قووڵەکەوە گوازراپەوە؟ ئەمە پێویست بو بۆ ئەوەی، ڕیزمان بتوانێت، مامەڵە لەگەڵ واتای ڕستەکاندا بکات، کە تێیدا (NP) لە شوێنی، سەرەتایی خۆی گواستراپێوە وەک ئەوەی، کە جوڵاندرابێت بۆ پێشەوەی ڕستەکە، کە شوێنپێیەکی لاواز، لە دوای جۆی بەجێیهێڵێت. ( Aitction, 1999: 25)، واتە مەبەستمان لە ئاستی قووڵ و ڕوکەش ئەوەیە، کە لە تیۆری شوێنپێدا کاتێک، کە ڕستەیەک لە ئاستی قووڵ بۆ ئاستی ڕوکەش دەبنە هۆی ئەم گواستنەوەیەوە

گۆڕانکاری لە ڕستەکەدا ڕوودەدات؟ بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەش شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام مەرجی گواستنەوەی ڕستەکە، ئەوەیە، کە نەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە، واتای ڕستەکە نەشێوێنێت. ڕستەش لە ئاستی قووڵ بۆ ئەوەی بێتە ئاستی ڕوکەش، بەهۆی جوڵان و یاساوە ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات.

(الوعر، ١٩٨٨: ٢٤٠)، کە چون ڕستەی بکەردیار (ئاستی قووڵ) بەهۆی چەند یاسا و هەنگاوێکەوە، دەبێتە ڕستەی بکەرنادیار (ئاستی ڕوکەش)، جگە لەمە چەند جۆرێکی دی گواستنەوەمان هەیە وەک: (ڕستەی داخوازی_ پرس_ نەرێ...هتد) هەریەک لەمانەش سەر بە ئاستی ڕوکەشن.

٢_ بەفرێکی زۆر پێڕار باری.      ڕستەی هەواڵگەیاندن

٣_ بەفرێکی زۆر کەیt باری؟      ڕستەی پرس

ئەگەر سەیری نمونەی (٢) بکەین، ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە، لەباری ئاساییدایە، واتە لە (ئاستی قووڵ)دایە، لە نمونەی (٣)دا ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە لە شوێنی هاوەڵکردارە کاتییەکە وشەپرسی (کەی) بەکارهاتووە، کە ئەم هاوەڵکردارەش جۆری ڕستەکەی گۆڕیوە، کردویەتی بە ڕستەی پرسیاری. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕستەکە لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش گواستراوەتەوە. هاوەڵکردارە کاتییەکە لادراوە، بەڵام شوێنپێیەکی (t) لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

**١_١_٣: بنەمای کەتیگۆڕیی بەتاڵ و جوڵانی سەرە (Discpline empty Category and Head Movement):**

بە پێی توێژینەوەکان، زمان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا، گۆڕانکاریی بەسەر دادێت، بۆ نمونە یەکێک لەو بنەما گۆڕانکارییە، کە (ئابوریکردنە)، کە زمان بەرەو ئاسان بون دەبات، (چۆمسکی) لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە، بە کەتیگۆڕیی بەتاڵ ناوی بردووە. (قادر، ٢٠١٥: ١٢)، ئەویش ئەو کەرەستەیە، کە فۆڕمی فۆنەتیکیی ڕاستەقینەی نییە، واتە بە زنجیرەیەکی دەنگی دەرنابڕدرێت، بەڵام فریزێکی ناوییە، کە لە ڕۆنانی قووڵدا بونێکی هەیە و لە ڕووکاری ڕۆنانی قووڵدا بونێکی واتایی هەیە و لە ڕووکاری ڕستەدا. شوێنپێیەکی هەیە (Chomsky, 1982: 7). مەبەست لەو ئابوریکردن ئەوەیە، کە هەندێکجار چەند کەرەستەیەکی پێکهێنەری ڕستە دەکرێن، بە مەرجێک ئەو کرتاندنە نەبێتە هۆی شێواندنی واتا و سینتاکسی ڕستەکە. بە واتایەکی دی، کەتیگۆڕیی بەتاڵ ئاماژە بۆ پێکهاتەی ڕستە دەکات، کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە بەتاڵن، بەڵام لە ڕووی سینتاکسییەوە چالاکن. (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٣)، مەبەست لە چالاکبونیان لە ڕووی سینتاکسییەوە ئەوەیە، کە هەر چەندە مۆرفیمەکە بەتاڵە، تەنیا ئەو فریزانە شوێنپێ بەجێدەهێڵن، کە تەواوکەرن لە دروستەی ڕستەدا، یان لە فریزدا، فریزە سەربارەکان شوێنپێیان نابێت. بەڵام بەهۆی چالاکبونیان لە ڕستەدا وای کردووە، کە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت. ((بۆیە ئەم کەتیگۆڕیە بەتاڵانە پێیاندەوترێ شوێنپێ.)) (Sells, 1985: 42)، ڕێزمانی گواستنەوە هەوڵیدا، بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە بەرهەمهێنانی ئاستی قووڵی زمان و پەیوەندیی لەگەڵ ئاستی ڕووکەشی زمان و چۆنیەتیی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لێکداتەوە، یەکێک لەو یاسا گواستنەوەش یاسای کرتاندنە، کە بەهۆیەوە گونجاوە ئاستی ڕووکەش بکرێت. (قادر، ٢٠١٥: ١٣)، کەواتە کەتیگۆڕیی بەتاڵ ئەو کەرەستە زمانییانەن، کە لە ئاستی قووڵدا بونیان هەیە، بەڵام کە بۆ ئاستی ڕووکەش دەگوازرێنەوە دەکرێن، ئەمە وەکو فۆرم، ئەگینا لە ڕووی واتاوە دەگوازرێتەوە، بۆیە دەکرێت ڕێککەوتن و نیشانەی دۆخ جێخۆشکەری گواستنەوە بن. کەتیگۆریە بەتاڵەکان هەرچەندە لە ڕستەدا دەرناکەون، بەڵام یەک ئەرکی ڕێزمانی دەبینن و لە شوێنی فریزێکی دیارخەریدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. کەتیگۆڕیی بەتاڵ دەکرێت بە چوار جۆر، وەک:

ا_ شوێنپێی فریزی ناوی (NP Trace)

ب_ شوێنپێی وشەی پرسیار (Wh- Trace)

ت_ PRO

پ_ pro. (قادر، ٢٠٠٤: ١٩_٢٠).

ئەم چوار جۆرە لە شوێنی جیاوازدا لە ڕستەدا، دەردەکەون هەریەکەیان تایبەتێتیی جیاوازی هەیە و هەندێک مۆدیۆلەکانی تیۆری (GB) ئاماژەپێکەرێکی بەهێزە بۆ کەتیگۆری، لەوانە تیۆری بەستنەوە، تیۆری حوکمکردن و تیۆری کۆنترۆڵ. (Trask, 1993: 90)، نمونەیەکی گشتی بۆ کەتیگۆڕیی بەتاڵ لەم هێلکارییەی خوارەوەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

٤_ منداڵەکە درەنگ خەوت.

هێلکاریی (٢): (کەتیگۆڕیی بەتاڵ).




● کاتێک، کە باس لە کەتیگۆڕیی بەتاڵ دەکرێت، ڕاستەوخۆ بابەتێکی دی لە پاڵدا دێت، ئەویش جوڵانی سەرەیە (Head Movement). تاکە جۆری جوڵەیە، کە ئێمە ڕەچاومان کردووە بریتییە: لە ئەوپەڕی جێکەوتەکان، هەرچەندە لە (GB)دا، ڕێگە بە جۆرێکی دی لە جوڵە دەدرێن، کە پێی دەوترێ جوڵەی سەرە. لەم حاڵەتانەدا سەرەیەک دەجوڵێنرێت بۆ شوێنێکی دی لە هەمان ڕستەدا. (SMPSON, 1962: 86)، کاتێک، کە باس لە جوڵەی سەرە دەکەین دو جۆری سەرەکیی کردەی جوڵە دەگرێتەوە یەکێکیان، کە کاریگەریی لەسەر کارە یاریدەدەرەکان هەیە و یەکێکی دی کاریگەریی کردارەکان دەگرێتەوە. مەبەستمان لە جوڵەی یاریدەدەرەکان ئەوەیە، کە یاریدەدەرەکانی گفتوگۆ دەگرێتەوە وەک: (بەڵێ، نەخێر)، کە ئەم وشە یاریدەدەرانە لە سەرەتای ڕستەدا بەکاردێن. (Radford, 1997: 117)، کاتێک کە باس لە جوڵەی (سەرە) دەکەین، جوڵەی سەرەی فریزەکان دەگرێتەوە، کە ئەم جۆرە جوڵەیەش زیاتر لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی جوڵەی سەرە، زیاتر پشت دەبەسترێت بە تیۆری (X_bar)، کە لەم تیۆرەدا زیاتر ڕوندەبێتەوە هەرچەندە جوڵەی سەرەش سنوردارە. (Carine, 2006: 287)، نمونە وەک لەم هێلکارییەی خوارەوەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

٥_ پێنج خوێندکار لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون.

٦_ خوێندکارەکان پێنجیان t لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون.

هێلکاریی (٣): (جوڵەی سەرە لە فریزی (DP) ).



له نموونەی (٥)دا، سەرەی فرێزەکە، کە (خوێندکار)ە (دیارخەر)ە لە سەرەتای ڕستەکەدا نەهاتووە، لە نموونەی (٦)دا جوڵێنراوە، بۆ پێش (دیارخراو)ەکە، کە (پێنج)ە. یان جوڵەی کردارە یاریدەدەرەکانیش لە زمانی ئینگلیزی و کوردیدا بەرچاودەکەون، بەڵام زیاتر لە زمانی ئینگلیزیدا هەن، چونکە دەوڵەمەندە بە کرداری یاریدەدەر نموونە بۆ ئەمەش وەک:

7_ I should clean the room.

8_ Should I clean the room?

له نموونەی (٧)دا، کرداری یاریدەدەری (should)، لە دوای بکەرەوە هاتووە بەڵام هەر ئەم کردارە یاریدەدەرە جوڵێنراوە و لە نموونەی (٨)دا، لەسەرەتایی ڕستەکەدا هاتووە، ڕستەکەی کردووە بە ڕستەی پرسیار

## ١_٢ مینیماڵ پرۆگرام (پرۆگرامی کەمینە) و جوڵان لە (LF)دا:

### ١_٢_١: مینیماڵ پرۆگرام (پرۆگرامی کەمینە):

هەوڵێکی دیکەی زمانەوانیی (چۆمسکی)یە، کە بۆ سەروی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە لە ژێر ناوی مینیاڵ پرۆگرامدا. (Minimal Program)، کە (MP) کورتکراوەکەیەتی. (قادر، ٢٠١٠: ١٠٢) هۆی سەرهەڵدانی پرۆگرامی (MP) لە ئەنجامی ئەو کەموکورییانەوە بو، کە لە تیۆری (GB)دا هەبو، واتە ئەم پرۆگرامە، درێژەپێدەری تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کە ئەمەش ((گەشەسەندنێکە لە بیرکردنەوەی زمانەوانیی گشتیدا، کە جەخت لەسەر ئامانجی دەربڕینی ئاخاوتن سەبارەت بە زمان دەکاتەوە.)) (Crystal, 2008: 306)، ئەم پرۆگرامە لە هەندێک ڕووەوە گەشەی قوتابخانەکانی پێشوی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، بەڵام لە هەندێک ڕوی دیکەوە و زاراوەکانی نێو پرۆگرامەکە گۆڕاون، بۆ نموونە زمانە بکەرخراوەکان (Prodrop_Languages) بۆ زمانە بکەر_سفرەکان گۆڕاوە (Null_Subject) هەروەها پرۆگرامەکە لە هەندێک ڕێزمانێکی سەراپا/ UG نەبو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توشی گرفت بێت، وەکو ئەو زمانانەی، کە بوار دەدەن، کە زمانی فەرەنسی ڕێگەی پێدەدات. (قادر، ٢٠١٠: ١٠١)، چۆمسکی زمانەکانی دابەشکرد، کە ئەمەش وەکو یەکێک لەکەموکورییەکانی پرۆگرامەکە دادەنرێت بەوەی، کە سەراپا نییە و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەمو زمانەکاندا ناگونجێت، مینیماڵ پرۆگرام (MP) هەروەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، دەردەکەوێت پرۆگرامێکە، نەوەک تیۆر، واتە سیستەمێکی سەرەتایی پێنەگەیشتووە. مەبەستی گشتیی چۆمسکی لە مینیماڵ پرۆگرامدا بریتییە: لە دروستکردنی تیۆرێکی ڕێزمانی بۆ زمانی مرۆڤن، کە داوای ئەوە دەکات ئەو بابەتانەی دەربارەی زمانی مرۆڤن، هەتا دەتوانرێت سادە و گشتی بن. (Ura, 2000 :14)، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، بە تایبەتی لە دوای تیۆری ستاندارد، کە ساڵی (١٩٦٥_١٩٩٣)دا ئاستی قووڵ و ڕوکەش لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا زۆر پشتی پێدەبەسترا. (قادر، ٢٠١١: ١٩) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا چوار ئاستی نواندنی پێکهاتەی ڕستە دیاریدەکات، کە بریتین لە: ئاستی (قووڵ (D)، ڕوکەش (S)، فۆڕمی لۆجیکی (LF)، فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) ). (Crystal, 2008: 306)، لە تیۆری (GB)دا، ئاستی (قووڵ، ڕوکەش) بونیان هەبو، گرنگیی زۆری پێدرا. چۆمسکی لە پرۆگرامی (MP)دا ئاستی (قووڵ، ڕوکەش)ی لادا، واتا چوار ئاستەکەی بۆ دو ئاست کەمکردەوە، گوتی ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە جۆرێک لە ئابوریکردن دادەنرێت. واتە ئەو دو ئاستەی، کە بە گرنگ و پێویست دادەنرا لە (MP)دا، فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) و فۆڕمی لۆجیکی (LF)ن، مەبەست لە فۆڕمی فۆنەتیکی، بۆ ئەوەیە، کە کۆئەندامی ئاخاوتن و قسەکردن بەرهەمیدەهێنن و فۆڕمی لۆجیکیش، بەهۆی چەمکی کۆزانیارییەوە لە سیستەمی ڕستەدا لە ڕوی واتاییەوە لێکدەدرێتەوە. (Van Valin, 2004: 203)، زمان لە نەخشەیەکی نێوان دەنگ و واتادا، واتە پێکهاتەی دەنگ و واتا دو کەرەستەی پێویستیی زمانن، بە پێی بۆچونی چۆمسکی زمان، لە دو پێکهاتە (Componet) پێکهاتووە:

١_سیستەمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL).

٢_ فەرهەنگ. (Chomsky, 1995: 168 _ 169)

### ١_٢_١_١: سیستەمی کۆمپیوتەری (Computer System):

یەکەم کار، کە چۆمسکی لە (MP)دا ئەنجامیدا، دانانی سیستەمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ بو، واتە ئەو ئامێرەی، کە هەمو زانیارییەکان بەرهەمدەهێنێت، بەبێ ئەوەی دەریانبڕێت، پرۆسەی تاقیکردنەوەش لە سیستەمی کۆمپیوتەریدا لەسەر بنەمای پاساوی بنەڕەتیی گریمانە گەورەکە دادەنرێت، بۆ بەرنامە نزمەکان لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە زمان باشترین چارەسەرە بۆ پێداویستییەکانی فۆڕمی ڕوبەڕو. چونکە تایبەتمەندییەکانی دەنگ بەشێوەی دەنگ و تایبەتمەندییە واتاییەکان بە شێوەی لۆژیکی دەخوێنرێتەوە. (غلفان، ٢٠١٠: ٤٠٦)، دانە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێت و بۆ بەرهەمهێنانی دروستە داڕێژراوەکان بەکاردەهێنێت. (Chomsky, 1995: 168_169)، ئەم سیستەمە کۆمپیوتەرییە، دانەکان لەناو فەرهەنگی ئاوەزیی هەڵدەبژێرێت، هەر ڕستەیەک پێویست بێ دەریدەبڕێت، دەبێت ئەو سیستەمی کۆمپیوتەرییە، کەرەستەکان لەناو فەرهەنگ هەڵدەبژێرێت، دەڵێت: پێویستیی بە ئەوەندە دانەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تاکە سیستەمێکی بیرکارییانە هەیە، جیاوازییە فەرهەنگییەکان دەستنیشان بکات، بەمەش CHL وەکو دانانی ژمارەیەک سیستەمی کەرەستەیی بۆ هەڵبژاردە فەرهەنگییەکان کاردەکات. (قادر، ٢٠١٠: ١٠٤)، بۆ دو جۆرە هێما لێکدەدرێتەوە (π، λ)، کە دەربڕینێکە بۆ زمانێکی دیاریکراو بەکاردێت، لەو کاتەی ئەم هێمایە (λ) لە نواندنی (PF)ە بۆ نواندنی (LF) دیاریکراوە، (Ura, 2000: 15) سیستەمە کۆمپیوتەری بە دو کردە کار دەکات و دادەڕێژرێت، کە بریتین لە: (لێکدان/ Merge، جوڵە/ Move). (بوقرە، ٢٠٠٩: ١٥٨)، هەرکاتێک ئەم داڕێژراوە ئامادەی درکاندن بو، بۆ هەر دو فۆڕمی لۆجیکی و فۆنەتیکی دەنێردرێت، ئەم چوار ئاستە بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی هەمو داڕێژراوەیەکی ڕێزمانی. (Ura, 2000: 15)، ئەم دەربڕینە ڕێزمانیانە بۆ داڕێژراو و یان یەکە سینتاکسییەکان نەخشە دەکێشرێت. چونکە هەر داڕێژراوێک بە نواندنی، (PF) و (LF) دەبەسترێتەوە، کە (PF) سیستەمێکی درکاو و هەستپێکراوەکانە، (LF)یش لە سیستەمی چەمکە واتاییەکاندا لیکدانەوەیان بۆ دەکرێت. سیستەمی ژمێرکاری دەکەوێتە ژێر باری بنەما گشتییەکانەوە، کە گرنگترینیان بنەمای ئابوریکردنە، لە داڕشتنەکاندا، نواندنەکان و بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕە. (ڕەسوڵ. ٢٠١٤: ١١٧)، چالاکییەکانی ئەم سیستەمە کۆمپیوتەرییە، دەکەوێتە نێوان فەرهەنگ (هەژمارکردن)، کە ئەم چالاکییانەش، بریتین لە: (هەڵبژردن، لێکدان، پشکنین، جوڵە، کۆپی). (David, Dubinsky, 2004: 287)، هەریەک لە سیستەمی سینتاکسیی مینیماڵ پرۆگرام و بنەماکانی سیستەمی کۆمپیوتەری، بەشێوەی هێلکاری دەخرێنە ڕو وەک:

هێلکاریی (٤): (بنەماکانی سیستەمی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ).




(قادر، ٢٠١١: ٧٠)

سیستەمی کۆمپیوتەری دوای ئەوەی، کە ڕەگەزێکی فەرهەنگی/ Lexical term لە هەژمارکردنەکەدا هەڵدەبژێرێت، لە ڕێگەی لێکدانەوە لێکیان دەداتەوە. ڕۆنانێکی گەورەتر بەرهەمدەهێنێت. (Chomsky, 1995: 277_278)، بۆ نمونە:

٩_ کچەکە نان دەخوات.

لە سیستەمی کۆمپیوتەریدا، ڕەگەزە فەرهەنگەکانی (کچەکە، نان، خواردن) هەڵدەبژێرێت ئینجا دەتوانی لێکیان بدەی. ئەو لێکدانەش بە پێی یاسای لێکدان لێکی دەدەی، کە یاسا لێکدانەکانی ئەو سیستەمە کۆمپیوتەرییە بۆت ڕێکدەخات، دەڵێی: کچ + ەکە= کچەکە، نان + خوارد= نان خوارد ئینجا هەرسێکیان لێکدەدەی دەبێتە، کچەکە نانەکەی خوارد. بێگومان لێکدانی ئەو کەرەستانەش بە ئارەزوی خۆمان نابێت، بەڵکو دەبێت سنورێک هەبێت، کە ئایا کام لە کەرەستەکان دەتوانن لەگەڵ یەکتریدا لێکبدرێن؟ دوای کردەی لێکدان دەبێ بپشکێنرێت (Cheking)، واتە ئەو تەواوی و ناتەواوی ئەو فرێزانەی، کە لێکدانەکەیان دروستکردووە و ڕستەکەی لێ پێکهێناوە، بزانرێ، کە بە جوانی دروستی کردووە و هەتا گەیاندویتە فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی لۆجیکیەکە، تەواو بووە یان تەواو نەبووە، وەک پاسەوان. جگەلە لە تێکەڵبونی کەرەستە سینتاکسییە جیاوازەکان، زمانی سروشتی جوڵەش نیشان دەدات، بەو واتایەی، کە کەرەستە گەلێکی سینتاکسی هەن، کە دەبێت زیاتر لە شوێنێکدا لێکبدرێنەوە. (Svenaninus, 2021 :7)، واتە دوای ئەوەی کەرەستەکان دەپشکێنرێت دواتر یەک یەک دەجولێنرێن هەر یەک بۆ شوێنی خۆی، جوڵانەکانیش بە پێی یاساکانە. (Andreu, Gallego, 2009: 12)، لە ڕستەی ئاڵۆزدا، ئەو جوڵاندنە زۆرە، کە ناو لادەچێت و دەجوڵێنرێت. ئەم گرنگیی لێکدانەش وەک پێکهاتەیەکی ناوەندنی ڕێزمان بەشێوەی بەرچاو زیاد دەکات، یەک لەو ڕێگەیانە، کە لە ئەنجامی جوڵەوە یەکدەگرێتەوە کۆپیکردنە. (Svenaninus, 2021 :8)، کۆپی واتا لە ناو ڕستەکە کەرەستەمان هەیە لای دەبەین لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی، کەرەسەتەیەک لە پێشەوە دەچێتە دواوە، یان ناوەڕاست. نمونە بۆ ئەمەش وەک:

١٠_ کچەکە هاتووە و ~~کچەکە~~ ڕۆیشتووە.

ئەو کچەی دووەم کۆپییە، شوێنەکەی دیارە لە زۆربەی ڕستە ناسادەکاندا کەرەستە دوبارەبووەکان نانوسرێنەوە. چۆمسکی لە (GB)دا پێی دەگوت شوێنپێ، لە (MP)دا کۆپییە، کۆپییەکەشی بۆیە دانا، چونکە دەتوانی دای بنێیەوە لە شوێنی خۆی. کردەی کرتاندنیش لە زماندا هەیە، ئەو کرتاندنەش هەموی کۆپین. دەتوانین ئەوەی لامان بردووە، جارێکی دیکە لە شوێنی خۆی دای بنێینەوە.

١١_ ئەوان هاتن و نانیان خوارد. لابردن

١٢- ئەوان هاتن و ~~ئەوان~~ نانیان خوارد. کۆپی

جێناوەکان کۆپی ناوەکەن، مەرج نییە تەنیا ناو کۆپی بکرێت ئەوەی ڕستەی لێ دروست دەبێت دەکرێت زۆربەی کەرەستەکانی ڕستە کۆپی بکرێن، بە پێی زمانەکان. دوای ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە لە سیستەمی کۆمپیوتەریدا، چالاکییەکی دی هەیە، کە پێدەوترێ شەقبون (Spell_ Out). (قادر، ٢٠١١: ٢١)، شەقبون هەتا دەگاتە (GB) ئاستی قوڵ و ڕوکەش دەگرێتەوە، بەڵام لە (MP)دا شەقبون ئاست نییە. بەڵکو جیابونەوەی فۆڕمی لۆجیکی و فۆنەتیکییە. سیستەمە کۆمپیوتەرییەکە دانەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێ، دواتر لێکیان دەدات، و پشکنینیان بۆ دەکات و دەیانجوڵێنێت، ئەوەی پێویست بێت کۆپییان دەکات، هەتا ئەم قۆناغەی ئێرە، پێی دەگوترێ سینتاکسی ئاشکرا، تا دەگاتە شەقبون سینتاکسی ئاشکرایە، لە دوای شەقبون، کە جیادەکرێتەوە دەبێتە سینتاکسی شاراوە. چۆمسکی دەڵێت: ئەوانەی، کە لە سینتاکسی ئاشکرادا ڕودەدەن تێچویان کەمە، بۆ بەهان بۆیە بە ناوی سینتاکسی ئاشکرا ناویان دەبات. لە سینتاکسی شاراوەدا کار لەسەر چەمک دەکات، کە فۆڕمی فۆنەتیکی و لۆجیکی چۆن دروست دەبن، هەر وشەیەک چەند چەمکێکی هەیە، ئەم قۆناغە شاراوەیە کار لەسەر ئەوە دەکات.

### ١_٢_١_٢: فەرهەنگ (Lexicon):

لە مینماڵ پڕۆگرامدا فەرهەنگ لەناو مێشکدایە، کە بە لێکسیکۆن ناسراوە. (قادر، ٢٠٠٩: ٢٩) و یەکێکە لە پێکهاتەی مینماڵ پڕۆگرامیش، کە لە تیۆری (GB)یشدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ مینماڵ پڕۆگرام. لە مینماڵ پڕۆگرامیشدا هێنا بۆ هەمو تایبەتییەکانی دانەکانی دەروازەی فەرهەنگ دادەنێت، کە ئەو تایبەتمەندییانە، بنەمای ڕێزمانی سەراپا، یان ڕێزمانە تایبەتییەکان ڕێکیان ناخەن، هەروەها تایبەتییە دەنگی و بنەمای (شێوەی) و واتای وشەکان بە شێوەی پۆلێکردنێک دەنوێنێ. (غلفان، ٢٠١٠: ٣٦٧)، واتە زمان سیستەمێکی تەواوە/ Perfect، کە بە باشترین، یان چاکترین شێوە لەمێشکدا ئامادەکراوە، کەواتە سیستەمی ڕێزمانی ناو مێشک تەواو و نمونەییە/ Opitinality. (Radford, 2004: 3)، سەراپای ئەو هاوبەشییە دەنگ و واتایە، سینتاکس بەهۆی فەرهەنگەوە ئەو زانیارییانەی پێدەدرێت، کە لە بیری ئێمەی مرۆڤدا هەڵگیراون، فەرهەنگ دانەکان دەخاتە بەردەست سینتاکس، بۆ کارکردن لەسەریان. لەم بۆچونەدا سینتاکس لەلایەن سروشتی نواندنە فەرهەنگییەکانەوە سنوردار دەکرێت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١١٠) فەرهەنگ بەشێکە لە سیستەمی زانیاری و گەنجینەکە بۆ هەمو تایبەتمەندییە ناوەزەکانی دانە فەرهەنگییەکانە، چونکە فەرهەنگ دانە فەرهەنگییەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها چۆمسکی پێیوایە، هەمو تیۆرێکی زمانی، پێویستی بەو ڕاستییە هەیە، کە فەرهەنگ توانستی ئاوەزیی مرۆڤە بۆ زانینی زانیاریی ورد و زانستیی وشەکانی زمانەکەی بەکاردێت.

### ٢_١_٣: جوڵان لە LF دا (Movement in LF):

جوڵان یەکێکە لە چالاکییەکانی سیستەمی کۆمپیوتەری لە (MP)دا، کە یەکێکە لە گرنگترین کردەی ڕێزمانی، جوڵانیش لە (MP) و (GB)دا جیاوازن لەیەکتری. جوڵان لە (GB)دا پەیوەستکراوە بە دۆخی ڕێزمانی، کە جوڵانەکانیش ئازادن، بەڵام لە (MP)دا، ئەم سنوردارکردنەوەی جوڵان، بە دۆخی ڕێزمانییەوە لابرا، جوڵان بە

پشکنەری سیماکانەوە بەستراوە، چونکە سیماکان لە ڕێی جوڵانەوە گوزارشتیان لێدەکرا و جوڵانەکانیش ئازاد نین، چونکە هەندێ بچوککردنەوە (Constraint) هەن وەک: چاوتێرنەبون (Greed)، ڕاکێشان ( Attract)، لەگەڵ مەرجی کەمترین پێکەوە بەستن (MLC). (قادر، ٢٠١١: ٧٧_٧٨). ئەم جوڵانەی ، کە لە (LF)دا ڕودەدات لە دوای کردەی (شەقبون)ەوە دەست پێدەکات، ئەم جۆرە جوڵاندنەش بە شێوەی شاراوە ڕودەدات. (LF)یش قۆناغێکە لە وەرگێراوەی سینتاکسی، کە سینتاکس و سیستەمی چەمکی_ مەبەستدارەکان، واتە قۆناغێکە لێکدانەوەی واتایی تێدا ڕودەدات، کە بەهۆیەوە پەیوەندیی زمانەوانیی واتایی دەبێت. (Boeckx, 2006: 202). لە (MP)دا، ئاماژە بە دو جۆرە جوڵان دەکات، بریتین لە:

١_ جوڵەی ئاشکرا (دیار) Overt Movement،

٢_ جوڵەی شاراوە (نادیار) Covert Movement.

١_ جوڵانی ئاشکرا لە پێش شەقبون ڕودەدات ئەمەش بە سیمای بەهێزەوە بەستراوەتەوە، کە باس لە سیما دەکەین مەبەستمان لە سیماکانە، کە بۆ پاساودانیان بەکاردێت، مەبەست لەمانەش واتە، (دۆخ، کات، ژمارە، ڕێککەوتن، کەس...هتد) بە هەمو ئەمانە دەگوترێت سیما، کە باس لەمانە دەکرێت، دەکرێن بە سێ جۆری سەرەکی، کە بریتین لە:

أ_ سیمای بەهێز، ئەگەر لە سینتاکسی ئاشکرادا، پێش شەقبون پشکنینی بۆ نەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی داڕێژراوەکە لە ئاستی(PF) دا هەڵبوەشێتەوە.

ب_ سیمای بەهێز، ئەگەر لە سینتاکسی ئاشکرادا، پشکنینی بۆ نەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە داڕێژراوەکە لە ئاستی (LF) دا هەڵبوەشێتەوە.

ت_ سیمای بەهێز، لە سەرەتای پێکهێنانی فرێزدا، پێویستە یەکسەر لابربدرێت.

٢_ جوڵانی شاراوە، پەیوەستە بە سیمایی لاوازەوە، کە لە دوای کردەی شەقبونەوە ڕودەدات LF. (Baltin, Collins, 2001: 75_76)، بەمشێوەیە، فۆڕمی لۆجیکی لە مینماڵ پرۆگرامدا، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئاستی نواندن، لە گشت ڕێسا و یاسا ڕێزمانی و سیمانتیکییەکانی تێدا جێبەجێدەکرێت و لێکدەدرێتەوە. (قادر، ٢٠١٠: ٨٤)، واتە فۆڕمی لۆجیکی بە چەمکی وشەکان دەکەن، بۆ نمونە چەمکی ناوی کوڕ {+ نێر، + مرۆڤ، + هێز...} بەڵام چەمکی ناوی کچ {-نێر، + مرۆڤ، -هێز...هتد} ئەم دو جۆرە چەمکە لەگەڵ یەکدی جیاوازن، ئەم چەمکانەش لە مێشکی هەموماندا هەن، واتە هەمو مرۆڤێک لە چەمکە گشتییەکاندا هاوبەشن، هەمو زمانێکیش چەمکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە فۆڕمی لۆجیکی، واتە (LF) بریتییە: لە ئاستی نوێنەرایەتیکردن لە ڕوی چەمکەوە پێویستیی بە ئاستی قووڵ و ڕوکەش نییە، مەرجی بونی (LF) بریتییە: لە بنیاتنانەوەی دەستەواژەی Wh بۆ شوێنی شوێنپێ لە (LF). (Nunes, 1995: 191_202 ).

## بەشی دووەم

## تیۆری کۆپیکردن و جوڵان لە (MP)دا

### ٢_١: لە تیۆری شوێنپێیەوە بۆ کۆپیکردن و فۆڕمی فۆنەتیکی (From Trace to Copying Theory and Phonatic From):

لەگەڵ هاتنی مینماڵ پرۆگرامدا بۆ تیۆری زمانەوانی، تیۆری شوێنپێ بۆ تیۆری کۆپی جوڵە جێگیرکرا، کە جوڵەش، کارپێکردنی پێکهاتەی کۆپیکردن و لابردن لەخۆ دەگرێت. (Garrica, 2019: 5)، چۆمسکی بیری دانانی تیۆری کۆپیکردنی بۆ هات ئەو بیرە لە تیۆری شوێنپێیەوە سەرچاوەیگرت، واتە هەر تیۆری شوێنپێیە لە (GB)دا، بووە بە تیۆری کۆپیکردن لە (MP)دا. سەرهەڵدانی تیۆری کۆپی بۆ جوڵەی کەرەستەکان لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە، کە بە پێی تیۆری کۆپی شوێنی کۆپییەکی توخمە گوێزراوەکە، لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیدا لادەبات، کۆپییەک لە (LF)دا دەمێنێتەوە. (Nunes, 1995: 193)، کەواتە تیۆری کۆپیکردن، کارێکی بنەڕەتیی سینتاکسییە، کە مینماڵ پرۆگرام پشتگیری لە تیۆری کۆپی جوڵە دەکات، کە کەرەستەیەک دەجوڵێت، کۆپییەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت. بۆیە دەکرێت زنجیرەک لە چەندین کۆپی گواستراوەدا پێکبێت. (Crystal, 2008: 116)، کاتێک کەرەستەیەک دەجوڵێت، کۆپییەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بۆیە ڕستە هەیە لە چەندین کۆپی پێکهێنەری گواستراوە دروستدەبێت، بەڵام ئەم کۆپیکردنەی کەرەستەکان بە پێی سنوری ڕستەیە، لە خۆوە ڕونادات، زیاتریش لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەدەردەکەوێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە، کە پێکهاتە سینتاکسییەکان لە شوێنی جیاوازدا لێکدەدرێنەوە، کە لەوانەیە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە بەدیبکرێت.(Corver, Nunes, 2007:1)، تیۆری کۆپیدا دیدێکی نوێ بۆ ئەو کێشەیە دابیندەکات، کردەکانی جوڵە دروستدەکەن، لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە کۆپیی بابەتەکان لە شوێنی پێکهاتە جیاوازەکان و کۆپییەکانی خوارەوەدا لادەبات. پێکهاتەیەک، کە لەحاڵەتی جوڵەی ئاشکردایە، بەڵام لە (LF)دا بەردەستە بۆ لێکدانەوە. واتە تەنیا ئەو کۆپییەی لە ڕوی سینتاکسییەوە، دەکەوێتە بەرزترین شوێن، کە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە دەردەبڕدرێن و هەمو کۆپییە نزمترەکان لادەدرێن. بۆ نمونە، ئەو کۆپییە نزمترەی ناو (VP) بۆ سپێکی (TP) کۆپیدەکرێت، دواتر لادەدرێت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١٢٢)، بۆ نمونە: دان بە ڕۆنانی (دکتۆرەکان نەخۆشەکانیان چارەسەرکرد.) دادەنرێت لە بری {TP دکتۆرەکان (VP) دکتۆرەکان نەخۆشەکانیان چارەسەرکرد.} لە (TP)دا کۆپییەک بەجێدەهێڵێت پاساودانەکەی لە سینتاکسی شاراوەدایە ئەو کۆپییەی، کە دەکەوێتە بەرزترین شوێن، بۆ پاساودانی سیماکان لە (LF)دا دەمێنێتەوە، بەڵام لە(PF) دا نامێنێتەوە، کاتێک سیماکان، هاوبەش دەبن و دەبێتەوە بە سفر، ئەمە پاساودانەکانە. پاڵنەری تیۆری کۆپی لە ڕوی چەمکییەوە هەر دو کۆپی (LF) دەخاتە بەردەست بۆ لێکدانەوە بە ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١_ تیۆری کۆپی بەشدارە لە هەوڵی توێژینەوە، بۆ نەهێشتنی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ناڕوکار.

٢_ تیۆری کۆپیکردن شیکاری دیاردەکانی بنیاتنانەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو ئاسان دەکات.

٣_ تیۆری کۆپی بۆ نەهێشتنی شوێنپێ، ژمارەی سەرەتاییە تیۆرەکان لە ئینفۆنتۆرەکەماندا کەمدەکاتەوە.

٤_ کۆپیکردن و سڕینەوە هەردوکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ پاڵنەریان هەیە بۆ دوبارەکردنەوەی مۆرفۆلۆژی. (Corver, Nunes, 2007: 14_15, 216_217)، بێگومان لە سینتاکسدا، تیۆری کۆپیکردن گرنگ و سودی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆ نمونە هەندێک لە سودەکانی تیۆری کۆپیکردن وەک:

١_ ڕێگەدەدات تیۆری بەستنەوە، تەنها بە زاراوەی (LF) و(PF) دا خۆیان بەدەستەوەبدەن لە کاتی کارکردنی بنیاتنانەوەدا، واتە فۆڕمی(LF) و(PF)، کە دەخاتە ڕو کەرەستە جوڵاوەکە دەچێتە شوێنی خۆی.

٢_ لە ژێر تیۆری کۆپیدا، کۆپییەکی تەواوی، لە دەستەواژەی Wh لە (LF)دا بەردەستە.

٣_ دەتوانرێت بگوترێت، کە جوڵەی ناوخۆیی کارتێکەری Wh بۆ پلەیەکی بەرزتر دەگرێتەوە، لە نێو دەستەواژەی Whدا.

٤_ تیۆری کۆپی بەمشێوەیە، بووە بە بابەتێکی گرنگ و تۆکە لە مینیماڵ پرۆگرامدا، چونکە بووەهۆی پێشکەوتنی ئەم پرۆگرامە. ( Corver, Nunes, 2007: 2), (Ouhalla, 1999: 415_416)، نمونە بۆ تیۆری کۆپیکردن وەک:

١٣_ {منداڵەکە} درەنگ خەوت، چونکە [منداڵەکە] نەخۆش بوو. Copy

لە نمونەی (١٣)دا، ناوی (منداڵەکە) لە هەردو ڕستەکەدا هەیە، کە هەردوکیان ئەرکی (بکەر)یان وەرگرتووە، کە بکەری ڕستەیی(١) هی خۆیەتی لە ڕستەی (٢)دا کۆپیکراوە، چونکە دەکرێت هی ڕستەی (٢) لابردرێت، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات، چونکە کۆپیکراوە. لە بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا دەبێتە (لادان)، لە (GB)دا، دەبێتە (شوێنپێ) یان (PRO)، لە (MP)دا، دەبێتە (کۆپی) هێلکاریی درەختیی(MP) جیاوازە لەگەڵ هێلکاریی درەختیی (GB). چۆمسکی لە پرۆگرامی مینیماڵدا گیرەکەکان، لە فرێزە ناوییەکان جیادەکاتەوە و جێناوی ڕێککەوتنیش بۆ هەموو ڕستەکە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام کاتەکە تەنیا بۆ فرێزە کردارییەکە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە (GB)دا بە پێچەوانەوەیە. هێلکاری لە درەختیی(MP)دا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

هێلکاریی (٥): (کۆپیکردن لە (MP)دا ).




فۆرمی فۆنەتیکی (PF) بریتییە: لە دەنگی خاڵی بەرکەوتنی سینتاکس و سیستەمی دەنگی/ نیشانەیە، واتە (سیستەمی درکاو_ هەستپێکراوەکان)ە ( Articulatory_ Percetual). (Boeckx, 2006: 204)، ئەمەش یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی مینیماڵ پرۆگرام کار لەسەر سیستەمی دەنگی دەکات، واتە دەربڕینی ئەو پێتانەی، کە چەمکەکەی (LF)ی پێدروست دەکەیت دەیهێنێت و دەریاندەبڕێت. ئەوە کاری فۆرمی فۆنەتیکییە (PF)، پاساودانی سیماکانیش، لە (PF)دا نامێننەوە. ئەم ئاستەش کاتێک دروستدەبێت، کە کردەی شەقبون ڕوودەدات، فۆرمی (LF)و (PF )لەیەکتری جیادەکاتەوە لەهەر دەربڕینێکدا هەبن، دەبێت لە پشکنینەکەدا دەرچوبن ئینجا واتایان دەبێت. فۆرمی فۆنەتیکی، هەر وشەیەک لە چەند فۆنیمێک پێکهاتووە، فۆنیمەکان دیارن دو بزوێنیشیان لە دوای یەکدا نەهێناوە، نمونە (ژنەکە) (٣) نەبزوێن و (٢) بزوێن لەخۆدەگرێت. نوسین و درکاندن، واتا فۆرمی فۆنەتیکی و فۆرمی لۆجیکی دیاریدەکەن، هەموو شتەکانی ناو زمان هەمو بە جوڵان و لێکدانی فۆنیم دروستدەبن. نەخشەی سینتاکسی زمانی جگە لەوەی، کە لە سیستەمی هێمایی، کە بریتییە: لە ئاستەکانی نواندن، ئەوانیش فۆرمی لۆجیکی و فۆرمی فۆنەتیکی، کە تایبەتییە دەنگە واتاییەکان دیاریدەکەن، جگە لەمانە ئاستێکی دی هەبو ئەویش فەرهەنگ، سیستەمی کۆمپیوتەری، کە لە ڕوی تەواوی و کاریگەرییەوە پێویستە فۆرمی فۆنەتیکی سێ مەرج دابین بکات. (الزناد، ٢٠١٠: ٥٥). مەرجەکانی فۆرمی فۆنەتیکی (PF)، بریتین لەمانە خوراوە:

١_ فۆرمی فۆنەتیکی دەبێت پێکهاتەیی بێت، بەجۆرێک پەسەند بێت، چونکە لەهەر زمانێکی سروشتیدا، نواندنی فۆنەتیکی بۆ هەمو دەربڕینێکی زمانی شیاوە.

٢_ پێویستە هاوبەشییەک هەبێت، واتە ڕەگەزەکان لە سیستەمەی هەستی جوڵانەوەییدا لێکدانەوەیان هەبێت، واتە دەکرێت ئەو تایبەتیانە بۆ درکاو بگوازنەوە بەهۆی درکاوی ماسولکەیی.

٣_ دەبێت گشتگیر بێت، واتە لێکدانەوەی هەستیی جوڵانەوەییەکە، گشتگیر بێت بۆ هەمو زمانەکان، جگە لەوە، بەشێوەیەک لە سیستەمی زمانیدا پشت بە هەمو تایبەتییە دەنگییەکان ببەستن. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١٠٨).

## ٢_٢: تیۆری کۆپیکردنی جوڵانەوە لەلایەن PF و (Copy Theory of Movement by PF and LF) LF:

بە پێی تیۆری کۆپی، هەمو کۆپییەکان دەبێت لە نواندنەکاندا هەبن، تا ئەو کاتەی بە پێی مەرجەکانی دەرکردە (out_put conditions)، پێویستە کرداری سڕینەوە (deletion)ی بەسەردا جێبەجێبێت. جوڵان لە پێش شەقبوندا کۆپییەکەی دەسڕدرێتەوە، هەر بۆیە لە کاتی گەیشتنی بە نواندنی PFدا دەرنابڕرێت، بەڵام لە LFدا کۆپییەکە دەمێنێتەوە، تا ڕاڤەی بۆ بکرێت (قادر، ٢٠١١: ٨٣). کاتێک دەگاتە PF لەوێدا دەرنابڕدرێت، چونکە یەکێک لە دو کۆپییەکە لە PFدا دەردەبڕدرێتەوە لە ڕوی چەند تایبەتییەکدا یاساکانی سڕینەوە، کە بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت. لەو ئاستەدا کۆپییە سڕاوەکە بەلایەنی کەمەوە لە کۆپی خوارەوە لە شوێنی بنەڕەتییەکەیدا هەرچەندە لە LFدا هەر دو کۆپییەکە لەسەر بنەمای ئەوەی هەردوکیان لە لێکدانەوەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. (Ouhalla, 1999: 416)، بە پێی تیۆری کۆپی نواندنی LF و PF بەمشێوەیە:

14_ LF a: [Which pen] did max buy [Which book].

PF a: [Which pen] did max buy.

لە نمونەی (a)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ئاستی (LF)دا کەرەستە جوڵاوەکە لە شوێنەکەیدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆڵی گرنگیی لە شیکردنەوەدا دەبێت و لە نمونەی (b)دا دەردەکەوێت، کە لە ئاستی (PF)دا کەرەستە جوڵاوەکە، کۆپییەکەی لە ئاستی نزمتردایە، بۆیە دەسڕدرێتەوە.

LF أ: قەڵەمەکە، من [قەڵەمەکە] کڕیم.

PF ب: قەڵەمەکە، من کڕیم.

لە ئاستی (LF)ی (أ)دا لە ئەنجامی جوڵانی قەڵەمەکەوە لە سەرەتای ڕستەدا، کۆپییەکەی جێهێشتووە و لە ئاستی (LF)دا، کۆپی قەڵەمەکە لە شوێنە بنەڕەتییەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە بە مەبەستی شیکردنەوە، چونکە لە ئاستی (LF)دا، دەبێت، هەمو گۆڕانکارییەکان و کەرەستەکان بونیان هەیە، بۆ ئەوەی ڕێسای شیکردنەوەی تەواو بەدەستبهێنێت، بەڵام لە (ب)دا، کۆپی کەرەستە جوڵاوەکە دەسڕدرێتەوە. ئەو کەرەستەیەی، کە دەجوڵێت بۆ پاساودانی سیماکان کۆپییەک بەجێدەهێڵێت ئەو کاتەی، کە لێکچون لە نێوان سیمکاندا هەبو ئەوەی، کە بەرز دەبێتەوە ئەو سیمایانە (PRO) ن لەگەڵ هی ئامانجەکە، ئەگەر سیماکان یەکبون ئەوا، ئەو کەرەستەیە لادەبرێت بەڵام کەرەستە سەرەکییەکە لە (LF)دا، دەمێننەوە بەڵام لە (PF)دا، هی کۆپییەکە دەمێننەوە، واتە دوای بۆ پاساودانی سیماکان لادەدرێن. ( Ouahalla, 1999: 416).

## ٢_٣: دەرکەوتنی فرەکۆپییەکان (Appearunce of Multiple Copies):

تیۆری کۆپی جوڵە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا، بەهۆی کاریگەریی لەسەر (PF)ەوە وا دەکات، کە ڕێگە بە بەدیهێنانی زیاتر لە کۆپییەک لە یەک ڕستەدا بدات. (Corver, Nunes, 2007: 78)، واتە دەکرێت زیاتر لە کۆپییەک دەربکەوێت. لە (MP)دا، بەهۆی جوڵەی دانە فەرهەنگییەکانەوە لە سینتاکسدا ڕێگە بە دروستبونی ڕستەی ئاڵۆز دەدات، بەڵام بەو مەرجەی، لە ڕوی ئەرک و واتاوە تەواوبێت. (Uriagereka, 1997: 115)، ئەم فرەکۆپییە لە ڕستەدا دەبێتە هۆی دروستبونی ڕستەی ئاڵۆز و لێکدراو لە ڕاستیدا، (کۆپیکردن) زیاتر لە ڕستەی ناسادەدا بەدەردەکەوێت بە بەراورد لە ڕستەی سادەدا، واتە ڕستەی ناسادە بە یارمەتیی فرەکۆپییەکان دروستدەبێت. ئەم کۆپیکردنەش دەبێتەهۆی ئاڵۆزی لە ڕوی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس)ەوە. (Boeckx, 2011: 14_15)، کاتێک هەمو کەرەستەکانی ڕستەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت دەجوڵێن و کۆپیدەکرێن، ئەم جوڵانەیان هەمو بەیەکەوە، دەبێتەهۆی دروستکردنی جوڵەی هاوتەریب، هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی فرەکۆپییەکان بۆ جوڵەی هاوتەریبی کەرەستەکان دەگەڕێتەوە، ئەم جوڵانەی کەرەستەکان بە چەند هەنگاوێک ئەنجامدەدرێن، دەبێتەهۆی کۆپیکردنیان لە ڕستەی ناسادەدا. (Uriagereka, 1997: 120_122)، بەهۆی جوڵانەوەی زیاتر لە کەرەستەیەک و کۆپیکردنیان دەبنە هۆی دروستبونی (فرەکۆپییەکان). واتە دەکرێت لە ڕستەیەکدا هەر یەک، لەو کەرەستانە (بکەر، بەرکار، دیارخەر، هاوەڵناو، بەرکاری بەیاریدە، هاوەڵکردار، تەواوکەر، کردار) بجوڵێن و زیاتر لە جارێک کۆپیبکرێن، بەڵام ئەم کۆپیکردنە دەبێت بە وریاییەوە ئەنجامبدرێت و لەخۆوە نەبێت. (Nunes, 2004: 4),(Belltti, 2004: 116), (Boeckx, 2011: 13_14)، ئەم کۆپیکردنەی کردار، لە یەک ڕستەدا دەکرێت، بۆ مەبەستێک بەکاربێت، کە بریتییە: لە ڕێزگرتن لە کەسانی بەرامبەر. (Corver, Nunes, 2007: 79)، کۆپیکردنی ئەم کەرەستانەش لە ڕستەیەکدا، بە چەند ڕێگایەکی جیاواز دیاریدەکرێن، کە بریتین لەمانە خوارەوە:

**یەکەم:** دەکرێت لە کەرەستەیەک زیاتر لە ڕستەیەکدا کۆپیبکرێن، واتە دو کەرەستە کۆپیبکرێت، ئەمجۆرە کۆپیکردنە بە چەند شێوازێکی جیاواز بەدیاردەکەون. شێوازەکانیش بریتین لەمانە خوارەوە:

١_ بکەر، بەرکار.

من نەمامەکەم ڕواند و {~~من نەمامەکەم~~} ئاودا. (ڕ. لێکدراو)

٢_ بەرکار، کردار.

ایلاف شیرینی دروستدەکات، هەروەها ئاڤانیش {~~شیرینی دروستدەکات~~}. (ڕ. لێکدراو)

٣_ دیارخەر (هاوەڵناو)، بکەر.

هەر دو منداڵەکە بەیەکدەچن، چونکە {~~هەر دو منداڵەکە~~} جمکن. (ڕ.لێکدراو)

٤_ بکەر، بەرکاری بەیاریدە (تەواوکەر).

هێمن دوێنێ گوێی لە گۆرانی نەگرت، بەڵام {~~هێمن~~} ئەمڕۆ گوێ {~~لە گۆرانی~~} دەگرێت. (ڕ.لێکدراو)

٥_ هاوەڵکردار، کردار.

کە هاتم بۆ زانکۆ، {~~کە هاتم بۆ زانکۆ~~} باران دەباری. (ڕ.ئاڵۆز)

٦_ بکەر، دیارخەری بەرکار.

من ئەو کتێبەی، کە {~~ئەو کتێبە~~} دەیخوێنمەوە، {~~ئەو کتێبە~~} لەبازاڕ دەستناکەوێت، {~~ئەو کتێبەی دەیخوێنمەوە~~}. (ڕ. ئاڵۆز)

**دووەم:** لە ڕستەیەکدا دەکرێت زیاتر لە دو کەرەستە کۆپیبکرێت. ئەم کۆپیکردنەش بە چەند شێوازێکی جیاواز دەبێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١_ هاوەڵکردار، بەرکار، کردار.

گوێم لە دەنگی ئەو کەوانە، {~~کە لەسەر شاخەکە دەیانخوێند~~} گرتبو، کە لەسەر شاخەکەوە دەیانخوێند. (ڕ.ئاڵۆز)

٢_ پارستەی دیارخەری (بکەر، بەرکار، کردار).

تۆ جلەکانی منت بەجوانی نەدوری، چونکە {~~تۆ جلەکانی منت بەخێرایی~~} دوریت. (ڕ.ئاڵۆز)

**سێیەم:** دەکرێت لە سێ کەرەستە زیاتر لە ڕستەیەکدا کۆپیبکرێت، ئەمجۆرە کۆپیکردنەش وەک:

١_ هاوەڵناو، بەرکاری بەیاریدە، تەواوکەر، کردار.

ماڵی مامم هەموویان بە پاس بۆ سەیران دەچن هەروەها ئێمەش {~~هەمومان بە پاس بۆ سەیران دەچین~~}.

ئەگەر سەیری نمونەکانی سەرەوەبکەین، ئەو کەرەستانەی، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، کردەی کۆپیکردنیان بەسەردا جێبەجێکراوە، چونکە ئەو کەرەستانەی، لە ئاستی (LF)دا بەهۆی جوڵانی ئەو کەرەستانەی، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، بۆ پێشەوە کۆپییەکیان بەجێهێشتووە، کە لە (LF)دا کۆپییەکان لە شوێنی بنچینەی خۆیان دەمێننەوە بۆ مەبەستی ڕاڤەکردن چونکە لە ئاستی (LF)دا، هەمو کەرەستە گۆڕانکارییەکان دەبێت بونیان هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێسای لێکدانەوەی پڕاوپڕ ڕازیبکات، بەڵام لە کۆتاباڕ یان لە (PF )دا، کۆپی کەرەستە جوڵاوەکە دەسڕدرێتەوە.

تیۆری کۆپی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تیۆری جوڵە، بۆ تێگەیشتن لە دیاردە زمانەوانییەکان جەخت، لەوە دەکاتەوە، کە چەندین کۆپی لە ئەنجامی وەرگرتنیان لە سینتاکسدا دروستدەبن.

## ٢_٤: ڕیزبونی ئازاد و تیۆری کۆپیکردن لە جوڵاندندا (Free word oder and the theory of copying in motion):

ڕیزبونی ئازاد بریتییە: لەو سیستەمە ڕیزبونەی وشەکان لەناو ڕستەدا، بە چەند شێوازێکی جیاواز بەدەردەکەون. (علی، ١٩٨٨: ١٠)، واتە پێش جوڵان چۆنیەتیی ڕیزبونی کەرەستەکان، ڕۆڵ و گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بە چ جۆرە ڕیزبونێک ڕیزبونە، تاوەکو بەشێوەی ئەم ڕیزبونەیان بجوڵێن و کردەی کۆپیکردنیان بەسەردا جێبەجێبکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەو کەرەستانەوە دەبێت، شێوەیەکی ئازاد و بزێو شوێنی خۆیان دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ئەرکی ڕێزمانیی و واتایی ڕستەکە بکەن. (برزۆ، ٢٠١١: ١٠١). واتە هەر گۆڕانێک لە پێش و پاشی ڕیزبونی کەرەستەکاندا ڕوبدات نابنە هۆی گۆڕانی ئەرک و واتای ڕستەکان. لە ڕیزبونی ئازادا، ئەو گۆڕانکارییەی، کە بەهۆی جوڵەوە ڕودەدات، ئەم جوڵانەش لە ئەنجامی میکانیزمی سڕینەوەی (PF)ەوەیە، کە ڕۆڵی لە دیاریکردنی ڕیزبونی ئەم وشانە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (PF) بەرزترین کۆپی وشەکان دیاری دەکات. (Corver, Nunes, 2007: 219)، وشەکان ئازادن لە جوڵاندا، بە هەمان شێوە فریزەکانیش دەجوڵێن، ڕۆڵی گرنگییان هەیە لە ڕستەدا چونکە، پێگەی ڕستە دیاری دەکات، بۆیە کاتێک فریزەکان دەجوڵێن بۆ سەرەتای یان کۆتایی ڕستە، کۆپییەک لە دوای خۆی

بەجێدەهێڵێت، بەو مەرجەی ئەو جوڵاندنە نەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرک و واتایی ڕستەکە. (Deming, Helong, 2024: 95). نمونە بۆ ئەم ڕیزبونە وەک:

١٥_ أ: خوشکەکەم ئەم کراسەی کڕی. ڕستەی ئاسایی

ب: {ئەم کراسە}، خوشکەکەم {~~ئەم کراسە~~}ی کڕی. ڕستەی کۆپیکراو

لە نمونەی (١٥)دا ڕستەکە لە بارێکی ئاسایی و ڕیزبونێکی ئازادادایە، بەڵام لە نمونەی (١٥)دا فرێزە دیارخەرییەکە (ئەم کراسە)یە جوڵاوە بۆ سەرەتای ڕستەکە، ئەم جوڵانەی فرێزەش کۆپییەکی لە دوای خۆی بەجێهێشتوو.

### ٢_٢: کردەی جوڵان لە (MP)دا ( The act of Moving in (MP)):

ئەو کردەیە لە تیۆری (GB)دا گرنگییەکی تایبەتیی هەبو، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبونی (شوێنپێ)، بە هەمانشێوە لە (MP)یشدا، گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبونی (کۆپی). ئەوەی تا ئێستا، کە باسمان لە جوڵان کردبێت تەنیا، جوڵانی (وشەکان) بون، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە جوڵانی (ڕستە)یە، ئایا ئەو جوڵەیە بەجێگیری دەمێنێتەوە، یان بەردەوام دەبێت؟ بێگومان جوڵاندنی ڕستە دەبێتەهۆی بەجێهێشتنی جوتێک، کەرەستە، کە بریتین: لە (شوێنپێ)، (کۆپی)، فۆرمی لۆژیکی لە حاڵەتی جوڵەی ئاشکرادا، لە بەردەستی دەمێنێتەوە. (Nenes, 2004: 87). کردەی جوڵان لەم بابەتەدا جیاوازە ، کە کردەی جوڵان، لە جوڵانی (a)دا بەسەر کەرەستەیەکدا جێبەجێدەکرێت (a) تەنها سیما مۆرفۆلۆجییەکانی خودی (a) بەشێوەیەکی پڕ/ ڕاپی نەکرابێت. (Chomsky, 1995: 201) کردەی جوڵان لە بنەمای (چاوتێرنەبون)دا باسدەکرێت، کە جوڵانە چاوتێرنەبونەکان بە کردەی جوڵان دانانرێن. کردەی جوڵان دەکرێت بۆ هەر ڕەگەزێکی (a) بەکاربهێنرێت، ئەگەر تایبەتیە مۆرفۆلۆجییەکانی (a) بە پێچەوانەوە پەیڕەو نەکرابن. هەرچەندە ناتوانرێت، ئەو کردەیە لە (a)دا، بۆ هەندێک ڕەگەزی جیاوازی (β) ئەنجامبدرێت، بۆ پەیڕەوکردنی داواکارییە مۆرفۆلۆجییەکانی خۆی. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢١٥)، ئەم کردەی جوڵانەوەدەبێتە هۆی جوڵانی سیماکان.

### ٢_٢_٢: لە جوڵانی سیماکانەوە بۆ ڕاکێشانی سیماکان ( From moving features to attracting features):

ئەم جوڵانەی سیماکان، پەیوەندیی بە ڕێککەوتنەوە هەیە، کە دۆخ و ڕێککەوتن کاردەکەن، سیماکانیش بریتین لە: (دۆخ، ڕەگەز، کەس، ژمارە، ڕێککەوتن...هتد). هەمو ئەمانە دەگرێتەوە تایبەتمەندی سیماکان پێش جوڵانەکە دیاریدەکرێت، نمونە سیمای (کەس، ژمارە) لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە دیاریکراوە، سیمای (کەس، ژمارە)کان دەچنە ناو سینتاکسەوە، بەڵام (دۆخ)ەکان، سیمایان پێنەدراوە، ناچنە ناو سینتاکسەوە. (Radford, 2009: 284)، جوڵانی سیماکان بۆ پاساودانی سیمای کەرەستەکانی ناو ڕستەیە. ئەم جوڵانە لەناو (LF)دا ڕودەدات، مەبەستمان لە جوڵانی شاراوەیە (Coveret Movement)،کە لەوێدا بۆ پاساودانی سیماکانیان بەرزدەبێتەوە، ئەگەر گونجاو بو بەرزبونەوەیەکی سەرکەوتو دەبێت سیماکانی وەکو سیمای سەرەکانیان دەبێت. بۆ نمونە دەربڕینی (١٦)مان هەیە لە هەندێ بەندی داڕشتنەکەدا، لەکاتێکدا قاڵبی (T) سیمایەکی (N)ی هەیە (سیمای دۆخ) بۆ بەتاڵکردنەوە، داوای هەندێ ڕەگەز دەکات، لە شوێنی قاڵبی بکەرەکە بێت:

(16) a. seems to [a a strange man] [that it is raining outside].

b. [a a strange man] i seems to ti [that it is raining outside].

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، جوڵانەوەی (a) بەرەو شوێنی قاڵبی بکەرەکە، بۆ ئەوەیە داواکاریی (T) پەیڕەو بکات. گریمان، کە (a)، (strange man) بەرەو شوێنی قاڵبی بەرزدەبێتەوە بۆ نیشانەکردنی سیمای دۆخەکەی، لە شوێنی قاڵبی بکەردا، هەرچەندە ئەم جوڵانەوەیە هیچ داواکارییەکی مۆرفۆلۆجی لەم ناوەدا پەیڕەوناکات. (ڕەسوڵ. ٢٠١٤: ٢١٥_ ٢١٦)، چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە سیماکانی دۆخ و ڕێککەوتن لە سینتاکسی شاراوەدا، سیماکانی_wh کۆپیی هاوبەش و هاوشێوەی وەردەگرن، کە بەهۆی ئەمەشەوە دۆخەکە بەهێزدەکات. (Pettiword, 2017: 133).

### ٢_٢_٣: جوڵانی شاراوە (Coveret Movement):

سیستەمی کۆمپیوتەری لە (MP)دا، بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە بە زمانی سادەدا دەردەکەوێت، بەڵام سینتاکسە ئاڵۆزییەکان دەشارێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە ڕۆنانی کەرەستەکانەوە هەیە، کە بە ئاشکرا بەدیهێنراون، بەڵام بۆ لێکدانەوەی، واتایی سینتاکسی ڕستەکان زۆر گرنگن، ئەمەش دیاردەکانی، وەک سینتاکسی شاراوە لە (LF)دا دەگرێتەوە. چەمکی سینتاکسی شاراوە، بابەتێکی گرنگە لە (MP)دا، بە تایبەتی سەبارەت بە ئابوری و وەرگرتن و ڕوکاری نێوان سینتاکس و سیمانتیک. لە چاوچێوەی (MP)دا، سینتاکسی شاراوە ئاماژەیە بۆ کاری سینتاکسی، کە کاریگەرییان لەسەر (LF)ی ڕستەیەک هەیە، بەبێ ئەوەی (PF) بگۆڕن، ئەمەش بەو واتایەیە، کە هەندێک کەرەستە لە ئاستی سینتاکسی ئەبستراکدا دەجوڵێت بۆ پڕکردنی پێداویستییە لێکدانەوەکان. (Chomsky, 1995: 232__233)، چۆمسکی لە ساڵی (١٩٩٣)دا، پێشنیازی کرد، کە سینتاکسی شاراوە تەنیا سیما فەرمییەکان بگرێتەوە نەک پێکهاتە سینتاکسییەکان. (Bošković, 2013: 2)، ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بنەمای ئابوریی (MP)دا، هاوتەریبە، لە جیاوازیی نێوان سینتاکسی شاراوە و ئاشکرا لەناو پێکهاتەی سینتاکسیدا دەکۆڵێتەوە، بە تایبەت چۆمسکی ورد دەبێتەوە لەوەی، کە هەندێک کردەی سینتاکسی کاریگەرییان لەسەر ناوەندی (LF)ە لە چوارچێوەی مینماڵ پرۆگرامە. (Chomsky, 1995: 168 __169).

### ٢_٢_٤: جوڵان و بنەمای ئابوریکردن ( Movement and the Principle of Economizication):

چۆمسکی لە تیۆرەکانی ڕابردودا، تا ڕادەیەک بنەمای ئابوریکردنی پشتگوێ خستبو، بەڵام لە (MP)دا، ئەم کەموکوڕییەی خۆی ڕاستکردەوە. (Graf, 2007: 12)، واتە ئەو بنەمایە لە پێش سەرهەڵدانی (MP)دا بونی هەبووە، بەڵام لە (MP)دا بە یەکێک لە بنەما گرنگەکان دادەنرێت، کە لە کتێبی (ئابوریکردن لەسەر نواندنی ڕۆنانەکان) لە ساڵی (١٩٩١)دا، گەشەی بەلایەنی ئابوریی زمان داوە، چۆمسکی تێبینیی ئەوەی کرد، کە دروستە زمانییەکان، پێویستە، هەتا دەکرێت ئابوریانە بێت لە (MP)دا. (قادر، ٢٠١١: ٩٨). ئەم بابەتەی هۆکاری سەرهەڵدان، بۆ جوڵانی کەرەستەکان لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە، کاتێک دەجوڵێن لە دوای خۆیاندا کۆپییەک بەجێدەهێڵن، لەگەڵ جوڵاندنەکە ناهاوسەنگییەک لە ڕستەکەدا دروستدەبێت، بەهۆی ئەو ناهاوسەنگییەی ڕستەوە، بابەتی ئابوریکردن سەریهەڵداوە. ( Baltin, Collins, 2001: 67). چۆمسکی لە (MP)دا ئاماژە بەوەدەکات، کە جوڵەی سینتاکسیی شاراوە لە جوڵەی سینتاکسیی ئاشکرا ئابوریترە، واتە جوڵەی سینتاکسی شاراوە باشترە لە جوڵەی سینتاکسی ئاشکرا. (Bošković, 2013: 14)، بنەماکانی ئابوریکردن ئەو بنەمایانەیە، کە چۆمسکی لە (MP) زۆر باسی لێوەدەکات، یەکێکن لە بنەما زۆر گرنگەکان لە (MP)دا گفتوگۆی زۆری لەسەرکراوە، یەکێک بون لە سەرچاوەکانی

سەرکەوتنی (MP). لە (MP)دا چەندین بنەمای ئابوری وەک ئامرازێک و هەڵسەنگاندنی وەرگیراوەکان دەناسرێن، بنەماکانی ئابوریی بریتین لەمانەی خوارەوە:

**۲_۲_٤_۱: دواخستن (Procrastinate):**

جۆرێکە لە بنەمای کاتی، کە دەڵێت جوڵان، تا چەند شیاوبێت، لە داڕێژراوەکەوەدا درەنگ ڕوودەدات بەمە دەگوترێت دواخستن. (Razagh, Rahavard, Sadighi, 2015: 2)، واتە دواخستن، ناچارکردنی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکەی زمانی مرۆڤە، لەوەی، کە کردنی شتێک (لێرەدا مەبەست لە جوڵاندنە)، دوابخات هەتا ئەو کاتەی، کە پێویست دەبێت ئەنجامبدرێت. (قادر، ۲۰۱۱: ۹۹)، لەم یاسایەدا چۆمسکی دەڵێت، هەتا بکرێت ئەو شتانە (جوڵانە) بخرێنە کۆتایی لە (MP)دا، پێیان دەڵێت، ڕستەکان و یاساکان باشتر دەردەچن ، هەڵە نابن. دواخستن پێشنیازی ئەوە دەکات، هەموو جوڵانەکان پاش شەقبون ڕوودەدەن، ئەو بنەمایە، کە لە دوای شەقبون ئەنجامدەدرێن، لە ڕێگای (LF)ەوە بەرێوەدەبردرێن. (Razagh, Rahavard, Sadighi, 2015: 2_3)، جوڵانەوەیی شاراوە تێچوی کەمترە، بەگوێرەی ئەم بنەمایە، جوڵانەوەی ئاشکرا ڕێگای پێنادرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر وانەبێت داڕشتەکە تێکدەشکێت، ڕستە لە هەندێ ئاستی هاوبەشی (PF, LF) تێکدەشکێ. (Baltin, Collins, 2001: 55).

**۲_۲_٤_۲: چاوتێرنەبون (Greed):**

ئەم بنەمایە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە پێویستە پێکهاتە بۆ پەیرەوکردنی داواکارییەکانی خۆی بجوڵێت: نابێت بۆ پەیرەوکردنی داواکارییەکانی پێکهاتەیەک، یان بۆ ئامانجێکی دی بجوڵێتەوە. (Deham, 1997: 15)، ئەم بنەمایە هەر وەک (بنەمای مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن)، بنەمایەکی گشتی نییە. (یعلوی، الملاخ، ۲۰۱۷: ۱۸٤)، لەو بنەمایەدا پێکهاتەیەک بۆ پاساودان سیماکانی خۆی دەجوڵێتەوە، ئەمە واتای ئەوەیە، کە پێکهاتە نابێت، بجوڵێتەوە بۆ پەیرەوکردنی پێویستییەکانی پێکهاتەیەکی دی، واتە جوڵانی (a) بەرەو هەر ڕەگەزێکی (a) ئەنجام دەدرێت ئەگەر تایبەتییە مۆرفۆلۆجیەکانی (a)ی خۆی پەیرەوی بکات. (ڕەسوڵ، ۲۰۱٤: ۲۱٤). بۆ نمونە لەم ڕۆنانەی خوارەوە، جوڵاندنی (DP) (تەزرە) پێویست نییە.

٥٩_ أ. تەزرە پێدەچێ کە [TP نەخۆش بێت.]

ب. پێدەچێت، کە تەزرە نەخۆش بێت.

پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا بۆچی (تەزرە) لە شوێنی بکەرە چەسپاوەکەوە، بەرزنابێتەوە بۆ شوێنی قاڵبی بکەرەکە؟ بە پێی بۆچونی چۆمسکی، ئەمە لەلایەن بنەمای (چاوتێرنەبون)ەوە، ڕێی لێدەگیرێت. کاتێ ئەو داواکارییەی بەرزدەبێتەوە، کە سیمای دۆخەکەی (تەزرە) پێش ئەوە پاساو درابێت. (Baltin, Collins, 2001: 49). ناپۆلی تێبینی ئەوە دەکات، کە دواخستن و چاوتێرنەبون هەردوکیان پێویستن، چونکە بەهۆی هەردوکیانەوە لەبارەی چارەی داڕشتنەکان هەڵدەبژێردرێن. (ڕەسوڵ، ۲۰۱٤: ۲۱٤).

**۲_۲_٤_۳: دوایین پەناگە (Last Resort):**

یەکێکە لەو بوارە سەرکەوتوانەی، پەیوەندیی بە بچوکترین پرۆگرامەوە هەیە، وادەکات بە ناچاری (The Driving Force) جوڵانەوەی سینتاکسی بگرێتە خۆ. (ڕەسوڵ، ۲۰۱٤: ۱۹٦).لە چوارچێوەی (MP)دا، گفتوگۆکردن دەربارەی دوایین پەناگە بەزۆری لەسەر جوڵەوە بووە، چۆمسکی لە (MP)دا دوبارە گەشە دەدات بە بیرۆکەی دوایین پەناگە، بەمشێوەیە دەیناسێنێت: هەنگاوێکە لە داڕێژراوەکەدا ڕێی پێدەدرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا ڕەوایە، کە پێویست بێت بۆ پێگەیشتن بە خاڵی نزیکبونەوە. (Baltin, Collins, 2001: 49).

**۲_۲_٤_٤: کەمترین وزە (Least Effect):**

یەکێک لە بنەما گرنگەکان لە (MP)دا، ئەوەیە، کە کەمترین بڕی جوڵە لەخۆدەگرێت. (Crystal. 2008: 272)، واتە بۆ دەستکەوتنی بنەمای کەمترین وزە دەبێت کەرەستەکان لە ڕستەدا لابدەن، بەتایبەتی ئەو کەرەستانەی، کە زیاد و لاوەکین لە ڕستەدا داوای ئەوە دەکات، داڕێژراوەکان کەمترین تێچویان هەبێت. (Chomsky, 1995: 145)، واتە بە کەمترین وزە، زۆرترین واتا بدات بەدەستەوە.

**۲_۲_٤_٥: مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن (MLC/ Minimal Link Condition):**

کەمترین مەرجی پێکەوەبەستن (MLC) ڕۆڵێکی زۆر گرنگیی لە داڕێژراوەکاندا هەیە بۆ گەیشتن بە ئاستی (LF). (قادر، ۲۰۱۱: ۱۰۲)، پێویستە، کە ((کورترین جوڵانەوە)) (Kitahara, 1997: 27)، لەلایەن کەرەستەکانەوە ئەنجامبدرێن. واتە مەبەست ئەوەیە، کە کەرەستەیەک دەجوڵێت، پێویستە ئەو جوڵانەوەیە بەشێوەیەک بێت، ئەو ڕۆنانە نەبێتە هۆی تێکشکان، کە دەخرێتەپاڵ کەرەستەیەکی دی، نزیکترین جوڵانی تێدابێت. ئەگەر جوڵانەکە زۆر بو، بەسەر کەرەستەکان بازیدا، دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ڕۆنانەکە، ئەمجۆرەش زیاتر بەرزکردنەوەی وشەی (پرس)ە لە (CP)دا، کە ئەمەش لە ئامانجەکە نزیکتر دەبێتەوە، کە لە پارستەکەدایە. (ڕەسوڵ، ۲۰۱٤: ۲۲۰)، واتە نزیکترین ئامانجی پارستەکەیە (CP)، لەگەڵ دیارخەرێک، کە وشە (پرس)ەکەیە بە پێی بۆچونی چۆمسکی (MLC) لە هەردو داڕشتنەکەدا ڕێگەی لێدەگرێ.

**۲_۲_٤_٦: داخوازیی کورترین داڕێژراو (Short Derivation Requirment):**

ئەم بنەمایە، ژمارەی هەنگاوەکانی داڕێژراوەکان کورتدەکاتەوە، بۆیە پێیدەوترێت (داخوازیی کورترین داڕێژراو). کە دەبێت هەندێک ڕێگە هەبێت، کە داڕێژراوەکان پێی بەراوردبکرێن. (Baltin, Collins, 2001: 52_53)، واتە کام لە داڕێژراوەکە، کەمترین چالاکیی بە پەسندتر دادەنرێت، لەو داڕێژراوەی، کە بەکەمترین هەنگاو لەسەر مەرجی تیۆرەکە دروستدەبێت و سەردەکەوێت. (ڕەسوڵ، ۲۰۱٤: ۲۲۹).

## ئەنجام

1. شوێنپێ لە ئاستی ژێرەوە بەدەرناکەوێت، بەڵکو لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا بەهۆی جوڵەی ئەلفاوە (a) بەرهەمدێت، کە فرێزی گوێزراوە لەگەڵ ئەو شوێنپێیەی، کە بەجێدەهێڵێت، ڕیزبونێکی دو سەر پێکدێت، کە بەرزەکە، (DP) و نزمەکەش شوێنپێیە. هەروەها کردەی جوڵانیش چالاکبونی کەرەستەیەکی ڕستەیە، کە وایکردووە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە کەتیگۆرییەکی بەتاڵە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، بەڵام لە ڕوی سینتاکسییەوە چالاکە.
2. کۆپیکردن لە ئەنجامی جوڵەوە لە (MP)دا ڕوودەدات، کەرەستە دوبارەبووەکان لە ڕستە ناسادەکاندا نانوسرێنەوە، کە لە (GB)دا پێیدەگوترێت شوێنپێ، لە

(MP)دا دەتوانێ کۆپییەک لە شوێنی خۆی دابنێتەوە و دەکرێت کۆپییەکانیش بکرتێنرێن.

3. جوڵان لە (GB)دا پەیوەستکراوە بە دۆخی ڕێزمانییەوە، بەڵام لە (MP)دا سنوردار نییە، بە دۆخی ڕێزمانییەوە، کە جوڵانەکە ئازادن، بەڵکو جوڵان بەستراوەتەوە بە پاساودانی سیماکانەوە جوڵانەکان ئازاد نین. سیماکانی (دۆخ، کات، ژمارە، ڕێککەوتن، کەس..هتد.) کە بەستراونەتەوە بە سیمای بەهێزەوە، کە دەبێت پێش شەقبون لە جوڵەی ئاشکرادا پاساوبدرێن، ئەگەر نا ڕۆنانەکە تێکدەشکێت، سیمای بەهێز لەسەرەتای پێکهێنانی فرێزدا پێویستە یەکسەر لابردرێت.

4. ئەو کۆپییەی دەکەوێتە، بەرزترین شوێن، بۆ پاساودانی سیماکان لە (LF)دا دەمێنێتەوە، بەڵام لە (PF)دا نامێنێتەوە. کاتێک سیماکان هاوبەش دەبن و دەبنەوە سفر، ئەو پاساودانەکانە هەر کۆپییەکان لە پێش کردەی شەقبوندا لە ڕۆنانەکاندا دەبێ هەبن، بەڵام کاتێک دەکاتە، (PF) یەکێک لە کۆپییەکان دەردەبڕدرێتەوە بە پێی، چەند یاسایەکی تایبەتیی سڕینەوە، کە بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت، کۆپییە سڕاوەکە بەلایەنی کەمەوە لە کۆپی خوارەوەدا لە شوێنی بنەڕەتییەکەیدایە، کەرەستە جوڵاوەکە لە ئاستی (LF)دا لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆڵی گرنگیی لە شیکردنەوەدا دەبێت.

5. جوڵانی کەرەستە لە ڕستەدا کۆپییەک لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت، کە دەبێتە دروستبونی ناهاوسەنگی لە ڕستەکەدا، کە ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی بابەتی ئابوریکردنە. بۆیە جوڵەی سینتاکسیی شاراوە، بە ئابوریتر دادەنێت لە جوڵەی سینتاکسی ئاشکرا.

## سەرچاوەکان

### به زمانی کوردی:

#### کتێب:

برزو، ئومێد بەرزان، (٢٠١١)، دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی..

ڕەسول، سەڵاح حوێز، (٢٠١٤)، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محمد، حاتەم ولیا، (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانەسینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهوک

#### نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

علی، طالب حسین، (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

قادر، تارا موحسین، (٢٠٠٤)، جێناو لێکدانەوەیێکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

__________ ، (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قادر، کاروان، عومەر، (٢٠١٠)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قادر، ئاوات ساڵح، (٢٠١٥)، ڕێکەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردیی و فارسیدا، نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

#### گۆڤار و ڕۆژنامە:

قادر، صباح ڕشید، (٢٠٠٩)، تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆڕفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٤٢)، زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر.

__________، (٢٠١٠)، تیۆری پاساودان (checking theory) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردیی، ژمارە (١٦)، هەولێر.

### به زمانی عەرەبی:

#### کتێب:

الزناد، الأزهر، (٢٠١٠)، نظريات لسانية عرفنية ، دار محمد على للنشر، الطبعة الأولى، عمارة زرقاء اليمامة ، تونس.

باقر، مرتضى جواد، (٢٠٠٢)، مقدمة في نظرية القواعد التوليدية، تبع الاول، دارالشروق.

بوقره، نعمان، (٢٠٠٩)، السانيات العامة اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، الطبعه الأولى، عالم الكتب الحديث ، أردن__ أربد.

غلفان، مصطفى، (٢٠١٠)، بمشاركة أحمد الملاخ، حافظ إسماعيل علوي، السانيات التولدية، عالم الكتب الحديث، أربد__ أردن.

#### گۆڤار و ڕۆژنامە:

يعلوي، حافظ إسماعيل، امحمد الملاخ، (٢٠١٧)، البرنامج الأدوني: الأسس و الثواب، مجلة العلوم و الأجتماعية، العدد (٣١).

### به زمانی ئینگلیزی:

#### کتێب:

Aitchison, Jean. (1999). Linguistics, 5th edition, Hodder and Stoughton London.

BELLETTI, ADRIANA. (2004), Structures and Beyond: The Cartography of Syntactic Structures, Volume 3, Oxford University Press, Inc.

Boeckx, Cedric. (2006), Linguistic Minimalism, Origins, Methods, and Aims, Oxford University Press.

Bošković, Željko. (2013), Principles & Parameters Theory and Minimalism, University of Connecticut.

Bussmann, Hadumod. (1998), Routledge Dictionary of Language and Linguistics. Translated and edited by G. Trauth and K. Kazzazi. London and New York: Routledge.

Carine, Andrew. (2006). Syntax: A generative Introduction, Second edition. Oxford: Blackwell.

Chomsky, Noam. (1982a), some Concepts and Consequences of the Theory of Government and Binding. Cambridge, Mass: MTT Press.

__________ (1986), Lectures on government and binding. The Pisa lectures, 4th edition Holland: Foris.

__________ (1994), Bare Phrase Structure. MIT Occasional Papers in Linguistics, 5. Also published in: Webelhuth, G. (ed.), 1995. Government and Binding Theory and the Minimalist Program. Oxford: Blackwell.

__________. (1995), The minimalist program. Cambridge Mass: Massachusetts institute of technology press.

Svenonius, Peter. (2021), 'Merge and features: The engine of syntax', in Allott, N.E., Lohndal, T. and Rey, G. (eds.) A Companion to Chomsky. Hoboken, NJ: John Wiley & Sons, pp. 140–157.

Trask, R (1993). A dictionary of grammatical Terms in linguistics, Routledge, London.

Ura, Hiroyuki, (2000), Checking theory and grammatical functions in universal grammar. Oxford: Oxford University press.

Uriagereka, Juan. (1997), Multiple Spell-Out, University of Maryland, College Park.

Van Valin, Roberto, D. JR (2004), An Introduction to syntax, Cambridge.

### نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

Andreu, Jordi Fortuny, Gallego, Angel J, (2009), The Minimalist Program and the concept of Universal Grammar, University of Groningen. Center for Language and Cognition Groningen and

Baltin, Mark, Collins, Chris, (2001), The Handbook of Contemporary Syntactic Theory Edited by, Article, Printed in Great Britain by T.J. International, Padstow, Cornwall.

__________. (2001), Derivation by phase. In M. Kenstowicz (Ed.), Ken Hale: A life in language (pp. 1–52). Cambridge, MA: MIT Press.

Cover, Norbert, Nunes, Jairo. (2007), The Copy Theory of Movement, John Benjamins the University of Sao Paula.

Crystal, A. (2008), A Dictionary of Linguistics & phonetics, sixth edition. Oxford, Blackwell.

Deham, Kristin. E. (1997), A MINIMALIST ACCOUNT OF OPTIONAL WH-MOVEMENT, A dissertation submitted in partial fulfillme. University of Washington.

Davies, w, and Dubinsky, s. (2004). the grammar of raising and control. a course in syntactic argumentation. Oxford.

Deming, M. & Helong, T. (2024), (eds.) (Year). The Development of Chomsky a Generative Grammar: From the Standard Theory to the Minimalist Program. Publisher.

Garrica, Julio Villa- Garci. (2019), Clitic climbing (or lack thereof) and the Copy Theory of Movement, University of Manchester, Department of Linguistics and English Language, Manchester, UK.

Graf, Thomas. (2007), DIPLOMARBEIT Titel der Diplomarbeit "From Vagueness to Disaster: On the Intricacies of Feature Checking".

Kitahara, Hisatsugu.(1997) Elementary Operations and Optimal Derivation , Massachusetts.

Newson, Mark. (2006), Basic English Syntax with Exercises. Budapest: Bölcsész Konzorcium.

Nunes, Jario Morais. (1995), THE COPY THEORY OF MOVEMENT ANDLINEARIZATION OF CHAINSIN THE MINIMALIST PROGRAM, Associate Professor, Department of Linguistics.

__________. (2004), Linearization of Chains and Sideward Movement. The MIT Press Cambridge, Massachusetts London, England.

Pettiward, Anna Margaret. (2017), Movement and Optionality in Syntax, University of London.

Ouhalla jamal. (1999), introducing transformational grammar, from principles and parameters to minimalism. new york: oxford.

Radford, ANDERW. (2004), Minimalist Syntax: Exploring the structure of English, Cambridge University Press, Cambridge.

________________. (2009) Analysing English Sentences: A Minimalist Approach. Cambridge: Cambridge University Press.

Razaghi, Maryam, Rahavard, Shahin, Sadighi, Firooz. (2015), Economy, Simplicity and Uniformity in Minimalist Syntax, International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL), Volume 3, Issue 1.

Sells, Peter. (1985), LECTURES ON CONTEMPORARY SYNTACTIC THEORIES, printed in the united State.

SIMPSO, ANDRW. (1962), Wh-movements and the Theory of Feature Checking, SOAS university of London.

# ستراتیجی بریتانیا لە ئێران لە نێوان دیپلۆماسییەتی سیاسی و هەڕەشەی سەربازیدا (ئەیلولی 1939-کانوونی یەکەمی 1940)

**هاوار كمال ميرزا عبدالله، محمد مؤمن حمەعارف**

بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** ئێران پردی پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی نفوزی دەسەڵاتی بریتانیابوو، ئەمە وایکرد ئەو وڵاتە ببێتە تەوەری ناوەندی بڕیار و هەواڵگریی بریتانیا و بەسترایەوە بە بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیاوە. ئەم بایەخە دوای ١٩١٩ زیاتر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی ململانێی زلهێزەکان، ئێران مەرجی باڵادەستی و پارێزگاریی بوو لە نەوتی کەنداو و شارێگەی گەیشتن بە هیندستان، ئیدی ستراتیجی بریتانیا بۆ ئێران، پاراستنی بوو لە چوارچێوەی وڵاتانی هاوپەیمان و دوورخستنەوەی لە بەرەی محیوەر، سیاسەتی بریتانیا لەم توێژینەوەیەدا لە یەکەم ساڵی جەنگ خراوەتەڕوو. پرسیاری سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە: بریتانیا چۆن ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بۆ بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران داڕشت؟ لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی وسفی-شیکاریی بۆ دیدگای بریتانیا و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بۆ ئێران، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی، خراوەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەردا پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939". تەوەری دووەم لە ژێر ناوی "سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و دەرکەوتنی هەڕەشەی ئەڵمانیا لە ئێران لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940". هەرچی تەوەری کۆتاییە"گۆڕانی ستراتیجی سیاسی-دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940". لە کۆتاییشدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووین، کە بە پوختی خراوەتەڕوو.

**کلیلە ووشەکان-** بریتانیا، ئێران، جەنگی دووەمی جیهانی، زلهێزەکان، ستراتیجی بریتانیا لە ئێران.

## پێشەکی:

گرنگیی ئێران و بوونی بە پردی پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی نفوزی بریتانیا، وایکرد ئەو وڵاتە ببێتە تەوەری زۆرینەی کۆبوونەوە و ڕاپۆرتە گرنگەکانی ناوەندەکانی بڕیاردان و هەواڵگریی بریتانیا. هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم یەکێك بووە لەو وڵاتانەی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم بایەخپێدانە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی پێکدادانی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانیان و دەرکەوتنی سەرەداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران مەرجی باڵادەستی و پارێزگاریی بوو لە نەوتی کەنداو و شارێگەی گەیشتن بە هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەم ڕووەوە، ستراتیجی بریتانیا بۆ ئێران هێشتنەوەی بوو لە چوارچێوەی وڵاتانی هاوپەیمان و دوورخستنەوەی مەترسی ئەڵمانەکان، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا، سیاسەتی بریتانیا لە یەکەم ساڵی جەنگ خراوەتەڕوو، کە تێیدا، پلانی ستراتیجی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی، وەك ئامادەکارییەکی گریمانەیی بە ووردیی خرایەکار.

هۆکاری ئەم توێژینەوەیە، ئاشکراکردنی بایەخ و گرنگیی سیاسی و ئابووری و جیۆستراتیجی ئێرانە لە پلانە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیادا. ئامانجیش لێی خستنەڕووی هەستیاریی خەڵك و خاك و نەوت و دیمۆگرافیای ئێرانە لە دید و تێڕوانینی سیاسی و بڕیاربەدەستانی بریتانیا و ڕۆڵی ئێران لە هەر دەستڕۆیشتوویيەکی ئایندەیی زلهێزەکاندا لەو قۆناغەدا. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی وسفی-شیکاریی بۆ دیدگای بریتانیا و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بۆ ئێران، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی، خراوەتەڕوو.

پرسیاری توێژینەوە بریتییە لە: بریتانیا چۆن ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بۆ بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران داڕشت؟ دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی ئێران لەسەر بوونی بریتانیا لە ناوچەکە و پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی؟ ڕۆڵی ململانێی ناوەندە جیاوازەکانی بڕیار بەدەستی بریتانیا چی بوو لە داڕشتنی ستراتیجی بریتانیا لە ئێران و کاریگەرییەکانی ئەو ململانێیە چی بوون ؟

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ تەوەردا دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939"، تێیدا هەوڵدراوە سیاسەتی بریتانیا بۆ پارێزگاریی لە نفوزی لە ئێران و فراوانکردنی باڵادەستیی هەتا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی شرۆڤەکراوە. تەوەری دووەم لە ژێر ناوی "سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و دەرکەوتنی هەڕەشەی ئەڵمانیا لە ئێران لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940"، لەم باسەشدا سیاسەت و پلانی بریتانیا

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp94-107
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 15 ايار 2025؛ قُبل في 29 حزيران 2025؛ نُشرت في 12 تشرين الأول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: mohammad.hama-arf@uoh.edu.iq, hawar.mirza@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 هاوار كمال ميرزا عبدالله، محمد مؤمن حمەعارف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیێت خراوەتەڕوو ، هەرچی تەوەری کۆتاییە بۆ "گۆڕانی ستراتیجی سیاسی- دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940" تەرخانکراوە، و تێیدا ڕێوشوێنەکانی بریتانیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران و هیندستان و کەنداو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە گشتی باسکراوە.. لە کۆتاییشدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووین، کە بە پوختی خستوومانەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم
## پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939

دوای جێگیربوونی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ناوچەکە و هیندستان بەتایبەتی، دەرکەوتنی زلهێزی نوێی وەك ئەڵمانیا، پێگەی ئێران لە پلانی ستراتیجی بڕیاربەدەستانی بریتانیادا زیاتر بوو، چونکە لەڕاستیدا ئێران هەر لە سەدەی (19)وە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای بۆ خۆی ڕاکێشا( Abdul Razak, 2021: 30)، بە هۆی فرەیی ناوەندەکانی بڕیاردان لە بریتانیا، سیاسەتی ئەو وڵاتەی لە ئێراندا ئاڵۆز کردبوو(Abdul Razak, 2021: 35). لە لایەکی دیکەوە، شۆڕشی پیشەسازی ململانێی ڕووسیا و بریتانیای لە سەدەی (19) لە ئێران زیاتر کرد(Saidabadi, 1998: 20). لەپاڵ ئەوەشدا بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا لە کەنداو پەیوەست بوو بە هاوسنوریی لەگەڵ هیندستان و پێگەکەی( Bin-Abood, 1992: 2)، ئەمە جگە لەوەی بەندەرەکانی ئێران بۆ بریتانیا زۆر گرنگ بوون، بۆ پارێزگاریی و گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو و هیندستان( Forouzan, 2018: 613).

لە لایەکی دیکەوە، دۆزینەوەی یەدەگی زۆری نەوت لە سەرەتای سەدەی (٢٠)، ستراتیجی بریتانیای لە ئێران خستە قۆناغێکی نوێ و هەستیارەوە، لەمڕووەوە بریتانیا لە بەدەستهێنانی یەکەم جیاوگی نەوت لە ئێران سەرکەوتووبوو، کە لە ساڵی 1901 بە ولیام نۆکس دارسی(William Knox D'Arcy) بریتانی درا، ئەمە بوخۆی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە سیاسەتی بریتانی لە ئێران (Bin-Abood, 1992: 10). ئەمە لەکاتێکدابوو، لە سەرەتای سەدەی (٢٠)، لاوازبوونی سیستەمی سیاسی بنەماڵەی قاجار و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپی بارودۆخی ئابووریی، نارەزایی لە نێو دەستەبژێری ئێران دژی دەسەڵات هێنایەکایەوە، کە بە "شۆڕشی مەشروتە" ناسراوە لە نێوان ساڵانی (1905-1911) (Saidabadi, 1998: 22). لە سەرەتادا بریتانیا پاڵپشتی مەشروتەخوازانی کرد(Zirinsky, 1992: 644). تەنانەت دەرگای باڵیۆزخانەکەی بۆ بەستنشینی مەشروتەخوازان واڵاکرد (بولارد، 1956: 69-70). هاوکات بەهۆی دەرکەوتنی مەترسیی ئەڵمانیا، بریتانیا ناچاربوو لەگەڵ ڕوسیا هاوپەیمانی ببەستێت لە ئێراندا (Zirinsky, 1992: 644). ئەمە جگە لەوەی بۆ هەریەک لە بڕیاربەدەستانی لەندەن و مۆسکۆ دەرکەوت، شۆڕشی مەشروتە، مەترسی جدییە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بەتایبەت لە ساڵی 1906 بە دواوە ( Behravesh, 2012: 389)، چونکە بە نزیکبوونەوەی ئەڵمانیا لە کەنداو، مەترسییەکانی زیاتر بوو (ئەحمەد و مراد، 2011: 102-103)، هەربۆیە بریتانیا و ڕووسیا لە نێوان بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ یاخود دابەشکردنی نفوزیان لە ئێران، بژاردەی دابەشکردنی نفوزیان هەڵبژارد(Saidabadi, 1998: 23-24). بەمجۆرە پەیماننامەی 31 ئابی 1907 - ئەم پەیماننامە لە ناوەڕۆکدا تایبەت بوو بە هەریەك لە ئێران، ئەفغانستان و تبت، بڕوانە: (Brant and Maycock, 1911: 555-559)- لە نێوان ڕووسیا و بریتانیا هاتەکایەوەو تێیدا ئێران بۆ سێ ناوچەی نفوز دابەشکرا، بریتانیا لە باشوور و ڕووسیا لە باکوور و هەردوو زلهێز پابەند بوون بەوەی، هیچ لایەکیان هەوڵی جیاوگی ئابووریی و سیاسی لە ناوچەی ئەوی دیکە نەدات و پابەندبن بە ڕێزگرتن لەو جیاوگانەی لەو ناوچانەدان، بەڵام ناوچەی ناوەند لەدەرەوەی ئەو دابەشکاریی نفوزە بوو، وەك ناوچەیەکی بێلایەن مایەوە(Churchill, 1939: 265-266).

لە 16 ئەیلول 1907 باڵیۆزخانەکانی بریتانیا و ڕوسیا، حکومەتی ئێرانیان لەو پەیماننامە ئاگادارکردەوە، ئەمەش نارەزایی لێکەوتەوە، هەر زوو لە 24ی ئەیلول دا بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، پەیماننامەکەیان ڕەتکردەوە(محمدوی، 1355: 306). ئیدی لیرە بەدواوە، ستراتیجی هاوبەشی ڕوسیا و بریتانیا، تێکدانی هەوڵی مەشروتەخوازان و دژایەتیکردنیان بوو (Saidabadi, 1998: 24)، بەمجۆرە پێگەی بریتانیا لە باشووری ئێران تۆکمەتر بوو، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە ( Roberts, 2019-20: 2). ئەمەش دوای ئەوەی لە ئایاری 1908دا، بڕێکی زۆر یەدەگی نەوت لەلایەن کۆمپانیای دارسی دۆزرایەوە (Hann, 2013: 13)، ئیدی سەرنجی بریتانیا لەسەر نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی بوو لە باشووری ئێران، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا(Roberts, 2019-20: 5). بە تایبەت سەرچاوەی وزەی هێزی دەریایی لە وزەی خەڵوزەوە بۆ نەوت گۆڕا، هەربۆیە نەوت بۆ بریتانیا گرنگیی زۆر گەورە و بێ جێگرەوەی هەبوو(Hann, 2013: 13). لەمڕووەوە لە 14ی نیسانی 1909 کۆمپانیای نەوتی بریتانی–فارسی (Anglo-Persian Oil Company) لە ئێران دامەزرا(الزاوي، 2010: 41). هەروەها دروستکردنی پاڵاوگەی نەوتی ئابادان کە لە ساڵی 1912 تەواو بوو(Griffiths, 2017: 126). لەبەر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتەدا، حکومەتی بریتانیا بە هێزی سەربازیی ناوچەکانی باشووری بە شێوەیەکی کرداریی خستەژێر هەژموونی خۆیەوە(محمدوی، 1355: 326). جیا لەمانە، یەکێك لە ئامرازەکانی دیکەی هەژموونخوازیی بریتانیا و ڕوسیا لە ئێران، پێدانی قەرز بوو پێی و کۆنترۆڵکردنی لەو ڕێگەیەوە، بە تایبەتی بریتانیا بە ڕێکەوتنی 20 ئایاری 1914 و دەستکەوتنی پشکی (52.5%) کۆمپانیای نەوتی بریتانی-فارسی(البديري، 2015: 79)، بووەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندییە سەربازیی و ئابوورییەکان ببن بە فاکتەری سەرەکیی وەرچەرخانی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا لە ئێران و کەنداو(-Bin Abood, 1992: 10). کۆنترۆڵی بریتانیا بەسەر کۆمپانیای نەوتی بریتانی- فارسی، بەهێزبوونی دەسەڵاتی هۆز و خێڵەکان و لاوازبوونی زیاتری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لێکەوتەوە(Saidabadi, 1998: 24). لە لایەکی دیکەوە،حکومەتی بریتانیا بە پشتیوانیکردنی هەندێك لە خێڵە ناوخۆییەکان، دەسەڵاتێکی سێبەری لەپاڵ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دروستکردبوو، بەنموونە بەختیارییەکان، شێخ خەزعەل(سلیمانی و وحیدی راد، بهار 1389: 76)، وەك تاکتیکیك بۆ بەکارهێنانی خێڵەکان لە پێناو بەهێزکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا. بەمجۆرە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لاوازیی حکومەت و پشێوی خێڵە کۆچەرەکان و باڵادەستیی بریتانییەکان لە باشوور و ڕوسەکان لە باکوور ، ڕەوشی ناوخۆیی ئێرانی خراپ کردبوو(الساداتی، 1939: 29). هەڵگیرسانی جەنگ لە ئابی 1914 دا، بە هۆی پێگەی ستراتیجی و نزیکی لە سنوری لایەنە بەشەرهاتووەکان، دۆخەکەی ئێرانی خراپتر کرد(صابر، 2013: 61)، بەتایبەت لەو کاتەدا بۆ بریتانیا گرنگی پێگەی ئێران پەیوەست بوو بە پاراستنی ڕێگەی هیندستان و نەوتی تازە دۆزراوەی ئێران بۆ وڵاتەکەی(Behravesh, 2012: 389-390).

بە تێڕوانینی بریتانییەکان، خەڵکی ئێران بە گشتی هاوسۆزی بەرەی میحوەر بوون، لەبەرئەمە بوو کە ستراتیجی بریتانیا بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی کرداریی کێڵگە نەوتییەکانی

باشووری ڕۆژئاوای ئێران بوو(Saidabadi, 1998: 25-26). لەم ڕووەوە لە تشرینی یەکەمی 1914 بریتانیا هێزی سەربازیی و کەشتییەکی جەنگی ڕەوانەی کەنداو کرد(Bin-Abood, 1992: 12)، بەکرداریش لە تشرینی دووەم هێزەکانی بریتانیا هەڵمەتی سەربازییان لە کەنداو ئەنجامدا و ئەهوازیان داگیرکرد و دامەزراوە نەوتییەکان و "پاڵاوگەی ئابادان"یان کۆنترۆڵکرد(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 43). ئەمە جگە لەوەی بریتانییەکان هەوڵی نزیکبوونەوە و بەدەستهێنانی پشتیوانی خێڵەکانی ئێرانیدا و پارە و بەرتیل و چەکیان بە سەرۆك خێڵەکان دەدا(صابر، 2013: 62)، ئەم ستراتیجەی بریتانیا کاری پێ دەکرد بۆ پاراستنی کێلگە نەوتییەکان و دامەزراوە و بۆرییە نەوتییەکان، بەهۆی لاوازیی حکومەتی ئێران بوو لە پاراستنیان( Saidabadi, 1998: 26). لەو کاتەدا، ترس لە چالاکیی هەوالگریی ئەڵمانیا لە ئێران، حکومەتی هیندستانی ناچارکرد مۆڵگەی سەربازیی لەسەر سنورەکانی ئێران جێگیربکات، کە بە پەرژینی ڕۆژهەڵاتی ئێران (The East Persian Cordon) ناسرابوون(بولارد، 1956: 100-101). تێبینی کراوە کە سیاسەتی دووبەرەکی و پەرتکردن، ستراتیجێکی دیکەی بریتانی بوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی نەیارەکانی لە ناوخۆی ئێران(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 43). لەمڕووەوە، حکومەتی هیندستان سێر پێرسی سایکسی (Percy Sykes) (1867-1945) ڕاسپارد بۆ دروستکردنی هێزێك لە خۆبەخشە ئێرانییەکان بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی بریتانیا و ئێران و پاڵپشتی هێزە سەربازییەکانی بریتانیا بۆ پاراستنی ئاسایشی باشووری ئێران(بولارد، 1956: 102)، سایکس لە ئاداری 1916 دا بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی ئەو هێزە، کە بە پۆلیسی جنوب (S.P.R.) ناسرا، گەیشتە ئێران، کە ئامانجی سەرەکی ڕێگریی لە چالاکیی نەیاران و دابینکردنی ئاسایشی ڕێگەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 45)، هەر لەو ڕێگەیەوە ساڵی دواتر سایکس توانی باشووری ئێران کۆنترۆڵ بکات و زۆرێك لە سیخورەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەکە دەستگیربکات، کە دیارترینیان ویلهێلم واسموس (Wilhelm Wassmuss) (1880-1931)بوو (ئەحمەد و مراد، 2011: 122).

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917، ڕوسیا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران کشایەوە(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 46)، هەربۆیە هێزەکانی بریتانیا بەرەو باکووری ئێران ڕۆیشتن(الساداتی، 1939: 31)، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دروستبوو بوو(البدیري، 2015: 87). لە ڕاستیدا بەو هەنگاوە، بەرپرسیارێتی بریتانیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان بە تایبەتی لە ئێران فراوانتر و قورستر بوو(Zirinsky, 1992: 644)، سەرەڕای ئەوەی کشانەوەی ڕوسیا هاوتەریب بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا(Grobien, 2022: 3). یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی بریتانیا لە ئێران دەرکەوتنی هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو لە ئێران و ناوچەکە، کە دژی ئیمپریالیزم بوو(Forouzan, 2018: 613-614)، لەمڕووەوە بۆ ڕاکێشانی کەسانی شایستە و لایەنگری سیاسەتی بریتانیا لە ئێران، بەتایبەتی لە ڕێگەی ماددییەوە وەزارەتی دەرەوە ڕاسپێردرا( Alalaq, November 12, 2024). تێبینی کراوە، کە پاش جەنگ دۆسیەی نەوت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەت و ستراتیجی بریتانیا لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە ئێران و کەنداو هەبوو (Behravesh, 2012: 391)، ئەمە لەکاتێکدابوو کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە کانوونی دووەمی 1919 دەستپێیکرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 123)، شاندی بریتانیا بەشداریکردنی ئێرانی لە کۆنگرەکە ڕەتکردەوە(صابر، 2013: 69). لۆرد کیرزن جەختی کردەوە کە وڵاتەکەی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی فەرمییەوە هەژموونی خۆی لە ئێران بچەسپێنێت. بەتایبەت لاوازیی حکومەتی ناوەند و ئاڵۆزیی و پشێویی ناوخۆیی، ڕۆڵیان هەبوو لە بڕیاری ئێران بۆ بەستنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەگەڵ ئەوەشدا (میرزا حەسەن خان 1868-1951) وسوق ئەلدەولەی سەرۆکوەزیران ڕۆڵی خراپی لە بەستنی ڕێکەوتنەکە هەبوو( Saidabadi, 1998: 27-28)، کە لە 9 ئابی 1919 واژۆکرا. – بۆ دەقی ڕێکەوتننامەکە بڕوانە: (Hershey, 1919: 749-754)- جەختی دەکردەوە لە دابینکردنی ڕاوێژکاریی سەربازیی و ئیداریی بۆ حکومەتی ئێران لەلایەن بریتانیاوە، هەروەها چاکسازی لە ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن، کە خەرجی ئەمانە لەسەر ئێران بێت و قەرزێکی (2 ملیۆن) پاوەندی بە سوودی (7%) بە حکومەتی ئێران بدرێت(Saidabadi, 1998: 28). لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە جۆرێك لە ئینتدابی پەردەپۆشکراو بوو، لە واقیعدا پابەندبوونێکی زۆری بەسەر ئێراندا سەپاندبوو(الساداتی، 1939: 34). تەنها مەرجی پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکە بوو لە پەرلەمان (Behravesh, 2012: 390). بەئاشکرابوونی ڕێکەوتنەکە، لەسەر ئاستی جەماوەریی شەپۆلێکی نارەزایی بەرفراوان دژی حکومەتی ئێران و بریتانیا لە شەقامی ئێران سەریهەڵدا(صابر، 2013: 73)، سەرەڕای هەڕەشە لە ئۆپۆزسیۆن و سانسۆری ڕۆژنامەکان بە پشتیوانی بریتانیا، پەرلەمان شکستی لە پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکە هێنا(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 74-75). لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش زلهێزەکان دژی ڕێکەوتنەکە بوون، وەك سۆڤییەت و ئەمریکا و فەرەنسا، کە ڕێکەوتنەکەیان بە هەوڵی سەپاندنی هەژموون و فراوانکردنی نفوزی بریتانیا لە ناوچەکە لە قەڵەمیان دەدا(الساداتی، 1939: 35). لە حوزەیرانی 1920دا. (حەسەن پیرنیا 1871-1935) موشیر ئەلدەولە بووە سەرۆك وەزیرانی ئێران و کاری یەکەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بوو، هەتا پەسەندکردنی لە پەرلەمان(ئەحمەد و مراد، 2011: 127). ئەمە لە کاتێکدا بوو ئاڵنگاریی جیدیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێران هاتبووەکایەوە، کە سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بوو لە ئێران، کە دژە ئیمپریالیزم و ئیلهامیان لە کۆمۆنیزم وەرگرتبوو(Khandagh, 1984: 43). بە نموونە، ڕاپەڕینی شێخ محمد خیابانی (1880-1920) لە ئازەربایجان( Khandagh, 1984: 32)، لە 5ی حوزەیرانی 1920 میرزا کوچك خان (1880-1921) کۆماری گیلانی سۆسیالیستی بە پاڵپشتی سۆڤییت ڕاگەیاند(ئەحمەد و مراد، 2011: 127). لەو کاتەدا کە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە مەترسیدا بوو لە ئێران، ستراتیجی بریتانیا لە باشووری ئێران خۆی دەبینییەوە لەوەی ڕێگە بە هیچ هێزێکی بیانی نەدا کێبڕکێی بەرژەوەندییەکانی لە باشوور لەگەڵدا بکات(Griffiths, 2017: 131). ئەمە لە کاتێکدا بوو باڵیۆزی بریتانیا لە سەرەتای ساڵی 1921 حکومەتی وڵاتەکەی ئاگادارکردبووەوە لە ماوەی نۆ مانگدا شەش کابینەی وەزاری پێکهاتوون، کە هیچیان نەیانتوانیوە پەسەندەی پەرلەمان بۆ ڕێککەوتنەکە بەدەستبهێنن، ئاماژەی بەوەدابوو، بریتانیا پێویستی بە کەسێکی بەتوانا هەیە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی-بەتایبەت نەوت- لە ئێران(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 79)، هەربۆیە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بریتانی لە ئێران وایکرد، بە خێرایی بیر لە گۆڕینی هەڵوێستی خۆی لە ئێران بکاتەوە(نجاتي، 2008: 38). لەمڕووەوە، سیاسەتی بریتانیا بە خێرایی گۆڕا بە پێچەوانەی پێشترەوە بۆ حکومەتێکی ناوەندیی و بەهێز لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی لە ئێران(نجاتي، 2008: 57)، بەکرداریش هەماهەنگی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕەزاخان (1878-1944) فەرماندەی لیوای قوزاقی ئێران(صابر، 2013: 102) و سەید زیائەدین تەباتەبائی کەسایەتی ناسیۆنالیستی میانڕەوی لایەنگریی بریتانیا هەبوو، ئەم دوو کەسایەتییە لە قەزوین پلانی کودەتایان دارشت، لە 18 شوباتی 1921 هێزی قوزاق بە ڕێبەرایەتی ڕەزاخان لە قەزوینەوە بۆ تاران پێشڕەویان کرد و لە 21 شوبات بەبێ خوێن ڕشتن دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت(Muhl, 1985, 32). زۆربەی خەڵکی ئێران ئەمەیان بە پلانێکی ڕێکخراوی

بریتانیا دەزانی(Saidabadi, 1998: 30). لە ڕاستیدا بەرپرسانی سەربازیی و دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێران ڕۆڵی سەرەکییان لە ئامادەکاریی و سەرکەوتنی کودەتاکە هەبوو.لە هەمان کاتدا، هێرمان نۆرمان (Herman Norman) (1872-1955) باڵیۆزی بریتانیا لە تاران داوای لە حکومەتی وڵاتەکەی کردبوو، پشتگیری دەسەڵاتی نوێی ئێران بکات، بەو پێیەی باشترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێراندا دەکات (Forouzan, 2018: 611). هەروەك حکومەتی دوای کودەتا سەید زیائەدین تەباتەبائی پێکیهێنا و ڕەزاخان بووە فەرماندەی سوپا(ئەحمەد و مراد، 2011: 129-130). تەباتەبایی لە 3 نیسانی 1921دا بە یاداشتێکی فەرمی ڕێکەوتنی 1919 بەریتانی ئێرانی هەڵوەشاندەوە و ئەمەی بە نوێنەرایەتی بریتانیا ڕاگەیاند(البديري، 2015: 94). بریتانیا ڕەزامەندی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە دا(نجاتي، 2008: 57). لە 16 نیسانیش تەباتەبائی کشانەوەی هێزەکانی بریتانیای لە ئێران ڕاگەیاند و لە ماوەی مانگێکدا تەواوی خاکی ئێرانیان جێهێشت(البديري، 2015: 94-95).

زۆری نەبرد ناکۆکی و ململانێی ڕەزاخان و تەباتەبائی تەقییەوە، دواجار ئەحمەد شای قاجار لە 24 ئایاری 1921 تەباتەبائی دوورخستەوە، قەوام سەڵتەنە جێگەی گرتەوە(البديري، 2015: 96). ئەمە لاوازیی نفوزی بریتانیای لێکەوتەوە، ئەو نەیارە سیاسییانەی تەباتەبائی ئازادی کردن بەرەیەکیان دژی بریتانیا دروستکردبوو، هەتا ڕادەی دەرکردنی ڕاوێژکار و نوێنەرانی بریتانیا لە ئێران هەنگاویان نا(صابر، 2013: 116-117). ئەم ڕەخنە و دژایەتییانە لۆرد کیرزنی ناچارکرد سێر پێرسی لۆرین وەك باڵیۆزی نوێ بۆ تاران بنێرێت و داوای قەرزەکانی لە ئێران بکاتەوە و خێڵەکان بەرانبەر حکومەتی ناوەندیی بەهێز بکات بە تایبەتی بەختیارییەکان(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 92-93). لە لایەکی دیکەوە ڕەزاخان هێزی سەربازیی ڕێکخستەوە و کاری بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ سەرجەم ناوچەکان کرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 130)، بە تایبەتی پێداگریی لەسەر سەرکوتکردنی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکانی وەك ئازەربایجان و گیلان کرد(Khandagh, 1984: 47). ئەم هەوڵانە ئاکامەکەی لە 29 تشرینی یەکەمی 1923 ڕەزاخانی کردە سەرۆك وەزیرانی ئێران، ناوبراو دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و سەرۆك خێڵی ناوچەییەکان و دەرەبەگەکان، ئەم کارەی بووە جێگە سەرنجی بریتانییەکان(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 100-101). هەر لە سەرەتاوە ناکۆکیی ڕەزاخان و بریتانیا پشتیوانی بریتانیا بوو بۆ شێخ خەزعەل لە موحەممەرە(Griffiths, 2017: 119)، لە بەرانبەر پابەندبوونی خۆی و جێنشینەکانی بە سیاسەتی بریتانیاوە(بولارد، 1956: 164)، هەربۆیە لە هاوین و پایزی 1923 ئەمە بووە ئالنگاریی بۆ بریتانیا لە نێوان پشتیوانی سیاسەتی ڕەزاخان یاخود پشتیوانی لە بەڵێنەکانی شێخ خەزعەل، کە سەرەتا لەندەن بژاردەی دووەمی پشتیوانی لێکرد(Griffiths, 2017: 133)، بەڵام پێرسی لۆرین (Percy Loraine) (1880-1961) باڵیۆزی بریتانیا هۆشداریدا بوو بە وڵاتەکەی، ڕەزاخان لە کەمتر لە (18) مانگ دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز دەسەپێنێت و ئەوەش بۆ بریتانیا باشترە تاکو مامەڵە لەگەڵ سەرۆك خێڵ و شێخەکان(صابر، 2013: 159). لۆرین جەختیکردبۆوە پێویستە لەندەن ڕێز لە سیاسەتی ناوەندگەرایی ڕەزاخان بگرێت و ئەرێنیانە لێی بڕوانرێت (Griffiths, 2017: 137). ئیدی بریتانیا پشتیوانی خۆی بۆ شێخ خەزعەل کشاندەوە(Khandagh, 1984: 42)، بڕیاری بریتانیا بۆ خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان، بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی- سەربازیی- ئابوورییەکانی خۆی بوو لە ئێران(Griffiths, 2017: 141). دوای چەسپاندنی دەسەڵات، ڕەزاخان لە لایەن بریتانیاوە لە تشرینی دووەمی 1925 بە فەرمی دان بە دەسەڵاتەکەیدا نرا، بەو مەرجەی پابەندی ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی نێوان هەردوو وڵات بێت(البديري، 2015: 101)، لەو کاتەدا بریتانیا لەگەڵ ئێرانێکی بەهێزدا بوو، وەك بەربەستێك لە نێوان هیندستان و یەکێتی سۆڤییەتدا، بەمەش کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکان مسۆگەرتر دەکرد(Muhl, 1985, 33). تێبینی کراوە کە ڕەزاشا سیاسەتێکی تەقلیدی بەکارهێنا، واتە لە ڕێگەی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییەتدا، توانی هەڕەشەی ئەو دوو زلهێزە لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران نەهێڵێت( Muhl, 1985, 43)، پاشان لە ڕێگەی ئەمریکاوە هەوڵی کەمکردنەوەی هەژموون و نفوزی دان(Muhl, 1985, 39).

لە ساڵی 1927 بە دواوە ناکۆکیی بریتانیا و ئێران لەسەر سێ بابەتی سەرەکی بوو، یەکەم بانگەشەی ئێران بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەحرەین کە لە ژێر دەستی بریتانیادا بوو لەو کاتەدا، کە ڕیشەی هەبوو، بەڵام لە ساڵی 1927 ڕەزاشا ئەو بابەتەی وروژاند. جیا لەوەی ئێران بانگەشەی خاوەندارێتی دوورگەکانی (طنب کبرا) و (طنب صغرا) و (ئەبو موسا)کرد، کە لە ژێر پاراستنی بریتانیادا بوون(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 150-151)، بەڵام باڵادەستیی دەریایی بریتانیا و پەیوەندی لەگەڵ شێخنشینەکانی کەنداو ڕێگەی لە خواستە فراوانەکانی ڕەزاشا لە کەنداو گرت( Mueller, 2019, 271). ناکۆکی دووەم ئەوە بوو ئێران لە ساڵی 1927 ڕایگەیاند کە بە نیازە جیاوگە بیانییەکان هەڵبوەشێنێتەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە 10 ئابی 1928 تێپەڕنەکات، بریتانیا دژایەتی خۆی بۆ ئەم ڕێوشوێنە ڕاگەیاند. سەرئەنجام ئەم پرسە بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بریتانیا و ئێران لە 10 ئایاری 1928 چارەسەرکرا، کە تێیدا دەستەبەری دیاریکراو درا بەو بریتانییانەی کەلە ئێران نیشتەجێ بوون، وەك قەرەبووی جیاوگە کۆنەکان(ئەحمەد و مراد، 2011: 177-178).

سێیەم ناکۆکی جیاوگی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- فارسی ( Anglo-Persian Oil Company) بوو، کە لە دیدی ئێرانەوە زێدەڕەوی و هەژموونی بیانی بوو لەسەر مافەکانی سەبارەت بە سەرچاوە نەوتییەکانی(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 152)، کاتێك وتوێژەکانی ئێران و کۆمپانیاکە ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو، لە 27 تشرینی دووەمی 1932 حکومەتی ئێران جیاوگەکەی هەڵوەشاندەوە، بریتانیا ئەمەی ڕەتکردەوە، چەند کەشتییەکی جەنگی ڕەوانەی ئاوەکانی کەنداو کرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 178). وەك هەڕەشەیەك بەرانبەر بە ئێران، ئەو هەنگاوەی ئێرانی بە پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە قەڵەمدا و داوای کرد بوو دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەکە ڕابگیرێت، ئەگەرنا هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرێتەبەر، ئێران لە 3ی کانوونی یەکەم ئەمەی ڕەتکردەوە و جەختی کردەوە تەنیا کۆمپانیاکە بەرپرسیارە لە زیانەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو جیاوگە(الزاوي، 2010: 97-98). بریتانیا لە 14ی کانوونی یەکەمی 1932 لە کۆمەڵەی گەلان سکاڵای دژی ئێران تۆمارکرد (البديري، 2015: 128)، کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دژی ئەم هەنگاوە بوو. لە هەمان کاتدا، گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان کۆمپانیا و ڕەزاشا بەردەوام بوو(سلیمانی و وحیدی راد، بهار 1389: 94-95)، لە 4-20ی نیسان 1933 کە سەرئەنجام ڕێکەوتنێکی نوێ ئەنجامدرا(البديري، 2015: 128)، لە 29ی نیسان واژۆکرا، تێیدا داهاتی ئێران لە پوختەی قازانجی کۆمپانیاکە لە (16% بۆ 20%) زیادکرا و نوێنەری ئێران لە کۆمپانیاکە دامەزرا بۆ چاودێریی کاروباری ژمێریاری و کۆمپانیاکە بەڵێنیدا مەشق و ڕاهێنان بە ژمارەیەك خوێندکار لە دامەزراوە نەوتیەکانی دەرەوەی وڵات بکات(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 153). بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی ناوخۆیی لە کەرتی وزەدا(بولارد، 1956: 168)، ناوچەی جیاوگەکەش بۆ (100000) مایلی چوارگۆشە کەمکرایەوە و ماوەکەشی بۆ (33) ساڵ و هەتا ساڵی 1993 درێژکرایەوە(سەردەشتیی و مەلا تەها،

2009: 153-154)، هەروەها جەختکرابووەوە، هەر دەستکارییەکیش بە ڕەزامەندی هەر دوولا دەبێت(بولارد، 1956: 168).

سیاسەتی هێزی سێیەم بۆ ڕەزا شا، ئەمریکا بوو، لە پێناو ڕیگریی لە نفوزی بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت، بەڵام لە ئەمریکا بێ ئومێد بوو و دواتر پەنای بردە بەر ئەڵمانیا(Saidabadi, 1998: 33)، لە کاتێکدا نفوزی ئەڵمانیا لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئێران ڕوو لە هەڵکشان بوو(بولارد، 1956: 169)، بە ئامانجی سنوردانان و هاوسەنگکردنی نفوزی بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت لە ئێران(Saidabadi, 1998: 34). لێرە بەدواوە بریتانیا بۆی ڕوون بووەوە، ڕەزاشا ئیدی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ناکات، بەتایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی جیاوکی بانکی شاهنشاهی(Forouzan, 2018: 615)، ئەڵمانەکان لە ژێر پەردەی بازرگانیدا چالاکیی سیاسی و سیخوڕییان ئەنجام دەدا (O'sullivan, 2012: 35)، بە جۆرێك لە 1937 بریتانیا زەنگی ئەم مەترسییەی ئەڵمانەکانی لە ئێران لێدا، کە دژی بەرژەوەندییەکانیانە(Hann, 2013: 51)، بە تایبەت دوای ئەوەی لە ئەیلولی 1938 ڕاپۆرتەکانی بریتانیا ئاماژەیان بە ڕاهێنانی چەند ئەڵمانییەك کرد، بەمەبەستی چەسپاندنی هەژموونیان لە ئێران و هاندانی پشێویی و نائارامیی لە هیندستانیش(O'sullivan, 2012: 36)، کە ئەمانە بۆ بریتانیا هێڵی سوور و مەترسیدار بوون، بە تایبەت لە بواری کێڵگە و بۆرییە نەوتییەکانی باشووری ئێران(Playfair, 1954/1: 14-15).

## تەوەری دووەم

## سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و هەڕەشەی ئەڵمانیا لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940:

ئێران لە پلانی سەرەکی بریتانیا بۆ بەرگریی لە هیندستان، پێگەیەکی سەرەکی هەبوو لەپاڵ بوونی نەوتێکی زۆردا، هاوکات سەنگەری ستراتیجی بەرگریی بوو لە نفوزی بریتانیا لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە هیندستان، هەربۆیە دامەزراندنی هەر بنکەیەکی سەربازیی لەکەنداو، لە لایەن بریتانیاوە بەڕاگەیاندنی جەنگ دادەنرا( الهی، 1365: 46)، چونکە ئێران وەك پردێك لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست و هیندستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی پشتێنەیەکی بەرگریی گرنگ لە بلوچستانەوە لە باشووری ڕۆژئاوا هەتا کەنداو هەبوو، کە بەشێك بوو لە زەریای هیندی، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کەنداو وەك گۆڕەپانێکی بازرگانی و سیاسی ناسرابوو. لە ڕوانگەی کاربەدەستانی بریتانیاوە، دەبوو کەنداو بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەربکەن و هەژموونی خۆیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکەدا بپارێزن. لەمڕووەوە، بریتانیا بڕیاری بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی وڵاتانی دیکەی دا بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆیان یان دامەزراندنی بنکەی سەربازیی لە ناوچەکە. بریتانیا بە سیاسەتێکی گونجاو سەرکەوتوو بوو لە فراوانکردنی هەژموونی خۆی(صدیقی، 1388: 378). هەتا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئاوەکانی کەنداو لە ژێر دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی سیاسی بریتانیادا بوو، کە سەرپەرشتیکردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای لە ناوچەکە لە ئەستۆدا بوو( الهی، 1365: 47).

بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی بریتانیا هەندێك ڕێوشوێنی ئامادەکاریی دەسپێکردبوو، چونکە وای دەبینی جەنگ حەتمییە. بەو پێیە، دامەزراندنی فەرماندەییەك بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرپەرشتیکردنی زۆربەی هێزەکانی سوپای بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویست بوو، هەربۆیە لە حوزەیرانی 1939 فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میسر دامەزرا، جەنەراڵ سێر ئارچیباڵد وەیڤێڵ (General Sir Archibald Wavell) وەك فەرماندەی گشتی ئەو هێزە دیاریکرا، بەم شێوەیە دوو فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، یەکێکیان بۆ هێزەکانی وشکانی و ئەوی دیکە بۆ هێزی ئاسمانی، کە لەڕووی پانتایی جوگرافییەوە هاوشێوە بوون، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە ئەرك و بەرپرسیارێتییان جیاوازبوو (Playfair, 1954/1: 32). فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بووە ناوەندی پلاندانان بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بریتانیا لە ئێران و عێراق، بەم پێیە بەڕێوەبردنی ستراتیجی سەربازیی بریتانیا لە ئێران بوو بە ئالنگارییەك بۆ سەرۆك ئەرکانی سوپا، چونکە ئەم ناوچەیە کەوتبووە ناوەندی دوو فەرماندەیی سەربازیی بریتانیا، لە لایەك فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەکی دیکە فەرماندەیی هیندستان، کە ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو لە کەنداو(Abdul Razak, 2021: 38). بە مەبەستی پشتگیریکردنی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕیاردرا ستافێکی پلاندانانی هاوبەش و ناوەندێکی هەواڵگریی هاوبەش دابمەزرێت. لێرەوە بوو کە لە 1ی ئابی 1939 ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرا و ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێویاندا وڵاتانی کەنداو و ئێرانیشی کردبووە ئامانج، هەرچەندە لە سەرەتاوە ناوەندی هەواڵگریی ڕووبەڕووی ئاستەنگی کارکردن بووەوە، چونکە هەریەك لە هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی، ناوەندی هەواڵگریی تایبەت بە خۆیان هەبوو، تەنها فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە دامەزراو، ناوەندێکی لەو شێوەیەی نەبوو، هەربۆیە زۆرتر پشتی بەو ناوەندە هەواڵگرییە بەستبوو(Playfair, 1954, Vol. 1: 34)، هەروەها لە ڕێنماییەکی نوسینگەی جەنگی ئەنجومەنی سوپادا، کە ئاڕاستەی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە فەرماندەییەکە بەرپرسارە لە ئامادەکردنی پلانی جەنگ بە هاوکاریی لەگەڵ فەرماندە سەربازییە ناوخۆییەکان و هێزی ئاسانی، بەمەبەستی جێگیرکردنی هێزی وشکانی بە درێژایی کەناراوەکانی کەنداو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ نوێنەرایەتی سیاسی لە کەنداو بپارێزن، ئەگەر جەنگ ڕوویدا ڕووبەری فەرماندەییەکەیان درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی کەناراوەکانی کەنداو بگرێتەوە، جگە لەو هێزانەی بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانی شاهانەدان(Playfair, 1954/1: 457-459).

فەرمانگەی جەنگ، لە ئابی 1939 فەرماندەیی هیندستانی ڕاسپارد بۆ پلانی ئامادەکردنی هێزێك، کە توانای بەرپەرچدانەوەی خێرای هەبێت، بەتایبەت لە ناوچە و پێگە گرنگ و ستراتیجییەکان، لە نێویاندا ئێران. بۆ ئەم مەبەستە هێزێك بە ناوی کەی سێ (K-3) – ئەم هێزە لە چەند لیوایەکی پیادە پێکهاتبوو ، کە بە پلەی یەکەمی ئەرکی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران بوو. (بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە/ Pal, 1957:32-33)- بۆ ئەم ئامانجە دیاریکرا، کەلە چەند لیوایەك پێکهاتبوو، یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم هێزە، پاراستنی ئاسایشی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بوو (Pal, 1957:32). ئەمە لە کاتێکدا بوو لە ساڵی 1938دا، لە چوارچێوەی پێداچوونەوە بە سیاسەتی بەرگریی لە هیندستان، پێشنیارکرا بوو هێزەکانی هیندستان بەشداریی لە بەرگریکردن لە ناوچە ستراتیجییە گرنگەکانی دەرەوەی هیندستان بکەن، لە نێویاندا کەنداو و ئێرانیشی دەگرتەوە(Playfair, 1954/1: 38). لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی دەسپێکی جەنگدا، نزیکبوونەوەی تورکیا و بریتانیا و دانوستانی نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت، ئاماژەی ئەوەبوون ئێران لە جەنگ نزیکە، بەڵام سیاسەتی ئێران لەسەر بنەمای پاراستنی هاوسەنگی نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت و پشت بەستن بە هێزی سێیەم، بەتایبەت لە بواری ئابووری بونیاتنرابوو، ئەمەش لە ترسی

هاتنەکایەی هاوپەیمانی (بریتانی–یەکێتی سۆڤییێت) بوو، کە ئابووری ئێرانی وێران دەکرد(زرگر، 1372: 399). ئەوکاتە ناوچەکە بە تۆڕێکی ئاڵۆزی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا بەسترابۆوە، کە تێیدا عێراق و ئوردن ڕێڕەوێکی وشکانییان لە نێوان ئێران و میسردا بۆ گواستنەوەی نەوتی ئێران دابینکردبوو(Hann, 2013: 15)، هەروەها دورگەکانی بەحرەین کە هاوکات بنکەیەکی سەرەکی بوون بۆ چاودێریکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێران (Anglo-Iranian Oil Company)(صدیقی، 1388: 378) -کۆمپانیای نەوتی بریتانی-فارسی لە ساڵی 1935ناوەکەی بۆ کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی گۆڕا، ئەمەش گۆڕینی ناوی وڵاتی فارس بوو بۆ ئێران- (Bamberg, 1994/2: 523). هەر لەم بارەیەوە لە تشرینی یەکەمی 1939 ئیدمۆند ئایرۆنساید(Edmund Ironside)سەرۆك ئەرکانی سوپای بریتانیا ڕاپۆرتێکی لەبارەی پێداچونەوە بە ستراتیجی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەکرد. جەختی لەسەر پەرەپێدانی بوونی هێزی وشکانی و ئاسمانی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە. بۆ پارێزگاری لە ناوچەکە، بەتایبەتی ئێران (Hann, 2013: 15).

لە کانوونی یەکەمی 1939 نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئەگەری هێرشی سەربازیی یەکێتی سۆڤییێت بۆ سەر ئێران و عێراق دەرکەوتن، ئەمەش کاتێك فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاداشتێکی بە ناونیشانی "سیاسەتی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ئامادەکرد، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حکومەتی بریتانیای بکات. یاداشتەکە سەبارەت بە ئێران پێشبینی کردبوو، کە سوپای یەکێتی سۆڤییێت لە ڕێگەی پێنج یان شەش فیرقەی سەربازییەوە هێرش بکاتە سەر تەبرێز، هەروەها لە ڕێگەی دەریای خەزەرەوە هێرشی دەریایی ئەنجامبدرێت یان لە یەك کاتدا هەردوو هێرشی وشکانیی و دەریایی ئاماژەپێکراو. بەمەش کێڵگە نەوتییەکانی ئێران لە مەودای فڕۆکە جەنگییەکانی یەکێتی سۆڤییێتدا دەبن، هەربۆیە پێویستی بە بەرگرییەکی گونجاو و فڕۆکەی جەنگی و دژە فڕۆکە دەبێت، بەو پێیە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی یەکێتی سۆڤییێت لەگەڵ هەوڵە پڕوپاگەندەییەکانیدا هەستی دژە بریتانیا لە ئێران و عێراق دەوروژێنێت، لەبەر ئەوە ڕێوشوێنی ئەمنیی زیاتر بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و بەندەری بەسرە بە پێویست دادەنرا، بۆ ئەم مەبەستە جێگیرکردنی لانیکەم فیرقەیەکی سەربازیی وەك هەنگاوی سەرەتایی بە پێویست دانرابوو(Pal, 1957: 33) بۆ بەرگریی لەو هەڕەشە پێشبینیکراوە. لەسەرەتای کانوونی یەکەمی 1939 پێداچوونەوەیەکی نوێ بۆ ستراتیجی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕێژرا، کە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بوون لە ماوەی دوو مانگدا لە هەڵسەنگاندنەوەی ستراتیجی بریتانیا لە ناوچەکەدا ڕوویان دابوو، کە جەختی لەسەر پاراستنی سێ ناوچەی گرنگ کردەوە، کە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران پلەی دووەمی پێدرابوو. لەم قۆناغەدا پلانەکە بریتی بوو لە زیادکردنی سەرباز لە هیندستان بۆ بەرگریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران (Hann, 2013: 16)، کە بۆ سوپای بریتانیا لەبەرەکانی جەنگ گرنگ بوو، هەروەك نەوتی ئێران بەپێی گفتوگۆی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی لۆردانی بریتانیا، گرنگ و پێویست بوو بپارێزرێت، چونکە بریتانییەکان ترسیان هەبوو لەوەی تەنیا بڕیارێکی شای ئێران بە کرداریی دەیتوانی جیاوگەکانیان پووچەڵ بکاتەوە، لە کاتێکدا ئێران سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی نەوت بوو بۆ بریتانیا(Fuel Supplies In War Time, 26,July,1939).

بەتایبەت ونستۆن چێرچڵ (Winston Churchill) (1874-1965) ئاماژەی بە زیادبوونی گرنگی نەوت کردووە وەك هۆکارێکی کاریگەر لە توانای هێزی سەربازیی و ئابووریی وڵاتەکەیدا (شیرنگی، 1390: 19). ئەگەرچی تێبینی کراوە لەماوەی جەنگدا، بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران دوو هێندەی بەرهەمی هەموو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە بە تێکڕا ساڵانە (10) ملیۆن تۆنە(Hann, 2013: 13). هەربۆیە ئاسایی بوو ململانێی بریتانیا و حکومەتی ئێران لەسەر کۆمپانیا نەوتییەکان و ئیدارەدانیان دروستببێت کە بەشێکی گرنگی ستراتیجی بریتانیا بوو لە ئێران، وەك کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی (Malek, 2005: 133-134)، کە ململانێ لەسەر سنووری ناوچەی جیاوگیی نوێی کۆمپانیاکە و کرێی بەندەر مهشور و بەرهەمهێنان و بەبازاڕخستن بوو(IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). نیگەرانییەکانی بریتانیا لە نەوتی ئێران لەگەڵ سەرهەڵدانی چالاکییەکانی وڵاتانی بەرەی میحوەر لە ناوچەکە شتێکی ئاسایی بوو، بەتایبەتی دوای ئەوە هەشت کەشتی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە سەرەتای جەنگدا پەنایان بۆ بەندەر شاپوری ئێران بردبوو (بەندەرەکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئێران لە پارێزگای خوزستان، لە کەناری باکووری ڕۆژئاوای کەنداو)، کە بڕێکی زۆر تەقەمەنییان بارکردبوو، ئەمەش نیگەرانیی بریتانییەکانی زیاتر کرد، کە لەوانەیە ئەم کەشتییانە مانۆڕێکی جەنگی ئەنجام بدەن و ڕێڕەوی ئاوی کەنداو دابخەن، ئەمەش ڕێگریی لە کەشتییە بریتانییەکان بکات بگەنە ئابادان. حکومەتی بریتانیا هەوڵیدا حکومەتی ئێران ڕازیبکات کە دەریاوانە ئەڵمانی و ئیتالییەکان لە کەشتییەکان دووربخەنەوە یان هەندێك پارچەی هەستیاری بزوێنەری کەشتییەکان دەستبەسەردابگرن، بۆ ئەوەی ڕێگریی لە چالاکییەك بکەن، کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا بخاتە مەترسییەوە، بەڵام حکومەتی ئێران ئەو داوایەی ڕەتکردەوە و ئامادەیی خۆی بۆ ڕێگریکردن لەهەر مەترسییەکی لەو شێوەیە دەربڕی(الزاوي، 2010: 118).

ئێران پێش جەنگی دووەمی جیهانی هەوڵیدابوو لە ڕێگەی ستراتیجی دەسەڵاتی سێیەمەوە نفوزی یەکێتی سۆڤییێت و بریتانیای هاوسەنگ کردبوو. بەنموونە، هەتا سەرەتای جەنگ ئەڵمانیا هاوبەشێکی سەرەکی بازرگانی ئێران بوو(Muhl, 1985: 46). ڕەزا شا مەیلی زیاتر بەلای ئەڵمانیادا بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بۆ لاوازکردنی هەژموونی بریتانیا و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی لە ئێران(قبادی، زمستان 1390: 130). ئەڵمانیا، لە 24ی ئاب 1939 بە نهێنی یەکێتی سۆڤییێتی سەرپشك کردبوو لە داگیرکردنی ئێران(Erkan, 2010: 111). بەوپێیەی ئێران لە نفوزی هێزی سەربازیی ئەڵمانیا دووربوو، لەو قۆناغەدا سیاسەتی ئەڵمانیا لەسەر کەمکردنەوەی هەژموونی بریتانیا بوو، لەهەمان کاتدا، لادانی سەرنجی یەکێتی سۆڤییێت بوو لەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لەسەر حسابی فراوانکردنی هەژموونی لە ئێران. کەلەهەمان کاتدا لێدانیش بوو لە بریتانیا و بەرژەوەندییەکانی(شیرنگی، 1390: 49).کاتێك ئێران ئاگاداربووەوە لە پەیماننامەی مۆلۆتۆڤ-ڕیبنترۆب (Molotov–Ribbentrop Pact) – کە ناوی پەیماننامەی دەستدرێژیی نەکردن لە نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت کە لە 23ی ئاب 1939 لە مۆسکۆ واژۆکرا، کە هیچ لایەکیان دەستدرێژیی نەکەنە سەر یەکتری، (بۆ دەقی پەیماننامەکە، بڕوانە/ Moorhouse, 2014: 305-306)-، ئەم پەیماننامەیە نیگەرانییەکانی ئێرانی زیاتر کرد(شیرنگی، 1390: 49). هەواڵگریی سەربازیی بریتانیا لە ئەیلولی 1939 زانیاریی هەبوو سەبارەت کۆبوونەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤییێت بە درێژایی سنورەکانی لەگەڵ ئێران(Hann, 2013: 17). ئەم زانیارییانە لە تشرینی یەکەم بۆ بریتانیا ئاماژەی نیگەرانکەر بوون، سەبارەت بە زیادبوونی نائاسایی هێزی یەکێتی سۆڤییێت لە سنوری باکوری ئێران(IOR/L/PS/12/3503, October,28,1939). لەبەرئەوە لە 6ی تشرینی یەکەم، ئیدمۆند ئایرۆنساید، حکومەتی وڵاتەکەی لە ئاکامەکانی ئەم مەترسییە ئاگادارکردەوە لەسەر نفوزی سیاسی و ئابووریی. ئەم پێشهاتانە ئاستی مەترسییەکانی بریتانیایان زیاتر کرد، سەبارەت بە

بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سنورێکی درێژیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەتدا هەبوو(Hann, 2013: 17).

حکومەتی ئێران لە 4ی ئەیلولی 1939 بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند(ذوقی، 1368: 28). موزەفەر ئەعلەم، وەزیری دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکدا نوێنەری وڵاتانی لە بێلایەنی وڵاتەکەی لە جەنگ ئاگادارکردەوە(آبادیان، تابستان 1390: 30)، کە بە گەرێنتی بۆ پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی ئێران لێی دەڕوانرا(زرگر، 1372: 400). ستراتیجی سیاسی کارپێکراوی ئەوکاتی بریتانیا پشتیوانی لەم سیاسەتەی ئێران کرد، چونکە بۆ پاراستنی سەقامگیریی لە ناوچەکەدا یارمەتیدەر بوو، لەکاتێکدا بریتانیا دەسەڵات و توانای پێویستی بۆ پاراستنی ئارامیی و ئاسایش و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی لەم ناوچەیە نەبوو (زرگر، 1372: 403). لە پاڵ ئەوەشدا، بریتانییەکان لە مەیلی شا بۆ ئەڵمانیا بەگومان بوون، هەربۆیە بە وردیی چاودێریی هەر جموجوڵ و چالاکییەکی ئەڵمانەکانیان لە ئێراندا دەکرد، چونکە کاریگەریی لەسەر بوونی سیاسی بریتانیا لە ئێراندا هەبوو(Abdul Razak, 2021: 47). لە ڕاستیدا پرسی ئەڵمانەکان لە ئێران و نیگەرانی بریتانیا لەوبارەیەوە، هەر لەسەرەتای جەنگەوە دەستیپێکرد، هەربۆیە لە ئەیلولی 1939 وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ڕێگەی باڵیۆزی وڵاتەکەی و بە جەختکردنەوە لەسەر پەیماننامەی نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت هۆشداریی لە مەترسی بریکارەکانی ئەو دوو وڵاتە لە ئێران دا، کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و ئێران دەکەن(قبادی، زمستان 1390: 136). بەوتەی سێر ڕیدەر بولارد (Sir Reader Bullard) (1885-1976) باڵیۆزی بریتانیا لە ئێران، چەندین ڕاپۆرت ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی شارەزا و بازرگانانی ئەڵمانیا لە ئێران دەکەن، هەروەها زۆرێك لەوانە لە ڕاستیدا ئەفسەری سوپای ئەڵمانیان و ئەرکی ئەوان لە ئێران هیچ پەیوەندییەکی بەو دامەزراوانەوە نییە، کەبە ڕواڵەت کاری تێدادەکەن، بولارد بە پشتن بەستن بەو ڕاپۆرتانە، هۆشداریدا بە ڕەزا شا و حکومەتی ئێران لە بارەی مەترسی ستوونی پێنجەم لە ناوخۆی ئێران(قبادی، زمستان 1390: 134). - ستوونی پێنجەم: زاراوەیەکی نوێیە، کە چەندین چالاکیی و ئامانجی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا، بۆ یەکەم جار لە 16 تشرینی یەکەمی 1936 لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا بەکارهات، (بڕوانە/ Loeffel, 2015: 9-14)- بریتانیا پێی وابوو، هاوڵاتیانی ئەڵمانی لە ئێراندا چالاکن و بە باشی ڕێکخراون و هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی فراوان ئەنجام دەدەن. بەهۆی بێ ئاگایی خەڵکی ئاسایی ئێران لە ڕەوشی جیهان، ئەم پڕوپاگەندانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەڵکی هەبوو(IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). بۆ نموونە، وەك ئەو هەواڵە چەواشەکارییەی بڵاویان کردەوە، گوایە ڕاپەڕین دژی بریتانیا لە هیندستان ئەنجامدراوە و (100) هەزار سەربازی هیندستان کوژراون و سوپای بریتانیا گەمارۆ دراوە(Hann, 2013: 53). بەنموونە، بەشی فارسی ڕادیۆی بەرلین هەوڵیدەدا خەڵکی ئێران دژی سیاسەتی بریتانیا هانبدات، هەربۆیە بریتانیا فشاری لە حکومەتی ئێران دەکرد بۆ ڕێگریکردن لە پەخشی بەرنامە فارسییەکانی ڕادیۆی بەرلین، ڕیدەر بولارد لەم بارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی ئێران بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی بەرنامە فارسییەکانی ڕادیۆی بەرلین دان، کە بانگەشەی سەیرو سەمەرە دەکەن"(شیرنگی، 1390: 51). بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وەها هەوڵێك سیاسەتی حکومەتی بریتانیا ئەوەبوو، داوای لە (BBC) کرد پەخشی دەرەوەی وڵات سێ هێندە زیاد بکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەبوو لە سەرەتای هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی پەخشی نێودەوڵەتی (BBC)، کە ڕەنگدانەوەی ئەولەویەتی ستراتیج و سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا بوو، بە تایبەت لە ئێران(Sreberny, 2014: 10-11).

لە کاتێکدا ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤار کە لایەنگری ئەڵمانیایان دەکرد، بڵاودەکرانەوە لەوانە هەفتەنامەی تێکۆشان (نبرد)، گۆڤاری ئێرانی دێرین (ایران باستان)،کە لەلایەن حکومەتەوە پارەی بۆ دابین دەکرا، کۆمەڵێك هەواڵ و بابەتیان بڵاودەکردەوە، کە بەرگرییان لە ئەڵمانیا دەکرد و هیتلەریان وەك سەرکردەیەکی بەهێز وێنا دەکرد. زۆرجار ئەم ڕۆژنامانە بەبێ بەرامبەر دابەشدەکران(Sreberny, 2014: 33).

زیاتر لەوە لە 22ی ئەیلول 1939 ئەڵمانیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێت واژۆکرد، تایبەت بە ڕێگەپێدان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا لە ڕێگەی یەکێتی سۆڤییێتەوە. ئەم ڕێککەوتنە لە ناوخۆی ئێران پێشوازی لێکرا، بەڵام بەشێك لە کاربەدەستان گومانیان لە درێژەدان بە وابەستەیی بازرگانی ئێران بە ئەڵمانیاوە هەبوو(پهلوان، 1383: 768). لە ڕاستیدا ئەو بیروڕایە دیدگایەکی ڕاست بوو، بەتایبەت لە کاتێکدا بریتانیا لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگ بڕیاریدابوو هەر کاڵا و کەرەستەیەك لە ڕێگەی ئەڵمانیاوە بۆ ئێران بنێردرێت دەستی بەسەردا بگرێت، هەروەها ئەو کەرەستە و کەلوپەلە جەنگییانەی لە چیکۆسلۆڤاکیا، کڕیبوونی بریتانیا ڕێگریی لێکردن، سەرەڕای نیگەرانی حکومەتی ئێران(Bakhash, 2021: 26-27). ئەم بڕیارەی حکومەتی بریتانیا شۆکێکی توند بوو بۆ حکومەتی ئێران، چونکە پێیان وایە، پاساوی بریتانیا لە ڕێگریکردنی هەناردەی ئەڵمانیا بۆ ئێران بە بیانووی نەگەیشتنی دراوی بیانی بە ئەڵمانیا دروست نییە( IOR/L/PS/12/3503, February,1,1940). بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی شا، ڕیدەر بولارد لە 30 کانوونی یەکەمی 1939 چاوی بە شا کەوت و دڵنیایی دا، لە بارەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران لە بوارەکانی قەرز و ئامێری یەدەگ و کەرەستەی شەمەندەفەر و فڕۆکە (IOR/L/PS/12/3503, February,1,1940).

سیاسەتی حکومەتی بریتانیا سەبارەت بە هەناردەی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگریی لە بازرگانی ئێران کردبوو، بەتایبەتی کە ئێران بۆ بەرنامە پیشەسازییەکەی بە ڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئەڵمانیا بەستبوو، هەروەك ڕاپۆرتێکی بریتانی، نیگەرانییەکانی ئێرانی بە ئاسایی لەقەڵەم دابوو، چونکە سیاسەتی بریتانیا وایکردبوو، ئێران نەتوانێت بازرگانی لەگەڵ پشتپێبەستراوترین هاوبەشی بازرگانی خۆی بکات، بەتایبەت کە جێگرەوەی گونجاوی بۆ نەخرابووەڕوو، چونکە بریتانیا پێی وابوو، وڵاتەکەی توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێرانی هەیە، بەتایبەت لەوکاتەدا دانوستانی هەردوو وڵات بەردەوام بوو بۆ پێدانی قەرز بە ئێران و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بێ دواکەوتن، هەروەها ڕاپۆرتەکە پێشبینی کردبوو، ئەوە نیگەرانییەکانی ئێران لە سیاسەتەکانی بریتانیا کەمدەکاتەوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا (IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). لە 18 تشرینی دووەمی 1939 یەکێتی سۆڤییێت ئەڵمانیای ئاگادارکردەوە لە بارەی پلانی زیادکردنی هێزەکانی لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست، بەمەش ڕێگەیان بە ئەڵمانیادا ئەم بابەتە بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان بەکاربهێنن، بریتانییەکان درکیان بە سەرکەوتنی ئەڵمانیا کرد، لە پڕوپاگەندەکانیاندا بەبەکارهێنانی هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت(زرگر، 1372: 405). بەتایبەتی لە ئێران و ئەفغانستان، هەربۆیە سیاسەتی نوێی پڕوپاگەندەی بریتانیا لەسەر بنەمای بەهێزکردنی ئیرادەی ئەو گەلانە بوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی نفوزی یەکێتی سۆڤییێت، بەڵام بەشێوەیەک بێت زیدەڕۆیی لە مەترسی یەکێتی سۆڤییێتدا نەکرێت، چونکە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ ئاژاوە و خۆبەدەستەوەدانی گەلی ئێرانی لێدەکەوێتەوە(صدیقی، 1388: 378). باڵیۆزی بریتانیا لە تاران لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکرد، یەکێتی سۆڤییێت لە ڕێگەی بریکارەکانییەوە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە بەڕێوەدەبات، وەك ئامرازێك بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر خەڵکی ئێران دروست بکات

و زەمینەی لەبار بڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی هێز، هەرکاتێك بۆ بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی گونجاو بێت(IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). هەربۆیە حکومەتی بریتانیا ڕاسپارد، هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران کەمبکاتەوە و لە لای کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بە مەترسییەکی بێ بنەمای لەقەڵەم بدات(زرگر، 1372: 405)، بەتایبەت کە یەکێتی سۆڤییێت تاکو ئەوکاتە هەڵاوێردرابوو لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی بریتانیا، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە 30ی کانوونی یەکەمی 1939 لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتە نوێیەکان و نزیکی یەکێتی سۆڤییێت لە ئەڵمانیا، بڕیاریدا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، هەموو ئامرازەکان بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییێت بگرێتەبەر (الهی، 1365: 50). لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەرپرسان و بریکارانی بریتانیا لە ئێران دانیان بەوەدانا، کە لە نێو ڕای گشتی ئێران مەیل و لایەنگرییەکی بەرچاو بۆ وڵاتانی میحوەر و بەتایبەتی ئەڵمانیا هەیە، ئەمەشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە لە ساڵانی ڕابردوودا سیاسەتی دیپلۆماسی بریتانیا بێ باك بووە لە سنوردارکردنی نفوزی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت، هەربۆیە پێگە و دەستڕۆیشتوویی بریتانیا لە ئێران بە شیوەیەکی بەرچاو کەمبوەتەوە ( Hann, 2013: 45). تەنانەت کونسوڵخانە و دامەزراوەکانی بریتانیا لە پارێزگاکانی ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیك بایکۆت کرابوون، بۆ نموونە، لە شاری مەشهەد کە دووەم گەورەترین شاربوو، هیچ هاوڵاتییەکی ئێرانی کە پلەی فەرمی بێت یان نا، سەردانی کونسوڵخانەی بریتانیای نەدەکرد(Hann, 2013: 47). هەروەك لە ڕاپۆرتی کانوونی دووەمی 1940 بریتانییەکان دانیان بە شکستی خۆیان و سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیادا نابوو(Hann, 2013: 55)، لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێت مەترسیی ئەڵمانیا هێندە زۆر بووبێت، بەڵام دیدگای بریتانی کاریگەریی تەنها هەڕەشەیەکی هەستپێکراوی بۆ سەر سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی درکپێکردبوو(Abdul Razak, 2021: 49)، بەتایبەت لە ئێراندا، چونکە پڕوپاگەندەی یەکێتی سۆڤییێتی و ئەڵمانی لە ئێراندا ئاڕاستەی دژی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو، هەربۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەی سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی بریتانیا هەبوو لە ئێران(الهی، 1365: 49)، و ناوچەکە بە گشتی هەبوو. لە هەنگاوی دەسپێکدا، لە کانوونی دووەمی 1940دا، بریتانیا لە پاڵ کۆکردنەوەی هێزی سەربازیی بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لە ئێراندا، هاوکات "هەڵمەتی دژە فاشیستی"یان فراوانترکرد(Abdul Razak, 2021: 49). حکومەتی بریتانیا لە 15ی کانوونی دووەمی 1940 سیاسەتی هێزە وشکانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەسەندکرد، ئەوەی پەیوەست بوو بە ئێرانەوە، دەبوو لە هیندستانەوە ئامادەکاریی بۆ بەرگریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی بکات، هەروەها پێویستە هەر لە هیندستانەوە ئامادەکاریی بۆ هێزێکی سێ فیرقەیی بکرێت کە لە ئێران و عێراق جێگیربکرێن، کە بڕیاردرا بەسرە وەك بەندەری سەرەکی بۆ ئەو هێزە پەرەپێبدرێت(Playfair, 1954, Vol. 1: 62). نەك ئەمە، بگرە داگیرکردنی ئێرانیش ئامرازێك بوو بۆ پاراستنی هەژموونیان، ئەگەر پێویست بوایە. بەتایبەت تێڕوانینی بریتانیا وەها بوو کە پەلاماری هاوبەشی یەکێتی سۆڤییێت و ئەڵمانی لە ڕێگەی ئێرانەوە حەتمییە. هەروەك لە ڕۆژنامەی تێلیگراف لە 2 کانوونی دووەمی 1940، هەواڵی کۆبوونەوەی ستالین و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ورووژێنرا، کە ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران لەلایەن یەکێتی سۆڤییێتەوە جەختی لەسەر کرابۆوە(قبادی، زمستان 1390: 131). ئەمە لە کاتێکدا بوو، ئێروین ئیتێل ( Erwin Ettel) (1895-1971) کەسی نزیکی هیتلەر لە ئێران لە سەرەتای 1940دا کرایە باڵیۆز و بەهاتنی، باڵیۆزخانەی کردبووە ناوەندێکی ڕێکخراوتری چالاکیی هەواڵگریی وڵاتەکەی، پاشان بریکاری پیشەیی دەزگای ئاسایشی ئەڵمانیا (SD) هاتنە ئێران(O’sullivan, 2012: 38). تەنانەت حکومەتی ئێرانیش هەستی بە مەترسی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤییێتی-ئەڵمانی و پەلاماردانی باکووری ئێران کردبوو(قبادی، زمستان 1390: 130). هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی ئێران بێلایەنی ڕاگەیاندبوو، بە وریاییەوە لە بریتانیا نزیکبۆوە(Hann, 2013: 19) و دەستیکرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی، وەك ئامادەکارییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی لە باکوورەوە سەرچاوەی گرتبوو(صدیقی، 1388: 380). لەمڕووەوە، ڕەزاشا لە کانوونی دووەمی 1940 محەمەد عەلی موقەدەمی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە لەندەن ڕاسپارد، پێشنیاری پەیماننامەیەکی بەرگریی بخاتە بەردەم بریتانیا، بەڵام بە نهێنی لەبەر ترسی شا لە کاردانەوەی یەکێتی سۆڤییێت(پهلوان، 1383: 769). جیا لەوە لە 31ی کانوونی دووەم جەنەراڵ ئەحمەد نەخچەوان (1893-1966) وەزیری بەرگریی ئێران داوای کڕینی فڕۆکەی لە پاشکۆی سەربازیی بریتانیا لە تاران کرد، بۆ بەرگرتن لە هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت(زرگر، 1372: 407). ئەوەشی بۆ بریتانیا خستبووە ڕوو پێویستە گفتوگۆی جدی بکرێت بۆ هەماهەنگی پلانی سەربازیی لەگەڵ بریتانیا دژی یەکێتی سۆڤییێت. بریتانییەکان بەجدیی پێشنیارەکانی وەزیری جەنگیان وەرگرت(الهی، 1365: 60) و پێیان وابوو، ڕەزامەندی ڕەزاشای لە پشتە(زرگر، 1372: 407). بۆ ئەمە، وەزارەتی دەرەوە و فەرمانگەی جەنگی بریتانیا وەڵامی نەرێنییان هەبوو، چونکە ڕەوشی جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو قۆناغەدا ناڕوون بوون، هەروەك جەختیان کردەوە، ناتوانن کەرەستەی جەنگی بۆ ئێران بنێرن و گەر هێرشی یەکێتی سۆڤییێت بۆ سەر ئێران بکرێت (قبادی، زمستان 1390: 130-131). جیا لەوەی وەزارەتی دەرەوە وایدەبینی، لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە ئەو فڕۆکانە لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانی بریتانیادا بن، نەك لە دەستی هێزی ئاسمانی ئێران(صدیقی، 1388: 380). جگە لەوەش بەهۆی فراوانی بەرەکانی جەنگ، بریتانیا توانای نەبوو بەرەیەکی دیکەی جەنگ بکاتەوە(زرگر، 1372: 408). هەروەك حکومەتی بریتانیا پەیمانێکی لەو جۆرەی بەبێ ئاکام دەزانی، چونکە ڕاپۆرتی نهێنی بریتانییەکان ئاماژەیان بە خراپی دۆخی ئێران و شا دەکرد و جەختییان دەکردەوە، ڕەوشی ئێران بەجۆرێك تێکچووە، تەنها قەیرانێکی بچوك ڕژێمی شا دەڕوخێنێت. بریتانیا لە وەها دۆخێکدا بەباشی دەزانی، هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێت دا بکات ئەوە باشترە، بەتایبەت کە سنورێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە. جگەلەوەی بریتانیا ترسی هەبوو، ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران، پاڵ بە یەکێتی سۆڤییێتەوە دەنێت بە پشت بەستن بە (پەیمانی22ی شوباتی 1921) - ئەم پەیماننامەیە لە 22ی شوباتی 1921، لە نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤییێت واژۆکرا. پەیمانەکە لە بیست و شەش مادده پێکهاتبوو، ماددەی نۆزدەیەم مافی بە یەکێتی سۆڤییێت دەدا بچێتە خاکی ئێران ئەگەر مەترسی لەسەر وڵاتەکەی دروست بێت. (بڕوانە/ مهدوی، 1355: 353-354; مکی، 1361، جلد 1: 125-128)- هێرشی سەربازیی بکاتە سەر باکووری ئێران(آبادیان، تابستان 1390: 3-4). لە هەمان کاتدا، بریتانیا جەختیکردبۆوە، لە ئەگەری هێرشی یەکێتی سۆڤییێت، پێویستە بریتانیا ئەولەوییەت بە هەندێك خاڵی ستراتیجی لە باشووری ئێران بدات، بەتایبەتی کێڵگە نەوتییەکان. ئیدمۆند ئایرۆنساید جەختیکردەوە، وڵاتەکەی پێویستی بە هاوکاریکردنی ئێران دەبێت لە ئەگەری دەستپێشخەری سوپای سووری سۆڤییێت. بۆ بەرپەرچدانەوە و هێرش بۆ سەر یەکێتی سۆڤییێت، بەنموونە، بۆردومانکردنی کێڵگە نەوتییەکانی باکۆ لە ڕێگەی ئێرانەوە بکرێت(زرگر، 1372: 408). هەروەك بریتانیا دووپاتی کردبۆوە، ئەگەر یەکێتی سۆڤییێت هێرش بکاتە سەر دامەزراوە نەوتییەکان و کێڵگە نەوتییەکانی سەر بە کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی، ئەوە بریتانیا بۆ پاراستنیان هەنگاوی بێ دواکەوتن و یەکلاکەرەوە دەنێت بۆ بەرگریکردن،

تەنانەت بێ گەڕانەوەش بۆ ئێران(قبادی، زمستان 1390: 130-131). لەسەر ئاستی ناوخۆی بریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە 15ی شوبات 1940 لە یاداشتێکدا، مکوڕبوونی خۆی دووپاتکردەوە، پێویستە سیاسەتی بریتانیا لەگەڵ ئێران بەجۆرێك دابڕێژرێت، ڕێگریی لە هەر پێشکەوتنێکی ئابووریی و بەهێزبوونی توانا سەربازییەکانی ئێران بکات، بەو پێیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا ناکۆکە و مەترسی ئایندەیی لەسەر هەژموونی سیاسی و باڵادەستی ئابووری بریتانیا لە ناوچەکە و ئێران بە تایبەتی دروست دەکات، بەتایبەت لە کاتێکدا کە هەڕەشەکانی یەکێتی سۆڤییێت کەمدەبنەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە بریتانیا پێی وابوو، بۆ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئێران پەیڕەوی لە سیاسەتی دواخستنی بەردەوام بکات، هەتا پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی گۆڕەپانی جەنگ ڕوونتربنەوە(صدیقی، 1388: 381).

لەم بارەیەوە لە بری ڕێککەوتن، بریتانیا بڕیاریدا لە بواری ئابووریدا هاوکاریی ئێران بکات و لەهەمان کاتدا وەك میکانیزمێکیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵی ئەڵمانیا بۆ باڵادەستبوونی بەسەر ئابووری ئێراندا بەکاریبهێنێت. لەم ڕووەوە لە 16ی شوبات 1940 ڕێکەوتنی ئێرانی بریتانی تایبەت بە پێدانی پێنج ملیۆن لیرە وەك قەرز بە حکومەتی ئێران واژۆکرا. بەمەبەستی کڕینی کەرەستەی پێویست بۆ بەرگریی و گەشەپێدانی ئێران(زرگر، 1372: 411). ئێران لە سەرەتادا پلانی ئەوەبوو، ئەو قەرزە بۆ کڕینی چەك و فڕۆکە بەکاربهێنێت، بەڵام بەهۆی دۆخی جەنگەوە بریتانیا نەیدەتوانی ئەو داخوازییانە دابین بکات، ئەمە جگە لەوەی ڕیدەر بولارد لای وڵاتەکەی داکۆکی لە بەرژەوەندی ئێران دەکرد، بەنموونە مۆڵەتدان بە گواستنەوەی کاڵاکانی ئێران لە ترێستەوە (Trieste) -کە شارێکی ئیتالیایە لەسەر دەریا- بۆ ئێران. بەوپێیەی بولارد پێی وابوو، هەر ڕێگەپێدانێك بۆ بەرژەوەندی ئێران، پێگەی بریتانیا لەو وڵاتە بەهێزتر دەکات(Bakhash, 2021: 27)، بەڵام لەندەن سووربوو لەسەر ئەوەی هۆشداریی بداتە حکومەتی تاران لە بارەی دابینکردنی فڕۆکە و کەرەستەی هێڵی ئاسن (IOR/L/PS/12/3472A, , May,7,1941). هەروەك لۆرد هالیفاکس ( Lord Halifax) (1938-1940) وەزیری دەرەوە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تاران ئاگادارکردبوویەوە ئەو قەرزە جگە لە بواری سەربازیی بۆ کڕینی کەرەستەی ناسەربازیی وەك چیمەنتۆ و لۆکۆمۆتیڤ (مەکینەی شەمەندەفەر) بەکارنەهێنرێت، باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران ئەمەی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتەکەی دەزانی(Bakhash, 2021: 27).

لە سەرەتای ئاداری 1940، فەرمانگەی جەنگ، فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاسپارد بۆ داڕشتنی پلانێك بەمەبەستی ئامادەکردن و جێگیرکردنی هێزێك کە لە سێ فیرقەی پیادە پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ئێران و عێراق(Pal, 1957: 34). لە ناوەڕاستی ئاداردا ستراتیجی سیاسی و ئابووریی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و ئێران بەتایبەتی، لە میانەی کۆبوونەوەی نێوان ئەفسەرانی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرماندەیی هیندستان فۆڕمێکی ڕێکخراوتری بە خۆیەوە بینی(Hann, 2013: 20)، کۆبوونەوەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە لۆجستییەکانی بەردەم ئۆپەراسیۆنی جێگیرکردنی هێزە سەربازییەکان بوو، هەروەها لە بارەی دەستنیشانکردنی هێزەکانی فەرماندەیی هیندستان و فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و عێراق بڕیاردرا. بەجۆرێك ڕێکەوتن لە بارەی پێکهاتەی هێزێکی سەربازیی کرا کە بە هێرینگ (Herring) ناسرا، ئەم هێزە لە فیرقەیەکی پیادەی ئیمپراتۆریی و دوو فیرقەی پیادەی هیندستان پێکدەهات، بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی هێرینگ، کۆدی تایبەت بۆ هەریەك لە پێکهاتەکان دانرا. کۆدی فیرقەی هیندستان بە ترۆت (Trout) دەستنیشانکرابوو(Pal, 1957: 34).

لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بە جێبەجێکردنی پلانی هێرینگ (Herring Plan) کرا، کە بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی سەربازانی بریتانیا لە ناوچەکەدا، بەپێی پلانەکە سێ فیرقەی سەربازیی لە ئێران و عێراق جێگیر بکرێن، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هێرشی نەیاران کە لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم مەبەست لە یەکێتی سۆڤییێت بوو. قۆناغی سەرەتایی جێبەجێکردنی پلانەکە بە ئۆپەراسیۆنی ترۆت (Trout) ناونرا. مەبەست لەم ئۆپەراسیۆنە ناردنی یەك فیرقەی سەربازیی هیندی بوو، بۆ دەستبەسەرداگرتنی پێگە سەرەکییەکان کە دیارترینیان دامەزراوە نەوتییەکانی ئابادان بوون. هەتا 10 ی نیسانی 1940 ڕەشنووسی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی ترۆت ئامادەکرا، جەختی لەسەر گرنگی ستراتیجی دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان دەکردەوە. جەنەڕاڵ وەیڤێڵ فەرماندەی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتگیریی لە پلانی هێرینگ کرد و لە مانگی ئایاردا  باسی لە گرنگی ستراتیجی نەوت و هێزی دەریایی و کەشتیوانی و هێزی ئاسمانی کرد لە بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا، لەو بارەیەوە دەڵێت: "نەوت، هێزی ئاسمانی، هێزی دەریایی و کەشتیوانی کلیلی ئەم جەنگەن و وابەستەی یەکترن"(Hann, 2013: 20). شایەنی باسە لە ڕەشنووسی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی ترۆتدا پشتگیریی هێزی ئاسمانی و دەریایی بۆ هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە لەبەرچاوگیرابوو(Pal, 1957: 37-38). لە 13ی ئایاری 1940 مارشال سێر ئارسەر لۆنگمۆر (Marshal Sir Arthur Longmore) پۆستی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی شاهانەی لە دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرت، هەموو یەکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانە لە ناوچەکە و کەنداو کە جێگیربوون و کاریان دەکرد، کەوتنە ژێر فەرمانی ناوبراو، بەمەبەستی پاراستنی پێگە و ناوچە ستراتیجییەکان بە هاوکاریی لەگەڵ فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرماندەیی هیندستان ئەرکی ئامادەکردنی پلانی جێگیرکردنی یەکەکانی هێزی ئاسمانییان پێسپێردرابوو(Playfair, 1954, Vol. 1: 94).

## تەوەری سێیەم
## گۆڕانی ستراتیجی سیاسی- دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940

بریتانیا وەك زلهێزێکی کۆلۆنیالیست، بۆ ئەوەی داگیرگەکانی لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بپارێزێت، ڕێگریی لە دروستبوونی حکومەتێکی تەواو سەربەخۆ و پێشکەوتوو لە ئێران دەکرد، بەو پێیەی ئێرانێکی بەهێز لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەتوانێت ببێتە ناوەندێك بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانە دژی دەسەڵاتی بریتانیا لە ئێران و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، هەربۆیە ئەو وڵاتە هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بۆ شکستهێنان بە پێشکەوتنە پیشەسازیی و ئابوورییەکانی ئێران. ئەم سیاسەتەی بریتانیا بووە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی وروژاندنی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە دژی بریتانیا. ئەمە جگە لەوەی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە و کێڵگە نەوتییەکانی ئێران، هۆکارێکی دیکە بوو، کە هەستی دژە بریتانیایی گەلی ئێرانی بەهێزتر کرد(صدیقی، 1388: 379).

لەم کاتەدا پێشنیار هەبوو لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە هەندێك سیخوڕی بریتانی بنێردرێن بۆ ئێران، بۆ ئەوەی دزەبکەنە ناو پێگە گرنگە ئابووری و سیاسییەکان و لەو ڕێگەیەوە بتوانن بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بپارێزن. لە وەڵامی ئەم پێشنیارەدا لە

27ی ئایاردا کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا گومانیان لە پراکتیکی بوونی پێشنیارەکە هەبوو، بە وتەی ئەو کاربەدەستانە سیخوڕەکانی بریتانیا بە ژمارەیەکی پێویست لە ئێراندا کاردەکەن، هەرچەندە بەرژەوەندییەکانی بریتانیایان لەبەرامبەر کۆمەڵە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان پاراستووە، بەڵام نەیانتوانیبوو پشتیوانی جەماوەریی بۆ بریتانیا بەدەستبهێنن، بە وتەی کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا، کێشەی ئێران و پارێزگاریی لە هەژموونی وڵاتەکەیان لە ئێران پێویست بوو بە ڕێگەی دیکە چارەسەر بکرێت، نەك تەنها لە ڕێگەی کۆمەڵێك سیخوڕەوە(الهی، 1365: 53).

ریدەر بولارد لە 21ی ئایار 1940 لە تێلیگرامێکدا نیگەرانی خۆی لە بارەی فراوانبوونی چالاکی بریکارە ئەڵمانەکان گەیاندە هەموو کۆنسوڵەکانی بریتانیا لە شارەکانی ئێران، چونکە ئاماژەکان بۆ ئەوە بوون، مەترسی ئەڵمانەکان لە پروپاگەندەوە بۆ هەڕەشەی ئەمنی کرداریی گۆڕابوو. هەروەك ڕێنمانەی هەوڵی کودەتایەکی کرد بوو، هەروەك هۆشداریدا بوو، کە هەوڵێکی لەو شێوەیە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دەبێت. ڕێنمایی بە کۆنسوڵەکانیش درا کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم مەترسییە لەبەرچاوبگرن، ڕاپۆرت لە بارەی ژمارە و ڕێکخستنی ئەڵمانەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی بریتانی بەرزبکەنەوە(Hann, 2013 :56). لە ڕاستیدا مەترسی ئەڵمانەکانی نیشتەجێی ئێران بەهۆی ژمارەیانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی پۆستەکانیان لە پێگە هەستیار و گرنگەکانی وڵاتدا بوو، بەپێی ڕاپۆرتی بریتانییەکان، ئەڵمانەکان بریکاری جۆراوجۆریان لە سەرتاسەری ئێراندا هەبوو، کە لە ئەگەری هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر ناوچەکە، دەیانتوانی وەك ستوونی پێنجەم ڕۆڵبگێڕن(زرگر، 1372: 421). هەربۆیە چاوەڕوان دەکرا بەشێکیان بۆ هاندانی کودەتا بەکاربهێنرێن، ئەگەر ئەڵمانیا دوورخستنەوەی ڕەزا شا بۆ بەرژەوەندییەکانی بە پێویست بزانێت(Hann, 2013 :56-57). شایەنی باسە یەکێك لە بوارەکانی پروپاگەندەی ئەڵمانیا، دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ڕەزاشا بوو بە پشتیوانی بریتانیا(زرگر، 1372: 422). بریتانیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە و پاراستنی نفوزی خۆی هەوڵەکانی چڕکردەوە، لە ڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە پروپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە، ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیێت پشتیوانی گروپە نهێنییە چەکدارەکان دەکەن، کە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران دەدەن. بریتانییەکان پێیان وابوو، بەم پروپاگەندانە دەتوانن سەرنجی گروپی دەسەڵاتداری ئێران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەم هەلومەرجەدا بۆ بریتانیا لەهەموو کاتێك گرنگتر بوو، حکومەتی تاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پاڵپشتییان بێت(صدیقی، 1388: 379).

باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بە هەستی دوژمنایەتی خەڵکی گشتی ئێران بەرانبەر بە بریتانییەکان کرد، کە بەهۆی پروپاگەندەی ئەڵمانیا و نارەزایەتی خەڵك لە دەسەڵاتی ڕەزا شا دروست بووە، کە بریتانییەکان بە بەرپرسیاری هەموو کێشەکان دەزانن، چونکە ئەوان ڕەزاشایان بە دەسەڵات گەیاندووە و هەتا ئەوکات بە پشتیوانی ئەوان لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە. هۆشداریدابوو، ڕەنگە ئەڵمانییەکان ئەم هەستە بقۆزنەوە بۆ هاندانی جوڵانەوەیەك لە دژی شا و بریتانیا و لەو ڕێگەیەوە بتوانن، حکومەتێکی نوێ لە دژی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دروست بکەن، جەختیکردبۆوە لەسەر پێویستی گرتنەبەری میکانیزمێکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەستی دوژمنایەتییەی خەڵکی ئێران بۆ بریتانیا هەیانبوو ( IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). ریدەر بولارد دڵنیایی دابوو لەوەی، ئەگەر دەسەڵاتی ڕەزاشا بڕوخێت، حکومەتی نوێ لە ئێران لە دژی بریتانیا دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە جەختی لەوە کردەوە، بریتانیا پێویستە ڕێوشوێنی ئابووری، ئەرێنی بەرانبەر بە حکومەتی ئێران بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕەزا شا ڕازیی بکات لە چوارچێوەی لایەنگریی بۆ بریتانیا بمێنێتەوە، بەم شێوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی بریتانیا دەگۆڕێن. هەروەك لە ڕاپۆرتێکی 22ی ئایاری 1940 بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی بەوە کردبوو: "باڵادەستی یەکێتی سۆڤیێت لە باکووری ئێراندا گرفت نییە، بەو مەرجەی بریتانیاش دەست بەسەر ئابادان و کێڵگە نەوتییەکانیدا بگرێت"(وەرگیراوە لە/ الهی، 1365: 54)، دانی بەوەشدا نابوو، بەمەرجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا، بەلایەوە گرنگ نییە حکومەتی تاران کام دەوڵەتی ڕکابەریی کۆنترۆڵی دەکات(وەرگیراوە لە/ الهی، 1365: 54). ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ستراتیجی سیاسی بریتانیا لە ئێران و ناوچەکەش چاوی لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و هەژموونی سیاسی ئەو وڵاتە بوو، لەهەمان کاتدا جیاوازیی نێوان باڵیۆزخانە و بڕیاربەدەستانی بریتانیا لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتەکانی دیکە پیشان دەدات.

بە گۆڕانکاریی لە کابینەی حکومەتی بریتانیادا، سیاسەت و مامەڵەی ئابووریی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەرەوەدا، بە کاریگەریی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی گۆڕەپانی جەنگ گۆڕانکاریی بەسەرداهات(Gamble, 1994 :100-101). ئەمەش دوای ئەوەی نێڤڵ چەمبەرلین (Neville Chamberlain) (1869-1940) بەهۆی شکستە سیاسییەکانی و شکستهێنانی لە پێکهێنانی کابینەی هاوپەیمانی نیشتمانی، لە 10ی ئایاری 1940 پاشای بریتانیا، ونستۆن چێرچڵی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت (Gilbert, 2000: 641-642). لەو کاتەدا، سەرەڕای ئەو گرژیی و ئاڵۆزییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و ئێراندا هەبوو، لێرە بەدواوە گرژییەکان زیاتر بوون و هەردوولا لە یەکتری زیاتر دڕدۆنگ و بە گومان بوون (Hann, 2013: 46). ئەوکاتیش سیاسەتی بریتانیا ئەوەبوو، هیچ جۆرە چەك و کەلوپەلێکی سەربازیی بۆ ئێران دابین نەکات، ئەم سیاسەتەی بریتانیا وایکرد، داواکارییەکانی ئێران بۆ کڕینی چەك لە ئەمریکا لە لایەن ئەو وڵاتەوە ڕەتبکرێنەوە(Majd, 2001: 312-313). ئەم سیاسەتەی بریتانیا بووە هۆی ئەوەی حکومەتی ئێران لە 17ی حوزەیرانی 1940دا، ئەو ڕێکەوتنی قەرزە هەڵبوەشێنێتەوە، کە لە 16ی شوباتی هەمان ساڵ لەگەڵ بریتانیا واژۆی کردبوو، چونکە بریتانیا ئامادەنەبوو پێداویستییەکانی ئێران لە هێڵی شەمەندەفەر و چەك و فڕۆکە دابین بکات(زرگر، 1372: 412). ڕەنگە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە لە لایەن ڕەزاشاوە بۆ فشارخستنە سەر کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێرانی بوو بێت، هەروەها سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا ئەو گومانەی لای شای ئێران دروستکردبوو، وابپێدەچێت بریتانیا توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێرانی لە ماوەی جەنگدا نابێت(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941).

لە 11ی حوزەیرانی 1940 لە ڕێنماییەکی وەزارەتی ئاسمانی حکومەتی بریتانیا کە بۆ سێر ئارسەر لۆنگمۆر (Arthur Longmore) (1885-1970)، فەرماندەیی هێزی ئاسمانی شاهانە لە دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نێردراوە، ئاماژە بەوەکراوە، لە ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی وشکانی لە لایەن فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوچەکە و کەناراوەکانی کەنداوی فارس، ئەوان فەرماندەیی هێزی وشکانی لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی لەسەر بەرپرسیارێتی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی شاهانە لە عێراق و عەدەن نابێت، هەروەها پێویستە پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی بریتانیا لە ناوچەکە و نوێنەرایەتی سیاسی بریتانیا لە کەنداو بپارێزن(Playfair, 1954, Vol. 1: 460-461).

دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان لە 21-24ی حوزەیران، لەبارەی "پلانی هێرینگ" و دڵنیابوون لە هەماهەنگی نێوانیان، جەختکرایەوە لەسەر هەنگاوانی بەپەلە و گرنگ بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و عێراق، کە بە گرنگ دادەنرا بۆ مەکینەی جەنگیی بریتانیا و

پارێزگاریی لە ئاسایشی ناوچەکە، لەبەرانبەر هەر پێشکەوتنێکی هێزەکانی میحوەر و یەکێتی سۆڤییەت(Hann, 2013: 20). لە کۆبوونەوەکاندا سەبارەت بە پلانی ئۆپەراسیۆنی ترۆت پێشنیارکرابوو، ئامانجی سەرەکیی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بێت لە لایەن هێزەکانی بریتانیا و هیندستانەوە. پرسی گرنگ کە دەبوو چارەسەر بکرێت، پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بوو لە ئەگەری لەشکرکێشی یەکێتی سۆڤییەت بۆ سەر ئێران، ئەگەرێك کە لەوکاتەدا نەدەکرا فەرامۆش بکرێت، ئەم نیگەرانییە مانگێك پێشتر لە ڕاپۆرتە سیخوڕییەکانی بریتانیا لە ناوچەی کێڵگە نەوتییەکانەوە ئاماژەی پێکرابوو، ڕاپۆرتەکان دوو لایەنی مەترسیداری دۆخەکەیان خستبووەڕوو، لە لایەك پاراستنی دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێران، لە لایەکی دیکە ڕاگرتنی مەترسی هێرشی سەربازیی هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەت(Pal, 1957: 41-43). لەو کۆبوونەوەوە هاوبەشانەدا بڕیاردرا، فەوجێك لە سەربازانی هیندستان بە نهێنی بچنە ناو ئێران و بەهەماهەنگی لەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێرانی، خاڵە گرنگ و ستراتیجییەکانی ئابادان کۆنترۆڵ بکەن بۆ پتەوکردنی پارێزگاریی لەم کێڵگە نەوتییانە دوو فەوجی دیکە جێگیرکران، یەکێکیان لە خوسرەو ئاباد (دەکەوێتە نزیك ئابادان) و ئەوی دیکە لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەکە(قبادی، زمستان 1390: 132). بە پێی قسەی ڕیدەر بولارد، پاش ماوەیەکی کەم لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی قەرزەکە، ناکۆکییەکی توند لە نێوان کۆمپانیای نەوتی بریتانی – ئێرانی و حکومەتی ئێران سەریهەڵدا(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەمریکی لە تەمموزی 1940 ئەو پەیوەندییە گەیشتبوو ئاستێك، ئەگەری پچڕاندنی پەیوەندییەکەیان دەکرا، ئێرانییەکان ناڕازیی بوون لە کەمیی ئاستی بەرهەمهێنان و پشکیان لە جیاوگی نەوتی کۆمپانیاکە(وەرگیراوە لە/ Majd, 2001: 264). لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا ئاماژە بەوەکرابوو کە ڕەنگە شای ئێران بە بڕیارێکی نالۆژیکی جیاوگی نەوت هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە و گورزێکی کاریگەر لە نفوزی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات(الزاوي، 2010: 121).

لە 16ی تەمموزی 1940 ئەمیر خوسرەویی، وەزیری دارایی ئێران، لە یاداشتێکدا بۆ کۆمپانیاکە هۆشداریدا کە ڕایگەیاند، حکومەتی ئێران هیچ پاساوێك سەبارەت بە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پەسەند ناکات(شیرنگی، 1390: 53). کۆمپانیاکە پێویستە مافەکانی ئێران بەپێی بەرزترین ئاستی نەوتی بەرهەمهێنراو بدات، قەرەبووی ئەو زیانانەش بکاتەوە، کە بەر حکومەتی ئێران کەوتووە و پشکی ئێران بە ئاڵتون یان دۆلار بدات، بەنرخێکی ئاڵوگۆڕی گونجاو (زرگر، 1372: 414). لەگەڵ گواستنەوەی برە پارەی پشکی ئێران لە بریتانیاوە بۆ ئەمریکا(مجد، 1389: 268). لە کۆتایی یاداشتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، ئەگەر کۆمپانیاکە داواکارییەکانی حکومەتی ئێران جێبەجێ نەکات، حکومەت ناچار دەبێت پێداچوونەوە بە جیاوگی نەوتدا بکات(زرگر، 1372: 414). بولارد ئاماژەی بەوەکردووە، وروژاندنی پرسی نەوت لەو کاتەدا هەستیارەدا، ئەو بیروباوەڕە گشتییەی بەهێزتر کردووە، کە دەسەڵاتی بریتانیا لاوازبووە، لە هەمان کاتدا کارێکی وای کردووە، لە ناوخۆی ئێراندا جیاوازییەکی وا لە نێوان حکومەتی بریتانیا و کۆمپانیاکەدا ناکرێت(IOR/L/PS/12/3503, September,4,1940). کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی بەهۆی بەردەوامی جەنگ زۆرێك لە کڕیارەکانی لەدەستدابوو، بەتایبەت لە بەرەی میحوەر و نزیکەکانیان(شیرنگی، 1390: 53). لەهەمان کاتدا، پەرلەمانی بریتانیا بە توندیی بەسەر کۆمپانیاکەوە چاودێربوو و داوای گەرێنتی کردبوو، کە ئەو نەوتە نەگات بە دەستی نەیارانیان(Anglo-Iranian Oil Company (Sales Japan), 23,April,1940).

بەهۆی پێداگریی حکومەتی ئێران، بریتانیا ناچاربوو بە شێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی داواکارییە ئابوورییەکانی ئێران بداتەوە، چونکە پێشتر بریتانیا بە شێوەیەکی نەرێنی وەڵامی پێشنیاری ئێرانی بۆ بەستنی پەیمانی بەرگریی داببووەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی کاربەدەستانی ئێران ڕوو لە یەکێتی سۆڤییەت نەکەن، لەسەر پێشنیاری جۆن کادمان (John Cadman) بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی، لە 21ی ئابی 1940 ڕێککەوتنێکی نوێ ئەنجامدرا(قبادی، زمستان 1390: 131). بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیادرا بڕی (1550000) لیرە وەك قەرەبووی ساڵەکانی (1938-1939) بە ئێران بدرێت، بۆ ساڵەکانی (1940-1941) چوار ملیۆن لیرە وەك پشکی ساڵانە بدرێت بە ئێران و لە کۆتایی ساڵی 1941 دا بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە بڕیار لەبارەی پشکی ئێران بدرێت. ڕازیبوونی بریتانیا بەم ڕێککەوتنە ئاماژەیە بۆ لاوازیی پێگەی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خودی ئێرانیش(زرگر، 1372: 415). بولارد پەسەندکردنی ئەو داوایەی ئێران بە لاوازیی و ملکەچبوون لە قەڵەم دەدات و پێی وابوو، لە سەختترین ساتەکانی جەنگدا بوو، نەدەکرا بریتانیا قەیرانێك بهێنێتە کایەوە، کە کاریگەریی لەسەر دابینکردنی نەوت بۆ بریتانیا دروست بکات(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). ئەمەش دەریخست سیاسەتی بریتانیا لەو پرسەدا لە ڕێگەی پارەدانێکی داراییەوە، بەدەستهێنانی کات بوو، بەبێ ئەوەی سازش لەسەر هیچ بەشێکی جیاوگی نەوت بکرێت(IOR/L/PS/12/3503, October,11,1940). لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتن کرا، بەڵام ناکۆکییەکان بە تەواوی کۆتایی نەهاتبوو، چونکە دانوستانەکان دوای ساڵی 1941 دەسپێکردەوە(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941).

بە کورتی لە ڕوانگەی بریتانیاوە ڕەزا شا سوودی لە دۆخی جەنگ وەرگرتبوو، ئەمەش بووە جێگەی ناڕەزایەتی بریتانیا، پێدەچێت ئەم بابەتە کاریگەریی لەسەر لابردنی ڕەزاشا هەبووبێت. نەوتی ئێران لەو کاتەدا هێندە گرنگ بوو، نەدەکرا مەترسی لەسەر دروست بکرێت، بریتانیا ترسی لەوە بوو ڕەزاشا جارێکی دیکە جیاوگی نەوت هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئەڵمانیا بیقۆزنەوە(زرگر، 1372: 415). بولارد لە دیداری لەگەڵ ڕەزاشا بە ئاشکرا توڕەیی و بێزاری حکومەتەکەی دەربڕی و وتی: " پێداگریی ئێوە لەسەر وەرگرتن و زیادکردنی پشکی ئێران لە داهاتی نەوت، لە کاتێکدا حکومەتەکەم لە دۆخێکی سەختدایە زۆر نادۆستانە بوو، حکومەتەکەم هەرگیز ئەمە لەبیرناکات". ئەم لێدوانە ئاماژەیە بۆ گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر پرسی نەوت و کاریگەری جەنگ لەسەر ئەو پەیوەندییانە(شیرنگی، 1390: 54-55)، هەروەها ئەم هەنگاوەی ڕەزا شا لە تێڕوانینی بریتانییەکانەوە تاوانێك بوو، کە لێخۆشبوونی ئاسان نەبوو(مجد، 1389: 269).

ئەمە لە کاتێکدا تووندبوونەوەی پڕوپاگەندەی ڕادیۆی بەرلین، گرژیی لە نێوان باڵیۆزخانەی بریتانیا و ئێران، سەرلەنوێ دەستپێکردەوە، کە ئێرانییەکان هیچ کاردانەوە و هەڵوێستیان بەرانبەر ئەو پڕوپاگەندانەی ئەڵمانیا دژی بریتانیا نەبوو (پهلون، 1383: 774-775). ئەمە جێگەی سەرنجی سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا بوو. جیا لەوەی بولاردی باڵیۆزی بریتانیا لەئێران، بە وردیی ئاماژەی بە چالاکی سیخوڕە ئەڵمانییەکان کردبوو سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەستی دژە بریتانی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێراندا، تەنانەت لە ڕێگەی بریکارەکانیانەوە کاریان لەسەر فراوانکردنی ناڕەزایەتییەکان دەکرد. ئەوان زۆرێك لە گرفتەکانی وڵات و کێشە ئابوورییەکان و شکستی ئیداریی ئێرانیان بۆ کاریگەریی خراپی بریتانیا لەسەر شا و وەزیر و کاربەدەستانی دیکەی وڵات دەگەڕاندەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن ڕەزا شا بە

پاڵپشتی بریتانیا دەسەڵاتی وەرگرتووە و لە ماوەی فەرمانڕەوایی شادا، بریتانییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات، خراپی دۆخی وڵات ڕاستەوخۆ بریتانییەکان لێی بەرپرسن، لە بنەڕەتیشدا بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان مەیلی قبوڵکردنی ئەم پڕوپاگەندەیان هەبوو( IOR/L/PS/12/3503, (September,4,1940.

باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران، بەتایبەتی ئان لامبتۆن (Miss Anne Lambton) پاشکۆی (ملحقی) ڕۆژنامەوانی باڵیۆزخانەکە، چەندین جار ڕاپۆرتی لە بارەی بەردەوامبوون و زیادبوونی کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا لە نێو خەڵك و کاربەدەستانی ئێراندا بۆ لەندەن بەرزکردبووەوە. لەم ڕاپۆرتانەدا باسیان لە پێویستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ لە پڕوپاگەندەی بریتانیادا کردبوویەوە(تفرشی، 1388: 177). نوێنەرایەتی بریتانیا لە ئێران پێشنیاری کرد باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییە دامەزراندنی پەخشی فارسی (BBC)یە لە لەندەن، بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەم پێشنیارە هەبوو(-Sreberny, 2014: 34 35). هەتا مانگی ئابی 1940 بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی (پەخشی BBC زمانی فارسی) ئامادەکردبوو، تایبەت بوو بە ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی بۆ سەرەتای کردنەوەی پەخشی فارسی. هەروەها وەزارەتی دەرەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەم ڕێنماییانە نهێنییە و تەنها بۆ بەرپرسە بریتانییەکانە، پێشنیاری کرد، کە ڕەزا شا بە هەستیاری و دیپلۆماسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی شا کەسایەتییەکی خاوەن جەماوەری نییە، بەڵام هێشتا کۆنترۆڵی تەواوەتی وڵاتی بەدەستەوە بوو (Sreberny, 2014: 36). بریتانیا سەرەڕای ئاگاداربوونی لە دەستدانی پێگەی جەماوەریی ڕەزاشا و خراپی دۆخی ناوخۆیی ئێران(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941)، بەڵام سیاسەتی بریتانیا لەو قۆناغەدا مامەڵەکردن و مانەوەی ڕەزاشای بە گونجاوتر دادەنا هەتا لەسەرکارلابردن و جێگە گرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی دیکە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە پاش ئامادەکاریی تایبەت بە کردنەوەی پەخشی فارسی (BBC)، لە 21 ی کانونی یەکەمی 1940 لە یاداشتێکدا وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، محمد عەلی موقەدەم وەزیری دەرەوە ئێرانی ئاگادار کردەوە لە بارەی کردنەوەی پەخشی (BBC)لە لەندەن، هەفتانە چوار ڕۆژ بۆ ماوەی (15) خولەك. لە 29ی کانونی یەکەم پەخشەکە دەستی بە کارکردن کرد، لەیەکەم پەخشدا ئاماژە بەوەکرا، ئەم هەنگاوە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە ئاڕاستەی باشترکردنی پەیوەندییەکان(Sreberny, 2014: 37). بەمجۆرە پەخشی فارسی (BBC) دەستپێیکرد، کەلە ژێر چاودێری وردی وەزارەتی دەرەوەدا کاریدەکرد، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵە جۆراوجۆرەکانی بریتانیادا بوو بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگای ئێران(Sreberny, 2014: 45).

## ئەنجام

- بایەخی ئێران لەپاڵ پێگەی جیۆسیاسی و ئابووریی و دۆزینەوەی نەوت، هاوکات ڕێگەی گەیشتن بوو بە هیندستان و پاراستنی کەنداو، هەربۆیە بریتانیا ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بەجۆرێك داڕشتبوو، کە بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران بکات، ئەمەش بە گونجاندنی لەگەڵ هەڵومەرجی ناوخۆیی ئێران و ململانێی زلهێزەکان، لەمڕووەوە لە ساڵی 1907 لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی ئێران بۆ ناوچەی نفوزی بریتانی ڕووسی، قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتی بۆ بریتانیا ڕەخساند، بۆ فراوانکردنی هەژموونی تاکلایەنەی بەسەر ئێراندا، هەتا ئەوکاتەی ستراتیجی بریتانیا لەگەڵ تموحەکانی ڕەزاشا پێکیاندا دا، هەروەها دەرکەوتنی ئەڵمانیا و ئەمریکا، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی بریتانیا هەبوو لە ئێران پێش جەنگی دووەمی جیهانی.
- لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران پێگەیەکی گرنگ و ستراتیجی هەبوو، بۆ پارێزگاریی لە بوونی بریتانیا و بەرژەوەندییەکانی، هاوکات مەترسیی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییەت لەسەر ئێران هەبوو، هەربۆیە بریتانیا پێشوازی لە بڕیاری بێلایەنی لە جەنگ کرد، کە لەلایەن ئێرانەوە ڕاگەیەندرا، چونکە بۆ پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکە یارمەتیدەربوو، لە کاتێکدا بریتانیا لەو کاتەدا دەسەڵات و توانای پێویستی بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی نەبوو.
- فرەیی ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بریتانیا بە ڕوونی کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی لە ئێران هەبوو، هەر لە سەرەتاکانی دەسپێکی جەنگ، بریتانیا زنجیرەیەك ڕێوشوێنی سیاسی-دیپلۆماسی-ئامادەکاریی سەربازیی ئەنجامدا بۆ پارێزگاریی لە بوونی کاریگەریی خۆی لە ئێران و هەژموونی بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی لە ئێران و کەنداو. هاوکات ئامادەکاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر هێزەکانی و نوێنەرایەتییە سیاسی- ئابوورییەکانی لە ئێران و ناوچەکە.
- لە نیوەی دووەمی ساڵی 1940، مەترسیی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییەت لەسەر ئێران زیاتر بوو، هەربۆیە بریتانیا هەوڵەکانی چڕکردەوە بە ئاراستەی ڕێگریی لەو مەترسییانە، ئیدی ستراتیجی بریتانیا دەستی بە گۆڕان کرد بە ئاراستەی ئامادەکاریی بۆ کردەوەی سەربازیی لە ئێران، لە ئەگەری زیادبوونی مەترسییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەو وڵاتەدا. لە نێو ئەو ڕێوشوێنانەدا ناردنی هێز لە هیندستانەوە بۆ ناوچەکە بەگشتی و ئێران بە تایبەتی، سوود وەرگرتن لە سەرۆك هۆز و دەسەڵاتە نیمچە لۆکاڵییەکان بۆ گەرێنتی کردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ئێران، کە سەنگەری سەرەکی بەرگریی بوو لە هیندستان و وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کەنداو.

## سەرچاوەکان

### بەڵگەنامەکان:

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.15824. E584/584/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,10,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E7222/216/34, Sir H.Seymour to Viscount Halifax, October,28,1939.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E436/124/34, Mr.Roberts to Viscount Halifax, February,1,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E439/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,1,1940.

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.15824. E584/584/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,10,1940.

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.16037. E2014/42/34, Sir R.Bullard to Mr.Eden, May,7,1941.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E2461/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, September,4,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E2461/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, October,11,1940.

### نامەی زانکۆیی:

#### یەکەم: بە زمانی فارسی:

شیرنگی، سید عمادالدین، 1390، جایگاه چرچیل در مناسبات سیاسی ایران و انگلیس 1940-1953میلادی، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی.

#### دووەم: بەزمانی ئینگلیزی:

Abdul Razak, Rowena Binti, 2021, British Policy in Iran, 1941–1946: The Role of the Tudeh Party, St Antony's College, Candidate for D.Phil. in Oriental Studies.

Bin-Abood, Saif Mohammad Obaid, 1992, Britain's Withdrawal from the Gulf: With Particular Reference to the Emirates, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy at the University of Durham.

Griffiths, James, 2017, British Foreign Policy and Iran A Performance 1872-1979, A Thesis Submitted to the University of Manchester for the Degree of Doctor of Philosophy in the Faculty of Humanities.

- Hann, Keith, 2013, "A Rush and a Push and the Land is Ours": Explaining the August 1941 Invasion of Iran, A Thesis Submitted to the Faculty of Graduate Studies in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Masters of Strategic Studies, University of Calgary.

Khandagh, Najleh, 1984, The Political Parties in Iran 1941-1947 With Especial Reference to Firqa-yi Dimukrat in Azerbaijan, PH.D. Thesis Department of Islamic and Middle Eastern Studies Faculty Arts, University of Edinburgh.

Muhl, James Howard, 1985, Iran and the Big Powers 1900-1953, Thesis Presented to the Faculty of the Graduate School of the University of Taxas at Austin in Partial fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts, The University of Taxas at Austin.

O'sullivan, Adrian Denis Warren, 2012, German Covert Initiatives and British Intelligence in Persian (Iran) 1939-1945, Submitted in accordance with the requirements for the Degree of Doctor of Literature and Philosophy in the subject of History, University of South Africa.

Roberts, Justin W., 2019-20, From Alliance to Adversaries: The Influence of the 1946 Iranian Crisis on Early US Cold War Strategies, Submitted in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Military Studies.

Saidabadi ,Mohammad Reza, 1998, Iranian-British Relations Since 1979, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy of The Australian National University.

### کتێب:

#### یەکەم: بە زمانی کوردی:

ئەحمەد، ئیبراهیم خلیل و مراد، خلیل عەلی، 2011، ئێران و تورکیا، چاپی دووەم، و.بەهادین جەلال مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەردەشتیی، د.یاسین و مەلا تەها، بەرزان، 2009، مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی: چاپخانەی سیما

#### دووەم: بەزمانی فارسی:

الهی، دکتر همایون، 1365، اهمیت استراتژیکی ایران در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

تفرشی، سید مجید، 1388، دیپلماسی عمومی بریتانیا در ایران مطالعه موردی بخش فارسی سرویس جهانی بی.بی.سی، در ایران و استعمار انگلیس مجموعه سخنرانی هاو مقالات، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

زرگر، علی اصغر، 1372، تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلیس در دوره رضا شا، ت:کاوه بیات، انتشارات پروین، انتشارات معین، تهران.

ذوقی، دکتر ایرج، 1368، ایران و قدرت های بزرگ در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، شرکت انتشاراتی پاژنگ، تهران.

مجد، دکتر محمد قلی، 1389، رضا شاه و بریتانیا، ت.مصطفی أمیری، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

مکی، حسین، 1361، تاریخ بیست ساله ایران، جلد.1، چاپ سوم، نشر ناشر، تهران.

مهدوی، عبدالرضا هوشنگ، 1355، تاریخ روابط خارجی ایران، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

پهلوان، کیوان، 1383، رضا شاه از الشتر تا الاشت، انتشارات ارون، تهران.

صدیقی، محبوبه، 1388، بررسی اجمالی نقش انگلستان در غارت منابع ملی ایران به هنگام جنگ جهانی دوم، در ایران و استعمار انگلیس مجموعه سخنرانی هاو مقالات، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

#### سێیەم: بە زمانی عەرەبی:

البديري، خضير، 2015، التاريخ لايران و تركيا، الطبعة الثانية، مكتبة مؤمن قريش، بيروت.

الزاوي، د.ناظم يونس، 2010، التاريخ السياسى لامتيازات النفط في ايران 1901-1951، دار دجلة ، عمان.

الساداتى، احمد محمود، 1939، رضا شاه بهلوى نهضة ايران الحديثه، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

بولارد، سر ريدر، 1956، بريطانيا و الشرق الأوسط، ت.حسن احمد سلمان، مطبعة الرابطة، بغداد.

صابر، د.فرح، 2013، رضا شاه بهلوي التطورات السياسية في ايران 1918-1939، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.

نجاتي، غلام رضا، 2008، التاريخ الايراني المعاصر، ت.عبدالرحيم الحمرانى، مؤسسة دار الكتاب الاسلامي، قم.

#### چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:

Bakhash, Shaul, 2021, The Fall of Reza Shah, I.B.Tauris, London.

Brant, Richard W. and Maycock, Willoughby, 1911, British and Foreign State Papers 1906-1907, Vol.C, London, His Majesty's Stationery Office.

Churchill, Rogers Platy, 1939, Anglo-Russian Convention of 1907, The Torch Press, Lowa.

Grobien ,Philip Henning, 2022“The Origins and Intentions of the Anglo-Persian Agreement 1919: A Reassessment”, Iran: Journal of British Institute of Persian Studies, Vol.62, Iss.2.

Hershey, Amos S., 1919, “The New Anglo-Persian Agreement”, American Journal of International, Vol.13, Iss.4.

Mueller, Chelsi, 2019, “The Persian Gulf 1919–39: Changes, Challenges, and Transitions”, Journal of Arabian Studies, Vol.8, Iss.2.

Zirinsky, Michael, 1992, “Imperial Power and Dictatorship: Britain and the Rise of Reza Shah, 1921-1926”, International Journal of Middle East Studies, Vol 24, Iss 4.

## ماڵپەڕی ئەلکترۆنی:

Fuel Supplies In War Time 26,July,1939, 20,1,2025, Hansard.Parliament.UK, https://hansard.parliament.uk/Lords/1939-07-26/debates/c3f35390-03a1-4210-82d9-ada39e37eb35/FuelSuppliesInWarTime?highlight=iran#contribution-cacdf0b9-fb62-42d4-a5cc-abc67c67385b

Anglo-Iranian Oil Company (Sales Japan) 23,April,1940, 1,2,2025, Hansard.Parliament.UK, https://hansard.parliament.uk/Commons/1940-04-23/debates/0c9d43b0-f54a-4305-886f-07f671e37510/Anglo-IranianOilCompany(SalesJapan)?highlight=iranian#contribution-a81b3f1d-e3e2-42fa-bcc5-12fbbc381f92

Alalaq, Ahmed Shaker, March,16,2025, Iran and Britain in the British Documentary Archive of 1919, https://advance.sagepub.com, November 12, 2024,

Gamble, Andrew, 1994, Britain in Decline, Fourth edition, The Macmillan Press LTD, London.

Gilbert, Martin, 2000, Churchill A Life, Second edition, Pimlico, London.

Loeffel, Robert, 2015, The Fifth Column in World War II, Palgrave Macmillan, London.

Majd, Mohammad Gholi, 2001, Great Britain and Reza Shah, The University Press of Florida, Florida.

Malek, Mohammad,2005, Oil in Iran between the two world wars: in Anglo- Iranian Relations Since 1800, ed. Vanessa Martin, Routledge, New York.

Moorhouse, Roger, 2014, The Devils’ Alliance Hitler's Pact with Stalin 1939-41, The Bodley Head, London.

Pal, Dharm, 1957, Official History of the Indian Armed Forces in the Second World War 1939-45: Campaign in Western Asia, ed. Bisheshwar Prasad, S.N.Guha Ray at Sree Saraswaty Press, Calcutta.

Playfair, I. S. O., et al, 1954, The Mediterranean and Middle east: in History of The Second WorldWar United Kingdom Military Series, Vol. 1, ed. J.R.M.Butler, Her Majesty’s Stationery Office, London.

Sreberny, Annabelle and Torfeh, Massoumeh, 2014, Persian Service The BBC and British Interests in Iran, I.B.Tauris, London.

Bamberg, J.H., 1994, The History Of the British Petroleum Company, Vol.2, Cambridge: Cambridge University Press.

## گۆڤار:

### یەکەم: بە زمانی فارسی:

آبادیان، حسین، تابستان 1390، " امریکا و اهمیت نظامی ایران در جنگ جهانی دوم"، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره 47، تهران.

رامکی، علی پرورش و اربابی، قاسم، زمستان 1397، "واپژوهی راهبردهای المان و انگلیس در ایران هنگام جنگ جهانی اول 1914-1918"، تاریخنامه خوارزمی، سال ششم، ش. 24، تهران.

سلیمانی، کریم و وحیدی راد، میکائیل، بهار 1389، "مذاکرات نفت ایران و انگلیس و تجدید نظر در قرارداد دارسی در دوره رضا شاه"، تاریخ ایران، ش.5/64، تهران.

قبادی، محمد، زمستان 1390، "ایران و انگلیس از اغاز جنگ جهانی دوم تا اشغال ایران"، فصلنامه مطالعات تاریخی، شماره 35، تهران.

### دووەم: بە زمانی ئینگلیزی:

Behravesh, Maysam, 2012, “The Formative Years of Anglo-Iranian Relations (1907-1953): Colonial Scramble for Iran and Its Political Legacy”, Digest of Middle East Studies, Vol 21, No. 2.

Erkan, Süleyman, 2010, “ The Invasion Of Iran by the Allies During World II”, Codrul Cosminului (University of Suceava), XVI, No. 2.

Forouzan, Younes and Alishahi, Abdolreza, 2018, “Britain and Reza Shah, from the Persian Coup d’état in 1921 to the Occupation of Iran in World War II”, Sociology International Journal, Vol 2, Iss 6.

ISSN 2411-7757

جامعة التنمية البشرية
UNIVERSITY OF HUMAN DEVELOPMENT

# مجلة جامعة التنمية البشرية

مجلة علمية فصلية محكمة تصدرها جامعة التنمية البشرية

المجلد ( ١١ ) العدد ( ٤ ) كانون الأول ( ٢٠٢٥ )

# Journal of University of Human Development

A Scientific periodical issued by University of Human Developement

Vol.11 No.4 December 2025